

دوورگەی
خەونەکان
| د. هەژار سەلام |
HAZHAR SALAM

ناوەندی ڕۆشنبیری

# ئاشتی

ASHTI

بەڕێوەبەری گشتی ناوەند: ئاشتی شێرکۆ

بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: کەریم شێرکۆ

داونتاون - ڕێگای شێراتۆن - نهۆمی دووەم

سەرەوەی ساردەمەنی جیلاتۆ - دووکانی F78

0750 386 6000 - 0750 447 8312

## پێناسی کتێب

ناوی کتێب: دوورگەی خەونەکان/ بەرگی یەکەم

نوسەر: د. هەژار سەلام

هەڵەگر: گرووپی زەنوێر (هەژیر عەبدولڕەحمان)

دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆک: ئیبراهیم ساڵح

بابەت: ڕۆمان

چاپ: چاپی یەکەم

بڵاوکەرەوە: ناوەندی ئاشتی

تیراژ: 1000 دانە

نرخ: 6000 دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکانی هەولێر؛
ژمارەی سپاردنی 89 ی ساڵی 2024ی پێ دراوە.

پێڕست

بەشی یەکەم: ئەوناس 17
بەشی دووەم: ئیسلا 83
بەشی سێیەم: دوورگەکە 125
بەشی چوارەم: کوخەکان 141
بەشی پێنجەم: سەرباز 165
بەشی شەشەم: دوو هەڵبژێردراوەکە 197
بەشی حەوتەم: منداڵ 223
بەشی هەشتەم: بینەر 243
بەشی کۆتایی: ئازادی 267

# پێشەکی

"تاکە دادپەروەریی واقیعی ژیان ئەوەیە کە نادادپەروەرە."

"فوشیگورۆ میگومی"



# سەرەتا

چاوم کردەوە، ئیتر لەو شوێنە نەمابووم. ڕەنگی سپی کۆتاییهات، ئەسڵەن هیچ شتێکی سپیم نەدەبینی. تاریکاییەکی زۆر؛ تەنها تاریکیی‌و بەس. لە سەر جێگەیەکی زۆر ڕەق بووم، کە هەموو بەشێکی پشت‌و سمت‌و ڕانم هەستی بە ڕەقایەتیی شوێنەکە دەکرد، کە لێی بووم. بۆ لێرەم! کوا پەرستارەکە! کوا سەرینە سپییەکەم، مێزەکەم، قەڵەمەکەم‌و کتێبەکەم! نامەکانم کە بۆ پەرستارەکەم نوسیبوو! ئەسڵەن خۆ هیچ شتێک دیار نییە، چۆن بزانم ژوورەکەم نەگۆڕاوەو نەخراومەتە ژوورێکی ڕەشەوە، لە جیاتیی هەموو سپیایەتییەکانی پێشتر ڕەشییان دانەناوە! هیچ ڕێگەیەک نەبوو تا ئەوە بزانم، بزانم لە کوێم‌و بۆ وەک جاران ڕوناکی نابینم. نەمدەتوانی بسوڕێم، هەموو لەشم ڕەقببوو. پێدەچوو ماوەیەکی زۆر بێت کە چاوم نەکردووەتەوە، چونکە چاوەکانم بە تەواوەتی بەیەکەوە نوسابوون‌و کردنەوەیان کاتێکی زۆری ویست. دوای چاوکرانەوەش، بینینی تەنها پارچەیەک تاریکی.

دەمویست ملم بسوڕێنم، سەیری دەوروبەرم بکەم، یان هەستم، بەڵام وەک ئەوەی هەموو ئەو کەسانەی لە ژیانمدا ڕۆژێک لە ڕۆژان ناسیومن، بەیەکەوە لێیان دابم، هەموو گیانم ئازاری هەبوو. تەنها بە بیرکردنەوە بۆ جوڵاندنی ملم هەستم بە ئازار دەکرد، پێش ئەوەی خودی جوڵەکە ڕوویدات. کاتێکی زۆر ڕۆیشت، منِ بەو شێوەیە لەو شوێنە تاریکە مامەوە، هەندێک

دەنگم دەبیست، بەلام دەنگەکان نە لە من نزیکدەبوونەوە، نە دووریشدەکەوتنەوە. پێدەچوو هەموویان وەک من ملیان ڕەقبووبێتو نەتوانن هەستن. پەنجەکانم دەجولاند، پێیەکانم بەرزونزمدەکردەوە، وەک ئەوەی پێبنێم بە بەنزینی سەیارەدا. هەستمدەکرد وردە وردە خوێن لە قاچەکانم، لە سەری پەنجەکانم دەجولێت، تا بتوانم ئانیشکم، ئەژنۆمو ڕانم بجولێنم. ملم چیرۆکێکی تر بوو، هەر نەمدەتوانی بیجولێنم. لە کاتی جولاندنی پەنجەو پێیەکانم، بیرم لە هەموو ئەو ڕووداوانە دەکردەوە کە منیان هێنابووە ئێرە، بیرم لەوە دەکردەوە بۆچی ئێستا هیچ شتێکی نامۆ نابینم، وەک ئەوەی پێشتر لە ژوورەکەی خۆم دەمبینی. هیچ نەعامەیەکی سەیروسەمەرە، ئاژەڵێکی نامۆ کە قاچەکانی زۆر درێژنو دەستەکانی زۆر کورت، هیچ بۆنی نەخۆشخانەش ناکەم. هەستمدەکرد هەموو ئەوانەی ڕوویاندابوو، تەنها وەک بەشێکی بچووکی ژیانم وا بوونو تێپەڕین. بەشێکی زۆریشیان تەنها وەک فلاشێک دەهاتنەوەبەرچاوەو کۆتاییان پێ دەهات، هیچ وردەکارییەکم نەبوو دەربارەی چۆنیەتیی گەیشتنم بەم شوێنەو ئەو شوێنەی پێش ئێرەش لێوەی هاتووم. بەس دڵنیا بووم من پێشتر لە شوێنێکی هاوشێوە بووم، تەنها ئەوەندە نەبێت کە ئەو شوێنەی پێشتر بە تەواوی سپی بوو. نەک خۆی، هەموو ئەو شتانەی تێیشیدا بوون، هەر سپی بوون. چاوەکانم لەگەڵ جوڵەی زیاتری پەلەکانمدا وردە وردە دەیانتوانی سەقفی ئەو شوێنە ببینن. سەقفەکە، پێدەچوو بە ئەسڵ ڕەنگی قاوەیی بێت، بەس لەبەر نەبوونی هیچ جۆرە سەرچاوەیەکی ڕوناکی وا

ڕەشداگیرابوو. بە ڕوونی دەمبینی کە بە تەواوی لە دار دروستکراوە، بیرمدەکردەوە کە من پێدەچێت لە شوێنەوارێکی کۆندا زیندانیکرابم. زیندانی؛ هەم، زیندانی! هەستدەکەم بە جۆرێک لە جۆرەکان شتێک لە پشتی پشتەوەی بیرکردنەوەکانم دەزانێت زیندانی شوێنێکی ئاوا نییە. هەستدەکەم لە خەونێک، یادەوەرییەک، چیرۆکێک کە بۆم خوێنراوەتەوە، دەزانم زیندانی کەسی تری تێدایە، کە وەک من نین‌و شارەزای شوێنەکەن‌و لە کاتی چوون بۆی پرسیارت لێ دەکەن‌و قسەدەکەن. نرکەیەک لە دووریی نزیکەی پێنج مەتر بەرزبووەوە، دوای ئەویش نرکەو ناڵەی زیاترو زیاتر دەهاتن. تا من چاوەکانم زیاتر سەقفەکەیان بە ڕوونی دەدیت، کە تەنها دارێکی قاوەیی سەوزهەڵگەڕاو بە قەوزە بوو، نرکەو ناڵەی زیاتریشم گوێ لێ دەبوو، کە هەموویان هیچ جوڵەیەکیان نەبوو، نە لێم نزیکدەبوونەوەو نە دووریشدەکەوتنەوە. دووبارە دەمەوێت ملم بجوڵێنم، ئازارمدەدات، دووبارەیدەکەمەوە، ئازارمدەدات، دووبارە، سێبارە، دەبارە هەوڵدەدەم ملم بجوڵێنم‌و تەنیشت خۆم ببینم، لە تاو ئازار چاوم تاریکدەبێت، هەر جارێک کە دەمەوێت ملم بجوڵێنم، بەڵام وردە وردە هەستدەکەم دەتوانم بجوڵێم. سەیری تەنیشت خۆم دەکەم، کەسێکی تریش وەک من بە چاوێکی زەقەوە نزیکەی یەک مەتر لە لای چەپمەوە سەیری سەقفەکە دەکات. پێدەچێت ئەویش نەتوانێت ملی بجوڵێنێت، پێدەچێت وەک من توانای جوڵاندنی پەنجەکانیشی نەبووبێت، بۆیە جگە لە جوڵەی هەناسەی، هیچ جوڵەیەکی تری لێ نابینم. دەمەوێت هەستمەوە، هەستمەوەو پەنجەرەیەک گەر هەبێت، بیدۆزمەوە،

گلۆپێک هەبێت دایگیرسێنم، سەرەتا پەلەکانم باشتر دەجوڵێنم، زیاتر جوڵەیان پێ دەکەم، چونکە نازانم چۆن، بەڵام ئەوە دەزانم کە نابێت لە ناکاو جوڵەیەک بکەم کە لەشم بۆی ئامادە نییە. پێش ئەوەی بڕیاری هەستان بدەم، شتێک لە ناو سەرمەوە پێم دەڵێت: نابێت یەکسەر هەستیتەسەرپێ، چونکە گەر وا بکەیت، ڕاستەوخۆ لێکدانەوەیەکیشم بۆ دەکات، کە لەهۆشخۆتدەچیت. بۆچی شتێکی وا دەکرێت ڕووبدات لە کاتی لە ناکاو هەستانو پێم دەڵێت: ئاخر خوێنی پێویست ناگات بە مێشکتو لەهۆشخۆتدەچیت. خوێن! خوێن! هم، خوێن چییە؟ هەر چۆنێک بێت، ئەو کەسە کێیە قسەم لەگەڵدا دەکاتو ناشیبینم! گوێم لە دەنگی نییە، بەس هەستدەکەم قسەم لەگەڵدا دەکات! هەستیشدەکەم لە ناو سەرمەوە قسەم لەگەڵدا دەکات. هەموو ئەو زانیارییانەی هەمە، ئەو پێم دەڵێت: ئەو پلانانەی بۆ جوڵەی پەنجەکانمو کردنەوەی چاوەکانم دامنا، هەمووی ئەو پێی دەوتم، گوێشم لێی نییە. زۆر سەیرە. سەبر سەبر هەوڵی هەستانم دا لە شوێنەکەی خۆم، هەر کە دانیشتم، چاوم ڕەشایی ژوورەکەی زیاتر ڕەشکردو هەستمکرد بەشی سەرەوەی لەشم قورسایی نەماو بە لای ڕاستدا خەریکبوو بکەوم، بەڵام پێش کەوتنم بینیم کەسێکی تریش لە لای ڕاستم بە زەقی سەیری سەقفەکە دەکاتو جوڵەی لێ بڕاوە. ئەویان جیاواز لەوەی لای چەپم، قژێکی درێژی هەیە، چاوەکانیشی گەورەتر دیارن. خۆم گرتەوە، نەمهێشت بەربیمەوە، دانیشتم، لە بەرانبەری خۆم ڕامام، ئازاری ملم نەیدەهێشت بە وردی بزانم چی لە پێشم هەیەو بە باشی دابنیشم. دەمبینی ئێرەش ژوورێکە؛ ژوورێکی زۆر ئاسایی. تەنها

هەموو ژوورەکە تەختەیە، هیچ شتێکی لێ نییە، تەختە نەبێت، جگە لە بازنەیەک، کە تیشکێکی سەیری تێدایەو لە دیوارەکەی پشتی ڕوونتر لێم دیارە. دەمەوێت سەیری هەموو لایەکانم بکەم، بەڵام ناتوانم ملم بجوڵێنم، بۆیە تەواوی جەستەم بە دانیشتنەوە لە سەر ئەو جێگەیەی لێی پاڵمداوەتەوە، دەسوڕێنمو سەیری دەوروبەرم دەکەم. لێرەش کەسێکی تر؛ لە پێشمەوە، لە دوامەوە، لە تەنیشتەکانم! کەسێکو دوان و سیان نا، زۆرن، زۆربەیان لە سەر جێگەکانیان تەنها چاویان زەقکردووەتەوەو سەیری سەقفەکە دەکەن. هەندێکیان وەک من پەنجەکانیان دەسوڕێنن، هەندێکیان هەوڵدەدەن قاچیان بجوڵێنن، هەندێکیان نرکەنرکێکی زۆریان دێتو بەردەوام دەنگێک دەردەکەن، بەبێ ئەوەی هیچ شتێک بڵێن، بەڵام هەستدەکەم ئەو دەنگە مانای ئەوەیە کە ئازارێکی زۆریان هەیە، وا پێدەچێت ئەوان زیاتر هەست بە ئازار بکەن. دەنگەکەی کە ناشیبیستمو هەستدەکەم لە ناو سەرمدایە، پێم دەڵێت: ئاخر هەمان ئازار بۆ دوو کەسی جیاواز دەکرێت ڕێژەی ئازاری جیاوازیان تێدا دروستبکات، کەسێک بە توندی هەستی پێ بکاتو کەسێکی تر بە توندییەکی کەمتر هەستی پێ بکات، واتە چۆن! لەبەر خۆمەوە لێم پرسی لە دەنگەکە، کە ناشیبیستم، بەڵام وەڵامی بۆم نەبوو. ئەو دەنگە؛ دەنگ نییە، چونکە گەر دەنگ بوایە، دەبوایە من بیبیستم. ئەو قسەیەش هەر من نەبووم، ئەو وای وت، لەمەودوا ناوی لێ دەنێم ناخ؛ ها، ناخ! ناخ چییە! لە خۆمم پرسی. هەر ناخم ئەو ناوەی بۆ خۆی دانا، هەر ئەویش ئەوەی پێ وتم کە دەنگ نییەو جیاوازە لە دەنگ، چونکە گەر دەنگ بوایە، دەبوایە بیبیستم. من ئەسڵەن نازانم


دەنگ بۆ دەبێت هەر ببیسترێتو ناکرێت ناوی ناخم دەنگ بێت، بەلام قسەکەشی جوانە، ئەوە نییە من گوێم لە نرکەی ئەوانەی دەوروبەرمە. گەر ناخیشم دەنگ بوایە، دەبوایە گوێم لێ بێت. بەلام من تەنها هەستی پێ دەکەمو گوێم لێی نابێت. تەنانەت لەو کاتەی گوێ لە نرکەکانیش ڕادەگرم، دەتوانم هەست بە ناخم بکەم، قسەم لەگەڵدا دەکاتو هۆکاری ئەو نرکەو ناڵەیە لێکدەداتەوە کە ئەو خەڵکە دروستیدەکەن.

هەستدەکەم ئەو شوێنەی منی لێم، دەجوڵێتەوە، لە جوڵەیەکی بەردەوامدایە، بەلام ناشزانم، ڕەنگە هەر خۆم نەتوانم بە باشی دابنیشم، بۆیە وا هەستبکەم دەجوڵێم. ناخم دەڵێت: ڕەنگە سەرتگێژیخواردبێت، بۆیە وا هەستدەکەیت بەردەوام شوێنەکە دەجوڵێت. دەمەوێت هەستم، ملم زۆر ئازاری هەیە، پێیەکانم دەخەمەخوار ئەو شوێنەی لێی پاڵکەوتبووم، دایاندەنێم، هەست بە ڕەقیی زەوییەکە دەکەمو بە دەستەکانم پاڵێک بە خۆمەوە دەنێم، تا لە سەر پێیەکانم بوەستم، دەوەستم. دووبارە چاوم بۆ ساتێکی کەم ڕەشاییەکی بەسەردادێتو سەرم قورسایی خۆی لەدەستدەدات، دووبارە خەریکدەبێت بکەوم، بەلام ناکەوم. هەنگاوێک دەنێم بۆ پێشەوە؛ هەنگاوێکی زۆر بچووک، سەیری دەوروبەرم دەکەم بەبێ جوڵاندنی ملم. هەموو لەشم دەسوڕێنم تا سەیری دەوروبەر بکەم. کەسانی زیاتر دەبینم، هەموویان لە سەر جێگەکانیانن، لە ڕاستیدا هەمووشیان نا. بەشێکیان دانیشتوون، دوو کەسی تریش دەبینم، وەک من هەستاونەتەسەرپێ. کەس قسەناکات، بەشی زۆری خەڵکەکە تەنها سەیری سەقفەکە دەکەنو تەواو. هەنگاوێکی تر دەنێمو

پێم بە ڕەقایەتییەک دەکەوێت، سەیری خوارەوە دەکەم، شوێنی کەسێکی ترە کە سەیری سەقفەکە دەکات. ئەویش قژی درێژە، چاوەکانی زۆر گەورەن، بەڵام تەڕیشن. دەگری! ناخم وای وت. لە خۆمم پرسی: گریان؛ گریانی چی! ناخم وتی: دەگری، ترسی هەیە، نازانێت لە کوێیە. بە خۆمم وت، ترس! واتە چۆن! منیش نازانم لە کوێم، شتێکی ئەوتۆم بیر نییە، ئەی من بۆ وا نیم! لەو کاتە دەستم بۆ چاوم دەبردو هەستم بەوە دەکرد کە چاوەکانی منیش وەک چاوی ئەو کەسەی لە پێشمە، تەڕن و دەگرین. منیش دەگریم، منیش نازانم لە کوێم.

هەستدەکەم ژوورەکە زیاترو زیاتر دەجوڵێتەوە، بەردەوام ئەولاوئەولادەکات، وەک کەشتییەک. چی! کەشتی! ناخم قسەدەکاتو دەڵێت: بەڵێ، وەک کەشتییەک وایە کە بە هۆی شەپۆلەکانی ناو دەریاکەوە بەردەوام دەجوڵێتو ئەولاوئەولادەکات. جا بۆ کەشتی! من چی دەکەم لە ناو شتێکی لەو شێوەیەدا! هەموو ئەو بیرکردنەوانەو قسەکردنە لەگەڵ خۆمداو ئازاری ملم ماندوویاندەکردم. تا دەهات، ماندووتردەبووم، بیرکردنەوەکانم هەموویان بە یەک جار دەهاتن، قیژەو هاواری تێدا بوو، بانگیاندەکردم، نازانم ناوی من چییە، بەڵام دەمزانی قیژەو هاوارەکان بانگیاندەکردم، هەندێک جاریش پێکەنین بوو، بە دەنگێکی هێمنترو نەرمتر بانگیدەکردم. دڵنیا بووم هەم قیژەو گریانەکان، هەم پێکەنینو نەرمییەکە بانگی من دەکەن، ئەو دەنگانە هەندێکیان خۆشییەکی زۆریان پێ دەدام، هەندێکیان ترسێکی زۆر، خەمێکی گەورە. لەگەڵ هەموو ئەوەی لە ناو سەرمدا ڕوویدەدا، ناخم دەیوت: هیچ نییە،

مەشلەژی، تەنها وەهمێکەو تەواو. ڕاستی نییە، ڕاستی نییە، نرکەی ئەوانەی دەوروبەرم زیاتردەبوو، هەندێکیان دەستیان بە هاوار دەکرد، ئەوانەی هەستابوون، دادەنیشتنەوە، منیش دادەنیشتمەوە، هاوارەکان زیاتردەبوون، قیژەکانی ناو سەرم زیاتر بانگیاندەکردم، پێکەنینەکان کەمتردەبوونەوە، کەمتر، کەمترو کەمترو قیژەکان بە سەریاندا زاڵدەبوون. کوتا شت لە بیرمە، تەقەیەکی گەورە بوو لە حەوشەی ماڵێک، پیاوێک، ژنێک، کەسێکی وەک من، بەڵام قژدرێژ، لە حەوشەکە دوای تەقەکان بەردەبوونەوەو نەدەجولان. ئاوی زیاتر بە چاومدا دەهاتەخوارەوە، دەیانبردم، بەردەبوومەوەو هۆشمنەما.



بەشی یەکەم

# ئەوناس

دەنگێکی زۆر گەورە هاواریدەکرد: هەستنەوە ئەی بێئاگایان، هەستنەوە هەمووتان، ئێوە بۆ خەو نەهاتوونەتە ئێرە. ئەو خۆی پێی وتم، ئەو خۆی لە ناو بروسکەو دەنگی هەورەکانەوە پێی وتم کە ئێمە بۆ خەو لێرە نیین. سەقفەکە هیچ نییە، وازبهێنن لە سەیرکردنی سەقفەکە. کۆتایی پێ بهێنن، دەزانم، دەزانم ئازارتان زۆرە، هەستنەوە، هەستنەوە ئەی نەزانەکان. دەزانن ئەو دەڵێت چی، دەزانن دەڵێت چی! حەتمەن گەر بتانزانیایە، تا ئێستا نەتاندەتوانی ئاوا لە شوێنەکانی خۆتان بمێننەوە. دانیشتمەوە لە سەر جێگەکەی دوێنێ، ئازاری ملم کەمتر بوو، بەس هەر نەمدەتوانی بیجوڵێنم. چی! دوێنێ چییە! ئەو قسەیە واتای چییە! ناخیشم وەڵامی نەبوو. هەستنەوە هەمووتان، ئێشمان زۆر زۆرە؛ ئاوا بڕوات، ناتوانین بگەین بەو شوێنەی ئەو بەڵێنی پێ داوین. سەیری دەوروبەرم دەکرد، بە پێچەوانەی دوێنێوە، زۆربەی ئەوانەی کە تەنها سەیری سەقفەکەیان دەکرد، ئێستا دانیشتبوون لە جێگەکانیان. بەشێکیان لەگەڵ هاواری ئەو کەسەی لە پشتیەوە ڕوناکییەکی لاکێشەیی هەبوو، خێرا هەڵدەستانەسەر پێیەکانیان‌و ڕاستەوخۆ بەردەبوونەوەسەر زەوییە ڕەقەکەو لەهۆشخۆیاندەچوون. دوای کەمێک جوڵەیان تێدەکەوتەوەو دووبارە هەڵدەستانەوە، لەگەڵ هاواری ئەو کەسەی هاتبووەدەرەوە، دوو کەسم دەبینی لەوانەی کە دوێنێ لەگەڵ مندا هەستابوونەوە، بەرەو لای کەسە دەنگگەورەکە دەڕۆیشتن. ئەوان یەکەم کەس بوون بگەنە لای ئەوو ئەویش دەستی لە پشتیان داو وتی: هەر بژین، ئێوە وەک ئەو تەمبەڵانە نین، زوو بە دەم پەیامی ئەوەوە هاتوون. بێگومان ئێوە شوێنتان



ئەنیاحاجی

لە لای منیش جیاواز دەبێت لە هەموو ئەو هیچوپوچانەی تا ئێستاش هەر لە سەر جێگەکانیانن. کە ئەو قسانەی کرد، ناخم دەیوت: دەبێت منیش بچم بۆ لایان، چونکە منیش وەک ئەوان هەستابوومەسەرپێ، بۆیە بە قسەی ناخی خۆمم کردو چووم بۆ لایان. بە هەمان شێوە دەستیدا لە پشتی منیش‌و پێی وتم: تۆ، من دوێنێش تۆم بینی، دەمزانی تۆش ئاوا زوو دێیتە لای ئێمەو لە ناختدا شتێک پاڵت پێوە دەنێت، بۆئەوەی شوێن فەرمانەکانی ئەو بکەویت. نەمدەزانی ئەو چییە، نەمدەزانی ئەو کەسە کێیە بەو دەنگە گەورەیە قسەدەکات، زیاتر بیرم لە لای ئەو ئازارە بوو کە لە گوێم دروستببوو بە هۆی گەورەیی دەنگی ئەو کەسەوە. سەیرێکی پشتیم کرد، سەیرێکی لاکێشە ڕوناکییەکەی پشتیم کرد. بینیم هەر بە ڕاستی لە دەرەوەی ئەم ژوورەش، ئەم شوێنەی ئێمە تێیدایین، بە تەواوەتی دەجوڵێتەوە. دەجوڵێتەوەو لە ناو شتێکی لە خۆی گەورەتردایە. دوای هاوار هاوارێکی زۆر، زۆربەی ئەوانەی لە ناو ژوورەکەدا بوون، دانیشتبوون، زۆربەیان نەیاندەتوانی هەستنەسەرپێ، ئەوانەشیان کە هەڵدەستانەسەرپێ، نەیاندەتوانی بێن بەرەو لای ئێمە، چونکە نەیاندەتوانی بڕۆن، یان چاویان باش نەیدەدیت، یان لەوانەیە تەنها لێمان ترسابن. کەسە دەنگگەورەکە وتی: ئێوە وەرن لەگەڵ مندا، با ڕاستییەکان بە چاوی خۆتان ببینن. چووینەناو لاکێشە ڕوناکەکەوە، چووینەدەرەوەی ژوورەکە. ئەو شتەی ئێمەی لە سەرە، بەردەوام دەجوڵێتەوە، ئێمە لە ناو شتێکداین کە هیچ شێوەیەکی نییە، ڕەنگێکی تاریکی سەوزو تێکەڵ بە شینی هەیە، هەندێک جار هەندێک شت لە ناویەوە خۆیان هەڵدەدەنە دەرەوەو

دەچنەوەناو شتەکە. هەندێک شتی تری سپی، بە ناو هەوادا دێن‌و لە ئێمە نزیکدەبنەوەو دەنگێکی گەورەیان لێ دەردەچێت. ئەو وتی: ئێوە ئەو سیانەتان، کەسانێکی هەڵبژێردراون، ئێوە دەبنە هۆی ڕزگارکردنی هەموو ئەو کەسانەی لە ژوورەوەن‌و ناتوانن بە چاوی خۆیان ڕوناکیی دەرەوە ببینن. ئێوە ئەوان فێردەکەن، ئێوە ئەوان بەڕێوەدەبەن!

من نەمدەزانی ئەو کەسە کێیەو باسی چی دەکات، بەڵام زۆر بە دەنگێکی گەورەوە قسەیدەکرد، بە شێوەیەک بە پێچەوانەی من کە دڵنیا نەبووم ئەو شتانەی لە ناو ئاوەکە دێنەدەرەوە، ڕاستین، یان تەنها وەک نەعامەکانی خەیاڵی خۆمن، ئایا ئەو شتە سپییانەی لە هەوادا دەسوڕێنەوەو دەنگێکیان لێ دەردەچێت، ڕاستین یان نا! ها! ئاو، ئاو چییە! ناخم دەیوت: ئاو، تێگەیشتم کە ئەو شتە سەوزە شینباوە تاریک‌و ڕوونەی ئەو زەوییە جولاوەی ئێمەی لە سەرە، ئاوە. کەسەکە بەردەوامبوو لە قسەکانی‌و وتی: من ئەو ناردوومی بۆ ڕزگارکردنی ئێوەو داوای لێ کردم چەند کەسێک کە لە پێش ئەوانی ترەوە دەیانەوێت بگەن بە ڕوناکی، هەڵبژێرم، بۆئەوەی یارمەتیمبدەن لە ڕزگارکردنی تەواوی ئەو کەسانەی لە سەر ئەم کەشتییەن بۆ شوێنێک کە هیچ تاریکاییەکی لێ نییەو دەتوانیت هەموو شتێک بە ڕوونی ببینیت، کە تێیدا ناترسیت‌و ئەو شوێنەی لە سەری پاڵدەدەیتەوە، بە ڕادەیەک نەرمە کە نارامتدەکاتەوە. دەیوت کە لەو شوێنە هەموو شتێک

جوانە، هیچ شتێک ئازاری هیچ کەسیکمان نادات، بەلام تەنها کاتێک دەگەین بەو شوێنە کە بە قسەی ئەو بکەین، ئەویش ئەم پیاوە دەنگگەورەیەی ئاگادارکردووەتەوە لە قسەکانی خۆی. دوێنێ، دوێنێ کە ئێمە هەموومان لە سەر شوێنە ڕەقەکانمان چاومان داخستو هۆشماننەما، ئەو قسانەی لە هەورەکانەوە گوێ لێ بووە، وتی کە هەموو شتێکمان پێ دەڵێت کە دەنگی ناو هەورەکان بەوی وتووە بۆ گەیشتن بەو شوێنە خۆشو ئارامەی کە بۆی باسدەکرین، بەلام ناتوانێت ئەوە بکات، گەر ئێمە هاوکارییتەکەینو یارمەتیینەدەین لە گەیشتن بە دوورگەی خەونەکانی. دوورگە! دوورگە چییە! دوورگە واتە لە ناو ئاو نەمێنین، بچینە شوێنێکی وشک، ناخم وای دەوت.

لەگەڵ ئەو کابرا دەنگگەورەیەدا بە ناو کەشتییەکەدا دەگەڕاینو دەجولاینەوە، من هەستمدەکرد کە بەشی ناوەڕاستی سکم دەیەوێت بێتەناو دەممەوەو بێتەدەرەوەو برژێتەسەر تەختە قاوەییە تاریکە سەوزباوەکەی کەشتییەکە. هەندێک کات جولەی کەشتییەکە زۆر زیاتردەبوو، بە جۆرێک هەستمدەکرد سەرمگێژدەخواتو دەمەوێت بەربمەوە. هەمان شتیشم لە دەموچاوی دوو کەسەکەی تر بەدیدەکرد، کە هەتا ئەو کاتە هیچ کاممان قسەیەکمان لەگەڵ یەکتریدا نەکردبوو، هەر لە خۆمەوە هەستمدەکرد کە نابێت هیچ قسەیەک بکەین، چونکە بەردەوام کابرا دەنگگەورەکە قسەیدەکردو کەشتییەکەی پیشاندەداین. پیشانیدەداین، پێشی کەشتییەکە شتێکی بازنەیی لێ بوو، کە ئەو دەیوت: بەپرسی ڕاڕەوی کەشتییەکەیەو وا دەکات ئاراستەی کەشتییەکەمان بگۆڕێت. هەر زوو یەکێک لە دوو کەسەکەی تری

راسپارد که ئەو شتە خڕە بگرێت بە دەستیەوەو یاریی پێ بکاتو لێی تێبگات، کە چۆن دەتوانێت ڕاڕەوی کەشتییەکە بگوڕێت. خۆی فێریدەکرد، خۆی دەیوت: پێویستە ئەم بەشەی بگرێت بە دەستتەوە، تا لە کاتی هەبوونی شەپۆلێکی بەهێز دەستت ئازاری پێ نەگات. منو کەسەکەی تر کە هاوتەمەنی خۆم دیار بوو، لە دوور ئەوان وەستابووینو زۆر گوێمان لە گفتوگۆی ئەوان نەبوو، بەڵام لە کاتی قسەکردنیان بەردەوام دەستی بۆ هەندێک بەتانیی سپی ڕادەکێشا، کە بە سەرمانەوە لەگەڵ بایەکەدا دەجولانەوە. نازانم ئەو بەتانییە سپییانە چی بوونو چ پەیوەندییەکیان بە بازنەکەوە هەبوو، بەڵام لەوە دڵنیا بووم لە سەر ئەو بەتانییانە بابەتی ئاڕاستەی کەشتییەکە بۆ کوڕە بالابەرزەکە شیدەکاتەوەو دەیەوێت فێریبکات چۆن ئاڕاستەی کەشتییەکە بکات.

زۆریان پێچوو، منو کوڕەکەی تریش کە ڕێک هەمان باڵای منی هەبوو، بەڵام قژێکی کاڵتری لە قژی من هەبوو، چاوی زۆر بەناوەوەداچووبوون، چاوەکانی بچووک بوونو دوای ئەو ڕۆژە هەر کات هەتاو لە دەرەوە بوایە، بە تەواوی چاوەکانی دیارنەدەمان، ئەوەندە بچووکدەبوونەوە.

کە کابرا دەنگگەورەکە هاتەوە، ئێمەشی بانگکرد بۆ لای خۆی، بە کوڕەکەی تری وت: من تۆم بۆ ڕاوێژکاری خۆم داناوە، چونکە پێویستم بەوەیە کە تۆ بیربکەیتەوەو بیرکردنەوەکانت یارمەتیی بەڕێوەبردنی کەشتییەکەمان بدەن. لە کۆتاییدا ئێمە هەمووومان لە ناو هەمان کەشتیداینو بەرەو یەک شوێن دەڕۆین، هەمووومان هەر دەمانەوێت بگەین بە دوورگەکە، ئەی

وا نییە! ئەی تۆش ناتەوێت بگەیت بە دوورگەکە؟ ناتەوێت بگەیت بە خۆشییەکی هەتا هەتاییو لە جوڵەی ئەم کەشتییە ڕزگارتببێت!

ئەویش سەری بۆ قسەکانی دەلەقاند، بەبێ ئەوەی هیچ وەلامدانەوەیەکی بۆ قسەکانی هەبێت. هەر کات سەیری دەموچاوی ئەو کوڕەم دەکرد، هەستمدەکرد بیر لە شتێکی زۆر قووڵ دەکاتەوە، کە من هەرگیز ناتوانم لێی تێبگەم. هەستمدەکرد کە بە تەواوەتی نوقمی بیرکردنەوەکانی خۆیەتی، بە تەواوی بیر لە یەک شتی دیاریکراو دەکاتەوەو ئەو شتەش بە هیچ کەسێک ناڵێت. ناخم دەیوت: ئەسڵەن بۆیە قسەناکات، نەوەک لە ناکاو لە دەمی دەربچێتو قسەکان بدرکێنێت، لەوانەیە شتێکی زۆر مەترسیداری شاردبێتەوە، کە ئێمە نەیزانین. نازانم، لەوانەیە!

دوای ئەویش ڕوویکردە من، پێی وتم: تۆ، تۆش کەسێکی لێهاتوویت، بێگومان وەک ئەوانە نییت کە لە ژوورەوە وەک مشکێک خۆیان حەشارداوەو نەیانتوانی بێن بەرەو لای منو وەلامە ڕاستییەکانیان دەستبکەوێت دەربارەی کەشتییەکەمانو دوورگەکەمان. ناخم لە کاتی قسەکانی دەیوت، کام وەلام! خۆ من ئێستا لەگەڵیشیدام، هیچ وەلامێکم دەستنەکەوتووە دەربارەی گرنگترین پرسیار، کە بەردەوام لە ناو مێشکمدا دەخولێتەوە، ئێمە چی دەکەین لە سەر ئەم کەشتییە؟ بۆچی بۆ ئێرە هاتووینو ئەو دوورگەیەی باسیدەکات، ڕاستییە یان نا؟ بۆچی هیچ کامێکمان گوێمان لە هەورەکە نەبووە هیچ قسەیەک بکات، نا نا، هەور نا، ئاسمانەکە! ناخم گفتوگۆی لەگەڵ خۆی دەکرد. لە قسەکانی بەردەوامبوو، دەیوت: تۆ دەبێتە بەرپرسی ئەو

خواردنانەی هەمانە لە ناو کەشتییەکە و هەر کەسێک حاڵی تێکچوو، تۆ چاکیبکەوە. تۆ دەکەین بە پزیشکی ناو کەشتییەکە. خۆ دیارە دەموچاوت بە دکتۆر دەچێت، دکتۆرێکی بەتواناشیت. ها! وا لە خۆت ڕامەبینە لەو ژوورە پیسە بەخەبەرهاتییەوە. لەوانەیە تۆ لە شوێنی خۆت باشترین دکتۆر بوو بێت!

کە ئەو قسەیەی کرد، هەستمکرد پەشیمانبووەوە لەوەی کە شتێکی لەو جۆرەی بە من وتووە، بۆچی بە من دەڵێت دکتۆر! ئاخر من لە کەیەوە بوومەتە دکتۆر! ئاخم دەپرسی: دکتۆر! ها! دکتۆر چییە؟ حەتمەن دەبێت کەسێک بێت کە بەرپرسی خواردن‌و جەستەی خەڵکەکە بێت‌و بیانپارێزێت، بۆیە منی داناوە بۆ ئەم ئیشەو پێشم دەڵێت دکتۆر.

لە قسەکانی بەردەوامبوو و دەستی بە جوڵە کرد، وتی: وەرە، تۆش لەگەڵمدا وەرە، با خواردنەکانت پیشانبدەم. ئەوەی ڕاستی بێت، خواردنی زۆرمان نییە، ئەوەی هەیە، دوێنێ شەو ئاسمان پێی داین، هەر ئەوەندەی داناوە کە پێویستمان پێیە تا دەگەینە دوورگەکەمان. لەوانەیە خواردنەکەمان بەشی مانگێک بکات، گەر تۆ بتوانیت بە باشی بەڕێوەیببەیت. منیش هاوشێوەی کوڕە چاوبچووکەکە تەنها سەرم بۆ دەلەقاندو لە ناخی خۆمدا بیرمدەکردەوە کە من هیچ شتێک لە سەر چاککردنەوەی حاڵی خەڵکی یان دابەشکردنی خواردن نازانم، بۆچی من بۆ کارێکی وەها قورس هەڵدەبژێرێت‌و خۆی نایکات. لە کاتێکدا ئەو گوێی لە هەندێک دەنگ دەبێت‌و دەزانێت دەبێت بچینە دوورگەیەک، با لە ئاسمان بپرسێت کە چۆن خواردنەکان دابەشبکات، چۆن وا بکات خەڵکەکە هەموویان بتوانن لە سەر ئەو خواردنانە بژین‌و

هیچیان له برسان نەمرن. ها! مردن! واته چی! بۆ خواردن نەخۆین، دەمرین! ئەی گەر مردین، چی دەبێت دواتر!
ناخم لەگەڵ قسەکانی ئەودا خۆیشی ئەو قسانەی لەگەڵ مندا دەکرد، پرسیاری لێ دەکردم، بەبێ ئەوەی بتوانم وەڵامی پرسیارەکانی بدەمەوە، دەبوایە بەردەوامبم له ڕۆیشتن لەگەڵ کابرا دەنگگەورەکەداو بچمەخوارەوە له قادرمەکانی پشتی شتە خڕەکەی کوڕە باڵابەرزەکەی لێ دانابوو. دەبوایه بڕۆمە خوارێو له تاریکایی ئەو شوێنەدا، که هاوشێوەی ژوورەکەی خۆمان تاریک بوو، خواردنەکان ببینم. شوێنەکە بۆنێکی سەیری هەبوو، هەندێک شتی دەهێنایەپێشچاوم، که نەمدەزانی پێشتر له کوێو چۆن بینیومن. هەستمدەکرد من پێشتر تەواوی ئەو بۆنانەم کردووە، دەزانم، ئەم بۆنە، بۆنی سەوزەیە. سەوزە! سەوزە چییە!
ناخم دەیوت: ئەو بۆنە بۆنی هەندێک میوەی تێکچووە، له کاتی ئەو بیرکردنەوانەم گوێم له دەنگی سەیر سەیر دەبوو، که دەچوومە پێش له دەنگەکان، شتی سەیرم دەبینی. له شتێکی سەیری سپی، که بەرگێکی نەرم هەموو جەستەی جگه له سەرێو پێیەکانی داپۆشیبوو، پێنج دانه هەبوون. هەندێک شتی تری هاوشێوه که چوار دانەیان سپی، چوار دانەیان سوورو دوو دانەی ڕەشو دوو دانەی سوورو مەیلەوقاوەییو دوو ئەوەندی ئەوانی تر بوون، لەوێ هەبوون. هەستمدەکرد ئەوانەش وەک ئەوانەی ژوورەکەی خۆم وان، بەڵام نەمدەزانی ئەو دەنگانەی دەریدەکەن، چییە، به چ زمانێک قسەدەکەن، بۆچی ئاوا به سەیری بەردەوام له ناو قەفەسەکانی خۆیان

ده‌خولێنه‌وه‌و ده‌نگی سه‌یر ده‌رده‌که‌ن. ده‌بێت شتێکیان پێویست نه‌بێت بۆیان بهێنم! نازانم، له‌وانه‌یه‌ ئێستا بانگمبکه‌ن‌و داوابکه‌ن له‌و قه‌فه‌سانه‌ ده‌ریانبهێنم، به‌ڵام که‌ سه‌یری کابرا ده‌نگگه‌وره‌که‌ ده‌که‌م، ناوێرم هیچ شتێک بکه‌م. ئه‌وه‌ چییه‌ ئه‌و هه‌سته‌ی هه‌ستی پێ ده‌که‌م، کاتێک ده‌موچاوی ئه‌و کابرا ده‌نگگه‌وره‌یه‌ ده‌بینم!

ترسه‌! ترس چییه‌! ناخم دووباره‌ پرسییه‌وه‌.

وتم ئه‌و خواردنانه‌ له‌ یه‌کتری جیابکه‌مه‌وه‌، ئه‌و مه‌ڕانه‌ به‌ پێی جیا دابنێم، مریشکه‌کان‌و که‌ڵه‌شێره‌کان له‌گه‌ڵ یه‌کتر بن، میوه‌و سه‌وزه‌کانیش بهێنمه‌ده‌ره‌وه‌، بۆئه‌وه‌ی زوو بتوانین بیانخۆین، پێش ئه‌وه‌ی تێکبچن. ناخم ده‌یوت: ها، ئه‌ها، مریشک، مه‌ڕ، ئه‌وانه‌ مریشک‌و مه‌ڕن. به‌ڵێ، ئه‌و گه‌وره‌ سوورانه‌ش که‌ڵه‌شێرن. به‌بێ ئه‌وه‌ی بزانم بۆچی ئه‌وانه‌ ده‌زانم، ده‌ستمکرد به‌ جیاکردنه‌وه‌ی ئه‌وانه‌ی له‌وێ بوون. به‌س پێم سه‌یر بوو که‌ ئه‌وانه‌ هه‌موویان له‌گه‌ڵ خواردنه‌کان دانرابوون، کابرا ده‌نگگه‌وره‌که‌ش هه‌ر له‌گه‌ڵ خواردنه‌کاندا باسیده‌کردن. به‌س دیاره‌ ئه‌وانه‌ تێکناچن، وه‌ک سه‌وزه‌و میوه‌کان نین. سه‌وزه‌و میوه‌کانم هه‌مووی برده‌ده‌ره‌وه‌، تیشکێکی زۆر به‌تین له‌ ئاسمان بوو، که‌ من ئه‌و کاره‌م ده‌کرد، به‌س سه‌یر بوو، به‌رده‌وام له‌ جوڵه‌دا بوو. هه‌رگیز نه‌مبینی بجوڵێت، به‌ڵام که‌ من ده‌ستم به‌ کاره‌که‌ کرد، ڕێک لێره‌وه‌ بوو، لێره‌وه‌، له‌ ئاستی ناوکم، ئێستا ڕێک له‌ سه‌ر سه‌رمه‌، نازانم چۆن. که‌ من سه‌وزه‌و میوه‌کانم هه‌مووی له‌ یه‌کتری جیاده‌کرده‌وه‌، کابرا ده‌نگگه‌وره‌که‌ له‌گه‌ڵ کوڕه‌ بالابه‌رزه‌که‌ به‌رده‌وام خه‌ریکی قسه‌کردن بوو. هه‌ندێک کات لێی توڕه‌ده‌بوو، هه‌ندێک کات ده‌ستی له‌ سه‌ر شانی داده‌نا. پێده‌چوو له‌ من‌و له‌

چاوبچووکیش ئەو کوڕەی زیاتر خۆشبوێت. ئەو لە هەردووکمان بەهێزتر دیار بوو و پێدەچوو زۆر باوەڕی بە دەنگگەورەکە هەبێت، چونکە هەر کات بیبینیێتم لە لای بازنەکە، خێرا ڕووی لە من دەکرد، وەک ئەوەی پێی ناخۆش بێت کە لە بازنەکە نزیکببمەوە. خێرا دەیوت: ها، چیت دەوێت؟ هیچ هەیە بتوانم بۆت بکەم دکتۆر؟ هیچ هەیە؟ من لێرە ئیشم هەیە، دەبێت ئاگام لە بازنەکە بێت تا هەموان بگەین بە دوورگەکە. تکایە، ئاگات لە میوەکان بێت.

کابرا دانیشتبوو لە لێواری کەشتییەکەو سەیری ئاوەکەی دەکرد، هەر کە وتم هەموو سەوزەو میوەکانم جیاکردەوە، بە پەلە لە جێگەی خۆی هەستاو بەرەو ژوورەکە ڕۆیشت. هەر کە گەیشتە سەری دەرگاکە، کەسێکی تر هاتەدەرەوە، بەڵام ئەو پاڵی پێوە نا بۆ ژوورەوەو بە دەنگێکی زۆر گەورەتر لەوەی پێشتر هاواریکرد، کە هەموو ئەوانەی لە ژوورەوەن، هەستنەوەو بێنەدەرەوە. ئەگینا هەموویان لە برسان دەمردنو بەر سزای ئەو دەکەون. تەمبەڵی بە هیچ شێوەیەک لە سەر ئەم کەشتییە جێگەینابێتەوە، ئەوە کۆتا شتە دەبێت لە سەر ئەم کەشتییە بکرێت. خێرا هەمووتان وەرنەدەرەوەو لە سەر کەشتییەکە ڕیزببن، هاواریدەکردو لە دەمی تف دەهاتنەدەرەوە. تف! ها! تف چییە! ناخم دەیپرسیو ترسێک لە دڵمدا دروستدەبوو. دڵ! دڵ چییە! ئەو پرسیارانە چییە کە ناخم لێمی دەکات، هەر کاتێک بیردەکەمەوە! بۆچی ئەو جۆرە وشانە بەکاردەهێنم، لە کاتێکدا ماناکانیان نازانم!

به پێچەوانەی ئەوەی پێشبینیمدەکرد، زۆربەی ئەوانەی لە ژوورەوە بوون، دەهاتنەدەرەوە، هەموویان کە دەهاتن، هەمان شێوازی هاتنەدەرەوەیان هەبوو. باسکیان بەرزدەکردەوەو تیشکی ڕوناکییە گەورە جوڵاوە نەجوڵاوەکەیان دەگرت، تا لە چاوەکانیان نەدات. پێدەچوو چاویان لە هەموو شوێنێکی تر ئازاریانبدات. نازانم من ملم هێشتا زۆر ئازارمدەدا، کە خۆم نزمدەکردەوە بۆ هەڵگرتنەوەی میوەکان، لەگەڵ هەر میوەیەک ئازارێکی وام دەچەشت، نەمدەویست هەرگیز جارێکی تر ئەوە دووبارەبکەمەوە، بەڵام بەبێ ویستی خۆم، بەبێ ئەوەی بزانم بۆ، ترسێکی گەورەم هەبوو لەو کابرا دەنگگەورەیەو هەستمدەکرد گەر ئیشەکان بە باشی نەکەم، ئازارێکی زیاتر دەچێژم لە ئازاری ملمو ئەوەش کۆتا شت بوو کە دەمویست ڕوووبدات.

من لە لای سەوزەو میوەکانەوە وەستابووم، کابرا دەنگگەورەکەش ڕێک لە لای بازنەکەوە وەستابوو، لە پشتی کوڕە باڵابەرزەکە بوو، چاوبچووکیش لە تەنیشت دەنگگەورەوە بوو. خەڵکەکەی کە وەستابوون، هەموویان نرکەو ناڵەیاندەهات، چاویان دەگرت، هەندێکیان دەگریان. دەنگگەورە هاوارێکی زۆر گەورەی کرد، وتی: هەمووتان گوێبگرنو بێدەنگبن، نامەوێت هیچ دەنگێک ببیستم، سەیربکەن، ئەوەی لە تەنیشتمەوەیە، ناوی بینەرە، بینەر هەر چییەک بڵێت، ئێوە وا بزانن من وتوومەو پێویستە هەمووتان شوێنیبکەون. هیچ کێشەیەکم ناوێت لە سەر ئەم کەشتییە، پێویستە بە زووترین کات بگەین بە دوورگەی خەونەکان، پێویستە بە زووترین کات بگەین بە دوورگەی

خەونەکان. دووبارە ئەو قسەیدەکردەوە، چەند جارێک هەمان قسەیکرد، منیش بیرمدەکردەوە کە لەوانەیە هەرگیز نەمەوێت بچمە دوورگەی خەونەکان، چونکە هەستمدەکرد خەون، شتێکی باش و خۆش نەبێت. نەشمدەزانی خەون چییە، بەلام ناخم دەیزانی، دەیزانیو نەشیدەوت، بەلام دڵنیا بووم لە لای من، ئەو بابەتە بابەتێکی خۆش نەبوو و ئازاریدەدام. دوای ناساندنی بینەر، کە چاوی لە هەموان بچووکتر بوو، دەنگگەورە کوڕە بالابەرزەکەی ناساند، وتی: ئەوەی دەیبینن لە پشتمەوە، ئەو کوڕە، ناوی سەربازە. سەرباز، سەرباز قسە لەگەڵ ئێوە ناکات.
هەموو کات کاتێک دەیویست قسەیەک بکات، سەرەتا چەند جارێک وشەیەکی دووبارەدەکردەوە، چونکە لە کاتی دووبارەکردنەوەی وشەکە زیاتر بیریدەکردەوە کە قسەیەکی باشترو جوانتر ڕێکبخاتو بیکات. دەیوت: سەرباز بەرپرسی ئاراستەی کەشتییەکەمانە، من چیی پێ بڵێم، بێگومان هەر ئەوە دەکات، جا ئاگاتان لە خۆتان بێت، دڵنیام ناتانەوێت من توڕەبکەن، چونکە دەزانن سەرباز چیتان لێ دەکات، گەر من فەرمانی پێ بکەم، خۆ دەزانن!
من هەرچەند سەیری خەڵکەکەم دەکرد، زیاتر دەهاتمە ئەو باوەڕەی کە هیچ کامیان لە قسەکانی دەنگگەورە بەئاگا نینو تێناگەن، هەموویان دەستێکیان لەبەر تیشکەکەو دەستێکیان لە سەر ملیان بوو. هەندێکیان بەردەبوونەوە لە کاتی وتارەکە، چەند ساتێکی کەم بێهۆشدەکەوتنو دووبارە هەڵدەستانەوە. لەوە دەچوو هەموویان لە دەنگگەورە بپرسن. نازانم، من بۆ لێی دەترسم، ئەوانیش هەر بۆیە دەترسن. ئەو یەکەم کەس بووە لە

ژوورەکە هاتووەتەدەرەوە، حەتمەن شتێک دەزانێت، ئێمە نایزانین، شتێکی بینیوە، ئێمە نایبینین.
من لەو بیرکردنەوانەدا بووم کە دەنگگەورە هاوارێکی یەکجار گەورەی کرد، وەک هیچ کام لە هاوارەکانی پێشتری نەبوو، ئەوەندە بەرز بوو، من گوێیەکانی خۆم گرت. ئەوەندە بەرز بوو کە دوای هاوارەکە سەیری خەڵکەکەم کرد، هەموویان بە سەرسامییەوە لە دەنگگەورەیان دەڕوانی، هەموویان سەرنجی تەواوەتییان دابووە دەموچاوی، چاوەکانیان زەقببوونەوە. دەستیان لابرد لەبەر تیشکە جولاوە بێجوڵەکە. هەموویان وەک ئەوەی سەیری سەقفە تاریکەکە بکەن، سەیری دەنگگەورەیان دەکرد. دەنگگەورە دەنگێکی لە قوڕگی هێناو تفێکی ڕۆکردەسەر زەوییەکە، دەنگی نەرمتربووەوە. وتی: ئەزیزان، خۆشەویستانی من، گوێم لێ بگرن، مەترسن. منتان لەگەڵە، تا منتان لەگەڵ بێت، ئێمە لە سەر ئەم کەشتییە سەلامەت دەبین. تا من هەبم، ناهێڵم خواردنەکان ببڕێن، هەر دوێنێ، هەر دوێنێ بانشی هاتو ویستی هەمووتان، هەموو ئەوانەی لە ژوورەکەتان خەوتانلێکەوتبوو و پرخەتاندەهات، لەناوببات! دەزانن، دەزانن یەک قیژەی ئەو، یەک قیژە بەسە بۆ ئەوەی پەردەی گوێی هەمووتان بتەقێنێتو خوێنی ناو مێشکتان لە گوێتانەوە بێتەدەرەوە! ئەگەر من نەبوومایە، ئێستا ئێوە لێرە دەبوون! لێرە نەدەبوون! گەر من پێتانم نەوتبایە کە لە تومولەوە کەسێکی وا، یان نا، با نەڵێم کەس، دڕندەیەکی وەک بانشی هاتووەو ویستوویەتی هەمووتان لەناوببات، کێ لە ئێوە دەیزانی شتێکی وا لە ڕێیەو دەیەوێت ڕێگریمان لێ بکات لە گەیشتن بە دوورگەکە. ئێوە بۆ سوپاسگوزار نین، ئێوە بۆ

هەر خەریکی خواردنو خەوتنن. بە ڕاستی بە داخەوەم، تازە لەخەوهەڵدەستن! بیهێننە بەرچاوی خۆتان، من نەبوومایە، ئێوە چیتان دەکرد! بەس پێم بڵێن، چیتان دەکرد! کە ئەو قسانەی دەکرد، بەشێک لە خەڵکەکە دەستیان بە دەمی خۆیانەوە دەگرت، بەشێک لەوانەی کە نەدەگریان، دەستیاندەکرد بە گریان، هیچیشیان نەیاندەوێرا دەنگیان زۆر گەورە بێت، کە قسەکانی دەنگگەورە کپبکات. هەندێکیشیان چاویان زیاتر زەقدەکردەوەو زیاتر بە سەرسوڕمانەوە سەیری دەنگگەورەیان دەکرد. ناخم دەیوت: ئەو قسانە قسەی نوێن، هەرگیز پێشتر گوێم لە ناوی وا نەبووبوو. هەرگیز نەمبیستبوو کەسێک، شتێکی وا هەبێت، بەو شێوەیە هێرشبکاتەسەر کەشتییەکان. ئاخر ناخم زۆر شتی دەزانی، پێشتر هەر پرسیارێکم بۆ دروستدەبوو، وەڵامیدەدامەوە، جگە لە یەک دوانێک نەبێت، هەموو شتێکی دەزانی، بەڵام لە باسی ئەو بانشییە زیقنەدا، هیچ شتێکی پێ نەدەوتم. تەنها دەترسام، زیاتر دەترسام. ⁄

ئێوە، ئەی داماوەکانی کەشتییەکەم، ئەی خەڵکە بێتاوانەکە، من بەرپرسی هەمووتانم، پەیامم پێ دراوە، دەبێت هەمووتان بگەیەنمە دوورگەی خەونەکان. دوورگەی خەونەکان دوورگەیەکی زۆر ناوازەیە، زۆر لێرەوە دوور نییە، هەمووومان لێی نزیکین، هەمووومان حەزمان پێیەتی. جێگەکانی بە شێوەیەک نەرمن، ئارامیت پێ دەبەخشن، لەوێ ئەو جوڵەجوڵەی ئاوەکە نییە کە دڵتان تێکدەدات، لەوێ هەموو جۆرە خواردنێکی ناوازە هەیە. لەوێ هەمووتان بە دڵی خۆتان دەتوانن خانوو و ژووری تایبەتو نەرمتان هەبێت، هەمووتان دڵخۆشدەبن، بەڵام پێویستە

ئێوە هاوکاری من بن، پێویستە هەمووتان بەقسەمبکەن، ئەویش بە قسەی من نا، بە قسەی ئەو. ئەو هەموو شتێکم پێ دەڵێت ئەو هەموو شتێکم بۆ ڕووندەکاتەوە، هەر ئەویش یارمەتیدام کە بە لۆکەیەکی گەورە بتوانم ئێوە بپارێزم لە بانشی. گەر ئەو نەبوایە، ئێوەش نەدەبوون. گەر ئەو نەبوایە، منیش نەدەبووم. تکایە، سوپاسی ئەو بکەن. تکایە، هەمووتان بگرین بۆ ئەو. تکایە. هەمووتان داوا لەو بکەن. تکایە، داوا لەو بکەن. داوا لەو بکەن بمانگەیەنێتە دوورگەکە. بەبێ ئەو، ئێمە هیچ شتێکمان پێ ناکرێت، بەبێ زانیاریو پەیامەکانی ئەو، ئێمە هیچ نین. ئێمە لە ناو ئەو ئاوەدا نقومدەبینو هەموومان کۆتاییمان پێ دێت.

کە دەنگگەورە ئەو قسانەی دەکرد، ئەوانەی نەشدەگریان، دەستیاندەکرد بە گریان، بینەر چاوەکانی بچووکتردەبوونەوەدو بەردەوام سەیری منی دەکرد، سەرباز هەرگیز ئاوڕیشینەدەدایەوەدو بەردەوامبوو لە گرتنی بازنەکە. زۆربەی ئەوانەی لەوێ بوون، زۆربەیان دەگریان، زۆربەیان دەنگیان بەرزدەبووەوە، بە گریانەوە داوایاندەکرد کە ئەو ڕزگاریانبکات، هەموویان تەنها دەیانوت: تکایە، ڕزگارمانبکە. تکایە، بمانپارێزە. تکایە، با بگەین بە دوورگەی خەونەکان.

دەنگ گەورە بەردەوامبوو لە قسەکانی، بەردەوام هاواریدەکرد، بەردەوام هەمان ئەو قسانەی دووبارەو سێبارەو دەبارەدەکردەوە، کە ئێمە چەند پێویستمان پێیەتی بۆ دابەشکردنی سەوزەو میوەکان، چەندمان پێویست پێیەتی بۆ پاراستنمان لە بانشی، پاراستنمان لە هەموو مەترسییەکی ناو ئەم ئاوەدو گەیشتنمان بە دوورگەکە. لە کاتی ئەو قسانە، بینەر

بەردەوام چاوی لە سەرم بوو، بەردەوام سەیریدەکردم، وەک ئەوەی بیەوێت ناخم بخوێنێتەوە، وەک ئەوەی ناخم شاشەیەکی گەورە بێتو ئەویش بیخوێنێتەوە. سەیریدەکردم. منیش بەردەوام زیاتر دەترسام لە سەیرکردنەکانی بینەر، ئاخر قسەی بینەر وانە قسەی دەنگگەورە، دەنگگەورەش هەموو خەڵکەکەی بەگریانهێناوە، تەنها بە قسەکردنو گێڕانەوەی ئەو ڕووداوە سەیرەی دوێنێ شەو، بەبێ ئەوەی هیچ کەسێکی تر جگە لەو، هەستی پێ بکات، یان بیبینێت، یان هیچ شتێک ببیستێت. وا پێدەچوو گەر دەنگگەورە بڵێت: پێویستە دکتۆر بخۆن، هەموویان بێنو بمخۆن، بیرم لەوە دەکردەوە دەبێت کەی لە ژێر دەستی هەموو ئەو کەسانە بمرم کە وردە وردە گۆشتی لاشەم لێدەکەنەوە. لە ناکاو ناخم دەیوت: واز لەو بیرکردنەوانە بهێنە، بینەر بۆ وا سەیرتدەکات! چ شتێک هەیە دەیەوێت بیبینێت لە تۆدا! لەوانەیە بۆیە ناوی بینەر بێت، هەموو شتێک ببینێت. من ئەو بیرکردنەوانەم هەبوو. کە دەنگگەورە دەستی بۆ من ڕاکێشا، زۆر ترسام. هەستمکرد ئێستا بە ئاماژەکردن بۆ من، بە خەڵکەکە دەڵێت کە هەموویان بێنو بمخۆن، نازانم ئەو بیرکردنەوەی کە من ڕۆژێک لە ڕۆژان دەخوریم، لە کوێوە بۆم هاتبوو، بەڵام هەر کاتێک ترسابوایەم، هەستمدەکرد ئەو خەڵکەی لە دەورمن، دێنو دەمخۆنو منیش نامرم تا هەموو گۆشتی لاشەم بە تەواوی لێنەکەنەوە. زۆر لەوە دەترسام ئەو ڕۆژە بێتو نەتوانم هیچ شتێک بکەم. دەستی بۆ ڕاکێشامو وتی: ئەوە دەبینن، ئەوە دەبینن، وا نییە! هەمووتان سەیریبکەن، هەمووتان سەیریبکەن. باش سەیریبکەن، ئەوە دکتۆرە، دکتۆر. ئەم کوڕە دکتۆرە،

دکتۆریکی زۆر باشیشه. دکتۆر هەموو ئەو خواردنانەی هەیە لە سەر ئەم کەشتییە، لە ژێر دەستی ئەودان، جا ئەگەر دەتانەوێت سکتان بە تێری بمێنێتەوە، دکتۆر تورەمەکەن. ئاگاتان لێی بێت، دکتۆر ناوەکەشیەتی، ناوی خۆیەتی. هەمووتان دەبێت پێی بڵێن دکتۆر، کەس بە شتێکی تر بانگینەکات.

یەکەم جار بوو گوێم لە دەنگی خەڵکەکە بێت، هەموویان بەیەکەوە هاواریانکرد: بەڵێ، بەڵێ، تێگەیشتین. هەموویان دەترسان قسەبکەن، هەموویان دەگریان. هەموویان دەلەرزین، هەموویان وایان دەزانی من کەسێکی زۆر تورەو توندم، کە کۆتاییان پێ دەهێنم و لە برسان دەیانکوژم بە بڕیارەکانم. دکتۆر! دکتۆر! دەنگێکی ناسک لە بن گوێم دەهات، دەیوت: دکتۆرەکەم، هەر ئەوەندە و بزردەبوو. ئەو دەنگە، ئەو دەنگە، ئەو دەنگە دەناسمەوە. دەیناسمەوە، پێشتر گوێم لێ بووە، کێ بوو ئەو قسەیەی کرد، کێ بوو بەو ناوە بانگیکردم! زۆر ئارامبەخش بوو! کێ بوو! من چۆن بزانم من دکتۆرم! من هیچ شتێک لە سەر خواردنەکان نازانم، هیچ شتێک نازانم لە سەر ئەوەی گەر حاڵی یەکێک لەم خەڵکە گریاوە تێکبچێت، چی بکەم! لەگەڵ ئەوەی هیچیش نازانم، بەڵام دەمزانی کە ئەوانە بەردەبنەوە دوای وەستانیان، پێویستناکات هیچ شتێک بکەم، پێویستناکات هیچ شتێک بکەم، هیچ نییە، خۆیان هەڵدەستنەوە. ناخم وای دەوت، منیش باوەڕم پێی دەکرد، نەدەجولام لە شوێنی خۆم، لە لای میوەکان دەمامەوە، تەواو، ئێستا بە هۆش خۆیان دێنەوە، هەموو شتێک باشە، هیچیان لێ نایات.

که هەموو خەڵکەکە سەیری منیان دەکرد، من نەمدەتوانی وەک دەنگگەورە سەیریان کەمەوە، بەڵکو من سەیری بینەرم دەکرد، هەر چاوی لە سەرم بوو. تا دەهات، زیاتر چاوەکانی بچووکدەکردەوەو زیاتر لە من وردەبووەوە. دەیویست بزانێت ئەوە چییە، ئەوە چییە لە ناوەوە قسەم لەگەڵ دەکات، دەیویست گوێی لە دەنگی ناخم بێت. خۆ ئەگەر بتوانێت گوێی لێ بێت، هەموو نهێنییەکانم دەزانێت، هەموو شتێک دەزانێت، هەموو! لەوانەیە ئەو کاتە بە سەرباز بڵێت من فڕێبدەنەناو ئاوەکەوە، چونکە هەر شتێک بینەر بیڵێت، واتە دەنگگەورە وتوویەتی. هەر شتێک ئەو بیڵێت، تەواو، پێویستە جێبەجێبکرێت. باوەڕناکەم بتوانم بەرگەی سەربازیش بگرم، ئەو زۆر بەهێز دیارە، زۆر بەهێز دیارە، باوەڕناکەم بتوانم ڕووبەڕوویببمەوە. بینەر، بەسە، چیتر سەیرممەکە، نامەوێت قسەکانی ناخم بخوێنیتەوە. کە ئاوا بیرمکردەوە، بینەریش چاوی لە سەر من لابرد، وەک ئەوەی ڕێک بزانێت ناخم چی دەڵێت، ڕێک وەک ئەوەی بزانێت نامەوێت بەو شێوەیە سەیرمبکاتو ناخم بخوێنێتەوە، چاوەکانی لابرد. دوای وتارە ئاگرینەکەی دەنگگەورە، خەڵکەکە هەموویان هەر لە جێی خۆیان وەستابوون، هیچیان هیچ قسەیەکیان نەدەکرد، نەیاندەپرسیو ڕای خۆیان نەدەوت. ئەسڵەن کێ دەتوانێت ڕای خۆی بڵێت، یان بپرسێت، خۆ دەنگگەورە هەموو شتێکی ڕوونکردووەتەوە، دیارە کە پێویستمان بە چییە، بێگومان زۆر ڕوونە. پێویستمان بەوەیە هەموومان بە قسەی دەنگگەورە بکەین، چونکە زانیارییەکانی لە ئەو وەردەگرێت، با سەرباز ئاڕاستەمانبکات لە ژێر فەرمانی دەنگگەورە بەرەو دوورگە

خۆشەکە. گەر کێشەیەک، شتێکیش دروستبوو، بینەر زۆر زیرەکە، بێگومان بۆمان چارەسەردەکات. وا دیارە هەر کاتێکیش بێتاقەت بووین، نەخۆش بووین، من چارەی کێشەکە دەکەم.

ناخم دەپرسی: باشە دەنگگەورە بۆ وا جیاوازە لە هەموان! نازانم، ئێمە هەمووماں شتێکی نەرمی ڕەش و هەندێکیشمان قاوەیی زەردباو لە سەر سەرمانە، بەڵام هیی ئەو سپییە، سپی! سپییەکی تەواویش نا، وەک بڵێیت، خۆڵەمێشییە. ها! خۆڵەمێشی چییە! لەوانەیە ئەو ڕەنگەی سەری دەنگگەورە بێت، بۆیە ناخم لەو کاتەدا بەکاریهێنا.

هەموو خەڵکەکە ڕاوەستابوون، چاوەکانیان زەق سەیری دەنگگەورەیان دەکرد، کەس قسەینەدەکرد، زۆربەیان دەگریان. دوای ئیستێک وەستان، دەنگگەورە بە هەموانی وت: من "ئەوناس"م، لە ڕێگەی ناسینی "ئەو"ەوە توانیومە کۆمەڵێک تواناو زانیاری کۆبکەمەوەو فێرببم کە چۆن لێرە دەربازمانببێت. من، من چەندین ساڵە لە سەر ئەم کەشتییەمو ئێوەش هەمووتان خەوتوون. هیچ کامتان ئامادەنەبوون لەخەوهەستن، هەمووتان تەمبەڵێتان هەڵبژارد، من شەوو ڕۆژم لە سەر یەک داناو پرسیارمکرد، پرسیارم لە خۆم کرد، هاوارمکردو ڕووم لە ئاسمان کرد، تا لە کۆتاییدا ساڵی پار، بەڵێ، دوای چەندین ساڵ، ساڵی پار، ئەو منی بەسەرکردەوەو قسەی لەگەڵ کردم. هەموو ئەوانەی پێتان دەڵێم، ڕاستەوخۆ لە ئەوم وەرگرتووەو ئەو پێی وتووم. هیچ کام لە ئێوە ئامادەنەبوون هەستن، هیچ کامتان ئاگادار نەبوون، هیچ کامتان لە شەوانی تەنیایی‌و ترسی بانشی‌و هەموو تومول لەگەڵمدا نەبوون. ئاگاتان لێیە چەندە

ملتان دێشێت! دەزانن بۆ! دەزانن بۆ! کەسێک لە ئێوە ئەگەر ئازان، ئەگەر دەڵێن ئێوەش زانیاریتان پێیە، دەزانێت بۆ ملتان ئەوەندە دێشێت! کەستان دەزانن!

بێگومان هەروا بە بێدەنگیو بە گریان بەڕێیدەکەن، ئێمەش هیچ کاتمان نییە بۆ گریانو بێدەنگی، ئێوە هیچتان نازانن بۆ لێرەین، هیچتان نازانن بۆ ملتان ڕەقبووە. وەرن، با من پێتان بڵێم بۆ ملتان ڕەقبووە. وەرن، با من زانیارییەکانی لە ئەوەوە بەدەستمخستووە، بۆتان باسبکەم، بۆتان شیبکەمەوە. ئێوە هەمووتان وەک یەک وان، هەمووتان چەندین ساڵە تەمبەڵیتان هەڵبژاردووەو لە سەر جێگەکانتان خەوتانلێکەوتووە، هەمووتان پێش ئەوەی بێن بۆ ناو ئەم کەشتییە، لێتان پرسراوە، کە ئایا دەتانەوێت بچنەناو کەشتییەک کە لە ناو ئاوێکی گەورەدایەو شەپۆلەکانی ئاوەکە لەوانەیە نوقمیبکەن. هەمووتان پێتان وتراوە کە بانشی چێتان لێ دەکات، گەر بێنەناو ئەم کەشتییەوە، هەمووشتان بە حوسنو ڕەزای خۆتان ئەوەتان هەڵبژارد بێن بۆ ناو ئەم کەشتیی نەهامەتییە. ئاخر کێی تر جگە لە ئێوە؛ ئێوەی گەمژە، ئەوەی قبوڵدەکرد بێتە ئێرە. ئاخر منیش لە ئێوەم، گەر وەک ئێوە گەمژە نەبوومایە، بۆ لێرە دەبووم! بۆ خۆم لە یەکێک لە دوورگە هەمیشەییەکان دەمامەوەو خەوی خۆشم دەبینی. بە هەر حاڵ، مەگرین، بەسە، واز لە گریان بهێنن، هەمووتان قیت ڕاوەستنو گوێ بۆ فەرمانەکانم بگرن.

ئێستا یەکەم شت پێویستمان پێیە لە ناو ئەم کەشتییە بیکەین، ئەوەیە کە بزانین چەند کەسین، چەندمان قژمان درێژو چاومان گەورەیەو سنگمان نەرمە، چەندیشمان چاومان

بەناوەوەداچووەو مووی زۆر لە دەموچاومان هەیە. ژمارەی هەموومان چەندەو چۆن بتوانین لە سەر ئەم کەشتییە نەفرەتییە ڕزگارمانبێتو بگەین بە دوورگەکە.
هەموو قژدرێژو چاوگەورە سنگنەرمەکان لێرەوە ڕیزبن، لە لای ڕاست، لە لای ڕاست، ئەی هاوار، ئێوە بۆ وا دەکەن، لە لای ڕاست، وتم: لە لای ڕاست!
دەمبینی کە ئەوانەی قژیان درێژ بوو، هەموویان دەستیان بە جوڵە کردبوو، بەڵام هەریەکە بە لایەکدا دەجوڵانو هیچیان نەدەچووە لای ئەوی تر، چونکە نە منو نە ئەوانیش نەماندەزانی لە لای ڕاست چییە! ها! ڕاست! ڕاست! ڕاست مەبەستی دەستمە، دەست، ئەم دەستە بەهێزەم.
ناخم وەڵامیدەدامەوەو ئەوناسیش بە دەستەکانیو بە پاڵنان چاوگەورەکانی دەخستە لای دەستە ڕاستی من، ئەوانی تریشی دەخستە لایەکەی تری کەشتییەکە.
ئەوناس هاواریکردو وتی: ئەوانەتان کە قژتان درێژەو چاوتان گەورەیەو سنگتان نەرمە، ئێوە یارمەتیی دکتۆر بدەن کە خواردنەکان دابەشبکات، نا نا، پێش ئەوە، بزانم ژمارەتان چەندە، ژمارە!
چی! ژمارە چییە! ناخم دەیپرسیو وەڵامیشیدەدایەوەو بە چاوم سەیری قژدرێژەکانم دەکرد؛ یەک، دوو، سێ، چوار، پێنجو هەتا ژمارە پەنجا یەکلەدواییەک دووبارەمکردنەوە. ها، دیارە ژمارەیان پەنجا کەسە، پەنجا! ئەوناسیش هەمان شتی منی دووبارەدەکردەوەو بە دەنگە گەورەکەی هاواریدەکرد: پەنجای ڕێکن، پەنجای ڕێک! ئەی ئێوە، ئەی ئێوە دەموچاوبەمووەکان،

بوەستن بە ڕیکی، با هەمووتان بژمێرم؛ یەک، دوو، سێ، چوارو ڕۆیشت تا گەیشت بە ژمارە چلوحەوت. خەریکدەبوو توڕەببێت، وتی: ئەی کوا سێ کەسەکەی تر! لە ژوورەوەن، تا ئێستا لەخەوهەڵنەستاون! لەو قسانە بوو، لە ناکاو وەستاو سەیرێکی بینەری کرد، دواتر چاویخستەسەر منو ئاوڕیدایەوە بۆ لای سەرباز. سەیرێکی ئەرزەکەی کردو لەبەر خۆیەوە وتی: هم، باشە، ئێستا دەزانم ژمارەتان چەندە، ئێوە؛ دەموچاوبەمووەکان، لەبەر دەستی سەرباز بن، هەرچی کە بینەرو سەرباز بیڵێن، یان من پێتانی بڵێم، دەبێت بەبێ گلەیی بیکەن. بێگومان هەرگیز نەکەن لە چاوگەورەکان نزیکببنەوە، هەر کەسێک ببینم لەگەڵ هەر قژدرێژێک بوەستێت، هیچ ڕەحمی پێ ناکەم. ئەو خۆی وتوویەتی: ئێوە نابێت تێکەڵی یەک بن، نامەوێت بتانبینمو ئەویشمان لێ توڕەببێتو دووبارە هەموو تومول هێرشبکەنەوەسەرمان. من تاقەتی ئەوەم نەماوە شەڕتان بۆ بکەم، گەر دەتانەوێت لێرە نەتاجتتانبێت، حەتمەن پێویستە بەقسەمبکەن، دەبێت بە قسەی ئەو بکەن، گوێڕایەڵ بنو لە فەرمانەکانم دەرمەچن. گەر گوێڕایەڵ بن، من خۆشمدەوێن، من خۆشمبوێن، ئەویش خۆشی دەوێن، ئەویش خۆشی بوێن، دەتانباتەوە دوورگەکە.

بۆ ساتێک هەستمدەکرد من زۆر خۆشبەختم کە ئیشکردنەکەم لەگەڵ قژدرێژە سنگنەرمەکانە، لە کاتێکدا منیش وەک گرووپی دەموچاوبەمووەکان، دەموچاوبەموو بووم. لە خۆمەوە هەستێکی خۆشم هەبوو، دەتوانم شتێک بکەم کە هیچ کەسێکی تر ناتوانێت بیکات. بەس من، جا لەوەش خۆشتر، سەرباز و

بینەریش، نەیاندەتوانی تێکەڵبن، بەس من دەمتوانی. ئێ ئاخر ئێمە خواردنەکانمان دابەشدەکرد تا هەموان بەیەکەوە بگەین بە کەشتییەکە. نازانم، ئەم دڵخۆشییە چییە! ئاخم بۆچی ئەو جیاوازییەی لە نێوان منو دەموچاوبەمووەکانی تردا پێ خۆشە، بۆچی حەزدەکەم لە لای سنگنەرمەکان بمێنمەوە نەک لە لای گرووپەکەی خۆم!

چەند جارێک کەشتییەکەو ئاوەکەش تاریکدەبوونو زۆربەی شتەکان دیارنەدەمان، خەڵکەکە دەچوونەوە ژوورەکانو قژدرێژەکان لە لای ڕاستو ئێمەش لە لای چەپی ژوورەکە دەخەوتین. چەند جارێک تاریکو ڕوناک ڕوویداو هیچ شتێکی ئەوتۆ ڕوووینەدەدا، تەنها دوای هەستان لە خەو بە دەنگە گەورەکەی ئەوناس، من خێرا دەچووومە لای میوە تێکچووەکانو سەرەتا بە دەستی خۆم دەمدا بە هەموو چاوگەورەکان، دواتریش دەنگم بەرزدەکردەوەو ئەوانی ترم بانگدەکرد. زۆربەی کات ئەوانی تر میوەی کۆنترو بچووکتریان بەردەکەوت لە چاو قژدرێژەکان، چونکە من فەرمانی ئەوناسم جێبەجێدەکرد، کە پێی وتبووم سەرەتا پێویستە قژدرێژەکان میوە بخۆن، دواتر ئەوانی تر تامی میوەکان بکەن. خۆشم هەر لە کاتی دابەشکردنەکە چەند دانەیەکم دەخواردو چەند دانەیەکیشم هەڵدەگرت بۆ سەرباز و بینەر، بەڵام ئەوەی لە لام سەیر بوو، ئەو بۆنە سەیرە بوو کە لە ژووری ئەوناس دەهاتەدەرەوە، هەموو کات کە ئەو بۆنەم دەکرد، هەستم بە برسیەتی دەکردو دەمبینی بینەرو سەربازیش دەچنەژوورەوە. بۆ ساتێک هەموو شتێک دەوەستا لە سەر کەشتییەکەو تەنها ئەو سێ کەسە لەو

ژووره دەهاتنەدەرەوە، هەمیشە ئەوناس لە پێشیانەوە دەهات‌و ئەوانی تریش دوای ئەو دەهاتنەوەدەرەوەو هەر کامێکیان بۆ سەر کاری خۆی دەڕۆیشت. ئەو چەند ڕۆژە هیچ شتێکی تر ڕوووینەداو خەلکەکەش جگە لە خواردن‌و گوێگرتن لە قسەکانی ئەوناس دەربارەی "ئەو"، هیچی تریان نەدەکرد.

ڕۆژەکان بەردەوامبوون لە تێپەڕبوون، منیش لەگەڵ ناخمدا بەردەوام خەریکی گفتوگۆ بووم، ئەم ڕۆژانە کە بینەر دەبینم، هیچ شتێک لەگەڵ ناخمدا نالێم. دەزانیت بۆ؟ هاهاها، هەر نازانم لەگەڵ کێشدا قسەدەکەم، بەلام هەر کەسێک بێت، دەزانیت بۆ! چونکە دەزانم بینەر بۆیە ناوی بینەرە، دەتوانێت ناخیشمان ببینێت. نەک هەر ئەوەندە، دیارە دەتوانێت گوێی لە گفتوگۆی نێوان من‌و ناخیشم بێت، بۆیە ئێستا گەر بمەوێت قسەیەک لە ناخم وەربگرم، پرسیارێکی لێ بکەم، گفتوگۆیەک بکەین، هەمیشە پشت لە بینەر دەکەم، یان کە ئەو ڕۆیشتەژوورەوە، لەگەڵ ئەوناس ئینجا من قسەیەک دەکەم‌و پرسیارێک دەکەم.

ڕۆژێک لە دوای بۆنە خۆشە سەیرەکەی ژوورەکەی ئەوناس‌و سەربازو بینەر، ئەوناس هاتەدەرەوەو بە دەنگێکی زۆر گەورەوە هاواریکرد کە هەموو خەلکەکە کۆببنەوە، هەر هەموویان! وتی: پەیامی "ئەو"م بۆ هاتووە، کە دەبێت ئێمە ژمارەمان زۆرتر بێت لەوەی ئێستا هەیە، دەبێت چیتر ئێمە دەستەوەستان دانەنیشین‌و هەولبدەین خۆمان بەهێزبکەین. دەبێت واز لە میوەخواردنێکی زۆرو بەردەوام دانیشتن‌و گریان بهێنین، دەبێت هەموومان بەقەد سەرباز ئازا بین، دەبێت هەموومان بە قەد بینەر زیرەک بین‌و ئەوەندەی دکتۆریش

دەربارەی جەستەی خۆمان زانیاریمان هەبێت. ئەوناس ئەو قسانەی دەکردو بە پێچەوانەی جارەکانی تر دودلییەک لە چاوەکانی دیار بوو. سەیری خەلکەکەی دەکرد بزانێت دەلێن چی، کاردانەوەیان چییە لەگەل ئەو بڕیارە لە ناکاوانە. بەلام خەلکەکە تەنها دانیشتبوون، تەنها دەلەرزین‌و هەندێکیشیان بە تایبەت چاوگەورەکان، دەگریان. دوای بینینی ئەو کاردانەوانە لە خەلکەکەوە، ئەوناس دەنگی وەک یەکەم ڕۆژ گەورەکردەوەو چاوەکانی دودلی‌و گومانیان تێدا نەماو هاواریکرد: هەمووتان هەستنەوەسەرپێ، هەمووتان هەستنەوەسەرپێ‌و سەیری من بکەن، ڕێک سەیری ناوچەوانم بکەن. دەزانن من قسەیەکی ئاساییتان بۆ ناکەم! دەزانن ئەوە پەیامی ڕاستەوخۆی ئەوە! دەزانن ئەمشەو چی ڕوویداوە! دەزانن! بێگومان نازانن، گەر بتانزانیایە، ئاوا دانەدەنیشتن و پێش ئەوەی من ئەو قسانەش بکەم، هەمووتان هەولتاندەدا بیرێک بکەنەوە کە چۆن بتوانین دەربازببین لەم کەشتییە، لەم ئاوە. ئەو میوانە وا بەرەو تەواوبوون دەڕۆن. هەستی پێ ناکەن! هەستی پێ ناکەن! میوەکان ڕۆژ ڕۆژ زیاتر تێکدەچن‌و تامیان ناخۆشدەبێت. دەزانن ئەگەر میوەکان نەمێنن، هەموومان لە تینوان دەخنکێین! وا دەزانن ئەو هەستە سەیرەی ناو دەمتان چییە! ئەو هەستەی بەردەوام ناو دەمتان وشکەو حەزدەکەن ئاوی ژێر کەشتییەکە نۆشبکەن. وا دەزانن ئاگام لێتان نییە! بینەر هەموو شتێک دەبینێت، هەموو شتێک. تەنانەت دەزانێت لە ناخی خۆشتان چی دەلێن. دەزانم لە ترسی سەرباز تا ئێستا کەستان نەچوونەتەناو ئاوەکە، یان دەستتان بۆی درێژنەکردووە کە لێی بخۆنەوە، بەلام

دەزانم خۆتان ناگرن. چەند ڕۆژێکی تر هیچ میوەیەک نامێنێت، هیچ میزێک لە ئێوەوە نایەتەدەرەوەو هەموومان بەیەکەوە دەمرین! دەمرین، خەڵکینە، هەموومان دەمرینو دەگەڕێینەوە بۆ لای ئەو!

دەتانەوێت کە چوونەوە، ئاوا بە لاوازی بچنەوە! ئاوا بچنەوە کە فەرمانی ئەوتان جێبەجێنەکردووەو بە سەرشۆڕیو لاوازی بچنەوە بەردەرگای ئەو. وا دەزانن ئەو ئاوا پێشوازیتان لێ دەکات! ئاوا پێشوازیتان لێ دەکات، کە هیچ فەرمانێکی ئەوتان جێبەجێنەکردووە!

کە ئەو ئەو قسانەی دەکرد، ناخم پێی دەوتم: دەست خۆش، ئەموت بینەر دەزانێت لە ناخی خۆشمان چی دەڵێین! دواتر پێکەنینم دەهات کە ئەوناس هەموو شتێکی دووبارەدەکردەوە. چەندین جار دەیوت: دەمرین، چەندین جار دەیوت: ئاوا پێشوازیتان لێ دەکات! چەندین جار هەمان پرسیاری دووبارەدەکردەوە.

ئەوناس بەردەوامبوو لە قسەکانی خۆیو بە دەنگێکی گەورەتر هاواریکرد، کە لەمەودوا شەوانە یەکێک لە چاوگەورەکان دەچێتە ژووری ئەوو بۆ شەوی دواتر یەکێکی تریان لە لای ئەو دەمێنێتەوە. کە ئەو قسەیەی دەکرد، سەیری هەموانی دەکرد، سەیری بەمووەکانی دەکرد، چاوی دودڵییەکەی تێدەزایەوە، سەیری منی دەکرد، بەڵام کەس هیچ کاردانەوەیەک، قسەیەک یان شتێکی نەدەکرد و نەدەوت، بۆیە هەر بۆ ئەو ساتە ئەو گومانە لە چاوی دەمایەوەو کۆتایی پێ دەهات. بەردەوامدەبوو لە قسەکانیو دەیوت: قژدرێژەکان، هەمووتان بە پێی باڵاتان

ڕیزبین، لێرەوە، پەنجەی بۆ دارە خڕەکەی پێش سەرباز ڕادەکێشا، تا ئێرە، پەنجەی بۆ دەرگای ژوورەکەی خۆی ڕادەکێشا.

هەموو سنگەرمە قژدرێژەکان بە پەلەپڕوسکی بەبێ ئەوەی بزانن بۆ چ شتێک بانگکراون، ڕیزبوون بەو شێوەیەی کە ئەو داوایکردبوو، تەنها یەک دانەیان نەبێت، کە قژێکی ڕەشی لەوانی تر کورتتری هەبوو. لە ناو ڕیزەکە نەوەستابوو، بەڵکو لە دەرەوەی ڕیزەکە هەڵدەلەرزی‌و هەناسەی تەنگببوو و دەستی بە سنگیەوە گرتبوو. کەوتەسەر زەویی کەشتییەکەو زۆر بە قورسی هەناسەی هەڵدەکێشا، دەیوت: دەمرم، دەمرم‌و بە دەنگێکی نوساوو کزەوە دەیویست پڕ بە دەنگی هاواربکات کە دەمرێت، بەڵام نەیدەتوانی، چونکە وا پێدەچوو هەناسەی زۆر تەنگ بێت‌و نەتوانێت هیچ قسەیەک بە وازحی‌و بە دەنگێکی گەورەوە بکات. پێش ئەوەی ئەوناس هیچ شتێک بڵێت، ناخم وتی: بڕۆ بۆ لای ئەو چاوگەورەیەو دەست لە سەر شانەکانی دابنێ. چوومە لای، بەبێ ویستی خۆم دەموت: هەموو شتێک باشە، تۆ لە شوێنێکی سەلامەتیت، هیچ کەسێک ئازارتنادات‌و دەستم لە سەر شانی دادەناو دەستم لە شانی دەخشاند. سەیرێکی ئەوناسم کرد تا بزانم کاردانەوەی چۆنە بەرانبەر بەو کارەی من، کە بەبێ پرسی ئەو کردوومە، جگە لە دودڵی و ترس، هیچ شتێکم لە چاوی نەخوێندەوە. نازانم، پێم سەیرە، یەکەم ڕۆژ ئەوناس زۆر بە متمانەوە هەموو قسەکانی دەکردو لە هیچ شتێک سڵینەدەکردەوە، ئێستا ئەو تروسکایی دوودڵی‌و ترسە چییە ناوناوە لە چاوەکانیەوە خۆی پەخشدەکات بۆ من و

هەموو ئەوانەی کە سەرنجی چاوی دەدەن. بەردەوامبووم لە نارامکردنەوەی خانمەکە، ها! خانم! ناخم دەیپرسی: خانم! دەیپرسی: خانم! خانم چییە! ناخم دەیوت: ئەو جۆرانە پێیان دەوترێت خانم!

تێدەگەیشتم لە جیاوازییەک لە نێوان منو ئەو خانمەدا کە لە سەر زەویی کەشتییەکەیە، هەیە، جەستەی منو ئەو ڕاستە زۆر لەیەکدەچێت، هەردووکمان دوو قاچو دوو دەستمان هەیە، قژو چاوو گوێو لووتمان هەیە، بەڵام قژی ئەو جیاوازە لە هی من، نەک هەر لەبەرئەوەی درێژە، نا، جیاوازە، بەڵام جیاوازییەکە چییە؟ ئەی سنگیان؟ سنگی ئەوانە هەمووی بە جۆرێک لە جۆرەکان زیاتر لەوەی ئێمە دەرپەڕیوو دیارە. شتێکی تریش کە تا ئێستا سەرنجمنەدابوو، ئەوە بوو کە هەموومان؛ ئەوانەی لێرەین، جلەکانمان سپییە. دەزانیت هەموو جلەکان سپین، هەمووشمان هەمان پانتۆڵو کراسی سپیی بێقۆپچەمان لەبەرە. نازانم کراس چییە، هەر لە خۆمەوە ئەو قسەیەم دەکرد، ناخم دەیوت: ئەوەیە ئیتر، هەر ئەوەی کە هەموان لە بەشی سەرەوەی جەستەیانیان ئاڵاندووە. کراس، کراس! ئێ، ئێ! هەستمدەکرد خانمەکە وردە وردە باشتردەبێت، هەناسەتەنگییەکەی نامێنێتو دەتوانێت بە وازحی بڵێت: دەمرم، دەمرم! میوەیەکی بچووکم بۆ هێناو کردمە چەند پارچەیەکو پێیم دا. میوەکە زۆر ئاسان دەبووە پارچەی بچووک، چونکە جێگەی پارچەکردنەکەی دیاریکرابوو بە هەندێک هێڵی سپی. تاکە کێشەی ئەو میوەیە ئەو بەرگە پرتەقاڵییەی بوو، هم، پرتەقاڵی! یەکسەر ناخم دەیوت: ئێ ڕەنگە، ڕەنگ. تێدەگەیشتم پرتەقاڵی چییە، هەر بەرگەکەیم بە

نینۆک لێکردەوە، پارچەکانی دیار بوون‌و چەند پارچەیەکی بچووکم دایە خانمەکە. وردە وردە باشتردەبوو، هەناسەکانی ڕێکترو کەمتر قووڵ دەردەکەوتن. ئەوناس هیچی نەدەوت، من باڵی خانمەکەم گرت‌و خستمەوە ڕیزی خانمەکانی تر. هەر بە ڕاست، دەزانیت ئەوانە هەموویان خانمن، هەستم بەوە کردبوو کە لە ناو ڕیزەکە ئەوەی کە میوەکەم دایە، تاکە خانم نەبوو کە لە دوای فەرمانەکەی ئەوناسەوە بلەرزێت‌و هەناسەی تەنگ بێت. لەوانەیە زیاتر لە ١٠ خانمیان هەمان حاڵەتیان هەبوو، بەڵام ئەوەندە بە توندی نا، ئەوەندە بە قورسی نا. هیچ کامیان بەرنەبوونەوەسەر زەوییەکە، بەڵام کە سەیری دەموچاویانم دەکرد، هەموویان هەمان تۆقین لە دەموچاویان هەبوو، هەمان ترس، هەمان هەناسەتەنگی‌و ئارەقکردن‌و هەستکردن بە مەرگم لە چاویان دەبینی. کە خانمەکەم بردەوە ڕیزەکەی، یەکسەر ئەوناس دەستیکردەوە بە قسەکردن: سەیربکەن، ئەو چەندە بەبەزەییە، چەندە بەسۆزە، چەند ئێمەی خۆشدەوێت، خانمەکان، سەیربکەن، چەندی خۆشدەوێن!

ئەو قسەیەی ئەوناس منی دەشڵەژاند، ئاخر تا ئێستا خانم بەکارنەهێنرابوو، چۆنە وا من لەگەڵ ئاخم قسەمکردو بە خانم ناویانمبرد، یەکسەر دوای من ئەوناسیش هەمان قسەو هەمان وشە بەکاردەهێنێت. ئاخم وەڵامی نەبوو، بەڵام خۆم دەموت: ئێ، دیارە ئەو هەڵیبژاردووەو خۆیشی ئاخی ئێمەی پیشاندەدات. مادام من زانیومە، حەتمەن دەبێت ئەوناسیش بیزانێت. ئەو خۆی پێی دەڵێت، چونکە 'ئەو' ئەوناسیشی هەڵبژاردووەو ئاگای لێیەتی، کە باشترین وشەکان بەکاربهێنێت لە کاتی قسەکردنیدا.

ئەوناس بەردەوامبوو لە قسەکانی، لە کاتێکدا من وام دەزانی کە باسی ئەوە دەکات "ئەو" چەند بەبەزەییەو چەندی خۆشدەوێن، مەبەستی منە، کەچی ئەوناس هەرگیز باسی منی نەدەکرد، بەڵکو وتی: بەڵێ، هەر "ئەو" دکتۆریشی دروستکردووەو ناردوویەتی بۆ ئەم کەشتییەی ئێمە، دەزانن بۆ؟ دەزانن بۆ؟ بێگومان بەبێ ئەوەی بوەستێت لە سەر وەڵامی کەس، خۆی وەڵامی خۆی دەدایەوەو دەیوت: چونکە "ئەو" هەرگیز ئێمە بەجێناهێڵێت، دەمانپارێزێت، ئاگای لێمانەو ناهێڵێت کەمببینەوە. دەزانن ئەمشەو لەگەڵ فەرمانی هێنانی خانمەکاندا بۆ ژوورەکەی من، فێریکردم کە چۆن دەتوانین زۆرببین. دەتوانین ئێمە ببینە کەسی زیاترو بەیەکەوە هەوڵبدەین بگەین بە دوورگەی خەونەکانمان. دوورگەی ژیانی تا هەتایی‌و کۆتایی ئەو برسیەتی‌و ناخۆشییە. دەزانن ئەو وتی کە دوورگەکە زۆر نزیکە. زۆر نزیکترە لەوەی بیری لێ دەکەنەوە، تەنها پێویستە هەندێک ئارامبگرین، هەندێک بەرگەی برسیەتی‌و بێمیوەیی بگرین. بە تایبەت ئێوە، بە تایبەت ئێوە، پیاوەکان. پیاوەکان! دەمپرسی: پیاوەکان چین! کە ئەوناس وای دەوت، سەیری کەسە بەمووەکانی دەکرد، کە قژیان زۆر کەم بوو، یان هەر پێوە نەبوو، بۆیە زانین ئەمانەی لێرەن، خانمن‌و ئەوانی تریش پیاوەکانن. ئەوناس هاواریدەکرد: پیاوەکان، بەرگەی برسیەتی دەگرن لە پێناو ئەودا؟ بەرگەدەگرن کە تینووتانبێت‌و هیچ ئاوێک نەبێت، هیچ خواردنێک نەبێت‌و هەمووومان بەیەکەوە سەرمامان بێت؟ لە پێناو گەیشتن بە دوورگەکە، لە پێناو "ئەو"دا بەرگەدەگرن؟

نازانم پیاوەکان وەک خانمان نەبوون، هەموویان بەو قسانە بەکسەر جۆرێک لە تورەیی‌و دڵخۆشییان پێوە دیار بوو و هەموویان بەیەکەوە هاواریاندەکرد، بە دەنگێکی زۆر جیاوازو سەیرتر لەوەی خانمەکان. هەموویان بەیەکەوە دەیانوت: بەڵی، ئامادەین! بەڵی، ئامادەین! ئەوناس زیاتر متمانە لە چاوەکانیەوە دەتروسکانەوەو باوەڕی بە خۆی زیاتردەبوو، کە دەیبینی هەموو ئەوانەی چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستا بە کزۆڵەیی دانیشتبوون لە قوژبنەکانی کەشتییەکە، ئێستا بەشێکیان بە ڕیکی ڕیزبوون بۆ ئەوەی ئامادەبن شەوان بڕۆنە ژوورەکەی ئەو، بەشێکیشیان بە هەموو توانای خۆیان هاواردەکەن‌و دەڵێن: بەڵی، ئامادەین! ئەوناس قسەکانی کۆتایی پێ هێنا، هەموویان بە جۆشوخرۆشەوە سەیریاندەکرد کە دەچووەوەژوورەکەی خۆی. تا شەو، هیچ کام لە پیاوەکان دانەنیشتنەوە، هەموویان بەردەوام لەبەر خۆیانەوە ئامادەیی خۆیان دەردەبڕی بۆ برسیەتی‌و تینوێتی. هیچ کام لە خانمەکانیش لە ڕیزەکە لایاننەداو بەردەوام لە شوێنی خۆیان مابوونەوە. ئەوناس پێش چوونەژوورەوەی خۆی پێی وتبووم لە کاتی تاریکبووندا بە پێچەوانەی ڕۆژەکانی تر کە میوەم بۆ هەموان دەبرد، میوە بۆ کەس نەبەم. میوەم بۆ کەس نەبردبوو، دونیا بە تەواوەتی تاریکبوو. بەشێکیان دەنگێکی سەیر لە سکیانەوە دەهات، کە خۆشیان سەریان لێی سوڕدەما، هەندێکیان لەبەر خۆیانەوە دەیانوت: برسیمانە و تینوومانە، بەڵام هیچ کەسێک دەنگی بەرزنەکردوە. درەنگ بوو، کات ڕۆیشت‌و من هیچ خواردنێکم بە کەس نەدا. ئەوناس دوای ماوەیەکی زۆر لە تاریکایی بانگی

سەربازو بینەری کرد بۆ ژوورەکەی خۆی، بانگیکردن‌و منیش وەک هەموو شەوێکی تر لە جێگەی خۆم وەستابووم، ڕێک لە پێش میوەکان، بەڵام ئەوناس ئەو جارە منیشی بانگکرد، وتی: دکتۆر، وەرە لامان، دەزانم برسیتە. جا هەر بە ڕاستی منیش برسیم بوو، بەڵام نەمدەزانی برسیەتیی من چ پەیوەندییەکی بە ژووری ئەوناس و بەو بۆنە خۆشە سەیرەوە هەیە کە هەموو شەوێک ئەم کاتانە لە ژوورەکەوە دێت. کە ڕۆیشتمە ژوورەکە، دەبینم دوکەڵێکی سەیر لە ژوورەکە بڵاوبووەتەوەو لە پەنجەرەی پشتەوەی ژوورەکەی ئەوناسەوە دوکەڵەکە دەڕواتەدەرەوە، کۆمەڵێک پارچەی ڕەونەقداری ڕەق لە سەر زەویی کەشتییەکە دانرابوون، دواتر لە سەر ئەوانەوە چەند پارچەیەک شت دانرابوون، کە نەمدەزانی چییەو لە ناوەڕاستی ئەم شتانەوە ڕوناکاییەک هەبوو، کە دوکەڵێکی سەیری دروستدەکرد لەو شتەی کە لە سەری دانرابوو، بەڵام بۆنێکی زۆر خۆشی دروستکردبوو، پرسیم: ئەمە چییە؟

ئەوناس بە پێکەنینێکەوە کە تا ئێستا لە دەرەوەی ئەم ژوورە نەمدیتبوو، وتی: ئەمە دیاریی "ئەو"ە بۆ ئەو کەسانەی بە ڕاستی خزمەتیدەکەن، تۆش لە کەسە دڵسۆزەکانی ئێمەیت؛ هاوشێوەی سەرباز و بینەر. وەرە ئەم شتە خۆشە بخۆ، ئەمە پێی دەڵێن گۆشت، گۆشت! یەکسەر لە ناو سەرم ئەم قسەیە چەندین جار دووبارەدەبووەوە، پێشتر دڵنیا بووم گوێم لێ ببوو، بەڵام بیرمنەدەهاتەوە چۆن و لە کوێ. خۆی گۆشتەکەی بە شتێکەوە کردبوو، کە پێدەچوو زۆر ڕەق بێت، بۆ لای من شتە ڕەقەکەی درێژکردو منیش بە دەستم گرتم، بەڵام یەکسەر

ویستم هاواربکەم: دەستم، دەستم سوتا! دەستم کشاندە دواوەو ویستم هاواربکەم: دەستم، بەلام بیرمکردەوە کە لە لای ئەوناسدا چۆن دەبێت هاواربکەین، بۆیە هاوارەکەم نەکرد، تەنها دەستی خۆم بە توندی گرتبوو، هەرسێکیان بە بینینی من بەم حاڵە پێکەنین. بینەر وتی: دکتۆر، دەزانیت تۆ زۆر زیرەکیت، بەلام ڕێک وەک منو سەرباز هەمان هەڵەت دووبارەکردەوە. ئەها سەیربکە دکتۆر گیان، وەک گەورەمان، سەروەرمان، نووری چاومان، ئەم بەشەی شیشەکە بگرە، ئێرە ساردەو دەستت با نەسوتێت. نەمدەزانی گەورەمانو نووری چاوو سەروەرمان واتە چی، بەلام قسەکەی بینەرم جێبەجێکردو ئەو بەشەی شیشەکەم گرت کە ئەو ئیشارەتی بۆی کردبوو. نەمدەزانی شیشە چیشە، ئەسڵەن لە ناخیشمم نەپرسی، دەبوایە ڕابێم کە هەر شتێک ئەوان دەیڵێن، بەبێ ئەوەی لە ناخم بپرسم، منیش وەک ئەوان بەکاریبهێنمەوە، تا وەک بینەر پلەم بەرز بێتو منیش بێمە ئەم ژوورەوە هەموو شەوێک. کە شیشەکەم گرت، ئەوناس وتی: وەک من ئاوا هەوا لە ناو دەمتەوە بە گۆشتەکەدا بکە، بە سۆز و بەزەیی "ئەو" گۆشتەکە گەرمییەکەی نامێنێتو دەتوانیت بیخۆیت. وەک ئەو گوپم پڕ لە هەوا کردو چوار جار هەوایەکەم بە گۆشتەکەدا کرد، چونکە ئەوناس وتی: چوار جار هەواکە بە گۆشتەکەدا بکە. کە گۆشتەکەم خوارد، تامێکی ئەوەندە خۆشی هەبوو، چاوەکانم بەبێ ویستی خۆم داخستو زۆر بە هێواشی خواردنەکەم لە ناو دەمم دەهێناو دەبردو دەمجوی. نەمدەزانی ئەو هەستە خۆشە چییە بۆم دروستبووە، بەلام دڵنیا بووم هۆکارەکەی ئەو گۆشتەیە کە لە ناو دەممدایە. کە ئەوناس بینیی من ئەوەندە

حەزم بە پارچە گۆشتەکەیە، وتی: پەلەمەکە، ئەم دوو شیشەش بۆ تون، ئەمشەو تێربخۆ. دەزانیت هەزاران شتی لەوە خۆشتر لە دوورگەکە هەن، دەتوانیت بە دڵی خۆت بیانخۆیتو چێژیان لێ وەربگریت. گوێم بۆ ئەوناس گرتبوو و پارچە گۆشتەکانم لە شیشەکان دەکردەوەو دەمخواردن. هەموو جارێکیش ڕێک چوار جار هەوام بە گۆشتە تازەکاندا دادەکرد. ئەو شەوە خۆشترین شەوی ژیانم بوو، خۆشترین شەو بوو لەوەتەی چاوم کردووەتەوە لە سەر ئەم کەشتییەو لە ناو ئەم ئاوە. ئەوناسم زۆر خۆشویست، هەر کاتێک لە ناخی خۆم ناومدەهێنا، دەموت: خۆشەویستمان، سەروەرمان، ئەوناس وا دەڵێت، چونکە ئەو چێژەی ئەو شەوە کردبووم، هەرگیز بیرمنەدەچووەوە. دوای سێ شیش لە گۆشتی زۆر خۆش، کە لە سەر ڕوناکییەکە دادەنران و ڕەنگیان دەگۆڕاو دەمخواردن، ئەوناس وتی: سەرباز، لەگەڵ بینەرو دکتۆر بڕۆنەدەرەوەو یەکەم خانم بهێننەژوورەوە، تا بەیانی هەرسێکتان لەبەر دەرگا بوەستنو بە هەموو پیاوو خانمەکانیش بڵێن: بڕۆنەوە ژوورەکەی خۆیانو لە سەر جێگەکانی یەکەم جار لە سەری هەستان، بخەون.

ئێمەش بەبێ هیچ یەکودوویەک یەکسەر چووینە بەردەرگاکە، ڕاوەستاینو هەمان ئەو قسەی ئەو هەیبوو، دوای وتنی خۆشەویستمان، سەروەرمانو نووری چاومان؛ ئەوناس، بە هەموانمان وتو هەموویان ڕۆیشتنەوە ژووری خۆیان، تەنها یەکەم خانمی ڕێزەکە نەبێت، تەنها ئەو مابووەوەو سەرباز ئەوی بردە ژوورەکەی ئەوناسو یەکسەریش خۆی هاتەوەدەرەوە. لەگەڵ سەربازو بینەر لە بەردەرگا وەستابووین تا بەیانی،

هیچمان هیچ قسەیەکمان نەکرد، سەیری یەکمان نەکردو من تەنانەت لەگەڵ ناخی خۆشم هیچ وشەیەکم نەدەوت، چونکە بینەر ئەوەندە لێمەوە نزیک بوو، کە دەمزانی هەر قسەیەک بکەم، یەکسەر گوێی لێ دەبێتو دەزانێت چۆن بیردەکەمەوە، منیش هەر لە خۆمەوە ناخم پێی دەوتم کە هیچ کەس نابێت بەو گفتوگۆ نهێنییەی نێوان خۆمو ناخم بزانێت، بۆیە هیچ قسەیەکم نەکرد، نە لەگەڵ ئەوانو نە لەگەڵ خۆیشم.

بەیانی، وردە وردە هەم خانمەکانو هەم پیاوەکان دەهاتنەدەرەوە. بەبێ ئەوەی هیچ کەس قسەیەک بکات، خانمەکان بە شێوەی دوێنێ ڕیزەکەیان بەستەوەو پیاوەکانیش لە سوچێکی کەشتییەکە وەک دوێنێ دانیشتنەوە، بەڵام کەمێک هاتبوونە لای سەرەوە تا هەموویان دەرگای ژووری ئەوناسیان لێ دیار بێتو ئەو خانمە ببینن کە ئەمشەو لە ژوورەکەی ئەو ماوەتەوە. منو سەربازو بینەریش وەک پەیکەر لە بەردەرگا وەستابووینو چاوەڕێماندەکرد ئەوناس بێتەدەرەوە. ئەوە یەکەم جار بوو لەوەتەی ئێمە بەئاگاین خەڵکی ناو کەشتییەکە پێش ئەوناس هەڵستن لە خەو، هەمیشە یان بە دەنگە گەورەکەی ئەوناس خەبەریاندەبووەوە، یان من بانگمدەکردن بۆ میوەخواردنی بەیانیان، بەڵام ئەمڕۆ، خۆر بە تەواوی هاتبووەدەرەوەو دەمانبینی، بۆیە هەموان بەخەبەر بوون، بەڵام ئەوناس هێشتا لە ژوورەکەی نەهاتبووەدەرەوە. پێش ئەوەی ناخم هیچ قسەیەک بکات، خۆم وتم: دیارە بۆیە بەو تۆپە ڕوناکەم وتووە خۆر، ناوی خۆرە. دوای ماوەیەک وەستان، بەبێ ئەوەی هیچ کەس هیچ قسەیەک بکات، ئەوناس لە

دەرگاکەوە هاتەدەرەوە. بە تەواوی لە دەرگاکە دوورکەوتەوەو دوای خۆی خانمەکە هاتەدەرەوە. هیچ شتێکی جیاواز لە خانمەکە ڕوویەنەدابوو، جگە لە زەردەخەنەیەکی سەیر نەبێت. ڕاستەوخۆ ڕۆیشتەوە، لە لای پیاوەکان دانیشت. هەموو خانمەکانی تر بەردەوام چاویان لە سەری بوو، چونکە دەیانزانی هەموویان هەمان چارەنووسی ئەویان هەیە، مادام لەو ڕیزە وەستاون. من سەیری دەموچاوی هەموویانم دەکرد، هەموویان جۆرێک لە جۆرەکان خۆشحاڵ دەردەکەوتن کاتێک سەیری خانمەکەیان دەکرد، کە هاتبووەدەرەوەو ئەو زەردەخەنە سەیرە لە سەر دەموچاوی لانەدەچوو، هەموویان بە تامەزرۆییەوە چاوەڕێی تاریکبوون بوون. منیش فەرمانم پێ نەبوو میوەبدەم بە هیچ کامێکیان، دوای ئیستێک ئەوناس بە سەربازی وت بڕواتەوە شوێنەکەی خۆی، بینەریش لە سەربانی ژوورەکەی ئەوناس وەستایەوە. منیش چوومەوە لای میوەکان، کە تا دەهات بۆنیان ناخۆشتردەبوو. خۆم هیچ کێشەیەکم نەبوو کە لەوێ وەستابووم، بەڵام کە خۆر بەرزتردەبووەوە، پیاوەکان هەموویان بە چاوێکی زۆر نائاساییەوە سەیریاندەکردم‌و زمانیان دەردەهێناو بە دەوری لێویان دەیانسوا. خانمەکانیشم سەیردەکرد، هەندێکیان قاچەکانیان دەستی بە لەرزین کردبوو. ئەوکات بەئاگاهاتمەوە کە من خۆم دوێنێ شەو گۆشتم خواردووە، بەڵام ئەمانەی لێرەن، لە دوێنێوە لەو کاتەوەی خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان بوو، هیچ میوەیەکیان نەخواردووە، بەڵام ئەوەی سەیر بوو، خانمی یەکەم کە چووبووە لای ئەوناس، ئەو بە هیچ شێوەیەک وەک ئەوانی تر برسی دیار نەبوو. چووم بۆ




Description

بسم الله الرحمن الرحيم
🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و بابەتی جیاواز🤍

**ئەم کتێبە لەلایەن { ئازیزێکی چەناڵ } کراوە بە دیاری بۆ خوێنەران**

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

t.me/tanyahaji7
Invite Link

لای ئەوناس، بە بانگکردنێکی هاوشێوەی ئەوەی دوێنێ شەوو زۆر بە ترسەوە وتم: ئەی خۆشەویستی ئێمە، گەورەمانو سەروەرمان، ئایا کەی پێویستە میوەکان بدەم بە پیاوەکانو کەی پێویستە بیدەم بە خانمەکان، هەموویان زۆر برسی دەردەکەون. ئەوناس ئاوڕێکی توندی دایەوەو سەیرێکی کردم، لە چاوەکانی پێش ئەوەی هیچ قسەیەک بکات، من توڕەییەکی زۆرم دەبینی، بە دەنگێکی نزم وتی: دکتۆر! لە کەیەوە تۆ پرسیار لە مێشکت دروستبووە دکتۆر؟ لە کەیەوە تۆ پێش ئەوەی من قسەبکەم، پێش فەرمانەکانی من خۆت بڕیار لە سەر دابەشکردنی میوەکان دەدەیت؟ پێم نالێیت ئەو بیرکردنەوانە چییە؟ دەتەوێت لە فەرمانەکانی ئەو دەربچیت؟

هەستمدەکرد دەیەوێت ئەو قسانەی بە منی دەڵێت، بە هەموو هێز و توانایەوە هاواربکاتو هەمان ئەو قسانە بکاتەوە، بەلام لەبەرئەوەی نایەوێت کەس گفتوگۆکەمان ببیستێت، ئاوا بە لەسەرخۆیی قسەکان دەکاتو پێمی دەڵێت. کە قسەکانی تەواوبوو، یەکسەر هەموو ئەو قسانەم ڕەتکردەوەو دووبارە وتمەوە خۆشەویستمان، گەورەی ئێمە، سەروەرمان، ئەی ئەو کەسەی کە تۆ نەبیت، ئێمە بێبەشدەبین لە هەموو سۆزو خۆشەویستییەکی "ئەو"، تۆ ئێمەت لە هەموو تومول پاراستووە، تۆ بوویت ئێمەت لە بانشیو هەموو دەنگێکی وێرانکەر پاراست، من چۆن دەتوانم لە فەرمانەکانی تۆ دەربچم! بە هیچ شێوەیەک تەمایەکی وام نییەو نامەوێ شتێکی وا بڵێم، داوای لێبوردن دەکەم، داوای لێبوردن دەکەم کە شتێکی وا بە خەیاڵمدا هات، زۆر داوای لێبوردن دەکەمو شەرمەزارم. بە ڕاستی من دەبێت

سزای خۆم بدەمو هەرگیز جارێکی تر پرسیار لە فەرمانەکانی تۆ نەکەم. بێگومان ئەو برسیبوونە، ئەو تینوویەتییەی ئەوان تێیدان، هەمووی وەک خۆشەویستییەکی گەورە بۆ "ئەو" وایەو زووتر دەمانگەیەنێت بە دوورگەی خەونەکانمان. زۆر داوای لێبوردن دەکەم ئەی گەورەی ئێمە، گەر تۆ لێم خۆشنەبێت، من ناتوانم لە خۆم خۆشبم. تکایە، بمبورە!

خۆشم نەمدەزانی ئەو هەموو داوای لێبوردنە لە پای چی دەکەمو هەڵەکەم چییە، بەڵام وەک کۆمەڵێک قسەی نوسراو لە پێشم؛ قسەکانم دووبارەو چەندبارەدەکردەوە، ئەوناسیش بەوپەڕی لووتبەرزییەوە دەستەکانی لە پشتیەوە لە ناو یەک دانابوو و گوێی بۆ گرتبووم، هەستمدەکرد زۆری پێ خۆشە کە بەو شێوەیە وەسفیدەکەمو بە هەموو توانامەوە داوای لێبوردنی لێ دەکەم، هەستێک لە ناخم ئەو داوای لێبوردنەی زۆر پێ ناخۆش بوو، هەستێکی تریش ئاڕاستەیدەکردم کە بکەومەسەر چۆکەکانم، ئەوجا ئەو قسانە دووبارە و چەندبارەبکەمەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەنگێکی تریش دەیوت: نا، نەکەیت شتی وا بکەیت، چونکە گەر وا بکەیت، هەموو کەشتییەکە دەزانن هەڵەیەکی گەورەت کردووە، بۆیە لە بەرانبەر ئەوناس وا داوای لێبوردن دەکەیتو کەوتوویتەسەر چۆک. سەرەتا وام دەزانی ئەو دەنگە دەیەوێت من بپارێزێت لە بەرانبەر خەڵکی کەشتییەکە، بەڵام دواتر کە شەو کە خانمی دووەم برابووە ژوورەکەی، لە بەردەرگای ئەوناس بیرم لەو ڕووداوە دەکردەوەو بۆم دەرکەوت کە ئەو دەنگەی ناخم لە بەرئەوەی نەکات ئەوناس پێی ناخۆش بێت کە من بوومەتە هۆکاری ئەوەی کە خەڵکی

کەشتییەکە بە گفتوگۆکەمان بزانن، قسەیەکی وا دەکات کە نەکەومەسەرچۆک. هەر چۆنێک بوو، قسە دووبارەکانم کۆتایی پێ هێنا، ئەوناسیش بە ساردییەوە وتی: باشە، بەڵام جاری میوەو شت نییە تا سبەی نیوەڕۆ. من بەبێ ئەوەی بزانم نیوەڕۆ چییە، وتم: بە سەر چاو، بە سەر چاو سەروەرم، بە سەر چاو! هەموو شتێک بە پێی فەرمانەکانی تۆ دەڕوات. تکایە، لێمان خۆشبەو لە تووڕەیی تومول بمانپارێزە. لەگەڵ ئەو قسانە لێی دووردەکەوتمەوەو دەڕۆیشتمەوە لای میوەکان، دەمبینی کە خەڵکەکە بێتاقەتترو بێتاقەتتردەبوون. خانمەکەی دوێنێ شەویش زەردەخەنەکەی سەیرترو گەورەتردەبوو، ئەوەش وای دەکرد خانمەکان هێندەی تر تامەزرۆو بەپەرۆش بن کە شەودابێتو بتوانن بچنەژوورەوە. ئەو ڕۆژە هەموو خەڵکی کەشتییەکە بە برسیەتی بەڕێیانکرد، منیش لە لای ئێوارە خەریکدەبوو برسیم بێت، دەمزانی کە شەو منو سەربازو بینەر دەچینە ژوورەکەی ئەوناسو دووبارە گۆشت دەخۆینەوەو بۆنێکی خۆش دەکەینەوە. هەروەک پێشبینیمکردبوو، ڕێک هەمان شتی دوێنێ دووبارەبووەوە، تەنها ئەم جارە من دەستم نەسوتاو فێرببووم چۆن شیشە گۆشتەکان بگرم، لە بینەرەوە گوێم لێ بوو کە ئەو ڕووناکییەی سەر پارچە ڕەقەکە کە وا دەکات گۆشتەکان دوکەڵیان لێ بەرزببێتەوەو بۆنیان خۆشبێت، ناوی ئاگرە. بینەر لە منو سەرباز زیاتر قسەی لەگەڵ ئەوناسدا دەکرد، وام هەستدەکرد ئەوان زۆر هاوڕێی یەکتر بنو زۆر لەیەکەوە نزیک بن. وا دەردەکەوت کە بینەر هەموو شتێک بزانێت لە سەر کەشتییەکەو خواردنەکانو خانمەکانیش، بەس نا، دیارە ئەوناس

خۆی هەموو شتێک سەرەتا بە بینەر دەڵێت، دوایی بە ئێمەی دەڵێت، یان لەوانەیە بینەر ناخی ئەوناسیش بخوێنێتەوەو گوێی لە ناخیشی بێت. ترسێکی گەورە لە دڵم دروستبوو کە وا بیرمکردەوە، ئاخر ئەوناس خۆ وەک ئێمە نییە، نا، بینەریش ناتوانێت ناخی ئەو ببینێت. ئەو نهێنیی هەموو کەشتییەکەو دوورگەکەشی لە لایە، کێ ناڵێت دوورگەکەشی بینیوە، ئەوە نییە هەموو کات ئەوها بە وردی باسیدەکات بۆ ئێمە. ئەوناس زۆر لە بینەر زیرەکترە، زۆر شتی زیاتری بینیوەو دەیزانێت کە کەسمان نایزانین. دڵنیام ئەو جۆرێک لە بەرگریی هەیە لە ناخی، کە ناهێڵێت بینەر بیبینێت. من لەو قسانەو لەو بیرکردنەوانەدا بووم کە بینەر بە چاوێکی زۆر سەیردەوە سەیریکردم، خێرا هەموو بیرکردنەوەکانم پساند، بۆئەوەی ناخم دیار نەبێت لە لای ئەو، با کەس نەزانێت من بەراوردی بینەرو ئەوناسم کردووە لە ناخی خۆم. گەر بزانن، لەوانەیە سزا بدرێم، چۆن ئەوناس لەگەڵ کەسێکی ئاسایی وەک بینەر بەراورددەکەم. نا، نا، هەرگیز شتی وا ناکەم. وەک دوێنێ شەو، هەرسێکمان ڕۆیشتینەدەرەوە، بەڵام ئەم جارە نەوەستاین لە بەردەرگاکە، بەڵکو هەرسێکمان خەوتین. بەیانیش وەک دوێنێ، هەموو بەخەبەر بووین، جگە لە ئەوناس. وەک دوێنێ ئەویش درەنگکەوت‌و دواتریش لەگەڵ خانمەکەدا هاتەدەرەوە. هەموو شتەکان وەک دووبارەی دوێنێ وا بوون، خانمەکەی شەو لە لای ئەوناس بوو، خەندەیەکی سەیر لە سەر لێوی هەبوو، هەر ئەو خەندەکەی کرد، خەندەی لێوی خانمی یەکەم نەما. ئەویش برسی دیار بوو؛ نیوەڕۆ، ها، نیوەڕۆ. ئەوناس وتی کە نیوەڕۆ میوەیان پێ بدەم، بەبێ ئەوەی خۆیشم

بزانم بۆو چۆن، دەمزانی نیوەڕۆ واتە خۆرەکە لە ناوەڕاستی ئاسمان بێت، وەک ئەوەی ئەوە نیوەی ڕۆژەکە بێتو ئیتر خۆرەکە بەرەو لای چیاکانی لە دوورەوە دیار بوونو هەرگیز نزیکنەدەبوونەوە بڕواتو بەجێمانبهێڵێتو تاریک بێت. کە وتم ئامادەبن بۆ میوەکان، هەموویان بە تامەزرۆییەکی زۆرەوە هەستانەوەسەرپێو هاتن بەرەو شوێنی دابەشکردنی میوەکان، هیچ کەس گلەییندەکرد، هیچ کەس هیچ قسەیەکی نەکرد کە بۆچی دوێنێ هیچ میوەیەک نەبووە. هەموویان بە تامەزرۆییەوە میوە بۆنناخۆشەکانیان وەردەگرتو دەیانخوارد. هەندێکیان لە کاتی هەستانیان بەردەبوونەوەو دەچوومە لایان، دەمزانی ئێستا خۆیان هەڵدەستنەوە، دەمزانی ئەو حاڵەتە مەترسیدار نییە، چونکە زۆر جار دووبارەدەبووەوەو هیچ کات هیچیان هیچ شتێکیان لێ نەدەهات. هەموویان میوەی خۆیان وەرگرتو سەیری باری میوەکانم دەکرد، زۆر کەمببووەوە. لە ناخی خۆم دەموت: لەوانەیە بەشی ۳ ڕۆژی تر بکات، یان ڕۆژێک زیاتر یان کەمتر. بینەر لە پشتمەوە پەیدابوو و وتی: دکتۆر، میوەکانت بەشی ۳ ڕۆژی تریان لێ ماوەتەوە، ئەو خەڵکە برسیدەبن، دەزانیت!

دڵم دەیویست لە سنگم بێتەدەرەوە، بە ئاسانی گوێم لە تەپەتەپی دڵم بوو کە لە قەفەزەی سنگمی دەداو دەیویست ڕابکات لە قەفەزەکەی، تەواو لەوە دڵنیا بووم بینەر دەتوانێت هەموو قسەکانی ناخمو بیرکردنەوەکانم ببیستێتو بیانبینێت. هیچم پێ نەدەوترا، جگە لەوەی کە وتم: بەڵێ، بەڵێ، بینەر ڕێک وایە، ڕێک


سەی تۆیە، بەڵام دڵنیام "ئەو" بەزەیی هەیە بۆمان و ناهێڵێت ئەو خەڵکە بە برسیەتی بمێننەوە.
شتەکان بە ئاسانی دەڕۆیشتن، خەڵکەکە هیچ گلەییەکیان نەبوو، هەموویان میوەکانیان بە چێژو تامەزرۆییەکی زۆرەوە دەخواردو خانمەکان بۆ ڕیزی خۆیان و ئەوانی تریش بۆ سوچی کەشتییەکە دەگەڕانەوە. خانمی دووەم زەردەخەنەدەکات و بە ڕوونی دەبینم گڕ لە چاوی خانمەکانی ڕیزەکە بەردەدات. ئێستا هەموویان دڵنیان کە شەوانە لە ژوورەکەی ئەوناس شتێک ڕوودەدات کە خانمەکان پیرۆزدەکات، یان شتێک ڕوودەدات کە دڵیانخۆشبێت، شتێک ڕوودەدات کە بە دڵی ئەوان دەبێت، ئەگینا بۆ ئەوە دوو ڕۆژە خانمەکانی لە ژوورەوە ماونەتەوە ئەو زەردەخەنە دەکەن، تا ئەو کاتەی دوای ماوەیەکی زۆر برسیەتی زۆریان بۆ دەهێنێت.
چەند ڕۆژێک بەو شێوەیە تێپەڕی، ڕێک ئێستا نۆرەی خانمی شەشەم بوو بچێتە ژووری ئەوناس. هەموو ڕۆژەکان دووبارە بوون، میوەکانم بەشی یەک ڕۆژی تریان لێ مابووەوە، چونکە من هەموو ڕۆژ میوەم پێ نەدەدان، دوو ڕۆژ یەک جار میوەم پێ دەدان و ئەوانیش دادەهات، برسیترو برسیتردەبوون. تەنها بەشی یەکجاری تریش میوەم پێ مابوو. خانمەکانی دەچوونەژوورەوە، هەموو کات بە هەمان زەردەخەنەو بە تێری دەهاتنەدەرەوە. دەمزانی لە ژوورەوە گۆشتیان پێ دەدرێت، بۆیە ئەوان لە ڕۆژی دواتر برسییان نەبوو، خانمی چوارەم کە میوەم پێیدا، نەیخوارد، بەڵکو بۆ ڕۆژی دواتر کە هیچ میوەیەک نەبوو بۆ ئەوانی تر، میوەکەی خۆی هەڵگرتبوو و ئەو ڕۆژەی

میوە نەبوو، ئەو میوەی خۆی خوارد. ئەو شەوەی خانمی شەشەم کە ئەو خانمە هەناسەتەنگە بوو، ڕۆژی پێش ڕیزبوونەکە کەوتەسەر ئەرزەکە، نۆرەی چوونەژوورەوەی بوو، شەوێکی نائاسایی بوو. لەوانەیە تەنها بۆ من وا بووبێت، چونکە من دەنگێک پێی دەوتم کە ئەم خانمە هەرگیز ناتوانێت بە ئاسانی بچێتەژووری ئەوناس‌و وەک ئەوانی تر زەردەخەنەیەکی سەیربکات‌و بێتەدەرەوە. کە دونیا تاریکبوو، خانمی حەوتەم پەلەی لە شەشەم دەکرد کە بڕواتە ژووری ئەوناسەوە. تا وای لێ هات ئەوناس خۆی دەرگای کردەوەو فەرمووی لە خانمی شەشەم کرد کە بچێتە ژوورەکەیەوە. لە لام زۆر سەیر بوو کە ئەوناس بە زەردەخەنەیەکی هاوشێوەی زەردەخەنەی هەر پێنج خانمەکەی پێشوو بە خانمی شەشەمی وت: ئازیزم، وەرەژوورەوە، ئێرە هەر خۆی جۆرێکە لە جۆرەکانی دوورگەی خەونەکان، هەر خۆی بۆنی خۆشبەختییەکانی دوورگەکەی لێ دێت. من لە چاوی خانمەکەدا نادڵنیایی‌و ترسم بەدیدەکرد، لە چاوی ئەوناسیشدا نەمدەتوانی هیچ هەستێک بخوێنمەوە. خانمەکە دواجار ڕۆیشتە ژوورەکەی ئەوناسەوە. ئێمە لە دەرەوە بووین، هەرسێکمان تێربووین؛ من، سەرباز و بینەریش. دوای ئێستێک بۆنی خۆشی گۆشتە برژاوەکە بە سەرماندا دەستی بە هاتوچۆ کردو دەمزانی کە خانمەکە ئێستا دەبێت زۆر ئارامبووبێتەوەو ترسی نەمابێت لە ژوورەکەی ئەوناس، چونکە هەموو نیشانەیەک ئاماژە بوو بۆ ئەوەی کە ئەوناس لە شوێنێکی تایبەت خانمەکان دەخەوێنێت، کە پیشانی ئێمەی نەداوە، خواردنێکی خۆشیشیان پێ دەدات پێش خەوتن. ئیتر بۆیە

هەموویان ئاوا بە دڵخۆشی دێنەدەرەوەو هەموو ئەوانەی کە تا ئێستا نەچوونەتەژوورەوە، ئاوا بەجۆشوخرۆشن بۆ چوونەژوورەوەی ژووره ئەفسوناوییەکەی ئەوناس. ئەو شەوە بە پێچەوانەی شەوە تیژڕەوەکانی تر، زۆر خاو دەڕۆیشت. دەتوت: هەرگیز بەیانی دانایەت، هەرگیز ڕوناکی نابینینەوە. لە ناکاو بیرمهاتەوە کە بینەرم لە تەنیشتە، هێشتا نەچووە بخەوێت، خانمەکان‌و پیاوەکانیش وردە وردە دەڕۆیشتنە ژوورەکانی خۆیان، سەرباز چووبووەوە لای بازنەکەی خۆی، من و بینەر مابووین لە بەردەرگاکەی ئەوناس، بۆیە ئەو بیرکردنەوانەی سەرم ڕاگرت، ئاخر بینەر ئەوەندە لێم نزیک بوو، دڵنیا بووم هەموو بیرۆکەکانمی بیستووەو هەمووشی بە ئەوناس دەگەیەنێت. ئاخر دەزانیت ئەوناس چەند زیرەکە، چەند بلیمەتە! پێم وایە بە قەد سەد بینەر زیرەکە، لەوانەیە بە قەد دووسەد سەربازیش هێز لە قۆڵەکانی کۆبووبێتەوە. ڕاستە وا دەرناکەوێت، بەڵام دڵنیام وایە، چونکە گەر وا نەبێت، چۆن توانیویەتی کەسێکی زیرەکی وەک بینەر بخاتەژێر ڕکێفی خۆیەوە، گەر وا نەبێت، چۆن توانیی سەرباز کۆنترۆڵبکات. حەتمەن هەم زیرەکترە لە بینەر، هەمیش بەهێزترە لە سەرباز. ئیتر هەر وا دەبێت، "ئەو" بە تایبەت ئەوناسی دروستکردووە تا خۆی بە ئێمە بناسێنێت لە ڕێگەی ئەوەوە. ئاخر گەر لە سەربازیش بەهێزتر نەبوایە، چۆن توانیویەتی ڕووبەڕووی بانشی ببێتەوەو ئێمەی خەڵکی کەشتییەکە بپارێزێت. بێگومان تواناکانی ئەو باوەڕپێنەکراوو سەیرن. من لەو بیرکردنەوانەو لە بیرکردنەوەی ئەوەدا بووم کە بیرکردنەوەکانم بوەستێنم تا

بینەر گوێی لێیان نەبێت، قیژەیەکی زۆر گەورە لە لای ژوورەکەی ئەوناسەوە بەرزبووەوە. ڕێک هاوارمکرد: خەڵکینە، هەمووتان بڕۆنەوە ژوورەکانی خۆتان، بانشی هێرشی بۆ هێناوین. سەرباز، خێرا ڕابکەو وەرە بەردەرگای ئەوناس. بینەر، چی بکەین، چی بکەین؟ چۆن خۆمان ڕزگاربکەین؟ شەوەکە شەوێکی بێمانگی تاریک بوو، زۆر تاریکتر لە شەوەکانی پێشوو. قیژەکە جارێکو دوانو سیان دووبارەو سێبارەدەبووەوەو بەردەوامبوو. وا پێدەچوو ڕێک لە پشتی ئێمەوە بێتو لێمان نزیکبێتەوە. مێشکم وێنەی ژنێکی پیری ڕەشپۆشی گۆچانبەدەستی جادووگەری دەهاتەپێشچاو، کە چاوێکی بەقووڵداکەوتووی بریسکاوەو لووتێکی گەورەی هەبوو. هەندێک لە قژە سپییەکانی هاتبوونەدەرەوەو پشتی بە تەواوەتی چەمابووەوە، بەڵام لەگەڵ ئەو تەمەن و پیرییەی، لەگەڵ چەمانەوەی پشتیشی، ئەو زۆر بە خێرایی لە ئێمە نزیکدەبووەوە. دڵم زۆر بە خێرایی لێیدەدا، هەموو ئەو شتانە تەنها لە چەند چرکەیەکی زۆر کەمدا ڕوویاندەدا، هەموویان بەیەکەوە؛ هاوارەکانی من، قیژەکانی بانشی و ترس و خەیاڵکردنی شکڵو شێوەی بانشیو هەموو سەربازە دڕندەکانی تومول. هەموو شتێک لە ئێستێکو لە چاوتروکانێکدا دەهاتەپێشچاومو مەرگی خۆم دەبینی بە هۆی تەقینی گوێمو دەرپەڕینی مێشکم لە هەردوو کونی گوێمەوە بە هۆی قیژە بەهێزەکانی بانشییەوە. هەمووی لە چەند چرکەیەکدا بوو، هەمووی!

کە قیژەکە زۆر نزیکبووەوە، دەرگاکەی پشتمان؛ دەرگای ئەوناس کرایەوە! دەمزانی ئەوناس هەرگیز ئێمە بەجێناهێڵێت،



دەمزانی ئەو ئێمەو هەموو خەڵکی کەشتییەکە ڕزگاردەکات لە
بانشی، چونکە "ئەو" هەڵیبژاردووە، ئەو خۆی ناردوویەتی بۆ
ئێمەو توانای دووسەد سەربازو زیرەکیی سەد دانە بینەری پێ
داوە تا لە دوو کات‌و ساتی لەم شێوەیە ببێتە فریادڕەسمان.
ئاوڕمدایەوە، دەبینم خانمی شەشەم قیژەیەکی زۆر بەهێز
لێدەدات‌و بە چاوی گریان‌و هەناسەی تەنگەوە ڕادەکاتە
دەرەوەو خۆی لە باوەشی من دەهاوێت. هەناسەکانی زۆر
خێراو قووڵ بوون، لە ئیستێکی کورتدا قۆڵ‌و سنگی من تەڕ
دەبوو بە فرمێسکەکانی خانمی شەشەم. لە باوەشی مندا بوو کە
وتی: دکتۆر، دکتۆر، دەیەوێت وەک قاتلەبەرە ڕەشەکانی
شوقەکەم لێ بکات، تکایە، مەهێڵە وام لێ بکات. نامەوێت ئەوەم
بەسەربێتەوە دووبارە. دکتۆر، تکایە، بمپارێزە، مەهێڵە ئەو
زوڵمە گەورەیەم لێ بکات، من هیچم ناوێت، نە گۆشت‌و نە میوە،
تەنها مەمگەڕێننەوە بۆ شوقەی پشت گردەکە، تکایە، با نەچمەوە.
تکایە، با وەک لیزام لێ نەیەت، توخوا بمپارێزە. خانمی شەشەم

لەو قسانە بوو ئەوناس هاتەدەرەوە، بە دەنگە گەورەکەی
هاواری لە سەرباز کرد کە بێت‌و بە قژە درێژەکەی شەشەم
بیبات بۆ لای بازنەکەی خۆی. سەرباز زۆر بە خێرایی رایکردو
خانمەکەی لە باوەشی من دەرهێناو فڕێیدایە لای بازنە دارینە
جولاوەکە. ئەوناس هاواریکرد، فڕێیدەناو ئاوەکەوە، ئەمە
جاسوس‌و سەربازی بانشییە، فڕێیدەناو ئاوەکەوە. سەرباز
چاوەکانی زەقبوونەوە، وەک ئەوەی نەیەوێت ئەو فەرمانە
جێبەجێبکات، بەڵام ئەوناس هاواریدەکرد کە نەهێڵێت هیچ
قسەیەکی تر بکات، ئەگینا هەموو تومول دەهێنێتە سەرمان‌و
شوێنەکەمان ئاشکرادەکات. هەموو شتێک زۆر بە خێرایی
ڕوویدەدا، گوێم لێ بوو شەشەم هەر دەیوت: دکتۆر، دکتۆر!
هاواری منی دەکردو باسی کەسێکی تری دەکرد کە نایەوێت
وەک ئەوی لێ بێت. باسی ئەوەی دەکرد کە نایەوێت وەک لیزای
لێ بێت. دەگریا و دەپاڕایەوە، ئەوە بە ڕوونی دیار بوو جلەکانی
هەمووی دڕابوون. لە ئیستێکدا من چاوم دەتروکاند، خانمەکەم
دەبینی لە سەر شانی سەرباز، لە ئیستێکی ترو چاوتروکانێکی
تردا دەبمبینی خۆی ڕادەپسکێنێت‌و دەیەوێت ڕابکات، بەڵام بۆ
کوێ؟ بۆ کوێ ڕادەکات؟ سەرباز فڕێیدەداتەناو ئاوەکەوە،
ماوەیەک دەنگی پەلەقاژەی مەرگی خانمی شەشەم دێت‌و هەموو
خەلکەکە لەو چەند چرکە کەمەی ئەو ڕووداوە ڕوویدا،
هاتبوونەدەرەوەو دەیانبینی سەرباز خانمەکە دەخاتەناو
ئاوەکەوە، هەموویان بە خۆشحاڵییەکی سەیر، تێکەڵ بە ترس‌و
گومان‌و دوودڵی سەیری ڕووداوەکەیان دەکردو گوێیان بۆ
هاوارەکانی خانمی شەشەم دەگرت. دەنگی ئاوەکەو پەلەقاژەو

قیژەکانی‌و ناوی لیزاش کەمترو کەمتردەبوونەوە. هەموو شتێک لە کەمتر لە یەک خولەکدا ڕوویداو خانمەکەش بە چەند خولەکێکی کەم نە دەنگی خۆی، نە دەنگی پەلەقاژەکەیشی نەمان‌و نەهاتنەوە بە گوێی هیچ کامیکماندا. من وەستابووم، سەرمسوڕمابوو، ئەمەیە سەربازی تومول! واتە ئەمە یەکێک بوو لەوان! واتە ئەم خانمی شەشەمەی کە من بەر لە چەند ڕۆژێک هەستم بە هەناسەتەنگی‌و ئارەقەکانی کردبوو، یەکێک بوو لە دوژمنە سەرسەختەکانی ئێمە کە دەیویست ئێمە و ئەوناسیش لەناوببات! لە جێگەی خۆم نەمدەتوانی هیچ جولەیەک بکەم، کەس قسەینەدەکرد، دەنگی ئاوەکەش نەماو دەنگی قیژەکان کۆتایی پێ هات. ئەوناس دەرگاکەی لە دوای خۆی بە توندی دادەخات‌و بایەکی سەیری هێمنیش هەڵدەکات کە گریان‌و ئارەقەی خانمی شەشەم بە سنگ‌و جلەکانی منەوە سارددەکاتەوەو لەرزێکی ترس‌و سەرمابوون بە لەشمدا تێدەپەڕێت. بێدەنگییەکی تەواو، خانمەکان‌و پیاوەکانیش دەگەڕێنەوە ژوورەکانیان. هیچ شتێک بۆنینایەت، دەنگینایەت. بە ترسەوە ملم دەسوڕێنم، ئاوڕدەدەمەوە بیئەر ببینم، بزانم کاردانەوەی ئەو چۆنە. بە پێچەوانەی هەموو ئەوانەی سەر کەشتییەکە، ئەو ئارام‌و بەویقار دیار بوو. چاوەکانی وردببوونەوە لەو شوێنەی کە خانمەکەی لێ بەردرایەوەو کەوتەناو ئاوەکەوە. زۆر بە ئارامی سەیری ئەوێی دەکرد، هەستمدەکرد دەیەوێت بیرکردنەوەکانی تەختەی کەشتییەکە بخوێنێتەوە، کە هەستی چۆن بووە کاتێک ئەو خانمە لە سەر کەشتییەکەی ئەو بووە، کاتێک سەربازێکی تومول لە سەر

Double Tap to Edit

کەشتییەکەی ئەو بووەو تەختەیەکی ئاوهاش توانیویەتی بەرگەیبگریت. یان لەوانەیە بیر لە سەرباز بکاتەوە، چۆن توانیی کۆنترۆڵیبکاتو بەرزیبکاتەوەو بیخاتە ئاوەکەوە، بۆچی چاوەکانی وا زەقنو لە دیار بازنەکەی خۆی وەستاوەو هیچ قسەیەک ناکات! هەموو شتێک زۆر بێدەنگ بوو، بەلام بێدەنگییەکی ئارام نا. بێدەنگییەک کە هیوادەخوازیت بە قیژەی جاسوسەکەی بانشی، هیوادەخوازیت بە دەنگە گەورەکەی یەکەم ڕۆژی ئەوناس کە خەڵکەکەی خەبەردەکردەوە. بێدەنگییەکی ترسناکو پڕ لە گومانو دوودڵیو ناڕەحەتی. تا بەیانی، من هەر بە هەمان شێوەی کە لە بەردەرگای ئەوناس وەستابووم، وەستام، بینەریش هیچ جوڵەیەکی نەکردو سەربازیش لە لای بازنەکەی خۆیەوە وەستابوو و سەیری دواوەی نەکردەوە. هەر لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەم تیشکی خۆر، ئەوناس هاتەدەرەوە. پێچەوانەی هەر پێنج شەوی ڕابردوو کە خانمەکان لە ژوورەکەی بوونو درەنگ دەهاتەدەرەوە، ئەم بەیانییە پێش هەموان خەبەریببووەوەو پێش هەموانیش هاتەدەرەوە. دەرگاکەی کردەوەوەو یەکسەر دەستیکرد بە هاوار: سەرباز، برۆ هەموو خەڵکەکە بە شەق بهێنەدەرەوە، هەموویان بەبێ جیاوازی. هەر کەسێک تا ئێستا لە خەو ماوەتەوە، بانگیانبکەو بیانهێنەدەرەوە. هەر ئێستا هەموویانم بۆ بهێنە ئێرەو هەموویان ڕیزبکە. سەرباز هەر بە پەلەو بەبێ بیرکردنەوە دەچوو بۆ لای دەرگای ژووری خەڵکەکە، بەلام هاوارەکانی ئەوناس ئەوەندە بێزارکەرو توند بوون، پێویستینەدەکرد سەرباز هیچ قسەیەک بکات، چونکە خەڵکەکە

خۆیان پۆل پۆل دەهاتنەدەرەوە. هەمووشیان لە سەر دەموچاویان بە ڕوونی ترس‌و دوودڵییەکی زۆر بەدیدەکرا. بەبێ ئەوەی کەس بزانێت بابەتی قسەکردنەکە چییە، ئەوناس بە تورەییەکی زۆرەوە دەینەڕاندو دەیوت: باشە! باشە! ئەوە باشە کە بەسەرمانهات! ئێستاش ئێوە هەر خەریکی خەون! واتە دەبوایە بە چاوی خۆتان سەربازێکی ئەوان ببینن تا باوەڕبکەن! واتە دەبێت هەر بیانبینن‌و بێن‌و بمانکوژن، ئینجا باوەڕدەکەن! چیتان دەکرد گەر "ئەو" خۆی منی لە بوونی ئەو جاسوسە ئاگادارنەکردبایەوە! چیتان دەکرد! لەوانە بوو من‌و هەمووتان بکوژێت. ئەوە من لەلایەن "ئەو"ەوە دەپارێزرێم، ئێوەش وا دەزانن هەمووتان وان‌و ڕاستەوخۆ دەتانپارێزێت! دەزانن دوێنێ شەو یەک دەقە دواتر زانیبامایە کە شەشەم لە تومولەوە هاتووە، هەموو کەشتییەکەی بەسەریەکدادەداو هەموومان لە جێی ئەو دەکەوتینە ناو ئاوەکەوە! ئێوە دەزانن ئێمە لە چ مەترسییەکی گەورەداین! گەر زوو نەگەین بە دوورگەکە، خواردنەکانمان تەواودەبێت. گەر زوو نەگەین بە دوورگەکە، بێگومان ئێستا بانشی و هەموو تومول جێگەی ئێمە دەزانن، دەماندۆزنەوەو هەموومان دەسوتێنن، مێشکی هەمووتان پارچەکانی لە گوێیەکانتانەوە دێتەدەرەوە. ئەو قیژەیەی دوێنێ شەو وەک قسەکردنی ئاسایی بانشی وایە نەک قیژەی، جا تێبگەن!

لە کاتی قسەکردن هەموو دەموچاوی سووربببووەوە، چاوەکانی خوێنیان تێزابوو. پێدەچوو ئەمشەو بە هیچ شێوەیەک ئەو چاوانە نەخەوتبن‌و بیریان لە ڕووداوەکەی ئەمشەو کردبێتەوە. من نازانم بۆچی "ئەو" زووتر ئاگادارینەکردبووەوە کە

بمانزانیایەو ئەو ڕوودا‌وە ڕووینەدابایە، یان شوێنەکەمان ئاشکرانەبوایە. دەمبینی ئەوناس بەردەوامە لە نەڕاندن‌و خەلکەکەش زیاترو زیاتر ترس لە دەموچاویان دەنیشێت. بینەریش هیچ ئارامیی خۆی تێکنەداوەو وەک ئەوەی گوێیگرتبێت بۆ قەسیدەیەکی شیعری ڕۆمانسی، گوێ بۆ قسەکانی ئەوناس دەگرێت. ناخم دەپرسێت، قەسیدەیەکی شیعری ڕۆمانسی چییە! خۆی وەلامی خۆی دەداتەوە، بەلام لە وەلامەکەی تێناگەم، گوێم لێی نابێت، بەلام ئەوەندە دەزانم، ئێستا دەزانم قەسیدەیەکی شیعری ڕۆمانسی واتە چی. نازانم، هەستدەکەم قەسیدەکە وەک وشەیەکی جیاواز دێتە مێشکم لە شیعرەکە، هەردووکیشیان وشەی ڕۆمانسییان پێوە بەستراوەتەوە. هەر چۆنێک بێت، لە دوای قسەکانی خۆی، ئەوناس دەستی بۆ سەرباز ڕاکێشاو وتی:

چی دەبوو ئێوە هەمووتان وەک سەرباز ئازاو بەجەرگ بووبان!

چی دەبوو بەبێ ئەوەی من هەموو شتێکتان پێ بلێم خۆتان، بەلێ، بەلێ، هەر خۆتان، بە تایبەتی ئێوە پیاوینە، چی دەبوو وەک سەرباز لێهاتوو بوانایەو نەک هەر خانمی شەشەم، هەر کەسێکی تر گومانتان لە پاکیی هەبوایە، فڕێتاندابایەناو ئاوەکەوە، تا جێگەکەمان بە نهێنی بمێنێتەوەو کەس زەفەرمان پێ نەبات.

چی دەبوو گەر ئێوە هەمووتان بەو شێوەیە بوان! ؟

من سەرنجمدەدا، کە ئەوناس لە کاتی قسەکانی، لە کاتی ئەو وتارە توڕەییەی‌و لە کاتی ئەو تفدەرپەڕین‌و هەلچوونە زۆرەیشیدا، ناوە ناوە زەردەخەنەیەکی سەیر دەیگرت، بەلام هەرگیز لەوە تێنەدەگەیشتم کە سەیری چی دەکات، چی دەبیستێت‌و هەست بە چی دەکات کە ئەو زەردەخەنەیە

دەیگریت، دوای قسەکردنیکی زۆرو وەسفکردنیکی زۆری سەرباز، هەموان دەمیان بەشببووەوەو بە دەمی کراوەوە گوێیان بۆ قسەکانی ئەوناس گرتبوو و سەیری بالای سەربازیشیان دەکرد. کەس باسی من یان بینەری نەدەکرد، ئەسلەن هیچ کەسیک جگە لە ئەوناس، هیچ قسەیەکی نەبوو بۆ وتن. هەر بە جددی، ئەوە بۆ هیچ کام لەوانەی لەگەلمانن، هیچ قسەیەک ناکەن! خۆ هەموومان، ئیمە بەیەکەوە بووین لەو ژوورە، هەمووشمان وەک یەک ملمان ڕەقبیوو. تەنها بە سوتفەیەکی سەیر ئەو سێ کەسەمان کە ئیستا ناومان دکتۆرو سەربازو بینەرە، زووتر لەوانی تر هەستابووینەوەسەرپێ.
بۆچی ئەوانی تر کەس هیچ قسەیەک ناکات، کەس سەیرمابناکات، کەس پرسیارناکاتو کەس گلەیی لە کەمیی میوەکانو برسیەتیی خۆی ناکات. کە من بیرم لەوانە دەکردەوە، بینەر سەیریکی کردمو ترسیکی زۆری خستەدلمەوە، ئاخر من خەریکبوو گومانم دەخستەسەر کەشتییەکە، سەر ئەوناس، نا، لەوانەیە تەنانەت خودی ئەویش خەریکبوو دەبووە جیگەی گومان بۆم، بۆیە بینەر بە چاوێکی بادەمییەوە سەیریکردمو ترسی خستەدلمەوە، زانیم کە نابیت بەردەوامبم لەو قسەو پرسیارانەی کە لە ناخمی دەکەم، ئەگینا بینەر پێی دەزانیتو منیش وەک خانمی شەشەم دەکەومەناو ئاوەکەوەو دەنگم وردە وردە کزترو کزتردەبیتو نامێنیت.
کەلکەلەی ئەو بیرۆکانە دەربارەی کەشتییەکەو تاکبەتاکی ئەو کەسە سەیروسەمەرانەی لە سەری دابوون، بە تەواوەتی میشکی داگیردەکردم، وەک کرمیک، کە داریک دەڕزێنیت.

ئەوەش جێگەی پرسیارە بۆم کە کرمو ڕزینی دار چۆن دەزانم
پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە! هەموو دونیاو هەموو شتێکم لە ...
بووە بە پرسیار، بەلام هەستدەکەم ڕێک لێرەوە هەرچییەک کە
ناخم دەیلێتو دەیهێنێتەسەر زمانم، دەبێت باوەڕی پێ بکەم.
ئێتر کە ئەو دەلێت: کرمو ڕزینی دار، دیارە شتێکی لەو شێوەیە
هەیەو من بە جۆرێک لە جۆرەکان لەبیرمچووەتەوە. نازانم، بۆ
لەبیرمچووەتەوە! کرم چییە ئاخر! داری چیو ڕزینی چی! نا، نا،
ئێتر ئەو پرسیارانە ناکەمەوە، مادام لە ناخمدا دەنگێک هەیە
دەلێت: ئەو شتە وایە، تەواو، وایە. نازانم چی بکەم، نازانم
پێویستە چ قسەیەک لەگەل کێدا بکەمو بۆ کوێی ئەم کەشتییە
بچم. هەموو شەوێک وەک جەهەننەم وایە بۆم، نە
خەوملێدەکەوێت، نە دەبێت بخەوم. لە بەردەرگای ئەم کابرا
نەناسیاوە دەوەستمو پاسەوانی دەرگاکەیم. ئێ بە حساب من
دکتۆرم، دیسان مێشکم دەپرسێت: جەهەننەم واتە چی؟
وەلامینادەمەوەو خۆم گێلدەکەم، چونکە بڕیار وایە هیچ
پرسیارێک دەربارەی ئەو وشانە نەکەم کە ناخم پێمی دەلێت،
تەواو. هەندێک جار لە کاتی پاسەوانیی دەرگاکەی ئەوناسدا،
دەمەوێت خۆم فڕێبدەمەناو ئاوەکەو کۆتایی بە خۆم بهێنم. هەر
نازانم لە کوێوە ئەو بیرۆکەیەم بۆ هاتووە کە گەر وا بکەم،
کۆتاییمدێت، کێ دەلێت: گەر وا بکەم، ناکەومەناو کەشتییەکی
ناخۆشتر لەوەی ئێستا هەیە. لەوانەیە من پێش ئەم کەشتییە لە
شوێنێکی باشتر بووبم لێرە، بەلام دیارە بڕیارێکی هەلەم داوە،
کە وای کردووە من لێرە کۆتاییم پێ بێت. چەندین ڕۆژە لێرەم،
ڕۆلی دکتۆرێکم پێ دراوەو لە هەمان کاتدا پاسەوانم. کەسێک

بووه به سەروەرمو بووه به گەورەم، نازانم کێیە، نازانم قسەکانی ڕاستن یان نا. هەرگیزیش به ڕاستی دانەنیشتووم بیر له قسەکانی بکەمەوەو هەڵیانسەنگێنم، نەکا بینەر بیرۆکەکانم بخوێنێتەوەو هەموو شتێک ئاشکرابێت. خۆشم نازانم گەر وا بێت، چی ڕوودەدات! هەر به ڕاستی من بۆ دەترسم! واته گەر من ببمه تاکه کەسێک که وەک ئەوانی تر بیرناکاتەوەو دەیەوێت له سەر ئەم کەشتییە نەفرەتییە نەمێنێت، گەر نەزانێت بۆ لێرەیەو بۆ کوێش دەچێت! ئاخر ئەو دوورگەیە چییە ئەم کابرایە بۆمان باسدەکات! نازانم، هەر به ڕاستی شتێکی وا له گۆڕێیە! هەر به ڕاستی دوورگەیەک هەیەو ئێمەش کەشتییەکەمان بۆ دوورگەکە دەڕوات! هەموو ئەوانە کرمن، کرم! سەرم دەخۆن. ئاخر کەس پرسی به من کردووه منی خستووەتەسەر ئەم کەشتییە! لەگەڵ ئەو پرسیارەدا ژانەسەرێک ڕێک له پشتی سەرمەوە دەستپێدەکاتو به خێرایی لێدانی بروسکەیەکی ڕۆژێکی زریان دەگاتە ناوچەوانمو هەموو ناوەڕاستی سەرم دادەگرێتو پشتی چاوەکانم دەتەنێت. ڕێک ئەو ژانەسەرە وەک پەنجەیەکی پانی زوور وایە که دەیەوێت هەردوو چاوەکانم له پشتەوە دەربهێنێت. جا دوو پەنجەشی خستووەتە کەلێنی چاوەکانمو دەیەوێت به دوو پەنجە هەردوو چاوم دەربهێنێت. ئەوە چییە ئەو ژانە ناخۆشە له کاتی ئەو بیرکردنەوانە توشم بووە خوایە گیان...

نا، ناپرسم، ناپرسم، ئاخر ناخم بێدەنگنابێت! دەپرسێت خوایە گیان واتای چی دکتۆر! خوایە گیان کێیە! ئەو قسەیە چییە دەیکەیت!

ئەو قسانە پشتگوێدەخەمو بەردەوامدەبم لە بیرکردنەوەکانم لە شەوەدادێتو خانمی حەوتەم دەڕواتەژوورەوە. منیش لە بەردەرگاکە دادەنیشمو هەردوو ئەژنۆم بە دەستەکانم دەگرم، دەزانیت دەستم ڕێک لە کوێم داناوە، ڕێک لە سەر ڕەقترین بەشی خوار ئەژنۆم. ئەمە چ ئازارێکە ئەو هەموو بیرکردنەوەیەم ئەمشەو بۆ هاتووە! بۆچی هیچ کەس پرسی پێ نەکردووم پێش ئەوەی بێمەسەر ئەم کەشتییە! بۆچی من لەو ژوورە خەبەرمبووەوە! بۆچی دەبێت بە گوێی ئەوناس بکەم! بۆچی لێرەم! ئایا ئەوە ڕاست بوو خانمی شەشەم خرایەناو ئەو ئاوە گەورەیەوە! ئایا بە ڕاستی کەسێک هەیە ناوی بانشییەو لەو عەبا ڕەشە ترسناکە خۆی پێچاوەتەوەو هەر کاتێک بیەوێت، دەتوانێت هێرشبکاتەسەر کەشتییەکەی ئێمە کە هەموو بوونو نەبوونی ئێمەی لە سەر بەندە! بە ڕاستی ئاخر ئەو گەر ئێمەی ئەوەندە خۆشدەوێتو دوورگەیەکی ئەوەندە خۆشی بۆ ئامادەکردووین، بۆچی بانشی لە ناو نابات! بۆچی بانشی هەر ماوەتەوە، ئەسڵەن ئەو خەڵکەی تومول چیان لە ئێمە دەوێت! بۆچی دەیانەوێت بەو شێوەیە ئێمە لەناوبەرن! ئەی لیزە! لیزە چییە ئاخر! نازانم خانمی شەشەم باسی کەسێکی وای کرد، ئەو چیی لێ هاتووە کە شەشەم نەیدەویست وەک ئەوی لێ بێت. کێ هەموو پرسیارەکانی من وەڵامدەداتەوە ئاخر! کێیە وەڵامی پرسیارەکانی منی لە لایە!

بینەر بە دەنگێکی بەرز کە یەکەم جارم بوو بەو شێوەیە گوێم لە دەنگی بێت، وتی: دکتۆر، هەستەوەسەرپێ! تۆ بۆ پشوودان لێرەیت، یان چاودێریی دەرگای ئەوناس دەکەیت! چی دەبێت

گەر جاسوسێکی تری تومولستان بێتو پێویست بێت بەرگری لە کەشتییەکە بکەین! هەر ئێستا هەستەوەسەرپێو واز لەو دانیشتنە بهێنە دەی!

بینەر بۆچی وا تورەیەو وا سەیری ناوچاوم دەکات! ئەی بۆچی ئەو پرسیارە سەیرانەم لێ دەکات، خۆ ئەو دەتوانێت بیرکردنەوەکانی منیش ببینێت، ئیتر چ پێویستدەکات ئەو پرسیارە سەیرانەم لێ بکات، نازانم بەو نامۆییەی خۆی دەیەوێت بە کوێ بگات. نازانم بۆ، بەلام لەگەل تێپەڕینی ژمارەی خانمەکان پاسەوانی ئێمەش بۆ دەرگاکەی ئەوناس دەگۆڕا. ئێمە هەرسێکمان سەرەتا لە بەردەرگا دەوەستاین، ئێستا ئەوەتا سەرباز لە لای بازنەکەی خۆیەتیو منیش دانیشتبووم، پێش ئەوەی بینەر هەلمستێنێتو خەیالەکانم بپچڕێنێت.

ئێستا دەزانی میوەمان تەنها بۆ یەک ڕۆژ ماوە، جا حساباتەکەی من هەلە بووە یان چی، بەلام ئەو میوانەی ماون، دلنیام بەشی یەک ڕۆژیش بە تەواوەتی ناکەن. گەر پێشتر هەر کەسێک دوو سێ میوەشی وەرگرتبێت، ئەمڕۆ تەنها دەتوانم یەک میوەیان پێ بدەمو هەموو شتێک کۆتاییدێت. من بە ڕوونی ئەوە دەبینم هەموو ئەوانەی لە ژوورەکە بە بێدەنگی شەوان دەخەونو بەیانیان هەلدەستن، چەند بێزارنو چەند لاوازبوون. تاکە کەسانی دلخۆش ئەوانەن کە شەوان دەچنە لای ئەوناسو گۆشت دەخۆن. نازانم بۆچی تەنها منو بینەرو سەرباز هەموو شەوێک ئەو مافەمان هەیە، تەنها یەک خانمیش بۆ یەک شەو گۆشتی بەبەردەکەوێتو هەموو پیاوانو خانمەکانی تریش دەبێت برسیبنو لاوازو لاوازتربن. ئەو ڕۆژە، کۆتا بەشی

میوەکانم بە سەر هەمواندا دابەشکرد. وەک هەموو جارەکانی پێشووش خانمی حەوتەم بە زەردەخەنەیەکی سەیرەوە هاتەوەناو خانمەکانی تر. کە میوەکەشم پێی دا، نەیخواردو بۆ بەیانی هەڵیدەگرت. لەوە دڵنیا بووم ئەمشەو ئەویش گۆشتی خواردووە، بۆیە ئاوا بە ئاسانی دەتوانێت میوەکان هەڵبگرێت. ئەوانی تر هەموویان هەر یەکسەر میوەی خۆیان دەخواردو کۆتاییانپێدەهێنا. لە لایەک ئەوەندە تینوو بوون، نەیاندەزانی چۆن تینوویەتییان بشکێنن لە ناو دەریایەک لە ئاوی نەخوراوە، کە هەر کەسێک دەیخواتەوە، زگی ژانێکی زۆر دەکاتو زۆریش سوێرە، زیاتر توونییاندەکات. لە لایەکی تریشەوە، خەمی ئەوەیانە ئەم تۆزە میوەیەی ئەمڕۆ پێم دان، نەتوانێت برسیەتیی دوو ڕۆژیان بشکێنێت.

دوو ڕۆژ تێپەڕی، هیچ خواردنێکم نەمابوو بیدەم بە هیچ کەسێک. خۆم هیچ برسیمنەدەبوو، هەموو شەوێک لەگەڵ دوانەکەی ترو ئەوناس تێر گۆشتمان دەخواردو شەوانەش یەکێک لە خانمەکان گۆشتی پێ دەدرا، بەڵام دەمبینی کە پیاوەکانو ئەو خانمانەی کە سەرەتا چووبوونەژوورەوەو ئەوانەیشی تا ئێستا نەچوون، چیان بەسەرهاتووەو چۆن هیچ کەسێکی قەڵەو لە ناو کەشتییەکە نەماوە. هەموویان پەراسووەکانیان دەردەکەوت. پیاوەکانو ئەو خانمانەی هەرگیز نەچووبوونە لای ئەوناس، حاڵەتێکی سەیریان توشببوو. ئەوان جیا لەوەی کە پەراسووەکانیانو ئێسکی دەموچاویان لە لاوازیو برسیەتیدا وردە وردە دەردەکەوت، سکیان بە پێچەوانەی بەشەکانی تری لاشەیان، ئەستووردەبوو، وەک

ئەوەی هەوای تێدابێت. نازانم بۆ ئەوە ڕوویدەدا، بەڵام نە من، نە بینەرو سەربازو نە ئەو خانمانەی چووبوونە ژوورەکەی ئەوناس، ئەو حاڵەتەیان بەسەرنەهات. لەگەڵ ئەوەی خانمی یەکەم هاوشێوەی هەموو ئەوانی تر برسی بوو و ئێسکی پەراسووەکانیو دەموچاوی دەرکەوتبوو، بەڵام سکی ئەوو هەموو ئەوانەی شەوێک لە لای ئەوناس مابوونەوە، ئەستوورنەبیوو، بۆیە دەمزانی پەیوەندییەک هەیە لە نێوان نەخواردنی خواردنەکانی ئەوناسو ئەو سکئەستووربوونەدا، یان میوەکان هۆکاری ئەستووربوونەکەن، یان ئەوەی کە ئەوانەی گۆشتیان نەخواردووە، وایان لێ دێت. ئەو ڕۆژە، هەموو شتێک زۆر ناخۆشو وشک بوو، هیچ میوەیەک نەمابوو لە سەر کەشتییەکە، هەموو ئەوانەی دەیانبینم، لە پێش چاوم برسی برسینو هیچیان توانای ئەوەیان نەماوە سەریان بەرزبکەنەوە، کاتێک سەیری ئێمە دەکەن. هیچ کام لەوانەش هیچ قسەیەک ناکەن، وەک ئەوەی بڕیار بێت تەنها سێ کەسو ئەوناس قسەبکەنو توانای قسەکردنیان مابێت. ئاخر بۆ هیچ کەس داوای هیچ شتێک ناکاتو هیچ گلەییەک لە سەر ئەم کەشتییە نییە، نازانم بۆ! بۆچی دەبێت هەموان بەو چیرۆکانەی ئەوناس ڕازیبین، دەبێت باوەڕیان پێ بکەین! بۆچی هەموومان وەک خزمەتکاری ئەو ڕەفتاردەکەینو باوەڕمان بە هەموو وشەکانی ئەو هەیە! باوەڕمان وایە ئەم برسیەتییە دەمانگەیەنێتە دوورگەیەکی زۆر خۆش، کە هەموو شتێکی پێویستی ئێمەی تێدایەو هەموو شتێکمان بۆ جێبەجێدەکرێت. لەو بیرکردنەوانە

بووم، بینەر وتی: دکتور! دیسان کەوتیتەوە خەیالات، ئەوناس هاتووە، قسەدەکات، گوێبگرە!

کە بینەر منی ئاگادارکردەوە، ئەوناس دەستی بە قسەکردن کردبوو، ستایش‌و مەدحێکی زۆری 'ئەو'ی کرد پێش ئەوەی دەست بە قسەکردنی بکات. جا هەموو ئەو خانمانەی چووبوونە ژوورەیەکەیەوە، بە تەنهاو جیا لە خانم‌و لە پیاوەکانی تر لە لایەک وەستابوون. هەر کاتێک ئەوناس سەیری ئەو گرووپەی کردبایە، هەموویان هەمان زەردەخەنەیان دەکردو ئەویش زەردەخەنەکەی وەڵامدەدانەوە. ئەوناس هاواریدەکرد و دەیوت: 'ئەو' ئەمشەو ئەو کاتەی من لە خزمەتی خانمی نۆیەمدا بووم، پەیامێکی زۆر گرنگی بۆ ناردووم. ئەم پەیامە کۆتایی بە نەهامەتییەکانتان دەهێنێت، ئەم پەیامە کۆتایی بەم برسیەتی‌و تینوویەتیتان دەهێنێت. ئەو بەڵێنی پێ داوین بە کاتێکی زۆر کەم بمانگەیەنێت بە دوورگەکە، خەڵکینە، گوێتان لێیە! بە دوورگەکەمان دەگەیەنێت. ئەمڕۆش، ئەمڕۆش کە ڕۆژی دوای خانمی نۆیەمە، هەمووتان بۆ هەمیشە بیرتان بمێنێت، بیرتان بێت کە ئەو شەوەی خانمی نۆیەم هاتە ژوورە پیرۆزەکەی ئەوناس، 'ئەو' پەیامی تێری‌و خۆشگوزەرانیی بۆ ناردین. هەمووتان ئەوەتان بیر بێت. کە ئەو ئەو قسەیەی دەکرد، هەموو خەڵکەکە ڕوویان دەسوڕاندو سەیری خانمی نۆیەمیان دەکرد، منیش ڕێک ئەو کاتەو وەک هەموو خەڵکەکەی تر سەرم سوڕاندو سەیری خانمی نۆیەمم دەکرد. خانمی نۆیەم جیاواز بوو لە هەر هەشت خانمەکەی پێش خۆی، ئەو بە جۆرێک لە جۆرەکان لەوە نەدەچوو لە هەمان جۆری ئێمەی سەرڕەشی چاوقاوەیی بۆر

بێت. ئەو پێستێکی سپیی مەیلەوپەمەیی هەبوو، کە لە سەر کولمەکانی ئەو ڕەنگە پەمەییە لە ڕۆژدا بریسکەیدەدایەوە. قژێکی سەیری هەبوو، سپی نەبوو بڵێم سپی بوو، بەڵام زەردیش نەبوو بەو مانا زەردەی کە لە خەیاڵی مندا هەیەو تێیکراوەو و چەسپاوە. قژی سپییەکی زەرد بوو. باڵای لە ناوەڕاستی خانمەکانی تر بوو، هەندێکیان زۆر کورت بوون، سێ چوار خانمی باڵابەرزیش هەبوون ڕێک بە قەد من دەبوون، خانمی نۆیەم وا نەبوو، باڵایەکی کورتی هەبوو، بەڵام بە قەد خانمە کورتەکان نا. پێچەوانەی ئەوانی تر، ئەو لاوازنەبووبوو. هێشتا جلەکانی بەری بە پڕی مابوونەوەو هیچ چرچولۆچییەک لە سەر دەموچاوی نەبوو. لە هەموو شتێک گرنگترو مایەی سەرنجتر ئەوە بوو ئەو دوو بەشە، ڕێک ئەو دوو چاوە!

چاوەکانی بۆچی ڕەنگیان وایە! نازانم بڵێم: ئەو ڕەنگانە سەوزن یان زەردن. لەوانەیە ڕەنگێک هەبێت کە ناخیشم نەیزانێت، ئەو ڕەنگە سەوزێکی زەردە. جا چاوەکانی خانمی نۆیەم سەوزێکی زەرد بوون. قژیشی وەک ئەوانی تر لە یەکتری نەئاڵابوو، بەڵکو ڕێکو ساف بە سەر پشتیدا هاتبووەخوارەوەو تا قووڵایی پشتی چووبوو. من نازانم، بەڵام کە سەیری ئەو خانمەم دەکرد، جۆرێکی تر لێیم دەڕوانی، کە جیاواز بوو لە هەموو ئەوانی تر. ئەو هەستە چییە کە دەمەوێت من ئەوناس بمو من ئەو کەسە بم کە ئەو خاتوونە ئەمشەو دێتە لامو بەیەکەوە گۆشت دەخۆین! ئەو هەستە چییە! نازانم، بەڵام دەمەوێت بەو شێوەیە بێت.

ئەوناس لە قسەکانی بەردەوامبوو، وتی: ئەمڕۆ، ئەمڕۆتان بیر بێت. ئەمڕۆ جەژنی نۆیەمی پێ دەڵێن. لێرەوە هەموو یاساکان

دەگۆڕێن‌و ئەمرۆ هەمووتان خواردنێکی زۆر تایبەت‌و خۆش
دەخۆن، کە بە تایبەت لەلایەن ئەوەوە ئامادەکراوە. ئەو قسانەی
دەکردو بەبێ ئەوەی بزانم کەی سەرباز ڕۆیشتووەتەژوورەوەو
شیشی گۆشت دەهێنێتەدەرەوە، دەمبینی دیمەنەکە بەرە بەرە
دەگۆڕێت‌و سەرباز شیشەگۆشت دەدات بە پیاوەکان، بە
خانمەکان‌و بەوانەشی پێشتر چوونە لای ئەوناس. ئەوناسیش
هاواردەکات‌و دەڵێت: بڵێن پیرۆزە ئەم جەژنە، بڵێن پیرۆزە
جەژنی نۆیینە!

دەبیستم، دەنگی خەڵکەکە دەبیستم، هەموویان بە یەک دەنگ
هاواردەکەن: پیرۆزە جەژنی نۆیینە، بژی نۆیینە، بژی ئەوناس‌و
بژی ئەو.

دەبینم خەڵکەکە زۆر دڵیان خۆشە، هەموویان بە دەم خەندەوە
خواردنەکان دەخۆن‌و لەوە دەچێت یەکەم جار بێت شتێکی وا
خۆش تامدەکەن. دوای ماوەیەکی زۆر لە خواردنی میوەی ڕزیو،
ئێستا هەموویان گۆشت دەخۆن‌و چێژی لێ وەردەگرن، بەڵام
کە من سەیری دڵخۆشیی خەڵکەکەم دەکردو پەشیمانی
بەرۆکیدەگرتم کە من بۆ وا بە خراپی بیرم لە ئەوناس
کردبووەوە، بیریشم لەوە دەکردەوە کە باشە ئەی خەڵکەکە
تینوویاننابێت!

بۆ جاری سێیەم بینەر هاواریدەکرد بە سەرمدا: دکتۆر! دە وەرە،
بۆ وەستاویت! ئەو ئاوە بەرە بۆ خەڵکەکە. ئاخم هەزاران
پرسیاری بە یەک جار دەئاخنییە مێژەڵانمەوە. ئاوی چی! ئاو لە
کوێوە هات! ئێمە کوا ئاوی خواردنەوەمان هەبوو ئاخر! ئەی
میوەکان نەبوونە ئاو بۆ هەموان! ئێستا میوە نەماوە، دەبێت

ئەو خەڵکە هەمووی لە بێناوی‌و لە تینوویەتیدا بخنکێن، ئەم ئاوە لە کوێوە هات! لەگەڵ ئەو پرسیارانەوە بە پرتاو ڕامکردە ژوورەکەی ئەوناس‌و دەبینم بە پێچەوانەی دوێنێ شەو کە جگە لە گۆشت‌و ئاگرەکە، هیچی ترم لە ژوورەکە نەدەبینی، چەند گۆمێکی گەورەی ئاو لە ژوورەکە پەیدابببوون‌و بە شتێکی بریسکەداری بازنە دەبوایە ئاوی ناو ئەو گۆمانە هەڵبگرم‌و بیبەم بۆ خەڵکەکە، تا لەگەڵ گۆشتەکەدا بیخۆن.

ئەو ڕۆژە دەمویست من لە جیاتیی خانمی شەشەم فڕێدرابوومایەناو ئاوەکەوەو کۆتاییم پێ هاتبایە، دەبوایە من بوومایە لە ناو ئاوەکە نەک خانمی شەشەم، چونکە دیارە من مێشکم هیچ پاک نییە، بیرکردنەوەکانم هەموویان پڕن لە گومان‌و پرسیار لە سەر ئەوناسی پیاوچاک، ئەوناسی پیرۆزو ئەوناسی بەبەزەیی. سەیربکە، چەندین شەوە دڵنیام هیچ خەو نەچووەتەچاوی‌و بەردەوام لەگەڵ یەکبەیەکی ئەو خانمانەدا خەریکی دوعاکردن‌و نزاو پاڕانەوە بووە بۆ خواردن‌و بۆ ئاو. منیش دوای یەک تۆز برسیەتی‌و بینینی یەک تۆز ناخۆشیی پاسەوانیی دەرگاکەی، دەستمکرد بە گومان لێی. ئاخر ئەوە کەی ڕەوایە! بە ڕاستی من کەسێکی دووڕوو و پیس‌و چەپەڵم، بە ڕاستی شایەنی شوێنی دکتۆری نیم، شایەنی ئەو گۆشتانە نیم کە هەموو شەوێک ئەوناس بە گەورەیی‌و بە باشی خۆی پێی داوم، تا من وەک ئەو خەڵکە برسی نەبم. ئاخر خۆ ئەو دەیتوانی بەبێ منیش خواردنەکەی بخوات‌و هیچ گۆشتێکیش بۆ من نەهێڵێتەوە، بەڵام لە پێناو چی! بەس لەبەر باشەی خۆی ئەو هەموو خواردنەی لەگەڵ من‌و ئەو خانمانەشدا بەشدەکرد،

کەچی دوای ئەو هەموو چاکەیە من بە گومان وەلاممدایەوە. لە خەیاڵدانی خۆم بە درۆزن ناومبرد، پرسیارم لە سەر دوورگەکە کردو دەمویست ئەو کەسە بەڕەحمە بخەمە ژێر پرسیارە بێعەقڵانەکانی خۆمەوە. بە ڕاستی بە داخەوەم بۆ خۆم، گەر دوێنێ پرسیارم هەبووە دەربارەی ئەو کەشتییە، گەر دوێنێ گلەییم هەبوو لە سەر ئەوەی کە کێ بەبێ پرسی من؛ منی خستووەتەسەر ئەم کەشتییە، دەبێت ئەمڕۆ من سوپاسگوزاری ئەو بم کە چاوی منی لێرە کردەوە. منی کرد بە کاربەدەستی کەسێکی ئەوەندە بەسۆزو پڕخۆشەویستی. کەسێکی تایبەتی وەک ئەوناس، دەبێت من سوپاسگوزار بم بۆ بوونی.



## بەشی دووەم

# ئیسلا

دوای جەژنی نوێبینە، ئەوناس بڕیاریدا ڕیزی خانمەکان کۆتایی پێ بهێنێتو هەموو شەوێک تەنها خانمی نوێیەم لە ژوورەکەی ئەو بمێنێتەوە، بەڵام ئەوەی سەیر بوو، ئەوە بوو کە هەموو ڕۆژەکانی دوای جەژنی نوێیەمو هەموو ئێوارەیەک لەگەڵ خواردنی منو بینەرو سەرباز، گۆشتی بە هەموو پیاوو خانمەکانی تر دەدا. پێدەچوو خۆی بۆ شتێکی گەورە ئامادەبکات.

سێ ڕۆژ بەو شێوازە تێپەڕیو خەڵکی سەر کەشتییەکە لە ناو خۆیان کەوتنەقسەو هەموویان بە یەک تۆنو بە یەک بیرکردنەوەو بە یەک زمان قسەیاندەکرد. هەموو قسەکانیشیان دەربارەی سۆزو بەزەیی ئەوناسو "ئەو" بوو. بەیانیان هەموویان زۆر زووتر لە جاران هەڵدەستانو دەستیان بە قسە دەکرد دەربارەی ئەوناسو ئازایەتییەکانیو سۆزی ئەو بەرانبەر بە هەموو خەڵکی کەشتییەکە. هەموویان باسی ئەوەیان دەکرد کە چۆن ئەوناس بانشیی بەزاندووەو ناردوویەتیەوە بۆ تومول، هەمووشیان لە کاتی باسکردنی تومولستان بە ترسێکی گەورەوە ناویاندەبردو بە ترسێکی گەورەتریشەوە باسی



بانشییان دەکرد. ڕۆژی یەکەم تەنها ناوهێنانی ئەو شوێنانە لە ناو قسەکانیان هەبوو، من هەمیشە لە سەر ژوورەکەی ئەوناسەوە سەیری خەلکەکەم دەکرد، کە لە خوار منەوە دادەنیشتنو بەیەکەوە دەستیاندەکرد بە قسەکانیان. وردە وردە گرووپە جیاوازەکەی حەوت خانمەکەی چووبوون بۆ ژوورەکەی ئەوناس، تیکەلی خانمەکانی تر دەبوونەوە، کە ئەوانیش بۆشاییەکی کەم مابوو لە نێوانیان لەگەل پیاوەکانداو بەردەوام باسی ئازایەتیو بەزەیی ئەوناس بوو لە ناویان. لە ڕۆژی دووەمدا قسەکان زۆر بە خێراییو بەبێ ئەوەی من سەرەتا هەستی پێ بکەم، گەورەترو سەیرتر دەهاتنەبەرگوێم، چونکە دەمبینی هەندێک لە خانمەکان باسی ئەوەیان دەکرد کە ئەوناس توانای دروستکردنو بەدیهێنانی خەلکی زیاتری هەیە لە ناو کەشتییەکە، بەلام بە هۆی تومولستانەوە نایەوێت ئەوە بکات. سەرنجی ئەوەم دابوو تەنها حەوت خانمەکەی ژوورەکەی ئەوناس ئەو بابەتەیان باسدەکردو هەر کاتێک یەکێکیان قسەیەکی کردبایە، هەر شەش خانمەکەی تر هاواریان لی بەرزدەبووەوە، کە ڕێک قسەکەی وایەو دروستو تەواوە.

لە لای پیاوەکانیش هەندێک لە پیاوەکان کە وردە وردە ئاوسانی سکیان کەمببووەوە، دەیانوت: ئەوان لە شەوی شەڕی بانشیو ئەوناسدا بەخەبەرهاتوونو بینیویانە کە ئەوناس خۆیو بە ڕەنگێکی بریسکەداری شینو مەیلەوترکوازییەوە جەنگاوە لەگەل بانشیدا. کە ئەو قسەیەیان دەکرد، هەموو پیاوەکان چاوەکانیان ئەبلەقدەبوو لە سەرسامیو گەورەیی ئەوناس ڕادەمان. منیش وەک هەر پیاوێک لە ناو دانیشتنەکەی ئەواندا چاوم ئەبلەقببوو

دەربارەی ئەو باسانەی کە لە سەر ئەوناس باسدەکران. ناخم قسەیەکی دەکردو خۆیشم لە لایەکی تر بووم. ناخی پیس و بۆگەن و ڕزیوی من گومانی لە سەر چیرۆکەکان دروستدەکرد. لە کاتێکدا من خۆم شایەتی بەزەیی و سۆزی ئەوناس بووم و خۆم بە دەستی خۆم گۆشتی ئەوناس و ئاوی ئەوناسم دابەشکردووە بە سەر خەڵکی برسیدا، بەڵام نا، هەرگیز بە قسەی ئەو ناخە قێزەونەم ناکەم و دڵنیام نەک ئەوناس هەر جەنگاوە لەگەڵ بانشیداو ڕمێکی ترکوازیی بریسکەداریشی هەیە، بەڵکو لەوانەیە ئەو شەوەی جەنگەکە، نیوەی سوپای تومولستانیشی لەناوبردبێت و بە پەلە بانشی لە جنگی ڕزگاربیووبێت، حەتمەن گەر بەو شێوەیە ڕاینەکردبایە، ئەویشی لەناودەبردو کۆتایی بە ترس و دڵەڕاوکێی کەشتییەکە دەهێنا.

ڕۆژی سێیەم ئەوناس لەگەڵ خانمی نۆیەمدا کە لەو چەند ڕۆژەی دواییدا هەموویان پێی دەڵێن خانمەکەی ئەوناس، هاتەدەرەوەو بە پێچەوانەی ڕۆژە یەکەمینەکانی سەر ئەم کەشتییە، ئەوناس بە دەنگێکی ئارامەوە داوای لە سەربازو بینەر کرد کە خەڵکەکە کۆبکەنەوە، چونکە کۆمەڵێک بابەتی زۆر گرنگ هەیە دەربارەی دوورگەکەو خۆی بۆمان باسبکات و هەموومان ئاگاداری بین!

ئەوناس زۆر بە ئارامییەوە دوای کۆبوونەوەی خەڵکەکە وتی: سەرەتا دەمەوێت بە ناوی 'ئەو'و هەموو هاوەڵەکانییەوە دەست بە قسەکانم بکەم، دەمەوێت سوپاسێکی گەورەی 'ئەو' بکەم لە هەمبەر بەهاناوەچوونی ئێمەی داماوو هەژاردا. 'ئەو' توانیی لە نەهامەتیی برسیەتی و تینوویەتی و سکنەستووربوونی ئێمە

بەهانامانەوەبێت؛ ئاوی بۆ ناردین، خواردنی گۆشتی بۆ ناردین، بەشی چەندین ڕۆژی تر، تا ئێمە بە سەلامەتی بگەین بە دوورگەکە. بە ڕاستی تەنها 'ئەو' لە حەزو ئارەزووەکانی ئێمە تێدەگاتو ئەو دەزانێت کە ئێمە چیمان پێویستەو چۆن بمانپارێزێت. ئێستا کە هەمووتان نازونیعمەتەکانی 'ئەو'تان بینیوە، پێویستە هەمووشتان زۆر بە جوانی گوێ بۆ داواکاریو فەرمانەکانی بگرن، پێویستە لە سەر خۆم پێش هەمووتان، دواتریش هەر تاکێکی ئێوە بە خانمو بە پیاوتانەوە گوێ بۆ فەرمانەکانی شلبکەنو هەموویان وەک خۆی جێبەجێبکەن. بێگومان دەزانم ئێستا بەشێکتان لە ناخی خۆتان وا بیردەکەنەوە کە هیچ ڕێگەیەک نییە بۆ ئەوەی ئێمە فەرمانەکانی 'ئەو' بزانینو جێبەجێیانبکەین، تا بتوانین قەرزی بەزەیی و سۆزی ئەو بدەینەوەو فەرمانەکانی جێبەجێبکەین، بەلام ئەی من بۆ لێرەم! ئەی نەتانپرسیوە بۆچی من لە هەمووتان جیاوازترم! بۆچی ئەو تەنها لەگەڵ مندا قسەدەکاتو تەنها خواردن و خواردنەوەکان بۆ من دەنێرێت تا بە سەر ئێوەی دابەشبکەم! بێگومان چونکە 'ئەو' بە تایبەت منی بۆ ئێوە هەڵبژاردووە، وەک کەناڵێکی پەیوەندیکردنی ئێوەو ئەو. دوێنێ شەو، دوای ڕووداوەکانی جەژنەکەمانو دابەشکردنی دیارییەکانی ئەو لە گۆشتو ئاو بە سەر هەمواندا، 'ئەو' کۆمەڵێک فەرمانی پێ کردووم کە دەبێت هەمووومان وەک یەک جێبەجێیانبکەین. هەر کەسێکیش لەو فەرمانانە دەربچێت، بێگومان داهاتووی وەک داهاتووی خانمی شەشەم دەبێت، کە هەمووتان بینیتان چیی بەسەرهات.

یەکەم فەرمان کە لەلایەن "ئەو"ەوە پێم کراوە، ئەوەیە کە بە هەمووتان بڵێم: بە پێی بەژن‌و باڵای خۆتان ڕیزبن، خانمەکان لە ڕیزێک‌و پیاوەکانیش لە ڕیزێک. بێگومان من پێشبینیی ئەوە دەکەم کە ژمارەی پیاوەکانتان زیاتر بن لە خانمەکان، چونکە وەک دەزانن، خانمی نوێیەم ئێستا بە پێی فەرمانی "ئەو" بووە بە خانمی من‌و قسەکانی ئەو وەک قسەی من وان. دەشزانن یەکێک لە ناو خانمەکان لە تومولستانەوە هاتبوو و شەوی هاتنەژوورەوەی بۆ لای من هەر "ئەو" ئاگاداریکردمەوە لە پیسییەکانی شەشەم‌و زانستی ئەوەی پێ دام کە بە یارمەتیی سەرباز لەناوییبەین. ئێستا هەمووتان، ئێوەش دکتۆر، سەرباز، بینەر، برۆن ڕیزبن لە ڕیزی پیاوەکان.

هەموومان بەیەکەوە بە پێی باڵامان لە دوو ڕیزی جیاواز وەستاین؛ خانمان لە لای ڕاست‌و ئێمەش لە لای چەپ. ئەوناس وتی: ئێستا ئەی پیاوینە، ئەی خانمینە، سەیری ڕیزەکەی تر بکەن‌و ئەو کەسەی دەکەوێتە بەرانبەر بە خۆتان‌و هەمان ژمارەی ئێوەی هەیە لە ڕیزەکە، دەستیبگرن. سەیری ڕیزی خانمەکانم دەکرد، خانمێکی باڵا زۆر کورتتر لە خۆم، قژێکی لول‌و ڕەش، بە دوو چاوی گەورەو قەوزەییەوە سەیری من دەکات‌و پێش ئەوەی دەستم درێژبکەم بۆ لای دەستی، ئەو دەستی بۆ لای من درێژدەکات. پێش ئەوەی دەستیبگرم، یەک دنیا خەیاڵ دەهاتن بە مێشکمدا، ئاخر لە لای من وا بوو هەموو ئەوانەی لێرەین، وەک یەک قژڕەش‌و چاوقاوەیین، جگە لەو خانمەی کە ناونراوە خانمی ئەوناس. ئەی چۆنە ئەم خانمەی دەستی بۆ لای من درێژکردووە، ئەو چاوە قەوزەییانەی هەیە!

دەستم درێژدەکرد بۆ لای ئەو، سەیری دەموچاویم دەکردو لێی وردەبوومەوە، لووتێکی زۆر سەیری هەبوو. لە بەشی سەرەوەی لووتی هیچ هەلتۆقینێک نەبوو، ڕێک وەک ئەوەی بە دەموچاویەوە نوسابێت، سەری لووتیشی قنجو بچووکو ڕوولەسەر بوو. پێستی لە پێستی خۆم دەچوو، وەک خانمی ئەوناس سپی نەبوو، بەلکو سێبەرێکی ئەسمەری تێدا بوو، بەبێ ئەوەی هەستبکەیت ڕەنگی پێستی توخەو لەگەل چاوە قەوزەییەکانی نایەت. نا، ئەوەندەش ئەسمەر نەبوو، بەلام ناشتوانم بلێم: سپی بوو. کە دەستیمگرت، ڕاستەوخۆ سەیری دواوەم دەکرد، هەموو پیاوەکان دەستی یەکێک لە خانمەکانیان گرتبوو، هەندێک لە خانمەکان وەک خانمە چاوقەوزەییەکەی من زەردەخەنەیەکی سەیر لە سەر لێویان دروستدەبوو و بە جۆرێک شانیان دەهێنایەوە لای ملیان، وەک ئەوەی بلێیت لە لایان شەرمە کە دەستی ئێمەیان گرتووە، بەلام ئەوەی لە دەموچاوی پیاوەکان دەمبینی، تەنها دلخۆشیو جۆشوخرۆشێکی سەیر بوو. دەمبینی هەندێک لە خانمەکانیش فرمێسک بە چاویاندا دەهاتەخوارەوە، دەلەرزینو پێنەدەچوو لەم یەکبوونە زۆر دلخۆش بن. سەیری ڕیزەکەم دەکرد، من وا بزانم دەیەم پیاو بووم لە ڕیزەکە، کە بالایەکی مامناوەندم هەبوو، سەربازیش لە پشتی پشتەوە بە بالا زۆر بەرزەکەیەوە وەستابوو و وەک ئەوە دەردەکەوت کە چاودێریی هەموومان بکات، کە هیچمان دەستی هیچ خانمێک نەگرین، جگە لەو خانمەی کە ڕێک کەوتووەتە بەرانبەری خۆمان. سەیرمدەکرد ئەو دوو پیاوەی پێشی پێشەوە، زۆر بە سەیریو بە چاوێکی ئەبلەقەوە

سەیری ڕیزەکە دەکەن‌و هیچ خانمیک لە تەنیشت ئەوانەوە نەوەستاوە، چاوەکانیان زۆر گەورەو سەیر دەردەکەوت، ناوی تیژابوو بەبێ ئەوەی بگرین، وا بزانم ئەمرۆ گەر بالات بەرز بوایە، ئەوە بەختێکی باشترت هەبوو لەوانەی کە بالایەکی نزمیان هەیە. ئەو دوو پیاوەی پێشەوە بۆیە هیچ خانمیک لە ڕیزەکەیان نەوەستابوو، چونکە بە پێی فەرمانەکەی ئەوناس، سەرەتا پیاوەکان وەستان‌و دواتر خانمەکان بە پێی بالایان لە پشتەوە ڕیزەکەیان بەست، واتا بەرزترین خانم لە لای سەربازەوە وەستاو ئەوانەیشی بالایان نزمتر بوو، لە دوای ئەو دەوەستان، تا دەگەیشتە خانمی ژمارە ١٠ لە ڕیزی چوونەژوورەوە بۆ لای ئەوناس لە شەوانی پێشووتر، کە ئەو خانمە بوو لە ئاستی من وەستابوو. دواتریش خانمی نۆیەم دەبوایە بوەستێت، بەڵام چونکە ئەو لە لای ئەوناس مابووەوە، خانمی هەشتەم دوای خانمی من وەستابوو، دواتر حەوتەم،



دواتر شەشەم چونکە خستراببووەناو ئاوەکەوە، ڕاستەوخۆ خانمی پێنجەم دەکەوتە بەرانبەر بە پیاوی حەوتەمەوە، کەواتە خانمی یەکەم کەوتبووە بەرانبەر بە پیاوی سێیەمەوە بە پێی بالا، بۆیە پیاوی یەکەم و دووەم هیچ خانمێک لە ڕیزی بەرانبەریان نەمابووەوە.

دوای ئەو دەستگرتنە کە هەستێکی زۆر نۆستالژیی بیری من دەخستەوە، بەڵێ، یەکسەر ناخم نۆستالژی شیدەکاتەوە لە مێشکم، کە چییەو بۆچی ئەو وشەیە هاتەسەر زمانم. هەستێکی سەیرم هەبوو. دەستی خانمەکە وەک دەستی خۆمو بینەرو سەرباز گەورەو سەیر نەبوو، بەڵکو زۆر بچووکو ناسک بوو. نینۆکیشی بە هەمان شێوە لە هی من درێژترو باریکتر بوون، تەنانەت کە پێستم بە نینۆکیشی دەکەوت، ناسکییەکی تایبەتی هەبوو، کە لە نینۆکی خۆم نەدەچوو. هەر چۆنێک بێت، بەبێ ئەوەی خۆم بزانم بۆ، یان ناخم هیچ وەڵامێکی بۆ هەستەکانم هەبێت، یان شییانبکاتەوە، هەستم بە خۆشییەکی سەیر دەکرد کە لە بەرانبەر بەو خانمە دانراوم. ئەوناس وتی: بە فەرمانی "ئەو" هەر کەسێکتان کە دەستی خانمێکی گرتووە، خێزانێک دروستدەکەن. بێگومان یەکسەر من دەمپرسی: خێزان چییەو ناخم وەڵامیدەدامەوەو شییدەکردەوە. ئەوناس بەردەوامبوو لە قسەکانی: خێزان، واتە وەک منو خانمی نوێیەم؛ ژنێک و پیاوێک بەیەکەوە. ئەمشەو "ئەو" دیارییەکی زۆر تایبەتی داوە بە هەموو ئەوانەی لە سەر ئەم کەشتییەن، ئەویش ئەوەیە گەر هەر خانمێکو پیاوێکی سەر ئەم کەشتییە خێزان دروستبکەن، دەتوانن کەسێکی بچووکی وەک خۆیان دروستبکەنو ناوی لێ

ناوه منداڵ. به پێی قسەکانی "ئەو" بێت، منداڵەکان لە ناو جەستەی خانمەکانتاندا دروستدەبن، دواتریش دێنەدەرەوەو وەک ئێوە گەورەدەبن‌و توانای منداڵبوونیان دەبێت. بەم شێوەیە هەموو ئەوانەی لە سەر ئەم کەشتییەن، لە دوورگەکە دەتوانن ببن بە نەتەوەو جۆرێکی جیاوازو زۆرببن. منداڵەکانتان کە گەورەبوون، خواردن بە ئێوە دەدەن‌و دەتانپارێزن‌و ماڵتان بۆ دروستدەکەن، بەڵام پێش ئەوەی ئەوە ڕووبدات، پێویستە ئێوە خانوو بۆ ئەوان دروستبکەن، خواردنیان پێ بدەن‌و ئاگاتان لێیان بێت.

فەرمانی دووەمی "ئەو" بۆ ئێمە ئەمشەو ئەوە بوو کە هیچ کام لە ئێوە مافی ئەوەتان نییە کە دەستی خانمی پیاوێکی تر بگرن، هیچ کام لە خانمەکانیش مافی ئەوەی نییە دەستی پیاوێکی تر جگە لە پیاوەکەی خۆی بگرێت. هەمووتان دەبێت ڕێز لەو بڕیارە بگرن‌و فەرمانەکانی "ئەو" جێبەجێبکەن، بەڵام دەبێت هەمووتان باش ئەوەتان لەبیر بێت، ئەو بڕیارە تەنها بۆ ئێوەیەو "ئەو"و هەڵبژێردراوەکەی دەتوانن دەستی پیاوەکان یان خانمەکان بگرن، تەنانەت ئەگەر لە ڕیزەکەش بەرانبەر بە یەکتری نەبوون.

لە کاتی وتنی ئەو فەرمانە، ئەوناس ئێستێک وەستاو سەیری دەموچاوی هەمووماني دەکرد. وەک ئەوەی چاوەڕێی پرسیار، یان کاردانەوە یان قسەیەکی ئێمە بێت لە ناو ڕیزەکان، بەڵام ئەوەندەی من دەمبینی، هەموومان بە هەمان شێوەی سەرسوڕمانێکی تێکەڵ بە جۆشوخرۆش‌و دڵخۆشییەوە سەیری ئەوناسمان دەکردو چاوەڕێبووین فەرمانی سێیەمیشمان بۆ بخوێنێتەوە. دوای وەستانەکە بەردەوامبوو و وتی: هەر

کەسێکیش لە فەرمانی "ئەو" دەربچێت، چارەنووسی هیچ جیاوازییەکی نابێت لەگەڵ چارەنووسی خانمی شەشەمدا.
دوای تەواوکردنی قسەکانی، یەکێک لە دوو پیاوەکەی پێشەوە کە هیچ خانمێکیان لە لا نەبوو لە ڕیزەکەو دەستی هیچ خانمێکیان نەگرتبوو، بۆ یەکەم جار و دوای چەندین ڕۆژ لە بێدەنگی قسەیکردو بە ترس‌و بە چاوی پڕفرمێسکەوە پرسیی: ئەی گەورەمان، ئەی خاوەنی کەشتییەکە، ئەی من! ئەی من لەگەڵ کێدا خێزان دروستبکەم‌و منداڵم هەبێت، ئەی دواتر لە دوورگەکە کێ خانوو بۆ من دروستبکات‌و خواردنم پێ بدات‌و بمپارێزێت! ئەوانی تر هەموویان منداڵیان هەیە، ئەو کارانەیان بۆ دەکەن، بەڵام ئەی من! من هیچ کەسێکم نییە. سەیری دواوەم کرد تا کاردانەوەی سەرباز ببینم بەرانبەر بەو پیاوەی کە بەبێ ئەوەی کەس داوای قسەکردنی لێ بکات، قسەیدەکردو دەیویست پرسیار لە ئەوناس بکات. لە ڕاستیدا هیچ کام لە من‌و بینەرو سەربازیش تا ئێستا هیچ پرسیارێکمان لە ئەوناس نەکردبوو، ئەوەی هەبوو، تەنها خەیاڵەکانی خۆم‌و گفتوگۆ وەرزکەرەکانم بوو لەگەڵ ناخی خۆمدا. بینیم سەرباز دەستی خانمی خۆی بەرداو بەرەو پێشەوە چەند هەنگاوێکی بە تووڕەییەوە نا، بەڵام چاوی بەرزکردەوە تا سەیری ئەوناس بکات‌و ئەویش بە هێمایەکی دەستی تێیگەیاند کە بچێتەوە جێگەی خۆی‌و دەستی خانمەکەی خۆی بگرێتەوە. ئەمرۆ ئەوناس بۆ یەک جاریش هاوارینەکردبوو، دەنگی بەرزنەکردبووەوەو تووڕەشنەبووبوو. لە وەڵامی پرسیارەکەی پیاوی یەکەمدا وتی: ئەی پیاوە بێنسەبرەکە، بێگومان من دەمزانی کە تۆو هاوڕێی دوای تۆش هیچ خانمێک

نامێنێت دەستیبگرن، بەڵام "ئەو" لە فەرمانەکەیدا فەرمانی پێ کردووم کە دوو کەس لە پیاوەکان تایبەتبکەم بە خۆمو بە خزمەتکردنی "ئەو". تۆ کەسێکی هەڵبژێردراوو تایبەتیت. کە بە هۆی تووە فەرمانەکانی "ئەو" دەگەن بەم خەڵکە. ئەم خەڵکە و منداڵەکانیشیان، فەرمانەکانی "ئەو" بە هۆی تۆ و هاوڕێکەتەوە دەزانن. بۆ ئەوەش من و سەرباز دواتر پرۆسەیەکی تایبەتتان بۆ دەکەین، کە وا دەکات ئێوە ببن بە پیاوی تایبەتی "ئەو". بەڵام ناتوانن لەگەڵ هیچ خانمێکدا بنو ناشتوانن منداڵتانببێت. ئایا ئێوە رازین؟

کە ئەوان دەیانبینی ئەوناس بەو هێمنیو لەسەرەخۆییەوە و بەو زەردەخەنە سەیروسەمەرەیەی لە سەر دەموچاوی بوو، لە کاتی ئەو قسانەدا ئەو بابەتەیان بۆ شیکدەکاتەوە، بەبێ ئەوەی بزانن پرۆسەی تایبەت واتە چی کە وا دەکات هیچ منداڵێکیان نەبێت/ لەبەرئەوەی کە دەیانزانی لە ئەوناس نزیکتردەبنەوەو گۆشتی زیاتریش دەخۆن، هەردووکیان ئەو قسانەی ئەوناسیان قبوڵکردو چاوپڕییەکەیان بوو بە زەردەخەنەیەکی گاڵتەئامێز، وەک ئەوەی کە سەیری ئێمە دەکەن، گاڵتەمان پێ بکەن لە بەرانبەر ئەوەی ئەوان لە ئەوناس نزیکتربوونەتەوەو دەتوانن هەم گۆشتی زیاتر بخۆنو هەم فەرمانەکانی "ئەو" بگەیەنن بە خەڵکەکە. ئەوناس پێی دەوتن کە ئێوە، تەنانەت لە دوای ژیانی دوورگەکەش، دەچنەوە دوورگەیەکی زۆر باشتر، خۆشتر و گەورەتر لەو دوورگەیەی ئێستا ئێمە بۆی دەچین. لەوێ دەتوانن هەر خانمێک بە هەر شێوەیەک کە خۆتان دەتانەوێت، بیکەن بە خانمی خۆتانو هەر چەند منداڵیشتان دەوێت، هەتانبێت.

پێویستیشتان بەوە نابێت کە کەس خانووتان بۆ دروستبکات و خواردنتان پێ بدات، چونکە ئەو خۆی خانووی تایبەتتان بۆ دروستدەکات و خواردنی تایبەتیشتان پێ دەدات. ئێوە بۆیە لە کۆتایی ریزەکە مانەوە، چونکە ئێوە کەسانی پاکترو تایبەتترن لە خەلکانی تری سەر کەشتییەکە لە چاوی ئەودەوە. دوای قسە ئارامەکانی ئەوناس، نەک ئەوەی ئەو دوو پیاوە رازیبوون بە تەنهایی و ئەو ئەرکەی پێیان سپێردراوە، بەلکو حەسودیم لە چاوی هەندێک لە پیاوەکانی تریش دەبینی. ئەمە لە کاتێکدایە هەندێک لە پیاوەکانی تر هەر ئاگایان لە قسەکانی ئەوناس نەبوو، چونکە چاویان بریبووە خانمەکانی خۆیان و بە توندی دەستی خانمەکانیان دەگوشی و خانمەکانیش بەدەمیانەوەپێدەکەنین. دیمەنێکی زۆر سەیر بوو، تێکەلبوونی چەندین جۆر کەسایەتی و کەسی جیاواز بوو، کە هەمووومان بریار بوو بۆ ئەوە لێرە بین فەرمانەکانی ئەو بزانین و وەک خۆی جێبەجێیانبکەین.

یاسای سێیەم، ئەوناس بە ئارامی و ڕاگرتنی ویقاری خۆی وتی: لە گەیشتنە دوورگەکە، بە یارمەتیی سێ کاربەدەستەکەم و ئەو دوو کەسەی ئێستا هەلمانبژاردن، هەمووتان بەیەکەوە هاوکاریی یەکتری دەکەن تا ٥٠ کوخی بچووک دروستبکرێت، کە هەریەکەیان جێگەی چوار کەسی تێدا ببێتەوە. بێگومان تەنها پیاوێک و خانمێک لە ناو کوخەکاندا دەمێننەوە، بەلام پێویستە هەر کوخێک جێگەی چوار کەس ببێتەوە، چونکە دوای ماوەیەک هەمووتان منداڵتاندەبێت و ژمارەتان زیاددەکات. لە دروستکردنی ئەو کوخانە، دوو دانەیان گەورەتر دەبن لە هەموو کوخەکانی تر. دانەیەکیان تایبەتە بە خۆم، تا بتوانم بە ئارامی هەموو

پەیامەکانی "ئەو" بگەیەنم بە هەمووتان. دانەیەکی تریش تایبەتە بە کۆبوونەوەکانی منو کاربەدەستەکان. یەکەم جار بێگومان کوخی تایبەت بە "ئەو" دروستدەکرێت، کە منو خانمەکەم تێیدا دەمێنینەوەو هیچ کەسێک بۆی نییە بێتەناویەوە، چونکە ئەوێ شوێنێکی پیرۆزە، کە لێیەوە هەموو فەرمانەکانی ئەو بە من دەگاتو دواتریش بە ئێوە دەگات. ئەوەی گرنگە، ئەوەیە کە دوای کوخی یەکەم و دووەم، هەموو کوخەکانی تر دروستدەکرێن، بەڵام هیچ کامێکتان ناتوانن چ بە ڕۆژ، چ بە شەو لەناو کوخەکان بمێننەوە، بەڵکو دەبێت هەموان لە دەرەوە بمێننەوەو هەر لە دەرەوەش بخەون، بۆئەوەی هەموو کوخەکان وەک یەک دروستبکرێنو کەس نەزانێت کامیان هیی خۆیەتی، تا هەموومان بە ماندووبوونو بە دڵسۆزییەوە کاربکەین لە کوخی هەموو ئەوانی تریشدا، بۆئەوەی کوخی کەس کێشەی نەبێت. ئەو ڕۆژە ئەوەندەم گوێ لە وشەی کوخ ببوو، نەمدەویست نەک وشەکە، پیتی [خ]یش ببیستمەوە، چونکە ئەوناس جگە لەوەی چەندین جار لە قسەکانیدا وشەکەی دووبارەدەکردەوە، هەر ناوە ناوەش وەک عادەتی هەمیشەیی خۆی چەندین جار هەمان وشەی دووبارەدەکردەوە؛ کوخ، کوخ، کوخ، ئینجا قسەکەی دواتری دەکرد. بەردەوامبوو لە قسەکانیو وتی: ئەم کوخانە، ئەم کوخانە، ئەم کوخانەتان بینیوە، وا نییە کە دروستدەکرێن، ئەمانە هەموویان بە سەرپەرشتیی بینەر دروستدەکرێن. سەرباز چاودێریی هەمووتان دەکات، کە هیچ کەس کەمتەرخەمینەکات لە دروستکردنی کوخەکان، چونکە هەموویان خۆم بە شلەیەکی تایبەت پیرۆزدەکەم، کە هیچ کەسێکی تومولستان نەتوانێت بە

هیچ شێوەیەک بێتەناو کوخەکانتانەوە، بۆیە کوخەکانتان، کوخەکانتان بە باشی دروستبکەن، ئەوە دەبێتە پارێزەری ئێوەو هەموومان بەیەکەوە سەلامەت دەبین لە ناویاندا. هەر کەسێکیش لە کاتی دروستکردنی کوخەکاندا زیانی پێ گەیشت، میهرەبانی 'ئەو' ئەوەندە زۆرە کە دکتۆرێکی تایبەت بۆ ئێوە ناردووەو کردوویەتی بە یەکێک لەو سێ کەسەی کە زوو لە خەوی غەفلەت ئاگاداربووەو چارەسەرتاندەکات. نازانم، هەر لە خۆمەوە گەرماییەکی سەیر بە لەشمدا تێدەپەڕی کە بەو شێوەیە وەسفی منو دکتۆرییەکەمی دەکرد، بە شەرتێک من هەرگیز بیرمنایەت دکتۆر بووبم. هەرچییەکیشی ناخم پێم دەڵێت، یان ناوە ناوە وەک فلاشێک دێتەوە خەیاڵم، جگە لە هەندێک سپیایی‌و لە هەندێک گریان‌و قیژە، هیچی تر نین.

ئەوناس دەیوت: خاڵی چوارەم، خاڵێکی زۆر گرنگە، هەمووتان بە جوانی گوێی خۆتانی بۆ شلبکەن‌و وەک خۆی لە کاتی گەیشتنمان بە دوورگەکە جێبەجێیدەکەن. کە ئەو بەو شێوە دڵنیایە دەربارەی دوورگەکە قسەیدەکرد، لە خۆمەوە هەستمدەکرد کە شتێکی پێ گەیشتووە کە ئێمە بەم زوانە دەگەین بە دوورگەکە، لەوانەیە 'ئەو' پەیامی تایبەتی بۆ ناردبێت، کە نزیکین لە گەیشتن بەو دوورگە ناوازەیەی کە ئەوناس باسیدەکات، بەلام جارێ لێمان دیار نییە. کێ دەزانێت، لەوانەیە ئەو دوورگەیە هەر دیار نەبێت‌و ئێمە لە ناکاو بچینەناویەوە، هەروەک چۆن لە ناکاو هاتووینەتەناو ئەم کەشتییەوەو هیچ کەسێکیش پرسی پێ نەکردووین. دەیوت کە هەموو بەیانییەک لەگەڵ دەرکەوتنی ڕوناکیی خۆردا پێویستە هەموو پیاوەکان لە

پێش کوخی کۆبوونەوە گرنگەکان کۆببنەوەو سەرباز پێشیانبکەویت بۆ پەیداکردنی گۆشت لە دوورگەکە، بێگومان دوورگەکە پڕیەتی لە گۆشتی جۆراوجۆر. هەندێکیان ناسکو بەتامن و هەندێکی تریان هێزێکی ڕاستەقینەمان پێ دەبەخشن، بۆیە نامەوێت هیچ کەسێک تەمبەڵیبکاتو دەبێت هەموان لە هەمان کاتدا لە پێش سەرباز ئامادەبن. خانمەکانیش دوای ڕۆیشتنی پیاوەکان، دەبێت کوخەکانی خۆیان پاکبکەنەوە، دەبێت هەموویان دەستبکەن بە کۆکردنەوەی ئەو میوانەی لە ناو دوورگەکە هەیە. لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە خانمەکان بزانن، میوەیەکی پرتەقاڵی زەردباو هەیە لە ناو ئەو دوورگەیەی کە بۆی دەچین، 'ئەو' پێی ڕاگەیاندووم و فێریکردووم کە ناوی 'ئاکی'یە. ئەو میوەیە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بڕشێنەوەو سکتان ژانبکات. لەوانەیە خانمەکان، ئێوە هەندێکتان گیان لەدەستبدەن، گەر ئەم میوەیە بخۆن. جا ئاگادار بن، 'ئەو' هیچ کەسێک نانێرێت بۆ هیچ دوورگەیەک، گەر پێشتر بەم شێوەیە ئاگادارینەکاتەوە لە باشیو خراپییەکانی.

ئەی خەڵکەکەم، بە ڕاستی من ئێوەم لە لا زۆر گرنگە، هەموو هەوڵێکم بۆ ئەوەیە هەموومان بە سەلامەتیو بە ئاسانی بگەین بە دوورگەکە. لەوێ گۆشتی زۆر هەیە کە دەتوانین بیخۆینو بەکاریبهێنین. لەوێ ئاوی زۆر هەیە کە دەتوانین هەموو کاتێک بەکاریبهێنین، چونکە 'ئەو' بە تایبەت ئەوانەی بۆ ئێمە دروستکردووەو بۆی داناوین تا بتوانین سوودیان لێ وەربگرین، بەڵام بێگومان لەگەڵ ئەو هەموو سۆزو بەزەییەی لەگەڵ ئێمەیدا کردووە، گەر ئێوە گوێڕایەڵینەکەن، گەر ئێوە

نێردراوەکەی نەپارێزنو بەگوێینەکەن، حەتمەن ئەویش هیچ بەرگرییەکمان لێ ناکات کە بانشی بەسەریدادایْن. ئەی خەلکەکەم، ئەی خەلکەکەم، هەمووتان باش گوێبگرن، کە ئێمە هەمووماان لە هەمان کەشتین، لە هەمان دوورگەین، دەبێت یارمەتیی یەکتری بدەین تاکو بتوانین بە سەلامەتی لە دوورگەکە بمێنینەوە. ئێستا بە فەرمانی 'ئەو' من لەگەل سەربازو دوو خزمەتکارەکەی 'ئەو' دەچینە بەشی پشتەوەی ژوورەکەی خۆم. ئێوەش هەمووتان لەگەل یەکتریدا، پیاوێکو خانمەکەی لە بەشێکی کەشتییەکە دابنیشنو یەکتری بناسن. یەکتری بناسنو چیرۆکی یەکتری بزانن. کە ئەو قسەیەی کرد، ڕەنگی سپیهەلگەڕا، تفێکی قوتداو ئارەقەیەک بە لای چەپی دەموچاویدا هاتەخوارەوە، وەک ئەوەی هەلەیەک لە قسەکەی هەبووبێتو هەستیکردبێت کە نەدەبوایە ئەم قسەیە بکات، بەلام تازە کردبووی، بۆیە شلەژانی خۆی کۆنترۆلکردو بەردەوامبوو لە قسەکانیو وتی: بێگومان دەزانن چیرۆکی هەمووماان هەر کەشتییەکەیە، هاتنە بۆ ژووری ئەوناس، بینینی هێرشەکەی تومولو جاسوسەکەیەتی. دەمەوێت، هەریەک لە ئێوە، ناوێکیش بۆ خۆتان دابنێن. سەیربکەن، ئەمە دکتۆرە! دەستی بۆ من درێژدەکرد. ئەمە سەربازە، ئەمە بینەرە، من ئەوناسم، ئەمەش، دەستی لە سەر شانی خانمەکەی خۆی دادەنا، ئەمەش خانمی ئەوناسە. ئیتر من پێویستە هەمووتان بناسم ئەی خەلکەکەم، پێویستە ئێوەش شتێک هەبێت جیاتانبکاتەوە لە یەکتری، بۆیە هەمووتان دوای دانیشتن لەگەل یەکتریدا ناو بۆ خۆتانو پیاو یان خانمەکانتان دابنێن. من پێویستە بڕۆم لەگەل سەربازو دوو

هەڵبژێردراوەکە، ئێستا لە شوێنی من خانمەکەم دەوەستێتو ئاگای لێتان دەبێت کە چۆن یەکتری دەناسنو قسە بۆ یەکتری دەکەن. ئەو قسانەی کردو یەکسەر وەک ئەوەی هەستیکردبێت کە زۆر درێژەی بە قسەکانی داوەو خەریکە خەڵکەکە ناتوانن چیتر گوێ بۆ یاساکان بگرن، شوێنەکەی بەجێهێشتو هەر بە هەمان شێوەی ڕۆژانی پێشووتر ڕۆیشتەوە بۆ ژوورەکەی خۆی، بەڵام نازانم بۆچی ئەمڕۆ دەیوت کە دەچێتە بەشێکی تایبەتی کەشتییەکە، بۆئەوەی شتێکی تایبەت بۆ ئەو دوو پیاوە بێخانمە بە یارمەتیی سەرباز بکات. هەر چۆنێک بێت، ئەو ڕۆژە هەموو خەڵکەکە دڵخۆش دەردەکەوتن، دەمبینی ئەوناس وشەی خەڵکەکەمی زیادکردووە بۆ قسەکانیو بەردەوام چەندبارەیدەکاتەوە، لە کاتی دەستپێکردنی قسەکانیدا دەڵێت: ئەی خەڵکەکەم. وەک ئەوەی هەموومان لە سەر ئەم کەشتییە بەشێک بین لە میوەکانو موڵکی ئەو بین، یان بەشێک بین لەو گۆشتانەی کە تا ڕادەی مردن لە برسان خەڵکەکەی برد، پێش ئەوەی گۆشتەکانیان بە سەردا دابەشبکات. دەزانیت، تەنانەت ئەو ڕۆژە منیش دڵخۆشبووم بۆ یەکەم جار لە سەر ئەم کەشتییە. گرتنی ئەو دەستە نەرمەی چاوقەوزەییەکەم زۆر هەستێکی تایبەت بوو لە لای من. هەر بە سەیرکردنی چاوەکانیو زەردەخەنەیەکی شیرینی ئەو سەبر سەبر دەچووینە لایەکی کەشتییەکە، کە هیچ کەسێکی لێ دانەنیشتبوو. بە ڕێکەوت ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی زۆر ئارامو خۆش بوو؛ نە با، نە باران، هەتاوێکی نەرم لە سەر سەرمانەوە بوو بە کۆمەڵێک هەوری زۆر سپی، سپیتر لە خانمەکەی ئەوناس. تا ئێستا هیچ قسەیەکم

نەکردبوو لەگەڵ چاوقەوزە، بەڵام دەبوایە یەکێکمان دەست بە قسە بکات. من هەستمدەکرد دەستی ئەوم گرتووەو ڕایدەکێشم بۆ سوچە چۆڵەکەی کەشتییەکە، بە پێی فەرمانی "ئەو" بیناسمو ناوی بۆ دابنێم. ئەو بەردەوام زەردەخەنەیەکی زۆر جیاوازی لە سەر لێو بوو. زۆر تایبەت بوو، هەستێکی زۆر سەیری بە من دەبەخشی، وەک ئەوەی پێشتر ئەو دیمەنەم بینیبێت. نازانم، ڕەنگە پێشتر چاوقەوزەم لە خەو بینیبێت، ئەو کاتەی کە بەخەبەرنەهاتبووم لە ژوورە تاریکەکەم. نازانم، لە کوێ بینیومە! چووینە سوچی کەشتییەکەو دانیشتین، زۆربەی ئەوانی تریش دانیشتبوون. هەندێکیان پاڵیان بە دیواری دارینی ژوورەکەی ئەوناس دابوو و بە پێوە وەستابوون. وەک ئەوەی هەریەک لە ئێمە بە جۆرێک لە جۆرەکان سیحری لێ کرابێتو هەموومان گۆڕدرابین. ئەو هەموو خەڵکە بێدەنگە ڕازییە برسییە، لە ناکاو زگیان تێربوو بە قسەو دەیانویست هەموو قسەکانیان بە یەکتری بڵێن. وەک ئەوەی بە درێژایی هەموو ژیانیان هیچ گوێیەک نەگیرابێت بۆیان، وەک ئەوەی بە درێژایی تەواوی ژیانیان هیچ دڵێک نەکرابێتەوەو ئامادەنەبووبێت لەگەڵیاندا پێبکەنێت، یان بگری، بۆیە هەموویان زەردەخەنەیەکی سەیر لە سەر لێوەکانیان هەبوو و دەستیانکردبوو بە قسەکردن لەگەڵ یەکدا. بە شێوەیەکی زۆر خۆڕسکیو سەیروسەمەرە، بەشێکیان خانمەکانی خۆیان لەباوەشدەگرت، هەندێکی تریان لە جیاتیی یەک دەست، کە فەرمانی ئەوناس بوو بگیرێت، هەردوو دەستی پیاوەکەی خۆیان گرتبوو. هەستێکی سەیر بوو کە من سەیری ئەوانم دەکرد، بەڵام دواتر سەیری دەستەکانی خۆم کرد، دەبینم

منیش هەردوو دەستم لە ناو دەستی خانمەکەی خۆمدابوو، هەردووکمان هاوشێوەی یەکتر دانیشتووین‌و ڕوومان لە یەکترییە. ئەو سەیری من دەکات کە بە سەرسوڕمانەوە سەیری هەموو خەلکی سەر کەشتییەکە دەکەم. قژەکانی لەبەر ئەو هەتاوە نەرمە هێندەی تر ڕەنگیان ڕەشترو قەترانیتردەبوو و بریسکەیەکی سەیریان پێوە دیار بوو. قژەکانی ئالۆسکابوون. ئێمە ماوەیەکی زۆرە لێرەین، باوەڕناکەم هیچ پێداویستییەکی خانمانە هەبێت کە قژەکانی چاکبکات. قژی منیش، ڕیشم، قژی هەموو خانمەکانی تریش هەمان شێوەی هەبوو. من لەو بیرکردنەوانەو لە سەیرکردنی قژەکانی ئەودا بووم بە دەنگێکی زۆر ناسک‌و ئاشناوە وتی: دکتۆر، زۆرم پێ خۆشە کە من لەگەل تۆدا دانیشتووم. تۆ یەکێکیت لە کاربەدەستەکانی ئەوناس، بێگومان ژیانمان بەیەکەوە زۆر خۆش دەبێت‌و دلنیام منداڵەکانیشمان دەمانپارێزن. بەبێ ئەوەی هیچ بڕینێک بداتە قسەکانی، یان بواری من بدات هیچ قسەیەک بکەم، بەردەوامبوو لە سەر قسەکانی، لە کاتی قسەکردنیشی سەری لە سەری من نزمتر بوو، بۆیە بە جۆرێک دیار بوو کە لە خوارەوە سەیری ناو چاوی من دەکات، ئەوەش دیمەنێکی تری تایبەتی دابوو بە ڕەنگی چاوی، شێوەی خڕی چاوی‌و گەورەیی قەوزەییەکەی چاوی. بەردەوامبوو لە قسەکانی‌و دەیوت: دەزانیت دکتۆر، ئەمن زۆر لە بانشی دەترسم، نازانم چ بکەم. ئەگەر هات، ئەتوو دەمپارێزیت؟ زۆر حەزدەکەم بمپارێزیت و ئاگات لێم بێت. دەزانیت دکتۆر، من دوعامدەکردو داوام لە "ئەو" دەکرد کە لە بەرانبەر تۆ بم لە ڕیزەکەدا. دەزانیت دکتۆر، من لە یەکەم

ڕۆژەوە کە هاتمەدەرەوە، لە ژوورە تاریکەکە سەیری تۆم دەکرد. دکتۆر، دەزانیت من زۆرم پێ ناخۆش بوو کە بچمە ژووری ئەوناس‌و بە تەنها لەگەڵ ئەودا لە یەک ژوور بمێنمەوە. دەزانیت من هەر حەزمدەکرد لەگەڵ تۆدا بە تەنها لە یەک ژووردا بمێنمەوە! دەزانیت من هەموو شەوان تا درەنگ لە لای ئەو سوچەوە دادەنیشتم، تەماشای تۆو سەربازم دەکرد کە وەستابوون لە بەردەرگای ئەوناس تا پاریزگارییان لێ بکەن! دەزانیت دەمزانی بیر لە هەندیک شتی ناخۆش دەکەیەوە کە خۆشت ناتەویت بیریان لێ بکەیتەوە و لێیان دەترسیت! ئەرێ چی بکەم! منیش شتێک هەیە لە ناو سەرم، زۆر قسەدەکات. دکتۆر، ئەرێ تۆ دکتۆریت، دەتوانیت ئەو دەنگە نەهێلیت! ئەی دکتۆر، باشە، کوخەکەمان کام کوخ دەبێت! باشە، چۆن بزانم کوخەکەمان لەوەی ئەوانی تر خاوێنترە! دەمەویت ئەوەی ئێمە لە هەموویان خاوێنتر بێت. دەزانیت دکتۆر، دەزانیت دەمەویت زۆر خاوێن بێت! باشە دکتۆر، من زۆرم حەز لێیە شتێک لە سەرم بێت‌و قژم بەو شێوەیە پەرشوبڵاو نەبێت، دەبێت هیچ شتێک هەبێت بتوانم لە سەری بکەم. نازانم، هەستدەکەم من هەموو ژیانم شتێکم لە سەر بووبێت، جا لە ناو سەرم وێنەیەکی خۆم دەبینم هەموو کات. سەیرە، جلەکانم لەو جلانەی ئێستا ناچن لە خەونەکانم، لە وێنەکانی ناو سەریشم. بەس دەزانیت دکتۆر، هەموو کات من کڵاوێکم لە سەرە، کڵاو! کڵاوێکی رەشم لە سەرە هەموو کات‌و بەردەوام. دەزانیت لە خەیاڵەکانم هەتا ئێستا تەپڵی سەری خۆمم نەدیوە. هەر قژم لەولاو لەولای

کلاوەکە هاتووەتەدەر. وەللایی پێم سەیرە، نازانم ئەوە چییە.
سەیرە دکتۆر، دەزانیت سەیرە!
ئەوەندە بە خێرایی هەموو قسەکانی لە سەر یەک دەکرد، کە هیچ قسەیەکیان پەیوەندیی بەوەی دواتریانەوە نەبوو، هیچ تێنەدەگەیشتم باسی چی دەکات، تەنانەت ناخم دەیویست بپرسێت کە مەبەستی چییە لە کلاو، هەر خۆیشی وەلامی خۆی دەدایەوە، کە مەبەستی لە کلاو دەبێت شتێک بێت لە سەر قژی دانراوە، ئەگینا بۆ دەڵێت تا ئێستا تەپڵی سەری خۆمم نەدیوە. جا نازانم من هەرگیز ئەو خانمەم نەبینیبوو لە سوچی کەشتییەکە شەوان چاودێریمانبکات، بەلام بە سەیرکردنی چاوەکانی کە لە کاتی قسەکردنەکەی وردە وردە گەورەتردەبوون و ڕوناکتر دەردەکەوتن بۆم، دەمزانی لە قسەکانیدا ڕاستدەکات. زیاتر زەردایی چاوی دەردەکەوت و بە ڕونتری دەمبینی کە بەشێکی زۆری چاوەکە زەردەو هەندێک سەوز لە ناویدا هەیە، ئاوا ڕەنگێکی سەیری بە چاوەکانی داوە. ئەو قسەیدەکردو من سەیریمدەکرد. ئەو بەردەوامبوو لە قسەکردنەکانی، من پێڕانەدەگەیشتم کە هیچ لێکدانەوەیەک بکەم بۆ قسەکانی ئەو، چونکە بابەتەکانی باسیدەکرد، لە یەکتری جیاواز بوون، بەس ناخم وەک ئەوەی سەیری مامۆستایەکی وشەسازی بکات، بەردەوام هەندێک وشەی لە ناو قسەکانی دەردەهێناو بۆی شیدەکردمەوە کە مانای ئەو وشەیە چی دەگەیەنێت. بۆ نموونە: ئەو ناوە ناوە لە کاتی قسەکانیدا دەیوت: "وەللایی"، ناخم دەیزانی کە ئەو وشەیە بەکاردەهێنێت، مەبەستی لەوەیە جەختبکاتەوە لە سەر قسەکەی خۆی، کە ئەو شتە ڕێک

دەبێت بەو شێوەیە بکرێت. بە ڕاستی نازانم بە تەواوی قسەکانی چۆن کۆتاییپێهێناو باسی چەند بابەتی جیاوازی کرد، بەڵام ئەو کاتە زانیم کە زۆر شت هەیە ئەو چاوقەوزەیە هەستی پێ کردووە لە مندا، کە بە ڕاستی وانو نەمزانیوە کە کەسێک جگە لە بینەر بتوانێت بزانێت ناخم چیی تێدایە. کە قسەکانی کۆتایی پێ هێنا، من بە کورتی لێم پرسی: حەزدەکەیت چ ناوێکت هەبێتو چۆن بانگتبکەم؟

دەترسام دیسان دەستبکاتەوە بە باسکردنی یەک دنیا بابەتی لە یەکدی جیاواز، بەڵام لە پرسیارەکەی من کورتتر وەڵامیدامەوەو وتی: ئیسلا. زۆر سەیر بوو، یەکسەر ئەو ناوە بە دەموچاویەوە نوسا. من هیچ پرسیارێکم نەکردبوو دەربارەی ناوەکەیو ماناکەیو بۆچی ئەو ناوەی هەڵبژاردووە، بەس دەمویست بپرسم. پێش ئەوەی بپرسم، وتی: دەزانم دەتەوێت بزانیت بۆ ئەو ناوەم هەڵبژاردووە، مانای چییەو چۆن هەڵمبژارد. منیش نازانم دکتۆر، دەنگێک هەیە لە ناو سەرم قسەم بۆ دەکات، ئەو دەنگە پێی وتم ئەو ناوە هەڵبژێرمو منیش هەڵمبژارد. منیش زۆر پرسیارم لێ نەکردو درێژەم بەو بابەتە نەدا، تەنها دەمویست ئەو دڵخۆشییەی هەمە، لەدەستینەدەمو ئەو هەستە خۆشە لە لام بمێنێتەوە. دەستەکانی یەکترمان هەر گرتبوو و بەردەوام سەیری ناو چاوی یەکدیمان دەکرد. نەمدەزانی هەنگاوی دواتری ئەم دانیشتنەمان چییە، بەڵام وەک بروسکەیەک ئەو قسەیەی ئەوناسم بیرکەوتەوە کە دەیوت: باسی چیرۆکی خۆتان بۆ یەکدی بکەنو دواتر پەشیمانبووەوە کە قسەیەکی لەو شێوەیەی کردووە، بۆیە یەکسەر لە ئیسلام پرسی، باشە ئیسلا، ئەویش

وەلامیدەدایەوە، دەیوت: گیان. ئەرێ، تۆ چۆن هاتوویتەسەر ئەم کەشتییە؟ بیرتە پێش ئەوەی لە ژوورەکە بیت، لە کوێ بوویتو چۆن هاتیتەسەر ئەم کەشتییە.

لە پرسیارەکەم هەستمدەکرد هەر لە کاتی وتنی قسەکانم ناوچەوانی گرژدەبنو ماسولکەکانی دەموچاوی خاودەبنەوە، وەک ئەوەی حەسرەتێکیان هەبێت، وتی: نازانم، ئەوە نازانم، بەلام با من باسی شتێکی ترت بۆ بکەم، دەزانیت دکتۆر، دەزانیت من زۆر ڕقم لەوە بوو بچمە ژوورەکەوە؟ دەزانیت زۆر بەبەختم کە دوای خانمی نۆیەم بووم! دەزانیت زۆر خۆشحالم! هەرچەندە زۆر برسیم بوو ئەو کاتە و خانمەکانی دەچوونەژوورەوەش، دەیانوت کە ئەوناس گۆشتیان پێ دەداتو دواتر هەندێک داواکاریی سەیریان لێ دەکات. دەمزانی گەر بچمەژوورەوە، منیش گۆشت دەخۆم، چونکە خانمەکان شەوان پێش خەوتن بە دەنگێکی کز چیرۆکەکانیان دەگێڕایەوە بۆمان، بۆیە زۆربەی خانمەکان بەپەرۆش بوون کە بچن بۆ ژوورەکەی ئەوناس. لە کاتی ئەو قسانەی دوو پرسیارم بۆ دروستبوو، نەوەڵلا، سێ پرسیارم بۆ دروستبوو. یەکەمیان ئەوە بوو دەمویست بزانم بۆ دڵیتەنگبوو کە پرسیاری پێش هاتنیم لێ کرد بۆ سەر ئەم کەشتییە. دووەمیش ئەو داواکارییە سەیرانە چی بوون ئەوناس لە خانمەکانی دەکرد، بەلام هەردوو پرسیارم لەبیرچووەوە کە باسی خاڵی سێیەمی دەکرد، دوای ئەو قسانەی وتی: بەس خانمی شەشەم، هەر لە سەرەتاوە کە خانمی یەکەمو دووەمو ئەوانی پێش خۆی باسی ژوورەکەیان دەکرد، زۆر دەترساو هەموو گیانی دەلەرزی. هەموو شەوێک دەگریا تا بەیانی کە

دەهاتینەدەر بۆ میوەکان، ئەو خانمە بەردەوام دەگریاو نەیدەویست بە هیچ جۆریک بچێتەناو ژووری ئەوناسەوەو بە تەنها لەگەڵ ئەودا بمێنێتەوە. ئەوە پرسیاری سێیەمی لە مێشکی من خولقاندو دوو پرسیارەکەی تری بیربردمەوە. باشە، بۆچی خانمی شەشەم نەیویستووە بچێتە ژوورەکەی ئەوناس، خۆ ئەو جاسوسی تومول بوو، دەبوایە پێی خۆش بێت چی زووە، بڕواتەژوورەوەو هەندێک زانیاریی نهێنی بباتەوە بۆ نەتەوەکەی خۆی، ئەی چۆنە بەردەوام وا گریاوە! وەک خۆی وەک دەنگەکەی ناخم ئەو پرسیارەم لە ئیسلا کردەوە. ئیسلا وتی: وەڵلابی نازانم دکتۆر، بەڵام هەموو خانمەکان دەڵێن: دیارە بە ئەنقەست خۆی وا نیشانداوە لە لای ئێمە تا کەس گومانی لێ نەکات، هەندێکی تریش دەڵێن: دەیویست کاتێکی زیاتر لە سەر کەشتییەکە بمێنێتەوە بۆ ئەوەی کە سەربازانی تومول هێرشیاندەکرد، لە ناو خۆمان دەستبکات بە ئازاردانی ئێمە، بەس دەزانیت دکتۆر، چوار پێنج خانمی تریش وەک خانمی شەشەم بەردەوام کە چیرۆکەکانی ژووری ئەوناس دەگێڕدرایەوە، دەگریانو هەمان شێوەی لەرزیان دەگرت. باشە بۆچی ئاوایان لێ دەهات! تۆ دکتۆریت، دەبێت تۆ نەزانیت! کە ئەو قسانەی کرد، پرسیارەکەی خۆم بیرهاتەوە، ئەوناس چ داواکارییەکی سەیری لەو خانمانە کردووە کە بردووینەتە ژوورەکەی خۆی و گۆشتی پێ داون! نازانم، ئایا ئەوە شتێکی گونجاوە لە ئیسلای بپرسم! هەر بە ڕاست، ئاساییە پیاوێکی وەک من، کاربەدەستێکی ئەوناس پرسیاری شتێکی وا لە خانمەکەی بکات، کە زانیارییەکە تەنها خانمەکان دەیزانن! نازانم بیپرسم یان نا، بە ڕاستی سەرم

لێ شێواوەو خەریکە دڵخۆشی‌و هەیەجانەکەم لەدەستدەدەم،
دەستەکانم دەستیان بە لەرزینێکی کەم کردبوو لە ناو دەستی
ئیسلادا، بۆیە ئەویش هەستی بەوە کرد کە شتێک هەیە، من
نایلێم‌و دەشمەوێت بیلێم، بەڵام دەترسم لە وەڵامەکەی، پێش
پرسیارەکەی من کەوت‌و وتی: جا دکتۆر، تۆ گوێم بۆ بگرە،
بەس تۆزێک لێم نزیکبەوە، با کەسی تر گوێی لێمان نەبێت، ئەو
شتە هەر لە بەینی خۆم‌و خۆتدا دەمێنێتەوە. نازانم کە ئیسلا ئەو
قسانەی دەکرد، وەک ئەوە بوو پێشتر چەندین ساڵ لەگەڵیدا
دانیشتبم‌و قسەمانکردبێت، نازانم ئەو بەینی خۆم‌و خۆت بێت،
زۆر ئاشنایە لە لام، ڕێک لە دەنگێکی هاوشێوەی ئیسلاوە لە
گوێمدا دەزرینگێتەوە، بەڵام نازانم، کەی‌و چۆن‌و کوێ!
کێ پێشتر ئەو قسەیەی پێ وتووم! نازانم! بەردەوامبوو لە
قسەکانی‌و وتی: هەموو خانمەکان دەڵێن: ئەوناس لە ژوورەکەی
دوای گۆشتەکە پێی وتوون کە جلەکانیان دابنێن. خۆیشی
هاتووەتە لایان‌و یارمەتییداون کە جلەکان دابنێن، هەندێک
سەیریکردوون‌و دواتر، دواتر، دەزانیت چییە دکتۆر، نازانم بۆ،
بەڵام ناتوانم هەموو ئەوەی خانمەکان وتوویانە، بۆتی
باسبکەمەوە، تکایە، بمبورە. دەمبینی شێوەی دەموچاوی‌و
هەستەکانی خەریکە لەو تامەزرۆیی‌و شادییەی تێیدایە،
دێتەدەرەوەو هەوری خەم دەموچاوی دادەپۆشێت، بۆیە پێش
ئەوەی ئەو پرۆسەی گۆڕانی هەستە ڕوودبات، دەستەکانیم
گوشی‌و وتم: ئیسلا گیان، خەمت نەبێت، مەترسە، هەرچی
قسەیەک هەیە دەتوانیت بۆ منی بکەیت، هەرچییەکیش
نارەحەتتدەکات، دەتوانیت نەیڵێیت. لە هەمووی گرنگتر، منیش

وەک تۆ بە باسکردنی ئەو کارانەی ئەوناس نامورتاح بوومو تێنگەیشتم کە چی بووەو چی ڕوویداوە لە ژوورەکە. ناخم وەک منداڵێکی بزێو دەیویست زیاتر ئیسلا هانبدات باسی وردەکارییەکان بکات، لە هەمان ئەو کاتەی ئەو دەنگەی ناو سەرم دەیویست زۆر لە ئیسلا بکات بۆ باسکردنی شەوەکانی ژوورەکەی ئەوناس، دەنگێکی تر هەر لە ناخمەوە بەرزدەبووەوەو داوای لێ دەکردم چیتر ئیسلا بێزارنەکەمو دڵیبدەمەوە. هەر ئەو دەنگەی داوای دڵدانەوەی لێ دەکردم، لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکردم کە چۆن من تێگەیشتم، بەبێ ئەوەی ئیسلا چیرۆکی ناو ژوورەکەی ئەوناس بە تەواوی باسبکات، چۆنو بۆ من تێگەیشتم کە باسی چی دەکات. ئەو هەستە چییە بۆم دروستبووە کە ئەوناس لە پاڵەوانێکی ئەم کەشتییەوە لە لای ناخم خەریکە دەبێت بە کەسێکی دەستدرێژیکاری زاڵم. نازانم ئەو گۆڕانکارییە لە ناکاوە چییە لە بیرکردنەوەکانمو ناخم ڕوودەدات. ئەسڵەن ئەو ئازایەتییە تازەو نوێیە چییە لە ناخمەوە سەریهەڵداوەو دەتوانێت ئەسڵەن بیر لە بیرکردنەوەیەکی وەها خراپ بکاتەوە لە سەر ئەوناس. ئاخر بە پێی ئەو باوەڕانە بێت کە ئێمە هەموومان لە سەر ئەو کەشتییە هەمانە، ئەوناس پیرۆزترین کەسێکە کە لە هەموو ژیانماندا بیناسینو ببینین. پێشتریش ئەوەم زانیوە کە دەتوانێت بیرکردنەوەکانمان ببینێتو بخوێنێتەوە، ئەی چییە من وا هاربوومو ئەو هەموو بیرۆکە خراپە دەربارەی ئەوناس لە مێشکمدا گەڵاڵەبوون. هەستێکم هەیە کە پێم دەڵێت: نا، هەست نییە. دەنگێکی تری ناخمە، نا، لەوانەیە هەر یەکێک لەو دەنگانە

بێت کە ئێستا قسەی بۆ دەکردم، گرنگ ئەوەیە دەنگێک لە ناخم
پێم دەڵێت کە ئەو چاوقەوزەییە نازانم بۆ ناشڵێت ئێستا، ئەو
چاوقەوزەییە دەتوانێت هەموو شتێک لە ژیانم
سەرەوژووربکاتەوەو پێچەوانەیبکاتەوە. کاتێکیش مێزی ژیانم
ڤەلبدەکاتەوە، لەوانەیە ژیانم بەرەو باشتربوون بڕوات،
لەوانەشە بە تەواوەتی وێرانببێت. من لەو بیرکردنەوانەدا بووم
کە ئایا ئەو بیرکردنەوە خراپانەم دەربارەی ئەوناس دەمگەیەنن
بە ژیانێکی باشتر، یان ژیانێکی تری پڕ لە ئەهامەتی کە ئێستا
وەک گوشینەکەی ئێستێک پێش ئێستای من، دەستەکانی
گوشیمو وتی: دکتورەکەم، دە ئەوەندە ئەو بیرکردنەوانە
مەهێنەو مەبە لە مێشکت، ڕاستدەکەیت. مادام پێویستناکات بەو
وردەکارییە زۆرە هەموو شەوەکانی خانمەکانت بۆ باسبکەم،
بەس دەزانیت چییە! کە وای دەوت، خەندەیەکی سەیرو تیشکێکی
ڕوون لە ناو چاوەکانی دەگەشایەوەو بەردەوامدەبوو و دەیوت:
دەزانیت چییە دکتور! وەرە، با باسی ئەو شەوەت بۆ بکەم کە
خانمی شەشەمیان بردە ژوورەکەی ئەوناسەوە. دەزانیت ئەو
خانمی شەشەمە، برادەری نزیکی خانمی شازدەو بیستویەک
بوو، چونکە ئەو پێخەفانەی لە سەری دەنوستین لە ژوورە
تاریکەکە، هی ئەو سێیە لە خوار پێخەفو جێگەکەی من بوو.
جا ئەوان زۆر بەیەکەوە قسەیاندەکرد، نازانم بۆ هیچ کام لە
خەڵکەکەی ناو ژوورەکە کە دەهاتینەدەرەوە، هیچ قسەیەکمان
نەدەکرد، کەچی لە ناو ژوورەکە، هەموان بەردەوام
قسەیاندەکردو هەموو باسەکانیش لە سەر تۆو سەربازو بینەرو
ئەوناس بوون. کەس نەبوو بێدەنگ بێت شەوان لەناو ئەو

ژووره، بەلام من هەستدەکەم تۆ وا دەزانیت هەموو ئەو خەڵکەی لێرەیە، زمانیان پشیلەکە خواردوویەتی. کە ئەو قسەیەی دەکرد، دەستی ڕاستی منی بەردەداو بە دەستی چەپی دەستی بۆ دەمی دەبردو پێدەکەنی. دوای ئەوەی بە دوو پەنجە پەرچەمی لە سەر چاوی لادەدا، دەستەکانی دەگرتمەوەو بەردەوامدەبوو لە قسەکانی، بە جۆشوخرۆشێکی زۆرەوە دەیوت: شەشەم کە قسەی بۆ برادەرەکانی کردبوو، زۆر شتی دەوت کە ئەوان هیچیان باوەڕیان پێ نەدەکرد، چونکە هەر لە یەکەمەوە شەشەم کە وای لێ هاتو تۆ چوویت، چارەسەرتکرد بە دەستە سیحراویو پڕسۆزەکانتەوە، هیچ کام لە برادەرکانی باوەڕیان بە قسەکانی نەماو پێیان وا بوو کە هەر قسەیەک دەیکات، بۆ ئەوەیە سەرنجی هەموو خەڵکەکە بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. جا ئەو ڕۆژە برادەرەکانی ئەو بڕوایەیان بۆ دروستبوو کە قسەکانی هیچی ڕاست نین، تەنها گوێیان بۆ دەگرت. هەر ئەو ڕۆژەش من تۆم خۆشویست، دەزانیت دکتۆر! پێدەکەنی، نا، پێنەدەکەنی، زەردەخەنەیەکی گەورەی دەکرد، کە ددانەکانی دەردەکەوتنو پەرچەمی دەهاتەوەسەر چاوی. سەری نەویدەکردو بە دوو پەنجە دیسان قژی سەرچاوی لادەدایەوەو بەردەوامدەبوو لە قسەکردن. من بەبێ ویستی خۆم زەردەخەنەیەکی وەک زەردەخەنەکەی ئەو لە سەر لێوم دەردەکەوتو دەنگەکانی ناخم یەک دنیا پرسیارو خەیاڵیان دروستدەکرد بۆم. ئاخر ئەوە چییە، من تەنها ماوەیەکی زۆر کورتە ئیسلامم ناسیوە، ئەسڵەن نەمزانیبوو ڕەنگێکی جیاوازی چاو لە ناو ئەهلی ئەم کەشتییە هەیە. ئێستا چۆن وا بە ئارامی دانیشتوومو خەندەیەکی زۆر

ڕاستەقینەو لە قوولایی ناخمەوە دروستدەبێت بە قسەکانی ئەوو دڵخۆشمدەکات‌و دەمهەژێنێت. نازانم، نازانم، دەنگێک لە ناو سەرمەوە دەڵێت: دە وازبهێنە لەو خەیاڵاتە، گوێی بۆ بگرە، بزانە شەشەم بۆ وای لێ هات.

شەشەم بەردەوامە لە قسەکانی‌و پێم دەڵێت: دوو ڕۆژ دوای ئیسلا بەردەوامە لە ... خانمان بۆ ژوورەکەی ئەوناس، خانمی دەستپێکردنی ڕیزەکەی خانمان بۆ ژوورەکەی ئەوناس، خانمی شەشەم کردی بە دەمەقاڵێ لەگەڵ هاوڕێکانیدا، منیش گوێم لە هەندێک لە قسەکانیان دەبوو. ئەوەی تێگەیشتم، ئەوەیە کە یەکێک لە هاوڕێکانی پێی وتبوو کە قسەکانی هیچیان ڕاست نین‌و تەنها بۆ سەرنجڕاکێشانی بینەر ئەو کارانە دەکات. هاوڕێکەی خۆی دەیوت: پێویستە واز لەو قسانە بهێنێت، چونکە بینەر گوێی لە هەموو بیرکردنەوەکانیشمان دەبێت، ئاخر نازانێت قسەی ئەو وەک قسەی ئەوناسەو هەموومان فڕێدەدەنەناو ئاوەکەوە، ئەو قسانە بکەیت. ئیتر ئەو ڕۆژە خانمی شەشەم هیچ قسەیەکی لەگەڵ هاوڕێکانیدا نەکردەوە، بەڵام من زۆر حەزمدەکرد کە کەسێک هەبێت قسەی لەگەڵدا بکەم، یان ئەو قسەم بۆ بکات، بۆیە شەو کە خانمی سێیەم ڕۆیشتەژوورەوەو خەلکەکە دەستی بە خەوتن کرد. من خۆم چوومە لای خانمی شەشەم، بەبێ ئەوەی بزانم کە چیی بۆ خانمەکانی تر باسکردبوو، پێم وت: من باوەڕت پێ دەکەم. دەمەوێت گوێ بۆ چیرۆکەکەت بگرم، چونکە بە تەواوی من باوەڕت پێ دەکەم‌و لە چاوەکانت جگە لە ڕاستی، هیچ نابینم. بەیەنی خۆمان بێت دکتۆر، نازانم ئەو قسەم چۆن بۆ هاتبوو و بۆ وتبووم کە لە چاوەکانی جگە لە ڕاستی هیچ نابینم، چونکە دەمەکان

قسەدەکەن، ئەی من بۆ ئەو قسەیەم بەو وت! نازانم. ئەوەندە دەزانم کە چوومە لای خانمی شەشەمو ئەو قسانەم کرد. چەند فرمیسکێک بە چاوەکانیدا هاتنەخوارەوەو لە سەر جێگەکەی دانیشت، پێی وتم: تۆ کێیت؟ تۆ لە ڕیزبەندییەکە ژمارەکەت چەندە کچە چاوسەوزەکە؟ منیش نەمدەزانی ژمارەکەم چەندە، بەلام دەمزانی چەند کەسێک لە دوای ئەوەوەم. وتم: نازانم ژمارەکەم چەندە، بەلام چوار یان پێنج کەس لە دوای تووە وەستاوم، من بە قژت تۆ دەناسمەوە، هەموو کات سەیری قژت دەکەم. ئاخر دکتۆر، قژی ئەو تۆزێک سەیر بوو، زیاتر لە هەموو قژەکانی سەر ئەم کەشتییە خاو بوو و شتێکی زۆر سەیر لە قژی هەبوو، ئەوە بوو کە لە بەشی پشتەوەی قژە خاوو قاوەییە تاریکەکەی، چەند تاڵی زەردی سپیباو هەبوون، کە هەمیشە بەوە دەمناسییەوەو دەمزانی ئەوە خانمی شەشەمە. بەبێ ئەوەی من هیچ قسەیەکی ئەوتۆ بکەم دەربارەی خۆم، یان خۆمی پێ بناسێنم، ئەو زۆر دڵپڕ دیار بوو، ئەو شەوە تا بەیانی نە خۆی خەوت، نە هێشتی منیش خەوبچێتەچاوەکانمەوە، چونکە بەبێ برانەوە ئەو چیرۆکەی هەموو بۆ گێڕامەوە:

چاوسەوزی ئازیز، زۆر سوپاستدەکەم کە بەو شێوەیە باوەڕت بە قسەکانی من هەیە. منیش خۆم نازانم چی دەکەم لە سەر ئەم کەشتییەو بۆچی هاتوومەتە ئێرە. هەرچەند لە خەڵکەکە دەپرسم، هیچیان هیچ قسەیەک ناکەن دەربارەی هاتنمان بۆ سەر ئەم کەشتییە. کە دەشچینەدەرەوەو گوێ لە قسەکانی ئەو کابرا دەنگگەورەیە دەگرین، من زۆر لێی دەترسم، چونکە کەسێکی وەک ئەو دەنگگەورە لە ناو خەیاڵو بیرەوەرییەکانی من هەیە.

نازانم چۆن‌و لە کوێ من کەسێکی وام بینیوە، بەڵام دڵنیام لەوەی کە بیرەوەرییەکانم هەمووی ڕاستەقینەن‌و هیچ کات درۆم لەگەڵدا ناکەن. دڵنیام من کەسێکی تری هاوشێوەی ئەوەم بینیوە. جا کێشەکە ئەوە نییە کە من کەسێکی وەک ئەو دەنگگەورەم بینیوە، کە بەردەوام لە سەرم هاواردەکات لە یادەوەرییەکانم. کێشەکە ئەوەیە کە کۆمەڵێک دیمەن دەبینم‌و دێنەوەبەرچاوم، کە بە هیچ شێوەیەک ناتوانم لەیادیانبکەم. هەر کاتێک دەمەوێت بیربکەمەوە لەوەی کە من بۆ لە ناو ئەم کەشتییەم، یەکسەر ئەو دیمەنە ناخۆشانە دێنەوەیادم‌و وازم لێ ناهێنن. دەزانیت من هیچ شەوێک بە ئارامی ناخەوم‌و خەوملێناکەوێت. دەزانیت من بەردەوام خەریکی گریانم‌و دەمویست چیرۆکەکەم بۆ ئەو سێ خانمەی تر باسبکەم. دەزانیت هەرسێکیان منیان زۆر خۆشدەویست، هەر لە یەکەم ڕۆژی چاوکردنەوەمان لە سەر ئەم کەشتییە ئێمە هەر چوارمان بەیەکەوە بووین. هەندێک جار میوەکانیشمان دەگۆڕییەوەو دابەشدەکرد، بەڵام نازانم، کە باسی ئەو ڕووداوەم بۆ کردن، کە دەمەوێت بۆ تۆشی باسبکەم، هەموویان لێم دوورکەوتنەوەو چیتر گوێ بۆ هیچ قسەیەکی من ناگرن، نەبادا بینەر بە قسەکانمان بزانێت‌و هەموومان سزابدات. ئەوەی لە بیرمە، پێش هاتنم بۆ سەر ئەم کەشتییە نەفرەتییە تاریک و تنوکە، ئەوەیە کە من لە ژوورێک بووم. ژوورەکە هەمووی یەک ڕەنگ بوو، کە ناتوانم بیرمبێتەوە. هەندێک جار بە ژوورێکی پەمەیی زۆر کاڵ دێتەوە خەیاڵم، هەندێک جاری تر بە زەردێکی زۆر کاڵ کە جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ڕەنگی سپی، دێتەوە خەیاڵم. دەبینم لەو

ژووره منی دانراوم‌و هه‌موو ڕۆژێک که‌سێک دێت که دڵنیام له‌وه‌ی وه‌ک خۆم خانمه، به‌ڵام باڵای له من زۆر به‌رزتره‌و قه‌ڵه‌وه، به‌بێ ئه‌وه‌ی هیچ قسه‌یه‌کم له‌گه‌ڵدا بکات، ده‌سته باریکه‌که‌ی من ده‌گرێت‌و ده‌رزییه‌ک به قۆڵمدا ده‌کات. ده‌زانیت، ده‌زانیت، من له یه‌ک شت دڵنیام، یه‌ک شت! له‌وانه‌یه له هیچ کام له قسه‌کانی ئه‌و چیرۆکه دڵنیا نه‌بم که بۆتی باسده‌که‌م، به‌ڵام له‌و قسه‌یه‌م دڵنیام، که من دوای ئه‌و ده‌رزییانه بوو که شته‌کانی پێش ئه‌و ژووره په‌مه‌یییه زه‌رده مه‌یله‌و سپییه‌م بیرنه‌ما. ئاخر ڕۆژانه چه‌ند جار ئه‌و ده‌رزیه‌ی ده‌کرد به قۆڵمدا، به‌بێ ئه‌وه‌ی بتوانم بجوڵێم، یان هیچ به‌رگرییه‌ک بکه‌م، هه‌موو ڕۆژێک ئه‌و ده‌رزییه ده‌کرایه قۆڵمه‌وه. بیرم نییه چه‌ند ڕۆژ، مانگ، یان ساڵ من له‌و شوێنه بووم، به‌ڵام ده‌زانم، ده‌زانم‌و هیچیش شێت نیم‌و وه‌هه‌میش نییه. کاتێکی زۆر که‌م پێش ئه‌وه‌ی من بیمه‌سه‌ر ئه‌م که‌شتییه‌و به ده‌نگه گه‌وره‌که‌ی ئه‌وناس خه‌به‌رمببێته‌وه لێره، پیاوێکی ده‌نگگه‌وره‌ی ئه‌سمه‌ری باڵابه‌رزی قه‌ڵه‌و هات بۆ ژووره سپییه زه‌رده په‌مه‌یییباوه‌که‌م. وام زانی دێت‌و ده‌رزییه‌کی تر ده‌کات به قۆڵمدا، به‌ڵام زۆر به توندی و به دڕندانه، هه‌موو جله‌کانی له‌به‌رم داناو خۆی خسته‌سه‌ر من. نازانم‌و هیچ شتێکم بیرنایه که چی ڕوویداوه. ته‌نها ئه‌وه‌نده‌م له خه‌یاڵه که من پێش ئه‌وه‌ی لێره چاوه‌کانم بکه‌مه‌وه، سێ شت ڕوویاندا، که هه‌رسێکیان وه‌ک فلاشێک دێنه‌به‌رچاوم‌و ونده‌بن. یه‌که‌میان ئه‌وه‌یه که ده‌بینم پیاوه ئه‌سمه‌ره‌که له ده‌رگای ژووره‌که‌مه‌وه ده‌ڕوانه‌ده‌ره‌وه‌و له ژێر منه‌وه خوێن به سه‌ر زه‌ویی ژووره سپییه زه‌رده په‌مه‌یییباوه‌که‌م بڵاوده‌بێته‌وه. ئه‌وه‌ی دووه‌م له

بیرمە، ئەوەیە کە خانمی دەرزییەکان بە سەر پیاوە ئەسمەرەکە هاواردەکات، نازانم چیی پێ دەڵێت، بەڵام بە ڕوونی لە بیرمە زللەیەک لە ڕوومەتی پیاوەکە دەدات و پیاوەکە دەڕواتەدەرەوە، هەر ئەو خانمە هات و جلی تازەی لەبەرمکردو زەویی ژوورەکەی پاککردەوە. سێیەم شت لە بیرمەو وەک فلاشێک دێتەوەبەرچاوم، ئەوەیە کە چەند کەسێک من هەڵدەگرن، دەمبەن لە ناو شتێکی جولاودا دامدەنێن، چاوم دەکەمەوە، لە ترسی دەنگە گەورەکەی ئەوناس خەبەرمدەبێتەوە.

بەو خوایە دکتۆر، هەتا ئەو چیرۆکەی بۆ گێڕامەوە، لەوانەیە هیچ ئاو لە گیانی نەمابێت، چونکە هەموو قسەکانی بە دەم هەنسکو گریانو فرمێسکی نەبڕاوەوە دەکرد. بەردەوام دەگریاو بە دەنگێکی نوساوو کز کە ئاخنراو بوو بە ترسێکی زۆر، کە لە چاویشی دەمبینی، ئەو قسانەی دەکرد.

دەمبینی چاوەکانی ئیسلاش لە کاتی گێڕانەوەی ئەم قسانە پڕبوون لە ئاوو زۆر خەفەتباربوو بەو شتانەی کە خانمی شەشەم بۆی گێڕابووەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا هەستمدەکرد لە ناخی خۆیدا بەرگری لەوە دەکات کە باوەڕ بە قسەکانی خانمی شەشەم بکات، چونکە باوەڕبوون بە قسەکانی شەشەم زۆر کێشە بۆ خۆیو بیرکردنەوەکانیشی دروستدەکات. ئەوکات ئەویش ئەو پرسیارانەی لە لا دروستدەبێت کە لە کوێوە هاتووەو داهاتووی چیی بەسەردێت لە سەر ئەم کەشتییە. پێدەچوو نەیەوێت بیر لەوە بکاتەوە، یان ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو پرسیارانە لە خۆی بکات. لە چاوەکانی ئەوەم دەخوێندەوە کە دەیەوێت تەنها وەک هاوسەری دکتۆر مامەڵەبکاتو بیر لە هیچ

کام لەو پرسیارە جینگلپێدەرانە نەکاتەوەو مێشکی خۆی لێیان بێدەنگبکات. ناخی خۆی دەمکوتبکات، سەرکوتبکات، جینۆسایدی هەموو ئەو پرسیارانە بکات کە دەکرێت لە چیرۆکەکەی خانمی شەشەمەوە شەوان پێش ئەوەی خەوبچێتە چاوەکانی، لە ناخیەوە هەڵقوڵێن وەک کانییەکی تەقیو. ئەو نەیدەویست پرسیارەکانی خانمی شەشەم بەرۆکی ئەویش بگرن‌و دەستبکات بە بیرکردنەوەو تێفکرین، هەر ئەو نەویستنەش وای لێ کردبوو بڵێت کە چیرۆکەکانی خانمی شەشەم وا دیارە هەر بۆ سەرنجڕاکێشانی بینەر بوون. کە تەنانەت لە کاتی هەناسەتەنگییەکەشی بەسەریهات، بینەر بە هیچ شێوەیەک لێی نزیکنەبووەوە، بەڵکو ئەوە من بووم چووم‌و هاوکاریمکرد، چونکە من دکتۆری کەشتییەکەم‌و چارەسەری ئەو جۆرە حاڵەتانە لە لای منە.

پرسیم: باشە، دوای ئەوەی خانمی شەشەم نۆرەیهات کە بچێتە ژوورەکەی ئەوناسەوە، پێش ئەوەی ئەو ڕووداوە ڕوویدات، کە لە کەشتییەکەوە فڕێبدرێتەخوارەوە، هیچ قسەیەکی تری بۆ تۆ کردبوو؟

ئیسلا: وەڵڵایی دکتۆر گیان، ئەوەی ڕاستی بێت، خانمی شەشەم کە خۆی هەموو کات لە قسەکانی ناوەکەی خۆی بەکاردەهێنا بۆ قسەکردن لەگەڵ خۆیداو بیرکردنەوەو سەرزەنشتی خۆی، جارێکیان وتی: ئەی لیزای بەدبەخت‌و چارەڕەش، لەوە زیاتر چی! ئەو قسەیەی ڕێک شەوێک پێش نۆرەی خۆی‌و بەیانییەکەی تا شەو داهات، دووبارەدەکردەوە. بەردەوام قسەی لەگەڵ خۆیدا دەکردو دەیوت: دیسان لیزا، دیسان هەمان شت

دووبارەدەبێتەوە. دیسان هەموو ئەوانەی بەسەرتهاتووە، دووبارەدەبنەوە، هەموو ئەو زەبروزەنگو قیژەو ئازارەی هەتبوو، هەمووی دووبارەدەبنەوە. ئاخر نازانم بۆ، نازانم، هەموو خانمەکان کە دێنەدەرەوە، ئاوا زەردەخەنەیەکی سەیر لە سەر دەموچاویان دروستدەبێت. من هیچ کێشەیەکم نییە لەگەڵ ئەوەی برسیمە، با برسیم بێت، با سکم بئاوسێت بەوەی کە هەر خەریکی میوەخواردن بم. جا خۆ من هیچ کێشەیەکم نییە، تەنها با نەچمە ئەو ژوورەو بە تەنها لەگەڵ ئەو پیاوە لە ژوورەوە نەبم. ئاخر چاوقەوزە گیان، ئاخر من دەزانم، دەزانم، بیرمە ڕێک بیرمە، وا هەروا وێنەکە لە پێش چاوم ڕوونتر دەبێت کە ئەو پیاوە ئەسمەرە بالابەرزە لە ژوورەکەم چیی کرد لە لیزا، ئاخر بۆ دیسان دەبێت وام لێ بێتەوە، نامەوێت، نا!

نا! بیرۆکەیەکم بۆ هاتووە چاوسەوز، بۆ تۆ نایەیت لەگەڵ من شوێنەکەت بگۆڕیتەوە! باوەڕناکەم کەس هەستی پێ بکات، دەزانیت! خۆ بالامان زۆر لە یەکترییەوە نزیکە، من یەک توز لە کاتی گەڕانی بینەرو سەرباز خۆم بەرزدەکەمەوەو تۆش خۆت نزمبکەوە. ئیتر تۆ بۆ خۆت ئەمشەو دەچیتەژوورەوەو وەک هەر پێنجەکەی تر بە دڵخۆشییەوە دێیتەوەدەرەوە. دە توخوا تۆ لە جێی من ئەمشەو بچۆژوورەوە. نا، خۆ ناشبێت ئەوەندە زاڵم بم، تۆش توشی ئەو چارەنووسە سەیرو ئاڵۆزە بکەم. نە بابە، ناهێڵم، چۆن دەهێڵم تۆ لە جێی من بچیتەژوورەوە. بەشکم تا نۆرەی تۆ دێت، شتێک ڕوودەدات، بانشی هێرشبکات. هاهاها، بە چاوی گریانەوە، پێکەنینێکی زۆر شەیتانانە دەهاتەسەر لێوەکانی کە باسی بانشیی دەکرد، وەک ئەوەی گاڵتەی بە تەواوی

چیرۆکی تومولستان بێت‌و فشه‌ی به هێزشی بانشی بێت. جا دکتۆر، من نازانم، دیاره زۆر ده‌نگ خه‌به‌رمبووه‌ته‌وه که ئاوا هیچ بانشی‌و قیژه‌و شتم نه‌بیستووه‌و نه‌بینیوه، چونکه گوێم لێیه هه‌ندێک له پیاوه‌کان باسیده‌که‌ن‌و ده‌ڵێن که بینیویانه چۆن ئه‌وناس ئه‌وانی ده‌رکردووه‌و که‌شتییه‌که‌ی پاراستووه، من هیچی وام نه‌بینیوه. جا با له‌بیرمنه‌چێته‌وه چیم بۆ باسده‌کردیت دکتۆر، وه‌ڵڵا ئیتر هه‌ر خۆی پلانیداده‌نا که من بچمه جێگه‌که‌ی ئه‌وو هه‌ر خۆیشی پلانه‌کانی هه‌ڵده‌وه‌شانده‌وه. له‌وانه‌یه له به‌یانیی ئه‌و ڕۆژه تا شه‌وی شه‌شه‌م که نۆره‌ی خۆی هاتبوو، سه‌د جار ڕووداوی نێوان خۆی‌و کابرای ئه‌سمه‌ری به سه‌د جۆری جیاواز بۆ گێڕابمه‌وه. هه‌موو جارێکیش که باسی خوێنی سه‌ر زه‌وییه‌که‌ی ده‌کرد، هه‌ناسه‌یته‌نگده‌بوون‌و ئاره‌قه‌یه‌کی زۆری ده‌کرد. ده‌ترسام دیسان وه‌ک ئه‌و جاره‌ی تری لێ بێته‌وه‌و دووباره پێویستبکات تۆ بێیت‌و لێی نزیکببیته‌وه. ده‌زانیت دکتۆر، هیچ حه‌زم لێ نییه تۆ ئه‌و نه‌خۆشانه‌ی خانمی پیاوه‌کانی ترن، چاره‌یانبکه‌یت! ئاخر ده‌شزانم، خۆ تۆ ناتوانیت له فه‌رمانی ئه‌وناس ده‌ربچیت، بێگومان ده‌بێت چاره‌یانبکه‌یت، خۆ ناتوانیت لێیبگه‌ڕێیت هه‌ر ئاوا له خۆڕا بمرن‌و تۆش به‌هانایانه‌وه‌نه‌چیت، به خوا ده‌زانم تۆ چه‌ند به‌سۆزیت. ئه‌ری ده با له بابه‌ته‌که لانه‌ده‌م‌و بۆت بگێڕمه‌وه. ئه‌و شه‌وه تا کاتی چوونه‌ڕیزه‌که‌وه هه‌ر ده‌له‌رزی‌و ده‌گریاو ئاره‌قه‌یده‌کرد. هه‌ر ده‌یوت: تو بڕۆ جێگه‌که‌م‌و دواتریش خۆی په‌شیمانده‌بووه‌وه، تا له ژووره‌که هاتینه‌ده‌ره‌وه، هه‌ر چیرۆکه‌که‌ی دووباره‌و سه‌دباره‌ده‌کرده‌وه، تا شه‌ویش هات‌و ڕیزه‌که هات، به چاو


چەندین جار هەمان چیرۆکی بۆ گێڕاومەتەوە. پێدەچوو ئەوە تاکە شتێک بووبێت کە زۆری ئازاردابێتو هەرگیز لەیادینەدەچووەوە، بۆیە ئەو شەوە ئەوەندە بە شپرزەیی ڕۆیشت بۆ ژوورەکەی ئەوناس و دواتریش ئەوە ڕوویدا کە هەموومان بینیمان. دەبوایە بزانم کە جاسوسی بانشییە، دەبوایە بزانم کە خەڵکی تومولستانە. ئاخر گەر وا نەبێت، بۆچی جگە لەو، هیچ کەس هیچ شتێک باسناکات لە سەر ژوورێکی سپی! یان ژوورێکی پەمەیی! یان ژوورێکی زەرد! ئاخر ئەی وا نییە دکتۆر! گەر ئەو لە شوێنێکی واوە هاتبێت، ژوورێکی یەک ڕەنگ، کە خانمێکی قەڵەو دەرزیی لێ دەداتو دواتر پیاوێکی ئەسمەری بالابەرز دێتو ئازاریدەدات، دەبوایە ئێمەش بە لایەنی کەمەوە ژوورو ڕەنگی ژوورەکانی خۆمانمان لەبیر بێت، ئەی وا نییە! بە خوا من دەزانم، هەر بۆ بینەر وای دەکرد. هەر بۆ ئەوەی بوو شتێک بکات، پێی بڵێن جیاوازەو تەواو. کورە نەوەڵلا، لەبەرئەوەش نەبوو، هەر جاسوس بوو و تەواو، دەیویست شوێنی ئێمە ئاشکرابکاتو سەری هەموومان بخاتەناو ئاوەکەوە. ئا توخوا ببورە دکتۆر، دەزانم هیچ نەوەستاوم لە قسەکردن، ماندوومکردیت. دە تۆ تۆزێک باسی خۆتم بۆ بکە، با بزانم تۆ چیت لە بیرە!

من ئەو کاتە بە تەواوەتی هەموو بیرەوەرییەکانم وەک فلاش دەهاتنەوەپێشچاوم. هەموویان شتی پچڕ پچڕ، هیچ مانایەکیان پێ نەدەدام. بیرەوەرییەکان لەگەڵ قسەکانی ئیسلا لە ناخمدا نوێدەبوونەوەو دووبارە سەریان دەهێنایەوەدەرەوە، تا من بیانبینمو لێیان تێبگەم، بەڵام هیچ توانای ئەوەم نەبوو تێبگەم

لەو بیرەوەرییانەی وەک فلاش لە شێوەی دەنگو بۆشاییەکی سپییەوە دێنەوە خەیاڵم. پێم وت: ئیسلا گیان، من دکتۆری ئەم کەشتییەم، ئەرکی منە نەخۆشییەکانتان چارەسەربکەم. دەزانیت زۆر دڵم خۆشە کە تۆ بوویت بە خانمی من! چونکە من زۆر حەزدەکەم گوێبگرم کە یەکێک قسەم بۆ دەکات، بۆئەوەی بتوانم لە بیرکردنەوەکانیو قسەکانی ناو مێشکی تێبگەمو لێکدانەوەی بۆ بکەم. دەزانیت منیش کە تۆ ئەو قسانە دەکەیت، باش دەزانم کە خانمی شەشەم جاسوس بووە! چونکە هەر لە سەرەتای قسەکانیەوە دیارە دەیەوێت گومان بۆ خانمەکانی تر دروستبکات لە سەر ئەوناسو ئەو چیرۆکە ڕاستەقینانەی ئەو بە ئێمەی دەڵێت لە سەر تومولستان. ئاخر چەندین پیاوی هەمان ئەو ژوورەی ئێمەی لێ بوو، خۆیان بە چاوی خۆیان شەڕی نێوان ئەوناسو بانشییان بینیوەو دەزانن ئەو چۆن کەشتییەکەمانی پاراستووە. دەزانن ئەو بەڵێنی دوورگەی هەمیشە خۆشو خەونەکانمانی پێ داوین. ئیتر ئەو قسانەی شەشەم، تەنها پلانی تومولستان بووە تا خانمەکانمان لەخشتەببات، هیچ ناخی خۆتی پێ مەشغوڵمەکە. دەمەوێت زیاتر باسی خۆتم بۆ بکەیت، حەزت بە چییەو دەتەوێت گەر گەیشتین بە دوورگەکە، چۆنو لە کوێ خانووی خۆمان دیاریبکەین. دەزانیت لەوانەیە بتوانم بە بۆنەی ئەوەی کاربەدەستی نزیکی ئەوناسم، شوێنی کوخەکەی خۆمان؛ خۆمان دیارییبکەینو کوخێکی باش هەڵبژێرین! لەوانەیە دوورترین کوخ لەم دەریایەوە هەڵبژێرین، ئەوەندە ئەو دیمەنە دووبارەو دەبارەیەی جولەی ئەم دەریایەم بینیوە، خەریکە بە تەواوەتی لە ناو

بێزاردەبم، بۆیە گەر ئەوناس ڕای لە سەر بێت، حەزدەکەم کوخەکەی ئێمە زۆر دوور بێت لەم دەریایەوە، پشتیشمان لە دەریاکە بێت، تا کە دەخەوین، یان بەیانیان کە دێینەدەرەوە لە کوخەکەمان، دەریاکە نەبینین. ئەو شەوە، تا زۆر درەنگ، ئەو جۆرە قسانەم بۆ ئیسلا دەکرد. ئەویش باسی دیکۆری کوخەکەو ڕەنگی دیوارەکانی کوخەکەو خواردنی خۆش‌و قژی خۆی بۆ دەکردم. تا هەر خۆی لە کاتی قسە بێبڕانەوەکانیدا کە هەموویانم تا دەهات، زیاتر خۆشدەویست‌و دەمویست بەردەوامبێت لە قسە زۆرەکانی، خەویلیکەوت‌و کەوتەسەر سنگی من. منیش هەر لەگەڵ ئەودا، لە هەمان ئەو سوچەی کە دەستمان بە قسەکان کرد تێیدا، خەوتم‌و تا بەیانی خەبەرمنەبووەوە.





## بەشی سێیەم

# دوورگەکە

شتێکی سەیر هەیە، لە ناو سپیاییەکی تەواودا نقومبووە. دەرگایەکی سپی کە لە دیوارێکی سپی دراوە، دیارە لێمەوە. سەبر سەبر دەرگاکە دەکرێتەوەو ڕوناکییەکی سپیتر لە دیواری ژوورەکە دێتەژوورەوە لەو دەرگایەوە. دەبینم خانمێکی زۆر جوان لە ناو دەرگاکەوە، کە ئەویش هەر بەرگێکی زۆر سپیی لەبەردایە، دێتو قەڵەمو دەفتەرێکی سپیم پێ دەدات. پێچەوانەی هەموو شتە سپییەکانی دەورم، قەڵەمەکەم ڕەش دەنوسێت. بەبێ ویستی خۆم، ماڵێکی بچووک دروستدەکەم لە سەر پەڕەی یەکەمی ئەو دەفتەرە سپییە. چوار کەسی تێدا دروستدەکەم، دوو کەسیان خانمن؛ یەکیان بچووک، زۆر بچووک، ئەوی تریشیان گەورەیە. دوو پیاویش لە خانووەکە هەن، ئەوانیش یەکیان بچووکو یەکیان گەورەیە. سەیرە، بۆچی من ئەو وێنەیە لە سەر پەڕەی یەکەمی ئەو کتێبە سپییە دروستدەکەم! ئەسڵەن چ پێویستدەکات لە کاتی کێشانی ئەو وێنانەدا ئەندامی زاوزێیان زۆر بە تۆخی دروستبکەمو مەمکی خانمە گەورەکە بنەخشێنم، تا ڕوون بێت کام لە کەسەکانی ناو وێنەکەم خانمنو کامیان پیاون!

بە خێراییو بەبێ ویستی خۆم پەڕەکە هەڵدەدەمەوە، یەکێک لە پیاوەکانی خانووە بچووکەکە بە کۆمەڵێک پیاوی لە خۆی گەورەتر، ئەندام گەورەتر دەوەرەدەدرێت، پیاوە بچووکەکەی ناو خانووەکە پێدەچێت لە وێنەکانم زۆر دڵتەنگبێت بەوەی دەورەدراوە بە کۆمەڵێک پیاوی لە خۆی گەورەتر، کە هەموویان بە پێی قەبارەی ئەندامەکەیان بێت، لەو پیاوتریشن. دەورەدراوە، پێی پێدەکەنن، سەرزەنشتیدەکەن. وەک ئەوەی ئەو وێنانەی

دروستیاندەکەم، قسەبکەن لەگەڵمدا، چیرۆکێکم بۆ بگێڕنەوە، هەست بە گریانو دڵتەنگیی پیاوە بچووکەکە دەکەم کە وردە وردە بە پیاوی گەورەتر دەوروەدەدرێتو لە پێش چاوی خۆی ئا دیت، بچووکو بچووکتردەبێتەوە. پەڕەیەکی تر هەڵدەدەمەوە، خانووە بچووکەکە تەنها یەک پیاوو یەک خانمی تێدا ماوە، نە پیاوە بچووکەکە لەو خانووە بچووکە ماوەتەوە، نە خانمە بچووکەکەش دیارماوە. خۆیشم سەرم لەو وێنانەی خۆم دەسوڕمێت، دەزانم لە وێنەی لاپەڕەی پێشوو خۆم کێشاومە، کە پیاوە بچووکەکە جیادەکرێتەوە لەو خانووە بچووکەو دەوروەدەدرێت بە هەندێک پیاوی لە خۆی گەورەتر، ئەی خانمە بچووکەکە کوا! چیی لێ هات! بۆ دیارنەما! نازانم.

پەڕەیەکی تر هەڵدەدەمەوە، دووبارە خانوویەکی بچووکتر دروستدەکەمەوە، دووبارە پیاوە بچووکەکە دێتەوە لای پیاوو خانمە گەورەکەی ناو خانووە بچووکەکە. خانمێکی وەک پیاوە بچووکە پردەردەسەرییەکە دێتەناو خانووەکەیانەوە. پێدەچێت لە لاپەڕەکەم وردە وردە ئەو پیاوە بچووکەی جاران گەورەبووبێت، نا، ئەویش ئەسڵەن بووە بە پیاوێکی گەورە. ئەو خانمەی هاتە لایان، خانمێکی جیاوازە لەوەی پێشووتر لەگەڵیاندا بوو. لەوە دەچێت بووبێت بە خانمی پیاوە تازەگەورەبووەکە لەو ماڵە بچووکە.

هیچ شتێک لە دەست خۆم نییە، بۆ ئەو لاپەڕانە هەڵدەدەمەوەو ئەو جۆرە وێنانە دروستدەکەم! نازانم، بەڵام ئەی بۆچی دەستەکانم بە قسەی خۆم ناجوڵێن، ئەسڵەن من نیم ئەو وێنانە دروستدەکەم، نا، منم، هەر دەستەکانی خۆمن ئەو لاپەڕانە

کارەکتەرەکانی هەموو سەیروسەمەرانەی بەو وێنە دەنەخشێنن
پیاوە تازەپێگەیشتووەکەو دەهەڵدەدەمەوە، نوێ پەڕەیەکی ڕووتن.
هەر تازەپێگەیشتووەکە خانمە گەورەکەو خانمە گەورەکەو پیاوە
پێدەچێت پێدەکەنن‌و دڵخۆشن، پەڕەیەیان لەم چواریان
هەڵدایەوەو لاپەڕەیەم ئەو زوو زۆر نازانم، هەبێت. ئاهەنگێکیان
ڕەشە، لاپەڕەکە کرد، ئەو دوای لاپەڕەی نەخشاندنی بە دەستم
ڕەشاییە. لای هەردوو پەڕەیە ئەم تر. پەڕەکانی پێچەوانەی
کۆمەڵێک بچووکەکەن. خانووە ناو لە چواریان هەر سەیرە،
خانووە دەوری دێن‌و ڕووت ئەندامگەورەی پیاوی
هەر کە دروستدەکەم ئەوە بۆچی دەدەن. بچووکەکەیان
چواریان دەکوژن! هەر چواریان!
پیاوە ئەو تری، ڕەشەکەی لا لە ڕەشەکە، پەڕە لەودیوی نا،
نەخۆشی‌و بە دیارە وا دروستدەکەمەوە، تازەپێگەیشتووە
پەڕە دێتەوەناو نەمرێت. بڕیاریداوە ماوەتەوەو هەر بێداری
پیاوە ئەو کە لەوەی پەلەن بە زۆر دەستەکانم دەبینم سپییەکە.
بەلام سپی، پەڕەیەکی سەر لە دروستبکەنەوە تازەپێگەیشتووە
پشتەوە لە توندی بە لەبەرە، ڕەشی جلێکی کە ڕەش، دەستێکی
کە بڕۆم سپییە دەرگا ئەو بەرەو ناهێڵێت ڕامدەکێشێت‌و
هیچ ناتوانم ڕامدەکێشێت‌و دێتەدەرەوە، لێ سپیی تیشکێکی
دووری دوور فڕێدەدەم، لەوێ دەفتەرەکەم بکەم. بەرگرییەک
هەر ڕایبکێشێت. منداڵ لەگەڵ نەتوانێت ڕەشەکە دەستە تا دەهاوم،
ئاسمانەوە لە بەرزدەکاتەوەو من دەست هەمان
فڕێمدەداتەخوارەوە بۆ ناو کەشتییەکی قاوەیی تاریک.

بەردەبمەوە، وا دەزانم لە ئاسمان بەربوومەوە. دکتور، دکتور گیان، دکتور، هەستەوە. هەڵدەستمەوەو دەبینم، جگە لە خەویکی بیماناو بیسەروبەرە، هیچ شتیک نەبوو. هەموو خەڵکی ناو کەشتییەکەو ئیسلاش هاواردەکەن، هێی، هێی، دوورگەکە!

ئەو رۆژە کە هەستامەوە لە خەوەکەم، کە وام دەزانی لە ئاسمانەوە بەرمدەدەنەوە بۆ سەر کەشتییەکی قاوەیی، بینیم خەوەکەم تەنها رەنگدانەوەی بەرکەوتنی کەشتییەکەمان بووە بە وشکانیی دوورگەیەکی زۆر سەوزو جوان. لەو کاتەی کە کەشتییەکەمان بەر وشکانیی بنکی دەریاکە کەوتووە، منیش ئەو خەونە بیمانایەم بینیوەو وام زانیوە بەربوومەتەوە. وا دیارە زۆربەی سەرنشینەکانی تر پێش من خەبەریانبووەتەوەو خۆشحاڵیی خۆیان دەردەبڕن بە راستگەرانی بەڵێنەکانی ئەوناس. هەموویان هاواردەکەن، سوپاس ئەوناسی گەورە، سوپاسی ئەی گەورەو سەروەری ئێمە، سوپاس خۆشەویستی هەموو خەڵکی کەشتییەکە! هەموویان و دەبینم لە ناو هەموویاندا ئیسلا زۆر بە دەنگێکی گەورەوە هاواردەکات: سوپاس ئەی خۆشەویستی هەموان. ئەوناس، دیار نییە.

سەیرێکی شوێنەکەی بینەرم کرد کە لەگەڵ خانمەکەی لەو کاتەوەی منو ئیسلا دانیشتبوون، وەک ئێمە دانیشتبوونو قسەیاندەکرد، دەمبینی بینەر لە جاران زیاتر تورەییو گومان بە ناوچەوانییەوە دیارنو بە گومانەوە سەیری دەرگاکەی ئەوناس دەکات. خانمەکەی ئەویش وەک ئیسلای من هاواردەکات: سوپاس ئەی ئەوناسی مەزن! سەیری پشتەوە دەکەم تا ببینم سەربازو خانمەکەی هەردووکیان لە دواوە بە بالابەرزەکەیانەوە

هاواری سوپاسگوزاری دەکەن بۆ ئەوناس‌و بە گەورەو
خۆشەویستی هەموانی لەقەڵەمدەدەن. هیچ کەسێک نەبوو لە
سەر ئەو کەشتییە ئەو هاوارانە نەکات، جگە لە من و بینەر. کە
بینەر چاوی گومانی بڕییە من، منیش چوومە تەنیشت ئیسلاوەو
دەستم بە هاوارکردنێکی درۆینە کردو ناوە ناوەش بە سوچی
چاو سەیری بینەرم دەکرد، کە هەر بەردەوامبوو لە ڕوانینە
بەدگومانەکانی بۆ من و ناوە ناوەش بۆ ئیسلای خانمی من.
دەمبینی هەموو خەڵکەکە هاواردەکەن، تەنها بینەر نەبێت.
نەشمدەوێرا هیچ بیرکردنەوەیەکم هەبێت‌و لەگەڵ ناخمدا هیچ
جۆرە گفتوگۆیەک بکەم، چونکە بڕوام وایە بینەر گوێی لە هەموو
بیرکردنەوەکانم دەبێت‌و ئەسڵەن وەک فیلمێک دەیانبینێت بە
وێنە، کە چۆن بیردەکەمەوەو خەیاڵم چ شتێکی تێدا دەگوزەرێت.
بەبێ ویستی خۆم، ناخم لەو کاتەی کە من بیرم لەوە دەکردەوە
کە نابێت بیربکەمەوە هاتە جواب. دەیوت: دەزانیت پێدەچێت
ئەسڵەن ئەوناس نەزانێت گەیشتووینەتە دوورگەکە! لەوانەیە
ئەمشەو تا درەنگ لەگەڵ خانمەکەیدا گۆشتیان خواردبێت‌و
خەریکی ڕابواردن بووبن! بەبێ ئەوەی من تێبگەم ئەو وشە
تازەیە چییە ناخم بەکاریدەهێنێت؛ ڕابواردن، لە کاتی
قسەکردنەکانیدا، لەو بیرکردنەوانەدا بووم کە ئەوناس بە خۆی‌و
خانمە سپیپێستە قژئاڵتوونە کاڵەکەیەوە بە جلوبەرگێکی جیاواز
لە جلوبەرگی هەموو پیاوو خانمەکانی ناو کەشتییەکەوە لە
ژوورەکەی خۆیان هاتنەدەرەوە. ئێمە هەموومان سپیپۆش
بووین، تەنانەت خانمەکەی ئەوناسیش، بەڵام ئێستا دەبینین کە
ئەوناس جلێکی زۆر سەیروسەمەرەی لەبەرکردووە. وەک

ئەوەی بە تەواوی بووبێت بە بونەوەرێکی تری باڵا، کە لە ئاستی ئێمەدا نەبێت، لە ژوورەکەی هاتەدەرەوە. خانمەکەشی جلێکی درێژی پەمەیی لەبەربوو، کە لە ژێر جلەکەیەوە هەندێک پارچە قوماشی تر دیار بوون ڕەنگیان سپی بوو، پێدەچوو بە تایبەت ئەوناس ئەو جلەی لە "ئەو" داواکردبێت بۆ خانمەکەی و شتێکی زۆر سەیری تر ئەوە بوو کە قژی خانمەکەی زۆر بە شێوەیەکی سەیروسەمەرە خاوو ڕێکوپێکبووەوەو بە سەر شانەکانیدا هاتبووەخوارەوە. ئا، با سەیرێکی بینەر بکەم، لەو بیرکردنەوانەم باشترە، دەمبینێت، ئێستا ئەویش وەک خانمەکەی خۆی هاوار دەکاتو هوتافدەکێشێت بۆ خۆشەویستیو گەورەیی ئەوناس. سەیری منیش ناکات، ئێستا بینەر؛ بینەر نەماوەو بە تەواوەتی وەک هەر کەسێکی تری سەر ئەم کەشتییە دەردەکەوێت، تەنانەت چاوەکانیو ڕوانینەکانیشی گۆڕاون. لەگەڵ هاتنەدەرەوەی ئەوناسو بینینی خەڵکی سەر کەشتییەکەدا، بینەر ڕاستەوخۆ دەبوو بە سەربازی دووەم. خۆی بە تەواوی لەدەستدەدا، بەڵام ئەو کاتانەی ئەوناس دیار نەبوو، ئەو بە تەواوی چاوەکانی شتێکی تریان دەوت لەوەی کە ئێستا دەیڵێن. هەر چۆنێک بێت، دوای ماوەیەکی زۆر لە هاتنەدەرەوەی ئەوناسو هوتافکێشانی ئێمەو نوسانی دەنگمان، ئەوناس هەردوو دەستەکانی بەرزکردەوەو وەک ئەوەی بە زمانێکی گشتگیری گەردوونی قسەبکات، لەگەڵ بەرزکردنەوەی دەستەکانیدا، هەر هەموومان بە یەک جار بێدەنگبووین. وەک ئەوەی ئێمە ئامێرێکی ئەلیکترۆنی بینو لەگەڵ داگرتنی پلاکەکەمان بکوژێنینەوە، هیچ لەوە نەدەچوو ئەوناسیش هەمان

پلەی ئێمەی هەبێت، نا، من ئێستا وردە وردە دڵنیادەبمەوە کە ئەوناس بە تایبەت لە لای "ئەو"ەوە نێردراوە بۆ ئەوەی ڕێگەی ڕاست بە ئێمە پیشانبدات. ئاخر مەگەر دەکرێت ئەو هەموو خەڵکە لە سەر کەشتییەک بەبێ ئەوەی هیچ مەبەستێک لە پشتیانەوە بێت، دروستببن هەر وا لە خۆڕایی! نا، بڕواناکەم شتێکی وا قابیلی ڕوودان بێت. حەتمەن ئێمە بۆ مەبەستێک خراوینەتەسەر ئەم کەشتییەو دڵنیاشم لەوەی کە "ئەو" کە ئێمەی دروستکردووە، هەر وا بەڕەڵلاماننەکات سەرگەردانببین. ئەوەتا ئەوناسی بۆ ئێمە ناردووەو ئێمەی لە بانشی ڕزگارکرد بە شایەتی چەندین خەڵکی سەر ئەم کەشتییە. لە هەمووشی گرنگتر، گەر پێشتر گومانێکم لە ڕوداوەکەی بانشی هەبووبێت کە ڕابردوو بووەو خۆم بە چاوی خۆم نەمبینیوە، ئێستا هیچ گومانێکم لە ڕاستگۆیی ئەوناس نەماوە، چونکە ئەوەتا ئەو چەند لەمێژە پێمان دەڵێت کە ئارامبگرین، بە ڕاستی ڕۆژێک دێت دەگەین بە دوورگەیەکی سەوزو جوان، کە دەتوانین لەو دەریا نەفرەتییە ڕزگارمانبێتو خانوو و کوخی خۆمان هەبێتو ئاوبخۆینەوەو بە دڵی خۆمان گۆشت بخۆین. لەوەش زیاتر، بەڵێنی ئەوەی پێ داوین کە لەگەڵ خانمەکانماندا توانای ئەوەمان هەبێت کەسی وەک خۆمان دروستبکەین بە بچووکیو گەورەیانبکەین! نازانم چ شتێک لەو هەموو بەڵێنە ڕاستەی ئەوناس زیاتر پێویستە تا من ناخم هیچ گومانێکی نەمێنێت! بێگومان لەمەودوا دەبێ تەنانەت ناخیشم بە تەواوەتی تەسلیمی بڕیارو قسەکانی ئەوناس بێت. ئەو ڕاستی لەگەڵ ئێمەدا وتو ئێمەی گەیاندە ئەو شوێنەی کە بەڵێنی پێ دابووین بمانگەیەنێت

پێی. ئەوناس، خۆشمدەوێت، ئەی سەروەرمان، ئەی گەورەمان، ئەی ڕابەری کەشتییەکەمان! ئەو قسانەم لەبەر خۆمەوە بە دەنگێکی کز دەوت‌و فرمێسکێک لە چاوەکانم دەهاتنەخوارەوە، کە نەمدەزانی فرمێسکی بێهیوابوونی ناخمە لە بیرکردنەوەکانم، یان فرمێسکی دڵخۆشییە لە بەرانبەر ڕاستبوونی بەڵێنەکانی ئەوناس، بەڵام ئەوە بەس من نەبووم، هەموو ئەوانەی لە سەر کەشتییەکە بوون، ئێستا فرمێسک لە چاوانیان دەهاتەخوارەوە، ئیسلاش، ئیسلاش دەگریا. دوای ئەوەی ئەوناس دەستەکانی بەرزکردەوە، بە دەنگێکی ئارام، بەڵام زۆر بەهێزەوە وتی: هۆ ئەی خەڵکەکەم، ئەی خەڵکە ئارامگرو باشەکەم، بە ڕاستی ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە کە "ئەو" بەڵێنی پێ دابووین بۆمان بهێنێتەجێ. "ئەو" بەڵێنیدا ئێمە لە ئاوی دەریاکە بپارێزێت‌و ئەم کەشتییەی بۆ ناردین، "ئەو" بەڵێنیدا لە هێرشەکانی تومولستان بمانپارێزێت‌و کردی، "ئەو" بەڵێنیدا کە بمانگەیەنێتە دوورگەی خەونە بەدینەهاتووەکانمان، بۆ کوخەکانمان و ژیانێکی بێژان‌و ئاسوودەیی، گەیاندینی. ئێستا دەبێت هەمووتان سوپاسیبکەن، بە ڕاستی دەبێت هەموومان فرمێسکەکانمان بڕێژین، سوپاسیبکەین لە ڕێگەی جێبەجێکردنی ئەو فەرمانانەی ئەو لە ڕێگەی منەوە پێتانی دەگەیەنێت. لەمەودوا هەموو بەیانییەک، هەموومان زوو هەڵدەستین‌و دەستەکانمان بۆ لای ئەو بەرزدەکەینەوەو سوپاسیدەکەین. سوپاسیدەکەین بۆ ڕزگارکردنی ئێمە، سوپاسیدەکەین کە ئەو دوورگەیەی بە ئێمە بەخشی. سوپاسیدەکەین کە وای کرد ئێمە بتوانین بگەین بەو دوورگەیەو بە سەلامەتی‌و بە لەشێکی بەهێزەوە لە ناو ئەو ئاوە

گەورەیە ئێمەی هێشتەوە. هەموومان بەیەکەوە هاواردەکەین:
سوپاس بۆ تۆ، سوپاس بۆ تۆ!
هەموومان زۆر بە تامەزرۆییەوە هاوارماندەکرد: سوپاس بۆ تۆ، سوپاس بۆ تۆ. هەندێک لە پیاوەکان دەچوون سەریان دەخستە لای پێیەکانی ئەوناس‌و هەندێک خانمیش سەریان دەبردە لای پێیەکانی خانمەکەی. نازانم، لەوانەیە پێیەکانیان ماچبکەن، نازانم بۆ وا دەکەن‌و ئەوە واتای چییە، بەڵام دڵنیا بووم ئەوناس‌و خانمەکەیشی پێیان خۆشە، چونکە ئەو کاتەی خەڵکەکە وایان دەکرد، ئەوانیش سەیری یەکتریان دەکردو خەندەیەکی سەیر لێوەکانی دادەپۆشین.

دوای ماوەیەکی باش لە هاوارو گریان‌و پێماچکردن‌و سوپاسکردنی "ئەو"، ئەوناس هاواریکرد کە هەموو پیاوەکان دابەزن لە کەشتییەکەو خۆیان بگەیەننە دوورگەکە. لە پێش دەرگاکەی خۆیەوە هەندێک قسەی لەگەڵ سەربازدا دەکرد، دواتر سەرباز دەچووە لای ئەو پیاوانەی دابەزیبوون بۆ دوورگە سەوزەکەو هاواری بە سەردا دەکردن. بە هەڵمەتی هەموویان چەند درەختێکی سەر دوورگەکەیان بەردەدایەوەو بەرگی درەختەکانیان هەڵدەماڵی. هەر بە بەرگی درەختەکان، درەختەکانیان بەیەکەوە دەبەستەوەو دواتر ڕاڕەوێکیان دروستکرد. بەشی خوارەوەی درەختەکەیان بە کەشتییەکە هەڵپەسارد، بۆئەوەی ڕاڕەوە دارینەکە ڕاستەوخۆ لە کەشتییەکەوە بڕوات بۆ ناو دوورگەکەو پێویستنەکات ئەوناس وەک خەڵکە ئاساییەکە خۆی هەڵداتەناو ئاوەکەو دواتر بگات بە دوورگەکە. لەوە دەچوو کە کەشتییەکە کێشەیەکی بۆ

دروستبوبێت، چونکە زۆر هاتبووە کەناری دوورگەکە، زەحمەت بوو دووبارە پاڵی پێوە بنرێتەوەو بتوانێت بچێتەوەناو دەریاکە. پێدەچوو بە خێرایی بەرەو ڕووی دوورگەکە هاتبێت و بەریکەوتبێت، چونکە ئەو کاتە سەربازیش وەک هەموو پیاوەکانی تری سەر کەشتییەکە سەرقاڵی قسەکردن بووە لەگەڵ خانمەکەیدا، یان بەیەکەوە خەویانلێکەوتووە، بۆیە پێدەچێت کەشتییەکە جارێکی تر نەتوانێت بچێتەوەناو دەریاو ئەم شوێنە بەجێبهێڵێت. ئەوناس پێش ئەوەی لە کەشتییەکە دابەزێت، بینەر دەنێرێت بۆ بەشی دوای درەختەکانی دوورگەکە، بینەر هەمیشە خانمەکەیشی لەگەڵ خۆیدا بۆ هەموو شوێنێک دەبات. بەیەکەوە دەڕۆن و هەموو پیاوەکانی تر کە ڕاپەوەکەیان دروستکردووە، خانمەکانیان بە سەر ڕاپەوە دارینەکەدا دەبەنەسەر دوورگەکەو دەستی خانمەکانیان دەگرن و زەردەخەنە لە لێویان ناتۆرێت. من و نیسلا، هاوشێوەی ئەوناس و خانمی نوێیەم، وەستاوین لە سەر کەشتییەکە، وەک ئەوەی چاوەڕێی هەمان ئەو شتەبم کە ئەوناس چاوەڕێیەتی، منیش چاوەڕێم کە بینەر بێتەوەو پێمان بڵێت کە پشتی درەختەکان شوێنێکی چۆنە. بینەر زۆر بە هێمنی دوای ماوەیەک و جوڵانی خۆرەکە بۆ ناوەڕاستی سەرمان گەڕایەوە. وەک ئەوەی بینەر بووبێت بە سەرباز، لە دوورەوە هاواریدەکرد: خەڵکینە، تەواو، وەرن و دەست بە کوخدروستکردن بکەن، ئەوە ئەو شوێنەیە کە "ئەو" بەڵێنی پێ دابوون، پێتان دەبەخشێت. ئەو قسانەی دەکردو هەموو پیاوو خانمەکان بە خرۆشانێکی زۆرەوەو بە ڕاکردن دەڕۆیشتن بۆ ناو دارەکان و سەربازیش پێشیاندەکەوت. وەک ئەوەی پێشتر

سەرباز هەندێک شتی زانیبێتو لەلایەن ئەوناسەوە ئاگادارکرابینەوە، هەر پێش ئەوەی ئەوناس‌و خانمەکەی دابەزن لە کەشتییەکە، پێش تەواوی خەڵکەکە کەوتبوو و لەگەڵ ئەواندا دەستیکرد بە دروستکردنی کوخەکان، کە ئەوناس پێشتر باسیکردبوو. بێگومان یەکەم‌و گەورەترین کوخ، گرنگترین کوخە؛ کوخەکەی ئەوناس. وا پێدەچوو کە ئەوناس دانەبەزێت لەگەڵ خانمەکەیدا تا کوخەکەی تەواونەبێت، بینەر لە دوورەوەو لە خوارەوەی کەشتییەکە وەستاو سەیری ناو چاوانمی دەکرد. وەک ئەوەی بە چاوەکانی بە تورەییەوە هاواربکات کە من بۆچی لە جیاتیی هەموو خەڵکەکە دانەبەزیوم‌و هێشتا لە لای ئەوناس‌و خانمەکەی ماومەتەوە. وەک ئەوەی بڵێت: تۆش دەبێت بێیت‌و خەریکی دروستکردنی کوخە گەورەکە بیت. دەمویست بڕۆمەخوارەوەو بە سەر ڕێڕەوە دارییەکەدا بڕۆم، بەڵام ئەوناس وتی: دکتۆر، تۆو خانمەکەت لێرە بمێننەوە، پێویستە هەندێک سەیری خواردنەکانمان بکەین‌و هەندێک شتی ترت پیشانبدەم کە پێشتر تۆ نەتبینیون، بەڵام من داوام لە ئەو کردووە کە فێرتبکات چۆن ئەو شتانە بەکاردەهێنێت. ئیسلا خان، تۆ لەگەڵ خانمەکەم لە دەرەوە بمێننەوە، من‌و دکتۆر تا ژوورەوە دەچین‌و دەگەڕێینەوە. هەم من و هەم ئیسلا، شۆکبووین کە ئەو چۆن ناوی ئیسلا دەزانێت، لە لایەکیش هێندەی تر باوەڕم بە ئەوناس پتەوتردەبوو، کە هەر قسەیەکی ئەو دەیکات، بێگومان ڕاستییەو ڕێک‌و ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەوەوە پێی وتراوە، بۆیە بەبێ هیچ وەستانێک دوایکەوتم‌و چووینەوە ئەو ژوورەی کە پێشتر شەوان لەگەڵ بینەرو سەربازدا دەهاتین‌و

لەگەڵ ئەوناسدا گۆشتمان دەخوارد. دەمبینی ژوورەکە بە تەواوی گۆڕاوە، سیمایەکی زۆر ناسکو خانمانەی وەرگرتووەو هەموو ئەو شتانەی لەوێدا بوون، زۆر بە ڕێکی دانراون. دواتر ئەوناس وتی: دکتۆر، وەرە دوامکەوە، دەچینە ژووری مەڕەکان. ناخم دەیوت: چی! واتە ژووری تر لە ناو ئەم ژوورە هەن کە گۆشتەکانیان لێوە دەهات! ئەی بۆ من هەرگیز ئەو ژوورانەم نەبینیوەو هەستیشم پێ نەکردوون! بە دەرگایەکی بچووکی ناو ئەو ژوورەو بە هەندێک پلیکانە ڕۆیشتینەخوارەوە، ئەوناس شتێکی سەیری پێ بوو کە دوگمەیەکی داگرت، بە تەواوی سەر پلیکانەکانی ڕوناککردەوە. ڕۆیشتینەخوارەوە بۆ ئەوەی ببینین، چەندین مەڕی سپیی نەرمی جوان هەنو خەریکی میوەو ڕووەکخواردنن. منی دکتۆری بەرپرسی خواردنو میوەکان کە پێم وا بوو هیچ میوەیەک نەماوە ئەو خەڵکە بیخۆن، ئێستا دەبینم کە چەند میوەی زیاترو چەند سەوزایی لەو ژوورەدا هەیە. ئەو هەموو گۆشتەی کە ئەوناس بەردەوام دەیدا بە خانمەکانو دواتریش بە هەموو خەڵکەکە لێرەوە دێت. دواتر بە تەنیشت مەڕو خواردنەکانیاندا ڕۆیشتینو گەیشتین بە ڕەفەیەکی دارینی زۆر خاوێن، کە کۆمەڵێک پاکەتی سپی لە سەر بوو. من لە کاتی بینینی هەر شتێکی سپیدا کۆمەڵێک دەنگی سەیر لە ناو سەرم دەزرینگێنەوە، کە هەندێک جار دڵم خۆشدەکەنو هەندێک جاریش وەک ئێستا قیژەو گریانن، کە بانگمدەکەن: دکتۆر، دکتۆرو منیش ناتوانم هیچیان بۆ بکەمو هەموو قیژەو گریانەکان دووردەکەونەوەو وەک ئەوەی هەست بە مردنیان بکەم، هەستێکی سەیرم بۆ دروستدەبێت. ئەوناس وتی: دکتۆر، ئەمانە

دەبینێت، من ئەمشەو لەلایەن "ئەو"ەوە هەموویانم بەدەستکەیشتووەو پێی وتووم کە تۆ هەر کام لەم پاکەتانە دەزانیت چۆن و کەی بەکاربهێنیت، بەلام ئێستا هیچیان نازانیت، بەلکو دەبێت هەموو ئەو پاکەتانە لە ناو ئەم جانتا سپییەدا دابنێیتو هەر کاتێک یەکێک لەو خەلکانەی خەریکی دروستکردنی کوخەکانن، توشی کێشەیەک بوو کە ژیانی بخاتەمەترسییەوە، تۆ ئەم جانتایە سپییە بکەوە، خۆت دەزانیت کام پاکەت بۆ کام نەخۆش بەکاربهێنیتو چۆنیش بۆی بەکاربهێنیت. هیچ دوودڵ مەبە لە بەکارهێنانیان، چونکە "ئەو" خۆی ڕێنوێنیدەکاتو بە تەواوەتی گرنگی بە تۆ دەدات.

من نەمدەزانی چی بلێمو چی بکەم، هەستمدەکرد ئەوناس زۆر بە دەنگێکی نەرم قسەدەکاتو زۆر منی خۆشدەوێت، هەر بۆیە داوای تایبەتی لە "ئەو" کردووە کە من فێری هەندێک شت بکات، کە هیچ کەسێکی تر لە خەلکی سەر ئەم کەشتییە نایانزانێت. پێم سەیر بوو کە من چۆن بتوانم چاکەی ئەوناس بدەمەوە، لە کاتێکدا لە ناخمدا بەردەوام گومانی سەیروسەمەرەو ڕەشو تاریک هەن دەربارەی ئەوناس. هەندێک جار دەمویست خۆم ئازاربدەم، خۆم لە کەشتییەکەوە فڕێبدەمەخوارەوە، یان بە قایشی ئەو جانتا سپییەی ئێستا ئەوناس پێی داوم، خۆم بخنکێنم. ئاخر دوای ئەو هەموو چاکەیە، دوای ئەو هەموو فێرکردنو باشبوونە لەگەڵ منێکی سادەو هیچنەزاندا، چۆن ناخم دەتوانێت بیرکردنەوەیەکی خراپی هەبێت دەربارەی ئەوناس، نا، نا، ئەوناسیش نا، دەربارەی خودی "ئەو"! ئاخر چۆن دەبێت! ئەوناس بەردەوامبوو لە ڕۆیشتنی خۆیو هەر خۆی بە دەستی

خۆی پاکەتە سپییەکانی دەخستەناو جانتاکەمەوە، جانتاکەشم وەک ئەوەی بنەکەی کون بێت، هەموو پاکەتەکانی جیدەبووەوە، بەبێ ئەوەی هیچ کامیان بکەونەسەر زەوی کەشتییەکە. کە گەیشتە کۆتایی ڕەفەکان، ڕێک دەفتەری سپیی ناو خەونەکەمی هەلگرت لە سەر ڕەفەکە، ڕێک قەڵەمی سپیی سەیروسەمەرەی ناو خەونەکەمی بەدەستەوەگرتو پێی دام. ئەم جارەیان دەفتەرو قەڵەمەکە پێچەوانەی پاکەتەکان، نەیخستەناو جانتاکەمەوە، بەڵکو دایە دەستی خۆم، منیش یەکسەر دەستەکانم دەستیان بە لەرزین کرد. نەمدەزانی لە ناو خەونێکی سەیرو نامۆدام، کە لە خەوەکەدا خەودەبینم، یان هەر بە ڕاستی ئێمە گەیشتووینەتە دوورگەکەو ئەوە ئەو دەفتەرە سپییە سەیروسەمەرە پڕوێنەیەیە کە لە خەونەکەمدا بینیومە! بۆئەوەی دڵنیابمەوە کە هەمان دەفتەری خەونەکەمە، دەفتەرەکەم کردەوە تا بزانم پەڕە ڕەشەکەشی تێدایە!

دەبینم ڕێک، ڕێک پەڕەی شەشەمی دەفتەرە سپییەکەم، هەمان ژمارەی خانمی شەشەم کە ئەو شەوە خرایەناو دەریاکە، پەڕەیەکی ڕەش ڕەشی تاریکە. هیچ شتێک لە سەر پەڕەکان نەنوسراوە، هیچ شتێک دروستنەکراوە، جگە لە یەک ڕستەی زۆر سەیروسەمەرە نەبێت، کە لە سەر پەڕەی یەکەمی دەفتەرەکە هەیە. نوسراوە: "پێشکەشە بە پەرستارەکە!"




Description

بسم الله الرحمن الرحيم
🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و بابەتی جیاواز🤍

ئەم کتێبە لەلایەن { ئازیزێکی چەناڵ }
کراوە بە دیاری بۆ خوێنەران

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

t.me/tanyahaji7

Invite Link

## بەشی چوارەم

# کوخەکان

وەک ئەوەی دوێنێ بووبێت، هێشتا لە یادمدا وەک خۆی زیندووە، هەموو ئەو شتانەی کە ئەو ماوەیە ڕوویاندا، وەک ئەوە بوو کە لە ماوەی یەک کاتژمێردا ڕوویبدەن. وەرگرتنی دەفتەرە سپییەکەم، هاتنەدەرەوەمان لەگەڵ ئەوناس‌و بینینی ئیسلاو خانمی ئەوناس بەیەکەوەو بە زەردەخەنەو پێکەنینەوە، دابەزینمان بۆ دوورگەکەو بینینی بونیادنانی کوخە مەزنەکەی ئەوناس‌و دواتریش بینینی ئەو خێراییە باوەڕپێنەکراوەی خەڵکی ناو کەشتییەکە بۆ بونیادنانی کوخەکەی ئەوناس. ئەوەندە خێرا کوخەکەیان ڕاستکردبووەوە، ئەوەندە خێرا دارەکانی ئەو دوورگەیە برابوون، پوشەکان کۆکرابوونەوە، هەستمدەکرد من تەنها چەند ساتێک لە ناو ژوورەکەی ئەوناس‌و خوارتر نەماومەتەوە، بەڵکو لەوانەیە چەند مانگێکی پێچووبێت تا من‌و ئەوناس چووین‌و ئەو شتانەی پیشاندام کە پێشتر باسمکردن. نازانم، هەر بە ڕاست، مەگەر دەکرێت کوخێکی ئەوەندە گەورە، وەک ئەوەی ئەوناس، ئاوا بە زوویی‌و لە ماوەیەکی زۆر کورت قیتبکرێتەوە، تا کەسێکی مەزن‌و گەورەی وەک ئەوناس تێیدا بژی. بە ڕاستی سەرمسوڕمابوو لە خێرایی خەڵکی ناو کەشتییەکە کە چۆن توانیویانە شتێکی وا لە ماوەیەکی وا کورتدا دروستبکەن. کە من‌و ئەوناس‌و خانمی هەردووکمان لە پشتمانەوە لە سەر کەشتییەکە وەک کۆتا کەسەکانی سەر کەشتییەکە لە دوورگەکە دابەزین، هەستمدەکرد کە خەڵکەکە بە چاوێکی زۆر گەورەو ڕێزێکی گەورەتر لە جاران سەیری من‌و خانمەکەشم دەکەن. ئاخر ئەو دیمەنە بهێنەبەرچاوی خۆت، گەورەو سەردارو خۆشەویستی ئەو هەموو خەڵکەی لە سەر

دوورگەکەن، وەک کۆتا کەس لە سەر کەشتییەکی زۆر بێزراو دێتەخوارەوە، کۆتا کەسیش لەگەڵیەتی‌و لە تەنیشتیەوە دەڕوات، منم!

هەر من نا، هەر ئەو منەی جاران نا، بەڵکو منێک بە خانمێکی شۆخوشەنگ لە پشتمەوەو کۆمەڵێک مەڕی زۆر جوان‌و خوریی سپییش لە پشتی خۆم‌و ئەوناسەوە. مەڕەکان لەگەڵ هاتنەدەرەوەی من‌و ئەوناسدا وەک ئەوەی بزانن، ئێستا کاتی هاتنەدەرەوەیە، بەبێ هیچ زەحمەتییەک خۆیان شوێنمانکەوتن‌و یەک یەک بە سەر ڕاڕەوە دارینەکەی کە سەربازو خەلکەکە دروستیانکرد، دەهاتنەخوارەوەو لە دوورگەکە دەستیان بە گیاخواردن دەکرد. ئەو هەموو مەڕە ئەو هەموو ماوە زۆرە، چۆن توانیویانە لە ژوورێکی وا تەنگ‌و بە میوە بژین! نازانم!

نازانم چۆن ئەسڵەن ئەو میوانە بۆنیانەکردووەو چۆنیش تا ئێستا وا بەم شێوەیە ماونەتەوە، بە ڕاستی هەموو ئەوانە پرسیاری زۆر زۆر سەیر بوون کە دەمویست لە خۆمیان بکەم‌و واش وەلامیانبدەمەوە کە لەبەرئەوەی ئەوناس توانایەکی سەرووسروشتی‌و ناوازەی هەیە، توانیویەتی مەڕەکان بە خرپنی بهێڵێتەوە، میوەکانیش هەر وا بە جوانی بهێڵێتەوە، بەلام هەمیشە ناخم پێش ئەوەی ئەو وەلامە بدەمەوە، خۆم پێشی پێ دەگرتم‌و ئەوەی بیردەخستمەوە کە ئەوناس بۆ دیاریکردنی ئەو خانمەی ئێستا هەیەتی، ٨ خانمی تری بە ڕیز ڕووتکردووەتەوە، لە ناو ئەو ٨ خانمەی پێشوو دانەیەکیشیانی بە دەریادا داوە، کە بە پێی گێڕانەوەکانی ئیسلای من بێت، خانمی شەشەم هیچ لە جاسوس‌و خەلکی تومولستان ناچێت، بەلام ئەو هەموو

زانیاریو ئەو هەموو شتە سەیرانەی ئەوناس لە توانایدا بوو بەجێدەهێڵێت. لە راستی من بە واقوڕماوی ئەوەیە، تا دێت، ئەوناس متمانەی زیاتر دەدات بە ناخۆشتریش منو لە پێش چاوی خەڵکەکە بە کەسێکی نزیکتر لەو دەردەکەوم، ئاخر چۆن دەتوانم لەگەڵ ئەو هەموو گومانانەی ناخم، کە وەک ئەوەی کرمێک بن لە دارێکی هەزار ساڵەیان دابێت، خەریکە لە ناوەوە دەمخۆن، بەردەوامبم!

دابەزینەناو دوورگەکە، ئیسلا هاتەوەتەنیشتم، خەڵکەکە هەموویان کشانەوە بۆ ئەوەی جێگەی ئەوناس بکەنەوە لە سەر دوورگەکە. ڕاستەوخۆ دوای دابەزینمان سەرباز پێشی چەند کەسێک لە خەڵکەکە کەوتو چوونەوەناو کەشتییەکەو هەموو میوەکانیان لە سندوقی دارینی سەیر کردبوو، کە من دواجاریش چوومەوە ژوورەکە، ئەم سندوقانەم نەبینیبوو، ئیتر نازانم لە کوێیان بوو، بەڵام میوەکان سندوق سندوق دەهێنرانەخوارەوەو هەمووشیان لە ژێر کوخەکەی ئەوناس دانران. دوو پیاوە هەڵبژێردراوە بێخانمەکە، ڕەنگیان زەردتر بوو لە هەموومان، زۆر لاوازو بێتوانا دەردەکەوتنو لەو ماوەیەدا بەردەوام سەریان بە تاشراوی مابووەوە. هیچ قسەیەکیان نەدەکردو هیچ کارێکیشیان پێ ڕانەسپێردرابوو. هەمیشە هەر لە دوای دابەزینمانەوە بۆ دوورگەکە وەک جانتایەک لە پشتی ئەوناسەوە دەڕۆیشتن.

کوخەکەی ئەوناس لە سەر هەشت دار دانرابوو، نزیکەی قوڵێک بەرزکرابووەوە، واتە ڕاستەوخۆ لە سەر زەویی دوورگەکە دانەنرابوو، بەڵکو سەرەتا بناغەیەکی بۆشی بە دار بۆ

دروستکرابوو و به شەش پلیکانە بەسەردەکەوتیت تا دەگەیشتیتەناو کوخەکە. بە شێوەیەک بوو کە لە هەموو شتێکی تری دروستکراوی دەستی خەڵکی ئەم دوورگەیە بەرزتر بێتو بە سەر هەمواندا بڕوانێت. هەموو میوەکانیش لەو بۆشاییەی ژێر کوخەکەی ئەو دانرابوون. ئەو ڕۆژە هەموو خەڵکەکە بەردەوامو بەبێ وچان خەریکی داربڕینو دانانو دروستکردنی بنکی کوخەکەی ئەوناس بوون. منو ئەوناس لە تەنیشت یەکەوە وەستابووین، ئیسلاو خانمەکەیشی وەک کاتێ هاتنەخوارەوەمان لە کەشتییەکە چووبوونەوە پشتی ئێمە. ئەوان پێدەچوو بەردەوام خەریکی قسەکردن بنو زیاترو زیاتر یەکتری بناسن. منیش هیچ قسەیەکم نەدەکردو هەوڵمدەدا تەنانەت دەنگەکانی ناو سەریشم هیچ گومانێک نەوروژێننو هیچ قسەیەک نەکەن، چونکە ئێستا ئەوناس لە هەموو کاتێک زیاتر لێمەوە نزیکەو دڵنیام هەر قسەیەک لە ناو سەریشم بیکەم، ئەو گوێی لێ دەبێتو سەیرمدەکات. تەنانەت لەوانەیە ئێستا بزانێت کە ئەو قسانەش لە ناخی خۆمدا دەکەم کە بۆ ئێوەی دەنووسمەوە. ئەوناس بە دەنگێکی پڕویقارەوە بانگی بینەری کرد، کە بێتو لە تەنیشتمان بوەستێت، ئێستا ڕیزەکە منو ئەوناس و بینەری تێدا بوو، دوو خانمیش لە پشتمانەوە لە لای چەپ و دوو کەچەڵیش لە پشتمانەوە لە لای ڕاست بە سەرشۆڕی وەستابوون. بینەر زۆر بە متمانەبەخۆبوونەوە هاتەلامان. ئەوناس پێی وت: بینەر، تۆ دەڵێیت چی لە سەر کوخەکە؟ بە بڕوای تۆ دەتوانێت خۆی بگرێت بۆ بارانو بای بەهێز؟

بینەر: سەروەرمان، بە ڕاستی پێم وایە کارەکانی سەرباز بەهێزو پتەون وەک لەش‌و باڵای خۆی. هەستدەکەم کوخەکەتان کوخێکی زۆر پتەوەو نەک بەرگەی باوباران، بەرگەی هێرشی هەموو تومولستانیش دەگرێت. بەس گەر ئاسایی بێت بپرسم سەروەرمان، ئەی ئەو مەڕانەی پێش کەشتییەکە لە کوێ دەبن! ئەوانیش هەستدەکەم پێویستیان بە جێگەیەک بێت تا بە دوورگەکە بلاونەبنەوە.

ئەوناس: دەزانیت چۆنە بینەر، من پێم وا بوو تۆ خۆت وەڵامی ئەو پرسیارە دەزانیت، بۆیە هەرگیز ئەو بابەتەم لە لا باسنەکردوویت. ئەو مەڕانە ماوەیەکی زۆرە لە تاریکایی ژوورەکەی مندا بوون. ئەوان کە هاتوونەتە ڕوناکایی دوورگەکە، وا ڕاهاتوون هەر لە شوێنێکی بچووکدا خەریکی میوەو گیاخواردن بن، بۆیە تەنانەت گەر سەرباز بچێت دەریشیانبکات‌و سەریشیانببڕێت، دواجار هەر دێنەوە هەمان شوێنی خۆیان‌و بە سەرشۆڕی خەریکی گیاخواردن دەبن، چونکە مەڕەکان ناتوانن خۆیان بە ئازادانە بیرکردنەوەی خۆیان هەبێت، بەڵکو تۆ دەتوانیت بەرنامەو پلانی ژیانیان بۆ دابڕێژیت‌و دوای چەند مانگێکی کەم هەموویان لە سەر بەرنامەکەی تۆ ڕادێن. جا کاکە بینەر، من ئەو مەڕانەم لە سەر پلانێک داناوە کە هەرگیز حەز بەوە ناکەن وەک مەڕێکی ئازاد بازبدەن‌و بباعێنن‌و بڕۆن‌و ئێمە دوایانبکەوین. دەزانیت بینەر، لە هەندێک مەملەکەتی تری ئەم سەرزەمینە، هەموو ڕانەمەڕێک سەگێک یان چەند سەگێکی بۆ دادەنرێت تا نەهێڵێت بەملاو بەولادا بڕۆن، بەڵام من مەڕەکانی خۆم بە شێوازێک ڕاهێناوە، هەر خۆیان هیچ شتێکی

تازە تاقینەکەنەوە. هەرگیز هیچ کام لەو مەڕانە بە ئاوازی مەڕێکی مەملەکەتەکانی تر ناباعێنن، تەنها هەندێک ڕەنگی دیاریکراوی گیای ئەم دوورگەیەش دەخۆنو هەرگیز خواردنێکی تازە تاقیناکەنەوە. خۆ گەر وایان کردبایە، هەموو میوەکانیان بە دوو ڕۆژ تەواودەکرد، بەلام ئەوان وا ڕاهێنراون کە تەنانەت خواردنو تامێکی تازەش تاقینەکەنەوە. دەترسن لەوەی گەر ئەو خواردنە بخۆن، سەرباز بێتو سەریانببڕێت. دەشزانن کە خواردنی تازەش نەخۆن، بە ئاوازی نوێش نەباعێنن. تەنانەت گەر لەم دوورگەیەش ڕانەکەن، لە کۆتاییدا چارەنووسی هەموویان هەر تیغەکەی سەربازە، بەلام خۆیان ئەوەیان هەلبژاردووە کە سەرپێچیی فەرمانەکانی خاوەنەکەیان نەکەن، بۆیە ئێمەش بۆ خۆمان شەوان دانە دانە دەیانخۆین. پێت چۆنە؟ تامیان خۆش نییە بینەر!

بینەر: زۆر ڕاستە سەروەرمان، بە ڕاستی قسەکانت هەموویان لە جێی خۆیان بوون، بێگومان تەواوە.

ئەوناس: تۆ دەلێیت چی دکتۆر؟ هەموو ڕۆژ هەر مەڕسەربڕین، خراپ نییە خۆ بۆمان؟

منیش نەمدەزانی کە چۆن وەلامی پرسیارەکەی ئەوناس بدەمەوە، لە لایەکەوە بیرم لە لای ئەوە بوو کە ئەسلەن ئەو بۆچی پرسیارێکی لەو شێوەیە دەکات، لە کاتێکدا دەتوانێت هەموو شتێک ڕاستەوخۆ لە 'ئەو' بپرسێت، کە خۆی ئێمەو مەڕەکانیشی دروستکردووە. دواتریش بیرمدەکردەوە، باشە من چوزانم کە گۆشتی ئەو مەڕانە خراپ دەبێت بۆ جەستەی ئەو خەلکەی لە سەر کەشتییەکەن یان نا، ئەسلەن من نەمدەزانی

دکتۆریشم! وا لێرە بووم بە دکتۆرو یەک جانتای سپیی پڕ لە پاکەتی سپییشم پێ دراوە بۆ چارەسەری ئەو خەڵکەی لێرە کاردەکەن‌و لێرە دەژین. من لەگەڵ خۆم‌و لە ناو سەرم ئەو گفتوگۆیانەم لەگەڵ خۆمدا دەکرد کە لە پڕو بەبێ ویستێکی فیعلیی خۆم زمانم وەڵامی پرسیارەکەی ئەوناسی دایەوەو وتی: ئەی خۆشەویست‌و سەروەری ئێمە، بە ڕاستی مەڕەکانمان مەڕی زۆر خاوێن و باشن، بۆیە من پێم باشە بەردەوامبین لە خواردنیان‌و هەر کەسێک لەوانەی خەریکی دروستکردنی کوخەکانن، کە ماندوودەبن، ئەمشەو گۆشتی باشی پێ بدرێت، بۆئەوەی وزەیەکی باشی پێ بێت، بۆ بەیانی بتوانێت بەردەوامبێت لە کاری دروستکردنی کوخەکان. وەک خۆشت دەزانیت، گۆشت بە ڕاستی وزەیەکی زۆر باشیان پێ دەدات. تەنانەت گەر مەڕەکانیشمان کەم ببنەوە، دەتوانن ئێواران گۆشتێکی زۆر باش بخۆن، کە بەشی تەواوی ڕۆژی داهاتوویان بکات‌و تەنها گەر پێویستیان بوو و حەزیانکرد، نیوەڕۆیان هەندێک لە میوە ماوەکانی ژێر کوخەکەی تۆ بخۆن. کە زمانم دەستیکردبوو بە باسکردنی گۆشت‌و وزەو خەڵکی ناو دوورگەکە، منیش لە ناو سەرم دەموت: هەر بە ڕاستی باشە کە وەڵامێکی لەو شێوەیەم دایەوە، چونکە بێگومان ئەوناس خۆی دەزانێت کە گۆشتی ئەو مەڕانە بۆ ئێمە خراپ نییە، بۆیە هەر لە سەرەتاوە دەستیکردووە بە خواردنیان‌و داویەتی بە ئێمەش. جا گەر خراپ بوایە، بۆ وای دەکرد، حەتمەن دیارە باشە، بۆیە هەموومان دەیخۆین‌و کێشەمان نییە!

ئەوناس: ئەی دەست خۆش دکتۆر، بە ڕاستی تۆ زۆر لیهاتوو و زیرەکیت. خەبەری خۆشی ئەمڕۆ ئەوەیە کە لە سەر ئەم دوورگەیە، چەندین ئاژەڵی تری وەک ئەم مەڕانە هەیە؛ هەندێکیان گەورەترن و هەندێکیشیان بچووکتر. بە یارمەتیی سەرباز و خەڵکەکە، دەتوانین ئەوانیش بگرینو بیانخۆین. تا دەتوانین، ژمارەی مەڕەکانی خۆمان لە سەر ئەم دوورگەیە زۆردەکەینو بەروبوومی خۆمان دەچێنین.

من هیچ شتێک لە قسەکانی تێنەدەگەیشتم، نەمدەزانی مەبەستی چییە لە ئاژەڵی بچووکترو گەورەتر لە مەڕەکان، بەڵام وا دەهاتەبەرچاوم کە مەڕی تریش هەبن لە سەر ئەم دوورگەیە، کە ڕەنگیان جیاواز بێتو هەندێکیان گەورەترو هەندێکیشیان بچووکتر بن. کە باسی بەرووبووم چاندنیشی دەکرد، تێنەدەگەیشتم کە شتەکە بە وردی چییە، بەڵام دەنگەکەی ناو سەرم وەڵامی ئەو گومانانەمی دەدایەوەو یەکسەر بیرۆکەیەکی دەربارەی ئەو بابەتە لە مێشکم دەچاند. هەر وشەی چاندنی دەخستەناو بیرکردنەوەو قسەکانیشم. بەو بەروبوومچاندنە هەندێک وشەی وەک گەنم، برنج، جۆ، گەنمەشامی، لە ناو مێشکم وەک تەزووی کارەبا دروستدەبوونو دەنگیاندەدایەوە.

دوای چەند ڕۆژێک کوخە گەورەکە تەواوبوو. ئەو چەند شەوەی کوخەکە لە دروستکردندا بوو، ئەوناس لە ناو کەشتییەکە دوو شتی سەیرو نەرمی سپی دەرهێنابوو، لە سەر زەویی دوورگەکە ڕایبابوو، کە لە سەریان دەخەوت لەگەڵ خانمی نۆیەمدا، یان نا، باشترە بڵێم خانمەکەی ئەوناس، خۆ هیچ ڕێزبەستنێک نەماوە تا بە ناوی نۆیەم بانگیبکەم. کە کوخەکەش تەواوبوو، یەکسەر

ئەوناس‌و خانمەکەشی چوونەناو کوخەکەی خۆیانەوەو هیچ شتێکیان نە بە ئێمەو نە بە خەڵکەکەش نەوت کە کوخەکەیان دروستکردبوو. تەنها لە کاتی چوونەسەرەوەیان لە شەش پلیکانەکەی کوخەکە، سەرباز لە سەر پلیکانەی شەشەم وەستابوو وەک ئەرکی هەمیشەیی خۆی بۆ پاریزگاری، بەلام ئەوناس بە سەر ئیشارەتێکی بۆ کردو ئەویش یەکسەر بە ڕاکردن لە سەر پلیکانەکان هاتەخوارەوەو هاواریکرد کە خەڵکەکە دەستبکەن بە دروستکردنی دووەم کوخی دوورگەکە. دووەم کوخیش کوخێکی گەورەی ترە، هەر بە فەرمانی سەرباز، تەنانەت لە کوخەکەی ئەوناسیش گەورەتر دروستیدەکەن. وا پێدەچێت سەرباز خۆی فەرمانی ئەوەی کردبێت کە ئەم کوخەیان لەوەی ئەوناسیش گەورەتر بێت. بڕیار وایە کە ئەم کوخەی دووەم بۆ ئەوە بێت ئێمەی کاربەدەستانی ئەوناس لەگەڵ خۆیدا کۆببینەوە تێیدا، بۆیە سەرباز وا دیارە پێی وایە جێگەیەکی گەورەترمان پێویستە. ئەو ڕۆژانەی دروستکردنی کوخەکەی دووەم، نە ئەوناس هیچ قسەیەکی ئەوتۆی کردو نە هیچ ڕووداوێکی تازەش ڕوویدا. هەموو شتەکان هەموو ڕۆژێک دووبارە بوون، خەڵکەکە هیچ پرسیارێکیان نەدەکردو زۆر بە خێرایی دەستیاندابووە برینەوەی دارو هێنانی پوش‌و دروستکردنی کوخی کۆبوونەوەکان. تەنها یەک شت هەیە کە شایەنی ئەوەیە من باسیبکەم، کە لەو سێ ڕۆژەی دروستبوونی کوخی کۆبوونەوەکاندا ڕوویدا؛ قسەکانی ئیسلا. ئیسلا لە شەوی دووەمی دروستکردنی کوخی کۆبوونەوەکاندا پێی وتم کە حەزدەکات تۆزێک لە دووری خەڵکەکەی تر بخەوین. منیش بەو

پێیەی کەسێکی نزیکی ئەوناس بووم، ئەمدەویست کە دووربکەومەوە لە کوخە سەرەکیو گەورەکەی ئەوناس، بەڵام ئیسلاش قسەکانی ئەوەندە نەرمونیانو ناسک بوون، ئەوەندەش هەستم بە ئارامی دەکرد کە دەستەکانیم دەگرت، ئەوەندە خۆشەویستی ئەو چووبووە دڵمەوە، ئەو شەوەی کە تا بەیانی بە ئارامی لە باوەشی یەکتر خەومانلێکەوت پێش گەیشتنمان بە دوورگەکە، نەمتوانی هیچ قسەیەک بکەم بۆ ڕەتکردنەوەی داواکارییەکەی. ئاخر ئەو دوو ڕۆژ بوو تەنها لە پشتمانەوە دەوەستاو لەگەڵ خانمی ئەوناسدا قسەیدەکرد، هەرگیز هیچ قسەیەکی منو ئەوناس یان کاربەدەستەکانی تری نەدەبڕیو پرسیاریشی لێ نەدەکردم دەربارەی ئەو شتانەی ڕوودەدەن لە نێوان من و ئەوناسدا، چونکە پێدەچوو بزانێت کە هەموو شتێک پێویستە لە کاتی خۆیداو دوای پشوودان بوترێت. ناکرێت ڕاستەوخۆ من دوای قسەو گوفتارێکی زۆر لەگەڵ ئەوناسدا بێمەوە لای ئەو، ئەویش یەکسەر دەستبکات بە پرسیارکردنو لێپرسینەوە. بێگومان ئەوە من زۆر دڵتەنگدەکات و هێندەی تر هەستی ماندووبوونم لە لا دروستدەکات. لە ڕاستیدا ئاخم پێم دەڵێت: هەموو ئەو پیاوانەی لە سەر ئەم دوورگەیەن، هەمان بیرکردنەوەی منیان هەیە. پێدەچێت زۆربەی خانمەکانیان ئەو کێشەیان بۆ دروستکردبن، چونکە یەکەم شت هەموو شەوێک لە کاتی پشوودان گوێمان لێ دەبێت، هاواری هەندێک لە خانم و پیاوەکانی دوورگەکەیە. هەمیشەش هەمان قسەکان دووبارەو سێبارەدەبنەوە. هەمیشە خانمەکان گلەیی ئەوە دەکەن کە پیاوەکان هیچ قسەیەکی ڕۆژەکەیان بۆ ناگێڕنەوە، پیاوەکانیش

هیچ قسەیەک ناکەن، یان کاردانەوەیەکی توندیان دەبێت بەرانبەر بە خانمەکانیان. نازانم ئەو هاوارکردنانە لە پای چی دروستدەبن لە نێوان دوو کەسدا کە ماوەیەکی کورتە یەکتریان ناسیوەو بڕیار وایە ببنە مایەی خۆشیو ئاسوودەیی یەکتر! بەلام نازانم کوێی ئەو شتە ناڕوونە کە خانمەکان لێی تێناگەنو بەردەوام لە کاتی ماندوویەتیو شەکەتیی پیاوەکان پرسیاری زۆر دەکەنو دەیانەوێت یەکسەر وەلامەکانیشیان دەستبکەوێت. پێم سەیرە، لێرە لەم دوورگەیە، خانمەکانیش زۆر هیلاکدەبن لە دروستکردنی کوخەکان، بەلام بۆچی قسەکردنو پرسیارکردن لە لایان گرنگترە لەوەی هەندێک لە پیاوو خانمەکان دەیکەن! ئێستا ئیسلا هەرگیز لەو ماوەیە هیچ پرسیارێکی لێ نەکردبووم، بەلکو ئەو شەوە داوای لێ کردم کە لە هەموو خەلکەکە دووربکەوینەوە، کە ڕۆیشتین، هێشتا کوخە تەواونەکراوەکەی کۆبوونەوەکان دیار بوو، کە ئیسلا پێی وتم: دکتۆرەکەم، وەرە ئێرە، لێرە پالدەکەوین. سەیرمکرد ئیسلا لەو کاتانەی من سەرقالی قسەکردنو ڕاوێژ بووم لەگەل ئەوناسدا، هەندێک پەلکو گیای زۆر تایبەتو نەرمی لە شوێنێکدا لە سەر یەک داناوەو کۆیکردوونەتەوە. دواتریش بە قەدی دارەکان کە بۆ دروستکردنی کوخەکان ڕنراون، بەستوویەتیەوەو چینێکی تر لە پەلکی پانو نەرمتری بەسەردا داون. بە ڕاستی ئەو چەند شەوەی لێرە بووم، بەردەوام پشتم ئازاری ئەوەی هەبوو کە لە سەر زەوییەکە خەوتبووینو ملیشم زۆر ژانیدەکرد، بەلام ئیسلا شتێکی لەو شێوەیەی زۆر بە خۆشەویستییەوە ئامادەکردبوو. کە پالیشکەوتین بەیەکەوە، ئەو لە لای ڕاستی منەوە بوو، دەستی

ڕاستی زۆر بە نەرمیو لەسەرخۆیی گرتو پێی وتم: دکتۆر، دەزانیت کانییەک ئاو لە خوارتر هەیە، ئەمڕۆ پێش تەواوبوونی کارکردنی کوخەکان چووم بۆ ئەو کانییەو قژم شۆردو هەموو گیانیشم شۆرد! دەزانیت دکتۆر، حەزم لێیە هەمیشە بۆنێکی خۆشم لێ بێت، بۆئەوەی کە تۆ لەباوەشدەگرم، تۆ هەست بە بۆنی ئارەقەو ماندوویەتیی من نەکەیتو دڵتەنگببێت! حەزم لێیە لە باوەشم هەست بە ئارامیو تازەیی بکەیت، بەردەوام ئارام بێت. کە ئەو قسانەی دەکرد، هەردووکمان بەبێ ویستی خۆمان سەیری ئاسمانمان دەکرد، هیچ هەورێک لە ئاسمان نەبوو، مانگێکی زۆر گەورە ئاسمانی ڕوناککردبووەوەو لە دووریی ڕوناکیی مانگەکە ئەستێرەکان بەرەو ڕوومان دەدرەوشانەوە. کە ئیسلا ئەو قسانەی کردو تەواوبوو، ڕاستەوخۆ ڕوویوەرگێڕا سەیری من بکاتو منیش لە هەمان کاتدا ڕووم لەو دەکرد، چونکە قسەکانی زۆر کاریگەرییەکی قووڵیان لە من کردو دڵیان زۆر خۆشدەکردم، هەم ئارامیشیاندەکردمەوە. کە بینیم، چاوەکانی لە ژێر ڕوناکیی مانگەکەدا زۆر ڕەنگێکی تایبەتتریان وەرگرتبوو لەو چاوە ماندووانەی من لە سەر کەشتییەکە پێیان ئاشناببووم. زۆر سەیر بوو، هیچ شتێکو تەنانەت خەوتنیش بە قەد ئەو قسانەی ئەو هیلاکیی لە گیانم نەبردبووەدەرەوە. بە ڕاستی ئەو کاتەی ئەو قسانەی تەواوکردو ڕوویوەرگێڕا تا سەیری من بکات، من بە تەواوەتی هەموو گیانم ئارامبیبووەوەو لەوە دەچوو کە پشوویەکی زۆر دوورودرێژم وەرگرتبێتو خواردنێکی زۆر خۆشم خواردبێت. دووبارە هەردووکمان ڕوومان لە ئاسمان کردەوەو دەستمانخستە پشت سەرمان،

بێزاربووین لەو دەستخستنەژێرسەرەمان، چونکە بەلام زوو
هەستمان بە نارامی دەکرد کە دەستمان لە هەردووکمان زیاتر
دوای ماوەیەک بێدەنگیو سەیرکردنی ناو دەستی یەکدا بوایە.
ئاسمان، ئیسلا وتی: دکتۆر، هەندێک شت هەیە نازانم چۆن
باسیانبکەمو پێتی بڵێم، چونکە تۆ دکتۆریت، لەوانەیە پێم بڵێیت
شێتبووم. لەوەش خراپتر ئەوەیە تۆ کاربەدەستی ئەوناسیت،
دەترسم لێم تورەببیت. سەیرێکیم کرد، هەر وا بە ئارامیو بە
بێتاوانی سەیری ئاسمانی دەکرد. وتم: بەڵێن بێت ئیسلا، من لێت
تورەنابم، دەزانیت قسەکانی تۆ زیاتر لە خەوتنو پشوودان وام
لی دەکەن هەست بە ئارامی بکەم! ئیتر بۆ لێت تورەببمو پێت
بڵێم: شێت بوویت! بە خێرایی خۆی سوڕاندو بە خەندەیەکی زۆر
کچانەو شەیتانانە سەیریکردمو چاوەکانی دەبریسکانەوە، پێی
وتم: ئاخر بەڵێن بێت دکتور؟ وتم: بەڵێن بێت.
ئیسلا کەوتبووەسەر لاتەنیشت، ڕووی لە من کردبوو و
دەستیکرد بە قسەکردن: دکتۆر، هەندێک کات هەندێک دیمەنی
سەیر سەیر دێنەبەرچاوم. نازانم چین، بەلام وەک یادگاریی
خۆم دەردەکەون. هەستدەکەم ئەو شتانە بە جۆرێک لە
جۆرەکان پەیوەندییان بە منەوە هەیەو ڕوویانداوە، بەلام
یەکیشناگرنەوە لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە هاتووینەتەسەر ئەم
کەشتییەو ئەوناسیش هەموو قسەکانی ڕاست دەردەچن. ئەوەتا
ئێستا لەو دوورگەیەین کە ئەو ماوەیەکی چەند زۆر پێش ئێستا
بەڵێنی پێ دابووین کە دەگەین بە شوێنێکی وا. نازانم چۆن شتی
وا دەبێت، یادگارییەکانی من زۆر جیاوازن لەو چیرۆکەی کە
ئەوناس باسیدەکات لە سەر هێرشەکانی بانشیو دەنگی

گەورەی شەوانی ناو کەشتییەکە، پێش ئەوەی ئێمە خەبەربکاتەوەو ئەوەی کە ئێمە لە کوێوە هاتووینو چۆن گەیشتووینەتەسەر ئەم کەشتییە. کە ئیسلا ئەو قسانەی دەکرد، منیش سوڕامو لە سەر تەنیشت چاوم لە چاوەکانیو لێوەکانییەوە بوو، کە دانەیەکی خوارێیان لەوی تریان پڕتر دەردەکەوتو نیشکی مانگەکەی لە سەر نیشتبوو و بریسکەیەکی زۆر ناسکی لە سەر بوو. ئیسلا بەردەوامبوو لە قسەکانیو دەیوت: هەندێک جار ژوورە پەمەییە سەیرەکەی خانمی شەشەمم دێتەوەیاد، دەزانیت هەندێک کات منیش خانمێکی سەیری بەرگسپی دێتەپێشچاوم کە لە ژوورێکی هاوشێوەی ئەو ژوورەی خانمی شەشەم باسیدەکرد، دێتە لامو هەندێک دەرمانم پێ دەدات. دەزانیت دکتۆر، ئەو دیمەنانەی کە دێنەبەرچاوی من، لەگەڵ ئەو چیرۆکەی خانمی شەشەم بۆی باسدەکردم، دوو شتیان جیاوازە، تەنها دوو شت. یەکەمیان ئەوەیە ژوورەکەی من کە خانمە سپیپۆشەکە دێت بۆ لامو وەک نەخۆش هەندێک دەرمانم پێ دەدات، ژوورێکی شینە. شینێکی زۆر کاڵە، لە سپی دەچێت. گەر زۆر وردنەبیتەوە، زەحمەتە بزانیت ئەمە ژوورێکی شینە، بەڵام من چاوەکانم زۆر بە باشی دەتوانن ڕەنگەکان لە یەکتری جیابکەنەوە، دەزانیت گەر تۆ ببەمە ئەو ژوورەی لە خەیاڵەکانی مندایە، لەوانەیە تۆ بڵێیت: ئەم ژوورە ژوورێکی سپییە، بەس نا، دکتۆر، وا مەڵێ، باوەڕبکە ئەو ژوورە هەرگیز سپی نییە. ژوورێکی شینە، بەڵام شینێکی زۆر کاڵە، کە وەک سپی وایە. هەمان ئەو خانمەی کە خانمی شەشەم وەسفیدەکرد لە قسەکانیدا، دێتو دەرمانیش دەدات بە من. دەفتەرێکی شینی کاڵ

زۆر سەیرە، من بیرمە زۆر شتم لە پێشم دانراوە، دەزانیت زۆر سەیرە، من بیرمە زۆر شتم لە سەر ئەو دەفتەرە شینە نوسیبوو. زۆر شت هەبوو ڕۆژانە لەو ژوورە من دەمبینیو لە سەر دەفتەرەکە دەمنوسی. بیرمە کۆتا شت کە لە دەفتەرەکە نوسیم، ئەوە بوو کە با ئەم دەفتەرە بدرێت بەو خانمە پەرستارە جلسپییەی ڕۆژانە دەرمانەکانم بە زەردەخەنەیەکی زۆر جوانەوە پێشکەشدەکاتو دەیەوێت من لە نەخۆشییەک کە خۆیشم نازانم چییە، چاکببمەوە. هەمیشە ئەوەم بیرە، هەمیشە ئەو ساتەم بیرە کە کۆتا شتم لە سەر ئەو دەفتەرە دەنوسی: "پێشکەشە بە پەرستارەکە."

دکتۆر، زۆر سەیرە، زۆربەی کات تاکە شتێک کە لەیادمماوە، نوسینی ئەو دێڕەیە. جا دکتۆر، دەزانیت من ئەو دێڕە کۆتا دێڕ بوو لە ناو ئەو دەفتەرە شینە نوسیبووم، بەڵام لە یەکەم لاپەڕەی دەفتەرەکەم نوسیم! چییە دکتۆر، بۆ وا سەرتسوڕماوە، هەستدەکەم زۆر بە سەیری تەماشای چاوەکانم دەکەیت. کە ئیسلا ئەو قسانەی دەکرد، دێڕبەدێڕ گوێم بۆی گرتبوو، هەموو ئەو وردەکارییانەی باسیدەکرد، هەمان وردەکارییەکانی خەیاڵەکانی من بوون. نازانم، منیش بۆ هەمان ئەو بیرەوەریانە لە مێشکم ماونەتەوە. تەنانەت لە کاتی باسکردنی چیرۆکی خانمی شەشەمیش، ئیسلا هەمان ئەو قسانەی دووبارەدەکردەوە، هەمان شت وەک خەیاڵەکانم باسیدەکرد. وەک ئەوەی من خەیاڵبکەم، یان یادەوەرەییەکانم بۆ بگەڕێتەوەو هەموویان بچنەسەر پەڕەیەکی گەورەو ئەویش بیانخوێنێتەوە. زۆر سەیر بوو، هەموو ئەو یادگارییانەی لە مێشکی ئەودا بوون، هەر یادگارییەکانی من بوون، ڕێک منیش هەمان ئەو شتانەی

ئەو باسیدەکات، لە بیرمە، هەمان ئەو شتانە. تاکە شتێکی جیاواز ڕوویداوە لە یادگارییەکانی من، ئەوەیە کە ئەو ژوورەی منی لێم، لە ناو یادگارییەکانم ڕەنگی بە تەواوەتی سپییە؛ سپی سپی! تەنانەت مێزو جلوبەرگو قەڵەمو دەفتەرەکەش، هەموو شتێک سپی سپین. منیش زۆر بە باشی ئەو یادگارییە دێتەوەبەرچاوم کە بە دەستی خۆمو بە قەڵەمێکی سپی لە سەر دەفتەرەکە دەمنوسی: 'پێشکەشە بە پەرستارەکە.' دەمبینی ئیسلا لە کاتی گێڕانەوەی یادگارییەکانیدا، بۆ چرکەیەکیش فرمێسک لە چاوەکانی ڕاناوەستن، بەڵام وای دەبینم کە ئەو خۆی نازانێت دەگری لە کاتی گێڕانەوەی ئەو یادگارییانەیدا، چونکە بۆ جارێکیش بێت، بە دەستی فرمێسکەکانی نەسڕیو هیچ کاردانەوەیەکی بۆ گریانەکەی خۆی نەبوو. وا پێدەچوو ئاگاداری ئەوە نەبێت کە چاوەکانی دەستیانکردووە بە گریان، دوای گێڕانەوەی ئەو قسانەی دەیکات. وەڵامی پرسیارەکەیم دایەوە کە بۆچی وا سەرسوڕماو دیارمو وتم: ئیسلا گیان، تۆ قسەکانت تەواوبکە، دواتر منیش هەندێک شتت بۆ باسدەکەم، پێم بڵێ خاڵی دووەم چی بوو لە یادگارییەکانی تۆ، کە جیاوازە لەو یادگارییانەی خانمی شەشەم یان جاسوسەکەی تومولستان بۆی باسکردیت؟

دیسان وەک خۆوەرگێڕانو خەندە سەیرەکەی، بە وزەیەکی کچێکی بچووکی منداڵکار خەندەیەکی کردو وتی: ئێ باشە کاکە، با من قسەکانی خۆم تەواوبکەم. دکتۆر گیان، من هیچ بیرم نییە کە کابرایەکی گەورە وەک ئەوەی خانمی شەشەم باسیدەکرد، هاتبێتە ژوورە شینەکەی منو خوێنم بینیبێتو خۆی

بەسەرمدادابێت. هیچ شتێکی وا لە خەیاڵی مندا نییە. نازانم،
ئەوەی من بیرمە، ڕۆژێک لە دوای خواردنی دەرمانەکان
دەفتەرەکەم دەنوسی‌و ئەو دێڕەی کۆتاییم نوسی‌و دانیشتبووم
لە جێگەکەی خۆم. ئەو ڕۆژە زۆر شتی سەیر هاتنە ژوورەکەم،
هیچیان ئەو پیاوە نەبوو کە خانمی شەشەم باسیدەکرد لە
قسەکانی.

ئەو شتانەی ئەو ڕۆژە دەهاتنە لای من، بۆقی سەیر سەیر بوون،
هەندێک نەعامەی سەیر، هەندێکی تێکەڵی یەکتر، واتە دەزانیت
چۆنە دکتور، بەس توخوا پێم مەڵی شێت، ئێ! کە وای دەوت،
سەری خۆی تەکانێک پێ دەداو قژی لەگەڵیدا دەلەرایەوەو
چاوەکانی هێندەی تر گەورەو جوان دەردەکەوتن، هەمان ئەو
خەندە کچانەش لە سەر لێوەکانی هەبوون، بەبێ ئەوەی بزانێت
کە خەریکە دەگری. من وتم: ئێ، ئێ، خەمت نەبێت، تۆ
بەردەوامبە.

ئیسلا: باوەڕبکە دکتور، ئەو ڕۆژە لە ژوورەکەم، هەندێک بۆق
هاتنە لام، کە سەریان نەعامە بوو، واتە خۆیان بۆق بوون؛ بۆق،
تەنانەت ڕەنگیشیان سەوزو ناشرین بوو، بەڵام سەریان نەعامە
بوو، زۆر سەیر بوو دکتور، زۆر! ملە درێژەکەی نەعامە لە سەر
ئەو لاشە بچووکەی بۆقێک دانرابوو، سەرێکی گەورەی
نەعامەش لە سەری ئەو بۆقە داماوانە بوو. جا دکتور، لەوەش
سەیرتر ئەوەیە من هەر جارێک کە ئەوناس قسەیەک دەکات،
ئەو نەعامانەم بیردێتەوە، چونکە ئەو ڕۆژە نەعامەکان
قسەیانکرد، دەنگیان زۆر لە ئەوناس دەچوو و وتیان: جەماعەت،
ئێستا ئەمەشیان ئامادەیە، بەس ئەمە تەمەنی زۆر بچووکە،

ئاگاتان لێی بێت، کەستان دەستی لێ نەدات، با ببرێتە وێ، ڕابهێنرێ، ئینجا بیهێننەوە، ئێشمان پێی دەبێت. دکتۆر، نازانم باسی چ شوێنێکیان دەکرد، بەڵام هەر کات ئەو نەعامانە قسەیەکیان دەکردو باسی ئەوەیان دەکرد من بۆ شوێنێک دەبرێم، دەیانوت: ٌوێ ٌ. جا نازانم ئەو بیرکردنەوانەی من لە کوێوە دێن، تۆ دکتۆریت، ئەرێ دەبێت هەر قسەکانی خانمی شەشەم نەبن کە من لێم بووەتە خەیالاتو وا دەزانم ئەوە یادگارییەکانی منن! جارێ با ئەوەندە من نەڵێم خانمی شەشەم، خانمی شەشەم، لیزا، لیزا، کاکە؛ لیزا.

زۆر سەرمسوڕمابوو لە قسەکانی ئیسلا، نەمدەزانی چۆن وەڵامیدەمەوەو چ قسەیەک بکەم، پێش هەموو شتێک پێم وت: ئیسلاکەم، تۆ بۆ لە کاتی گێڕانەوەی ئەو شتانەدا ئاوا بە کوڵ دەگرییت، بۆ فرمێسکەکانی ناسڕیت! کە ئەو پرسیارەم کرد، زۆر بە پەلە دەستی بۆ کراسەکەی بەری بردو بە ملی کراسەکەیو بە قوڵی چاوەکانی خۆی سڕیو گریانەکەی وەستا. وتی: دکتۆر، وەڵلا نازانم، بە ڕاست، ئەوە چییە ئەو هەموو ئاوە لە چاوم هاتووە، دەبێت ئێشی ئەو پوشو شتەی ژێرمان نەبێت! لەوانەیە من حەساسیەم پێیان هەبێت، بۆیە وام لێ هاتووە دکتۆر، دەنا من وا لەگەڵتدا پێدەکەنم، کورە گریانی چی! دەستێکی لە شانم دەداو وا وەڵامی پرسیارەکەی دامەوە، هەرگیزیش بە ئاوی چاوەکانی نەدەوت فرمێسک، هەمیشە دەیوت: ئاو لە چاوم هاتووە.

وتم: ئیسلا، نازانم چی بڵێم بۆ قسەکانو یادگارییەکانت، بەڵام زۆر سەیرن، دەزانیت! چونکە زۆر لەوانەی لیزا دەچن، وەک

ئەوەی بلێیت: لیزا ئەوەندە ئەو قسان[illegible] دووبارەکردوونەتەوە، هەموویت لەبەرکردووەو چ[illegible]و مێشکتەوە. وەک ئەوەی کە ئەوانە هەموویان یادگارییەکانی ئەو بن، بۆ تۆ هاتبن. بەس دەزانیت چۆنە! من دەڵێم ئەوانە یادگاریی خۆتن. هیچیان خەیاڵەکانی لیزا نین‌و هەموویان هیی خۆتن.

ئیسلا: ئاخر دکتۆر چۆن! تۆ چۆن ئەوە دەزانیت! ئەگەر ئەوانە یادگاری خۆم بن، واتە من لەو ژوورەوە هاتوومەتەسەر ئەو کەشتییە، کێ دەزانێت، ڕەنگ بێت یەکێک لەو بۆقە نەعامانە منی هێنابێتە ئێرە. بە پێکەنین و گاڵتەیەکەوە وای دەوت. خۆ ئەگەر وا بێت، واتە قسەکانی ئەوناس هیچی وا نین، کە ئێمەی لە خەوی غەفڵەت ڕزگارکردووەو پاراستوونی لە هێرشی تومولستان!

وتم: نا، نەعامەکان نەیانهێناویت، بۆیە دەڵێم ئەوانە یادگاریی خۆتن، چونکە لە ناو سەری منیش، هەمان ئەو یادگارییانەی کە تۆو لیزا باسیدەکەن، هەن.

ئیسلا: بە ڕاست! دکتۆر، بۆم باسبکە، دەمەوێت هەموو یادگارییەکانی ناو سەری تۆش بزانم، دەی!

وتم: ئیسلا گیان، منیش وەک تۆ لە یادگارییەکانم ناوە ناوە دەچمەوەناو ژوورێکی سپی، بەڵام ژوورەکەی من سپی سپییە. هیچ ڕەنگێکی تر لە ناو ئەو ژوورە نییە؛ مێزەکەم، کورسییەکەم، قەڵەم‌و دەفتەرێکی سپی‌و پێنخەفێکی سپی هەیە. دەزانیت من دەرگای ژوورەکەشم لە بیرە، تەنانەت دەسکی دەرگاکەش هەر سپی بوو. لە یادگارییەکانی منیش ئەو دەفتەرەی تۆ باسیدەکەیت، هەیە، بە هەمان شێوەش، ڕەنگی قەڵەمەکەشم لە ڕەنگی دەفتەرەکەمە، سپییە. زۆر سەیرە، دەزانیت ئیسلا!

ئیسلا: وای، دکتور، ئەوە بە ڕاستتە! واتە ژوورەکەی تۆ دڵنیایت
پەمەییەکی زۆر کاڵ نەبووە، وا بزانیت سپییە! یان شینیکی زۆر
کاڵی وەک ئەوەی من! ئاخر دڵنیا دڵنیایت ڕەساسییش نەبوو!
واتە سپی سپی بوو!

بەڵێ، سپی سپی بوو گیانەکەم. زۆر سەیرم بەوە دێت، پێش
ئەوەی قسەکەم تەواوبکەم، لەوی بە پێچەوانەی سروشتی
خۆی، قسەکەمی بڕی. دەستی هێنا بۆ لای چاوم و دەموچاومی
سڕییەوە. چاوەکانی پڕبوون لە ئاوو وتی: دکتور، تۆش کە
باسی ژوورەکەت دەکەیت، دەگریت، پێدەچێت هیچ ئاگاشت لەوە
نەبێت کە چاوەکانت لەگەڵ قسەکانتدا دەستیانکردووە بە گریان.
خێرا خۆم کۆکردەوەو دانیشتم، چاوەکانم سڕییەوەو سەیرێکی
ئیسلام کرد کە پاڵکەوتووە. وتم: نا، ئیسلا، لەوانەیە هەر
هەستیاریم هەبێت بەو پۆشانە، ئەگینا کوا، من نەگریاوم! گەر
بگریم، حەتمەن خۆم هەستی پێ دەکەم. ئەویش هەستایەوە لە
سەر جێگەکەی، قژی بەربووەوەسەر پشتی، پارچەدارێکی سەر
زەویی دوورگەکەی هەڵگرتەوەو زۆر بە سەیروسەمەرەیی
خستیە بەشی پشتەوەی قژیو قژی کرد بە تۆپەڵێک لە پشتەوەو
بەستی. نازانم چۆن ئەو دارە ئەو قژەی ڕاگرت، بەڵام ڕایگرت،
هیچ قسەیەکی نەدەکرد، سەیری ناو چاوەکانی دەکردم، منیش
سەیری چاویم دەکرد، سەیری ملیم دەکرد، لە تەنیشتەوە
گوێیەکانیو بەستنی قژیو ئەو مووە بەجێماوانەی کە بەر
بەستنەکە نەکەوتبوون، زۆر جوان دەردەکەوتن و هەستێکی زۆر
نەرمیان پێ دەبەخشیم. نازانم، کە سەیری ئیسلا دەکەم، هەست
بە نەرمی دەکەم. ئەو زانیارییانەی لە ناو ناخمەوە دێن و

قسەکانی ناو سەرم پێم دەڵێن کە هەستکردن بە نەرمی لە ڕێگەی بەرکەوتنی دەستمەوە ڕوودەدات، بەڵام من بە تەنیا سەیرکردنی ئەو، هەست بە نەرمایییەک دەکەم لە سەر سنگم. نازانم چییە، بەڵام ئەو هەستەم هەیە. بۆ ماوەیەک دانیشتینو سەیری یەکتریمان دەکرد، وردە وردە ئیسلا لێم نزیکدەبووەوە، منیش بەبێ ویستی خۆم لێی نزیکدەبوومەوە، هەوایەکی زۆر خۆشو فێنک بەر گوێم دەکەوت، هەستێکی زۆر سەیرو خۆشم هەبوو لە سەر ئەو جێگە نەرمەی ئیسلا ئامادەیکردبوو. هەموو شتەکان زۆر بە خێرایی ڕوویاندەدا، هیچ وەک یادگارییەکانمان دووردرێژ نەدەبوونەوە. بەبێ ئەوەی بزانم ئەو شتە واتای چییە، زۆر خۆمم لە ئیسلا نزیککردەوەو لێوم نوساند بە لێویەوەو لێویم ماچدەکرد. هەستێکی سەیر بوو، جیاواز بوو. کە لێوم لە لای ئەو بوو، ئەویش هەناسەیدەدا، هەناسەی گەرمی بەر دەمم دەکەوت، هەستێکی زۆر سەیر بوو، شتێک کە لەوانەیە نەتوانم باسیبکەمو بینوسم. لەو کاتە دەنگەکانی سەرم دەیانوت: باشە ئەم شتە واتای چی، ئەی ئەو هەستە خۆشە چییە بە هۆی ئەو ماچکردنەوە دروستبووە، ئەی ئەو هەستە سەیرەی سنگم چییە! خۆ سنگم بیرناکاتەوە، ئەو قورساییە ناسکە سەیرەی وەک تەزووی کارەبا بە سنگمدا تێدەپەڕێت، چییە! نازانم، سنگم تەپەتەپدەکاتو هەست بە هەموو لێدانەکانی دڵم دەکەم، دەستمدەخەمەسەر ڕومەتی لای ڕاستی ئیسلاو دوای ئیستێکی زۆر کورت، کە وەک ئەوە دەردەکەوت کە یەک ساڵی خایاندبێت، لێومان لە یەکتری جیادەبووەوە. بەبێ ئەوەی هیچمان هیچ قسەیەک بکەین، هەردووکمان هەناسەیەکی قووڵمان هەڵمژیو

پێدەچوو زۆر زیاتر ئارامبووبینەوە. هەستم بە ئارامییەکی زۆرتر دەکرد، دووبارەو بەیەکەوە پاڵماندایەوە لە سەر جێگە نەرمەکەی ئیسلا.

وتم: ئیسلا، زۆر سوپاس کە ئەوەندە باڵات بەرز نەبوو، ئەگینا تۆ نەدەکەوتیە بەرامبەر من لە ڕیزی ناو کەشتییەکە، دەزانیت! منیش ئەوەندە هەستم بە ئارامی نەدەکردو هەرگیز لە سەر ئەو گیاو پەلکە نەرمانەی داتناوە، نەدەحەسامەوە. ئەویش دووبارە پێکەنینە ناسکەکەی دەهاتەوەسەر لێوو پێی دەوتم: دکتۆر، سوپاس کە تۆ هەیت، سوپاس کە بەو شێوەیەی هەیت، بەو شێوەیەش خۆت بە من نیشاندەدەیت، سوپاس کە لەگەڵمدا هاتوویت بۆ ئێرەو لە خەڵکەکە دوورکەوتییەوە. سوپاس!

وتم: دەزانیت ئیسلا، بەبێ ئەوەی خۆم بزانم بۆ، هەستدەکەم شتێک لە تۆدا هەیە، وەک ئەوەی پێشتر ناسیبیتمیت، وەک ئەوەی پێشتر من تۆم لە شوێنێک بینیبێت، یان دەنگتم بیستبێتو ڕەنگی چاوەکانتم بینیبێت. زۆر سەیرە ئیسلا، تۆ هیچ شتێکت لە بیرە لە سەر من؟ هەرگیز پێشتر منت بینیوە؟

ئیسلا: نەوەڵا دکتۆر، هەرگیز تۆم نەبینیوە، جگە لەو شتانەی بۆم باسکردیت، هیچ شتێکی تر نایەتەپێشچاوم.

وتم: باشە ئیسلا، دەزانیت منیش ئەو دیمەنەی دێتەپێشچاوم لە یادگارییەکانم، ئەو دەفتەرەی پێمە لە ژوورەکەم، هەمان شتی تۆی لێ نوسراوە!

ئیسلا: واتە چۆن! چیی لێ نوسراوە؟

وتم: نوسراوە: "پێشکەشە بە پەرستارەکە."

بەشی پێنجەم

# سەرباز

ئەو خێرایی و ماندوونەبوونە سەیرەی خەڵکەکە بۆ بونیادنانی کوخەکەی دووەم هەیانبوو، زۆر سەیر بوو. وەک ئەوەی ئەوان هەرگیز پێویستیان بە پشوودانو وردبوونەوەو بیرکردنەوە نەبێت لە ژیانی خۆیاندا. وەک ئەوە دەردەکەوت کە هیچ کام لەوانەی دەستیاندابووە دارەکانو پوشو پەلکی دارە گەورەکانیان کۆدەکردەوە، بیرنەکەنەوە. پرسیارنەکەن کە ئێمە لە کوێوە هاتووین پێش ئەوەی لە سەر ئەم کەشتییە چاومان هەڵبهێنین، پێش ئەوەی ئەوناس ببێت بە ڕابەرمان، ئێمە لە کوێ بووین! ئەی ئەوناس! ئەی ئەو خۆی پێش ئەوەی ببێت بە ئەوناسو ڕابەری ئێمە، لە کوێ بوو و لە کوێوە هاتووە! من زۆر بیرم لەو پرسیارانە دەکردەوە، تا دەهات، پرسیارەکانی ناوسەرم زۆرترو ئاڵۆزترو بێوەڵامتر دەبوون. هەمیشە لە کاتی قسەکردنمو وەستانم لە تەنیشت ئەوناسەوە، ئەو بیرکردنەوانە دەبوون بە کرمی سەرمو نەیاندەهێشت بە ئارامی سەیری ئازاری ئەو خەڵکە بکەم لە کاتی هێنانی دارەکانو دروستکردنی کوخە گەورەکەی کۆبوونەوەکان. سەیرکردنی کێشمەکێشمو ئازاری ئەو خەڵکەش، بە جۆرێک دڵخۆشدەکردمو واشی دەکرد هەست بە تاوان بکەم لە بەرانبەر ئەو هەستانەی بۆم دروستبووە بەرانبەر بەو خەڵکە، کە هیچ کامیان نە لە دوور، نە لە نزیکەوە ناناسم و بیرمنایات ڕۆژێک لە ڕۆژان دەموچاویانم ببینیبێت. لە پێش چاوم هەموویان لەیەکدەچن، کە دەبینم دارێکیان پێ هەڵناگیرێت، بە جۆرێک هەستێک لە ناخم دروستدەبێت کە ئارامییەکم پێ دەبەخشێت، وەک ئەوەی بڵێت: سوپاس بۆ هەوڵو ماندووبوونی خۆت، کە یەکەم ڕۆژ پێش

ئەوانی تر خەبەرتبووەوەو ئەو هەموو زانیارییە پزیشکییە دەزانیت، بۆیە تۆ دکتۆریتو ئەو نەزانو تەمبەلانەش دەبێت ئاوا خەریکی دارکێشانەوە بن. هەستکردن بە تاوانیش هەمیشە تێکهەڵکێشی هەستی خۆپەسەندییەکەم بوو. هەموو ئەو هەستانەو تێکەڵەیەکی سەیرو نامۆی پرسیاری ئاڵۆزی وەک ئەوەی ئەوناس لە کوێوە هاتووەو چی ئەوی پێش هاتنی ئێمە خستووە، بەیەکەوە ببوون بە کرمەکەی ناو مێشکم. هەستمدەکرد ڕۆژبەڕۆژ دەبن بە کرمی گەورەتروماڵێکی نایلۆنی بۆ خۆیان دروستدەکەن لە ناو مێشکمدا. دەوری کرمەکان پڕیەتی لە ئاو، وەک کیسەیەک ئاو کە پڕ بێت لە کرم، ئەو کیسەیەش لە ناو کاسەی سەرمدا بێتو لە پاڵ مێشکمدا هەوڵبدات بەشێک لە بۆشایی کاسەکە بۆ خۆی داگیربکات. بەو شێوەیە دەهاتەبەرچاوم، بۆیە بەردەوام لە کاتی بیرکردنەوەکاندا هەستمدەکرد پەستانێک دەکەوێتەسەر مێشکم. هەندێک جاریش هەستمدەکرد نا، ئەوە کیسەئاوێکی پڕ لە کرم نییە لە ناو کاسەی سەرمدایەو پەستان دەخاتەسەر مێشکم، ئەوە هەر مێشکم خۆی دارە؛ دار! ئەو دارەش کرم لێی داوەو ئەو کرمانەش وا وردە وردە دەیخۆن، بۆیە ئەو هەستە سەیرە لە ناو سەرمدا دروستدەبێتو ئەو پرسیارە ئاڵۆزانە دەوروژێنێت. حەتمەن من توشی کرمێکی لەو شێوەیە بووم، کە ئەو خەڵکەی لێرەن هیچیان توشی نەبوون، بۆیە وا بە ئاسوودەیی دارەکان هەڵدەگرنو بە دروستکردنی کوخێکی گەورەوە ماندوودەبن. هەندێک کات لە ناخی خۆمدا هەستم بە کەمییش دەکرد بەرانبەر بەو خەڵکە. هەستمدەکرد لەگەڵ ئەوەی خۆم بەگەورەتردەزانم لەوانو

شانازیدەکەم کە ئەوە من نیم دارەکان دەکێشمەوەو بەشداریی دروستکردنی کوخەکان دەکەم، هەندێک جار حەسوودییشیان پێ دەبەم، بەلام ئەو حەسوودییە هەرگیز هەستێک نەبووە، نا، گەر وتوومە هەستمدەکرد، ڕاستمنەکردووە. هەرگیز بیرکردنەوەکانم نەیانهێشتووە ئەو هەستە بکەم، بۆیە هەمیشە لە کاتی وەستانم لە تەنیشت ئەوناسەوە، من هاوارو نالەو ئارەقەکردنەکانیانم دەبینی، بەلام دواتر شەو کە دەڕۆیشتمەوە جێگە نەرمەکەی ئیسلاو ئەو قسە نەرمانەی ئەوو خەندەکەیم گوێ لێ دەبوو، ئەوکات بیرمدەکەوتەوە، چاوەکانم وەک شریتێکی ڕیکۆردکراو هەموو ئیشی خەلکەکەیان ڕیکۆردکردبوو و شەوانە وەک فیلم پیشانیاندەدامەوە. هەر بە ڕاست، ئەو خەلکە تەنها هاوارناکەن، تەنها ئارەقەناڕێژن‌و سوکایەتییان پێ ناکرێت، بەلکو زۆربەی فیلمەکەی چاوم کردبوویە یادەوەری‌و شەوان پیشانیدەدامەوە، پێکەنین و خەندە و قسەی خۆش بوو. لەوە دەچوو کە خەلکەکە هەموویان لەگەل یەکتریدا بووبن بە هاوڕێ، هەموویان یەکتر بناسن‌و لەگەل یەکتردا قسەی خۆش بکەن. دەزانیت، بۆیە من بە حەسوودییەکەی خۆم نالێم هەست، بەلکو من بیرم لێ دەکردەوە. بیرکردنەوەیەکی حەسوودانەم هەبوو بۆ ئەو زەردەخەنەو قاقایانەی لە کاتی ئیشکردن‌و ئارەقەکردندا دەیانکرد. سەیرە، تەنانەت لە کاتی نانخواردنیشدا ئێمە کە لە لای ئەوناسەوە دادەنیشتین، بەردەوام باسی یاساکانی ئەوناس‌و چیرۆکە دووبارەکانی ئەوناسمان دەکرد. بەردەوام سەرباز هەوالی تازەی تەواوکردنی کوخی کۆبوونەوەکانی بۆ دەهێنایین، باسی ئەوەی دەکرد کە چۆن یەکەم کوخ دروستکراوەو هیچ

کام لە خەڵکەکە نەیانویستووە خۆیان یەکەم کەس بن بچنەناویەوەو داویانە بە بینەرو دواتریش سەرباز. تەنانەت کوخەکەی منو ئیسلاش تەواوبوو، ئەوکات خەڵکەکە خەریکی دروستکردنی کوخەکانی خۆیان بوون. زۆر بە شێوەیەکی سەیر خۆنەویستانە کوخەکانیان دروستدەکرد. سەیری کاتی نانخواردنی ئەوانیشم دەکرد، هەموویان جلەکانیان درابوو، قژی خانمەکانیان تێکئالابوو و دەموچاویان هەمووی ببوو بە تۆز، بەڵام هەموویان بەیەکەوە پێدەکەنینو بەردەوام خەندە لە سەر لێویان بوو. هەندێک جار دەمبینی پیاوێک گۆشتەکەی خۆی دەدات بە پیاوێکی تەنیشتی، یان خانمێک دەیدات بە خانمی بەرانبەری. ئاخر بۆ! لە پێناو چی ئەوانە ئەوەندە لەگەڵ یەکتریدا باشنو دڵیان خۆشە.

ئەوانە هیچیان هەستەکانی من نەبوون، هەموو شەوێک بەردەوام بیرم لەو قسانە دەکردەوە. بیرم لەو خەندانەی ئەوانو لە جددیاتی مەجلیسەکەی خۆمانو قسەکانی ئەوناس دەکردەوە. تاکە شتێک لە تەواوی ڕۆژەکەدا وای دەکرد من پێکەنینێکی ڕاستەقینەی وەک خەڵکەکەم هەبێتو بە ڕاستی دڵخۆش بووم، ئیسلا بوو. هەر شەوەو شتێکی سەیروسەمەرەی باسدەکرد، هەر شەوەو شوێنەکەی بە جۆرێک دەڕازاندەوە، پێکەنینەکانی دەگۆڕان، چاوەکانی زیاتر بریسکەیان تێدەکەوتو ئەویشم وەک یەکێک لە خەڵکە دڵخۆشەکە دەبینی. هەموو کات بیرم لەوە دەکردەوە کە ئایا دەتوانم ڕۆژێک منیش بچم لەگەڵ خەڵکەکەدا کوخ دروستبکەم، بە فێڵێک خۆم بکەم بە یەکێک لەوانو خەریکی کوخدروستکردن بم! با ماندووشبم، با داری گەورەش

بخەنەسەرشانم، زۆر ئاساییە گەر سەرباز شەقیشم لێ بدات لەبەر ماندووبوون، بەس با منیش کە لە سەر سفرە دانیشتم، لەگەڵ خەڵکەکەدا دابنیشم، وەک ئەوان پێبکەنم و قسەکانیانم گوێ لێ بێت. بزانم ئەوانە باسی چی دەکەن، ئەوەندە دڵیان خۆشە! بەڵام دواتر هەر خۆم، بە خۆمم دەوت: ئاخر ئەوە چۆن لەگەڵ شانوشەوکەتی تۆدا دێتەوە دکتۆر! ئەی تۆ هەڵبژێردراوی خودی ئەوناسی نەبوویت! حەتمەن هەموو خەڵکەکە تۆیان بینی کە یارمەتیی خانمی شەشەمت داوە، کە یارمەتیی ئەوانەت داوە داری قورس بە نینۆکی پێیان کەوتووەو دەرمان‌و مەڵحەمی ناو جانتا سپییەکەت پێ داون؛ بێگومان هەموویان ئەو دەموچاوە لە لایان ئاشنایە.

لەوانەشە، هەندێک لەو پیاوانە، کە من دەچمە لایان، خۆزگەبخوازن کە من بوایەن. وەک من دکتۆر بوان، جانتایەکی سپیی خاوێن‌و جوانیان پێ بوایەو لە جیاتیی ئەو جلە دڕاوانەیان، جلە خاوێنەکانی منیان لەبەربوایە. ژنێکی وەک ئەوەی من جوانیان هەبوایە، یان هەر بە ڕاست، لەوانەیە هەندێک لە خانمەکان حەزبکەن لەگەڵ مندا بن، لە جیاتیی مێردە گاڵتەجاڕەکەیان، من مێردیان بوامایەو قسەی نەرمم بۆ کردبان‌و شەوان لە باوەشیاندا بخەوتمایە. نازانم، وا هەستدەکەم هەموومان حەسوودی بە یەکتری دەبەین‌و ئاواتدەخوازین کە ئەوی تر بواین.

لەوانەیە بە ئاسانی بتوانم هەموو ئەو بیرکردنەوانە لە مێشکم وەدەرنێم. هەموویان بسوتێنم، تەنها سەیری کوخەکەی خۆم‌و ئەو جێگە نەرمە بکەم کە ئیسلا هەموو شەوێک نەرمترو

نارامتریدەکانەوە، سەیری ئەو هەموو گۆشتو خواردنە جیاوازە بکەم کە دەدرێ بە خۆمو خانمەکەیشم، ئەوەی کە خانمەکەم بەردەوام لەگەڵ خانمی ئەوناسدایەو دڵخۆش دیارن بەیەکەوە، هەموو ئەو خەندەو قاقایانەی ئەوان لەوانەیە بهێنێت، بەلام بیرۆکەی من لە کوێوە هاتوومو ئەوناس چۆن پێش من هاتووە، هەرگیز وازم لێ ناهێنێت. ئەو هەموو لێکچوونەی هەیە لە نێوان چیرۆکی لیزاو ئیسلاو چیرۆکەکەی خۆمدا، دەمخەنە گومانی ئەوەی کە ئێمە هەموومان، هەموو خەڵکی کەشتییەکە، پێشتر لە شوێنێک بووین کە سەر بەم ژیانە نەبووە، لەوانەیە هەندێک کاربەدەستی تری "ئەو" ئەو شوێنەیان بەڕێوەبردبێت. کۆمەڵێک فریشتە، ناوی هەموویان "پەرستارەکە" بووبێت. لەوانەیە ئەو فریشتانە ئاگایان لە ئێمە بووبێت تا دەمانێرن بۆ سەر ئەم کەشتییە. بەس ئاخر، ئەم فریشتانە چۆن گەیشتوون بەو شوێنە! حەتمەن دەبێت "ئەو" دروستیکردبن. هەمیشە لێرە دەگەیشتمە بنبەست، هەمیشە. ئاخر ئەی "ئەو"! پێش ئەوەی "ئەو" هەبێت، چی هەبوو! ئایا ئەو شوێنەی پەرستارەکان ئاگایان لە ئێمە بوو، هەر هەبوو! کەشتییەکە هەر لە ناو ئەو دەریایەدا بوو! نازانم، ئەی چۆن بوو بڕیاریدا کە کەسێکی وەک ئەوناس هەڵبژێرێت تا ڕێنمایی هەموو کەشتییەکە بکات. ئەوناس لەگەڵ ئەوەی هەموو قسەکانی تا ئێستا وەڕاستگەڕاونو هەندێک شتی سەیر سەیرم پێ دەدات، کە پێشتر هەرگیز نەمبینیون، یان زۆر ئاشنانو نازانم لە کوێی مێشکمدا خۆیان مەلاسداوە، کە وا بیرمنایات پێشتر ئەو شتانەم لە کوێ بینیوە، بەلام نازانم، شتێک هەیە لەناو سەرمدا پێم دەڵێت کە ئەوناس هەرگیز کەسە ڕاستەکە نییە کە "ئەو"

ناردوویەتی بۆ ئێمە. ڕەنگ بێت کەسە ڕاستەکەی بەستێ...
فیلی لێ کردبێت، یان نازانم، ئازاریدابێت، یان وەک جا...
شەشەمی لێ کردبێت. نازانم بە ڕاستی، بەلام سەرم هەرگیز
ئەوە قبولناکات که هەموو ئەو خەلکە هەمان کەس
دروستیکردبن‌و ئەو کەسەش یەک کەسی هەلبژاردبێت‌و ئەو
کەسە هەلبژێردراوەش ئەم 'ئەوناس'ە بێت!
ڕۆژێک، سەیری خەلکەکەم دەکرد کە زۆر بە گەرموگوڕی دوای
کوخەکەی من‌و ئیسلا خەریکی دروستکردنی کوخەکانی خۆیان
بوون، زۆر بە قوولی بیرم لە هەموو ئەو بیرۆکانەی ناو مێشکم
دەکردەوە، کە بینیم سەرباز خەریکە وردە وردە بەرەو ڕووم
دێت. سەرەتا ترسێک لە دلم نیشت، ئاخر سەرباز بالایەکی زۆر
بەرزی هەیە، بە جۆرێک لە ڕیزی خانم‌و پیاوەکان کۆتا پیاو
سەرباز بوو. بالای لە هەموو خەلکی ناو کەشتییەکەو لە
ئەوناسیش بەرزترە، بەلام تا نزیکدەبووەوە، ترسەکەم لێی
کەمدەبووەوە، هەم لەبەرئەوەی بیرمدەکەوتەوە کە منیش
یەکێکم لە کەسە تایبەتەکانی ئەوناس‌و دکتۆری خەلکەکەم، هەم
لەبەرئەوەی لە چاوەکانی سەرباز، ترس و پەشیمانییەکی زۆر
سەیرم دەبینی، کە نەیدەتوانی بە هیچ شێوەیەک بیشارێتەوە.
سەیرە، سەرباز لە چی دەترسێت، دەیەوێت چ شتێک بە من
بلێت. لێم نزیکبووەوەو هاتە تەنیشت منەوە، ئێستا من لە نێوان
ئەوناس‌و سەربازدا وەستابووم، بینەریش وەک هەمیشە، لە ئێمە
دوورو بە چاوێکی پڕگومان‌و بیرکردنەوەوە سەیری تاک تاکی
خەلکەکەو منیشی دەکرد. سەرباز بە دەنگێکی کز کە دلنیام گەر
ئەوناس کەسێکی ئاسایی بێت، بە هیچ جۆرێک گوێی لێ نەبووە،

وتی: دکتۆر، بە ڕاستی پێویستم بەوەیە ئەمشەو لەگەڵ خانمەکەمدا بێینە کوخەکەمان، خەریکە عەقلم لەدەستدەدەم، تکایە، یارمەتیمبدە!

ئەو قسەیەی کردو وەک ئەوەی هیچ شتێک ڕوووینەدابێت، هیچ قسەیەکی نەکردبێتو هیچ شتێک لەگەڵ ڕۆژەکانی پێشوودا جیاوازیی نەبێت، بەڕێکەوتەوە بۆ ناو خەڵکەکەو دەستی بە هاوار هاوار کردەوە لە سەریان. ئاخر سەرباز، چ ئیشێکی بە منە! من بەردەوام سەرنجمدەدا کە لە ئێمە دووردەکەوتەوە، ڕۆیشتنی تەواو بوو، هیچ کێشەیەک لە ڕۆیشتنی نەبوو، بە هەڵگرتنی داری دەستی کە بەردەوام ئەودەست ئەودەستی پێ دەکرد، دیار بوو کە هیچ کێشەیەک لە دەستەکانیشیدا نییە. کە دەهات بەرەو ڕووم، بینیم کە هیچ برینێک یان کێشەیەک لە دەموچاویشیدا دروست نەبووە. باشە ئەی کێشەی سەرباز چییە! بۆچی دەیەوێت من ئەمشەو لە کوخەکەی ئەو بم! ئەی بۆچی خانمەکەشم لەگەڵ خۆمدا ببەم! ئیسلا چ پەیوەندیی بە دکتۆرییەوە هەیە ئاخر!

تا ڕۆژ درەنگتردەبوو، من دوودڵتردەبووم. دڵەڕاوکێم زۆر زیاتر دەبوو، کە دەمبینی سەرباز نە ترسەکەی ماوە لە چاویو نە پێدەچێت لەبیریمابێت کە بە منی وتووە ئەمشەو بچمە کوخەکەی. وەک ئەوە ڕەفتاریدەکرد کە ئەمڕۆش هەر ڕۆژێکی ئاسایی تری دروستکردنی کوخەکان بێتو هیچ شتێکی تازە ڕوووینەدابێت، وەک ئەوەی ئەوە ئەو نەبووبێت کە هات بۆ لامو داوایکرد بچمە کوخەکەی. نازانم، بە ڕاستی دەترسم کە ئیسلا شتێکی لێ بێت. ئاخر کۆتا جار ئەو گومانو ڕاڕاییەم دێت لە

چاوەکانی سەرباز، ئەو جارە بوو کە خانمی شەشەم خرایە دەریاوە!
بە ڕاست! هەندێک بیرۆکەی تۆقێنەر وەک بروسکە هاتنەناو مێشکمەوە. دەبێت بینەر گوێی لە گومانو پرسیارەکانم نەبووبێت دەربارەی ئەوناسو دروستبوونی ئەوو خۆبەگەورەزانینەکانم! دەبێت بینەر باسی ئەو بیرۆکانەی منی نەکردبێت لە لای ئەوناسو ئەویش فەرمانی بە سەرباز نەکردبێت کە ئەمشەو هەر لە کوخەکەی خۆیان منو ئیسلاش لەناوببەن! ئەو بیرۆکانە چین! لە کوێوە دێن! دەبینم کە بینەر بە چاوە پڕگومانو ترسێنەرەکانیەوە سەیری چاوەکانم دەکات. ئەوکات زیاتر ئەو بیرۆکەیەی کە بیرۆکەکانی من ئاشکرابوون لە لای بینەرو ئەمشەو وەک خانمی شەشەمم لێ دەکرێت لە ناو کوخەکەی سەرباز، هێندەی تر لە ناو کاسەی سەرم گەورەتردەبوو. کیسەیەکی پڕ لە ئاوی کرم لە ناو مێشکم گەورەتردەبوو، پەستانی زیاتری دەخستەسەر مێشکم، ڕاڕاتریدەکردم، دڵم زیاتر پەلەپەلیدەکردو هەستمدەکرد کە ئارەقە بە پشتمدا دێتەخوارێو بە ئاسانی دەچێتە خەتی نێوان سمتم. ئارەقە بە ملمدا دێتەخوارێو لە سکم دەوەستێت، دەستەکانم دەست بە لەرزین دەکەنو خۆم هەست بە خۆم دەکەم کە هەناسەکانم قووڵییەکەیان نامێنێتو هەناسەی خێرا خێرا دەدەم. وەک ئەوەی خانمی شەشەم بەسەریهات، منیش ڕێک هەمان هەستم بۆ دروستبووە. سنگم توندبووە، هەستدەکەم زۆری نەماوە کە کۆتایی بە ژیانم بێت، نا، لەوانەیە شێتبم. لەوانەیە لە ترسان، شێتبم. لە ترسی خۆشم نا، نا،

بێگومان نا، له ترسی خۆم نا؛ له ترسی ئیسلا! ئاخر ئیسلاش دەبێت به خانمی ئەوناس! دڵنیام من نەمێنم، ئیسلای جوان دەبێت به خانمی ئەوناس یان یەکێک له کاربەردەستەکانی. دڵنیام بیمار بۆ خۆی دەبیات! چونکه ئەو ئەو هەواڵەی داوه به ئەوناس. هەناسەکانم خێراتردەبن، ئارەقەی زیاتر دەکەم، دەستەکانم زیاتر دەلەرزن، هەموو شتێکم لەبیردەچێتەوه جگه لەو چەند بیرۆکەیە، که بەردەوام وەک بازنەیەکی نەبڕاوه له مێشکمدا دەخولێنەوه. خەریکه سەرم گێژدەخوات‌و ناتوانم کۆنترۆڵی هەناسەکانم بکەم.

هەموو شتێک ئارام دەبێتەوه؛ دەستێکی نەرم دەسته لەرزۆکەکانم دەگرێت، ئارەقەی ناوپەلم وەک ئەوەی بەهەڵمبن، له ناو دەسته نەرمەکانیدا نامێنن. دەستەکانم ئۆقرەدەگرن‌و لەرزیان نامێنێت. ئارەقەی ناوچەوانم کۆتا دڵۆپی بەردەبێتەوه. هەناسەکانم قووڵتردەبن، هێواشتردەبن، دڵم، ئارامدەبێتەوه. سەیری تەنیشتم دەکەم، له هەمان ئەو شوێنەی سەرباز هات‌و داوای لێ کردم بچمه کوخەکەیان، ئیسلا وەستاوه.

بۆچی وا هەستدەکەم ئەم دیمەنه دووبارەیه! من پێشتریش هەستم بەو دەستانه کردووه، بەم شێوەیەی ئێستا ئارامیانکردوومەتەوه. تەنانەت ئەو دەنگەش، ئەو دەنگەش نامۆ نییه!

ئیسلا: دکتۆر، چۆنیت!

به هەمان زەردەخەنه منداڵانه شەیتانییەکەی خۆی، برۆیەکانی له کاتی قسەکه بۆیەک دەهێنێتەوه تا تێمبگەیەنێت که ئاگاداری

لەرزین‌و ئارەقەکردنەوەکەمە، بەلام پێدەکەنێت، تا ئاراممبکاتەوە.

دەنگێکی نەرم، هەموو شتێک و ئەو بیرۆکانەش کۆتاییانپێهات.

بە دەنگێکی لەرزۆکەوە وتم: ئیسلا، کەی هاتیت بۆ ئێرە!

بەخێربێیت، باشم، باشم، سوپاسدەکەم، بەخێربێیت.

ئیسلا: دکتۆر، ئەمشەو دەچینە ماڵی سەرباز، دەزانیت خانمەکەی باسی هەندێک شتی بۆ کردم کە کێشەی بۆ دروستکردوون لەگەڵ سەربازدا، جا منیش پێم باش بوو کێشەکەیان بۆ تۆ باسبکەن، بۆیە بە خانمەکەی سەربازم وت کە بە سەربازی مێردی بڵێت بێت بە تۆ بڵێت کە چارەسەریان بۆ بکەیت، بۆیە ئەوانیش بانگیانکردین بۆ کوخەکەیان ئەمشەو، بزانە بەشکم کێشەکەیان چارەسەربکەیت، تۆ دکتۆری دڵانیشیت؛ دڵ، هەی دڵی من!

بەبێ ویستی خۆم، بەو وەسفانەی ئیسلا، زەردەخەنە دەکەوتەسەر لێوم، لەگەڵ ئارامبوونەوەکەم بە خۆشم پێدەکەنیم. چەند ترسنۆکم، تەنیا بە یەک هاتنی سەرباز خەریکبوو لەهۆشخۆمبچم، لە کاتێکدا ئەو هاتووە داوای یارمەتی لە من دەکات، من چۆن‌و چیم لە ناو سەرم لێکداوەتەوە. وتم: ئیسلا گیان، زۆر باشە، شتێک تۆ بیڵێیت، حەتمەن باشە، با خەڵکەکە ئیشەکانیان تەواوبکەن‌و سەربازیش بچێتەوە کوخەکەی، ئێمەش ئەمشەو دەچین بۆ لایان، بەلام لەبیرماننەچێت، تازە ژێرەوەی کوخەکەی خۆمانت چاککردووە، شەو زوو بێینەوە، بۆئەوەی پاڵبکەوین‌و تۆش هەندێک قسەی خۆشم بۆ بکەیت.

ئیسلا: خەمت نەبێت، نا، جا من قسە بۆ تۆ نەکەم، بۆ کێی بکەم، ها دکتۆر گیانم!

زەردەخەنە بێویستەکەم بەردەوامبوو لەسەر لێوم و سەیری چاوەکانیم دەکرد، ئەویش خۆی زۆر تێگەیشتوو بوو، هەر ئەو قسانەی کردو لێم دوورکەوتەوە. دەیزانی حەزناکەم لە لای ئەوناس بێت و لە ئەوناس نزیکببێتەوە، چونکە هەرگیز نەمدەتوانی باوەڕبکەم ئەوناس چاوەکانی ئیسلا لە نزیکەوە ببینێت و تەماحنەیگرێت. ماوەیەک بوو بیرکردنەوەکانم، ڕقیان بۆ دروستدەکردم لە بەرانبەر زۆر شتدا. یەکێک لەو شتانە، ڕقم بوو لە ئەوناس!

شەو، لەگەڵ ئیسلادا لە ناو دەرگای کوخەکەی خۆماندا دانیشتبووین، ئیسلا هیچ قسەیەکی نەدەکرد، منیش هیچ قسەیەکم نەدەکرد. سەری بە شانم کردبوو و قژەکانی والابوون و بڵاوببووونەوە بە سەر باسکمدا. هەردووکمان بە بێدەنگی چاوەڕێماندەکرد هەموو خەڵکە بەیەکەوە لەگەڵ خانمەکانیاندا دابنیشن، یان پاڵبکەون، چونکە ئەوکات سەرباز دەچووەوە کوخەکەی خۆی. دوای چاوەڕوانی و ئاوابوونی تەواوەتیی خۆرو دەرکەوتنی ئەستێرەکان لە ئاسمانێکی بێمانگدا، سەربازو خانمەکەی چوونەوە کوخەکەی خۆیان.

کە ئیسلا ئەمەی بینی، یەکسەر بە سەری ئیشارەتی پێ دام کە بچینە کوخەکەی ئەوان، تا بزانین دەیانەوێت چیمان بۆ باسبکەن. پێم وت: ئیسلا گیان، با تۆزێک چاوەڕێبکەین تا ئەوانیش پشوویەک دەدەن، چونکە سەرباز زۆر هیلاکدەبێت لەگەڵ ئەو خەڵکەدا. خۆت دەزانیت ئەویش وەک هەر کەسێکی ئاسایی دارەکان بەرزدەکاتەوەو پەلک دەهێنێت بۆ کوخەکان. با تۆزێک چاوەڕێبکەین. قسەینەکرد، سەری خستەوەسەر شانم و دووبارە

بە هەمان شێوەی پێشتر سەیری دەرگای کوخەکەیانمان دەکرد
دەمزانی زۆر بە پەلەیەو زۆر حەزدەکات بچێتەناو کوخەکەی
ئەوانەوە، تا بزانێت ئەو کوخەکەی جوانترکردووە یان
خانمەکەی سەرباز. لە چاوەکانیو ئەو زەردەخەنە مندالانەیەی
هەیبوو، دەمتوانی بە ڕوونی ئەو هەستانە ببینم. ئەو هەستە
بەراوردکارییە ئەزەلییەی هەیە لە نێوان دوو خانمدا. نازانم
ئەمانە لە کوێوە دەزانم، بەلام هەرکات ئیسلا بەم شێوەیە دەبینم،
هەستدەکەم گەر منو ئیسلا مندالێکمان هەبێت، کە ئەویش خانم
دەربچێت، حەسوودی بە ئیسلا دەبات، ئەگەر سەر لە سەر شانم
دابنێت. نازانم، لەوانەیە ئەوکات ئیسلا مندالەکەمانی زۆر
خۆشبوێت، حەسوودیی پێ نەبات، بەلام لەوە دلنیام کە کچێک
لە ناو ڕەحمی ئەم خانمە چاوسەوزە دروستببێت، هەمان ئەو
سیفەتە هەلدەگرێتو حەسوودی بە ئیسلاش دەبات، گەر بێتو
سەر لە سەر شانم دابنێت.

ماوەیەک تێپەڕیو منیش وەک بروسکە ئەو بیرکردنەوانە
دەربارەی حەسوودیی خانمەکانو ڕقە بەردەوام گەورەبووەکەم
بەرانبەر بە ئەوناسو پرسیارە ئالۆزەکان مێشکیان دەتەنیم.
ئیسلا وتی: دە دکتۆر، با بچینە کوخەکەی ئەوان، درەنگە ئاخر،
عەیب دەبێت دواتر. کێ نالێت ئەوان زوو ناخەون، ئاخر ئەها
خۆشت وتت: سەرباز ماندووەو ئیشدەکات لەگەل خەلکەکەدا،
دەبا زوو بچین، نەوەک خەویانلێبکەوێت. ئەوان خۆیان ئێمەیان
بانگکردووە بۆ کوخەکەیان، خۆ ئێمە لە خۆمانەوە ناچین، ئەی
وا نییە توخوا!

بە دەنگێکی پڕنازو منداڵانەوە ئەو قسانەی دەکردو لە ئاستی شانمەوە سەیری چاوەکانمی دەکرد، من پێویست بوو هەندێک ڕوومبکەمە خوارەوە، تا چاوە گەورە پڕناوەکانی ببینم، کە وەک شێوازێکی پاڕانەوەی پڕنازو مەکر، داوای ئەوەی لێ دەکردم هەرچی زووترە، بچینو ببینە میوانی ماڵەکەی سەرباز. نازانم، من لە ناخی خۆم بەردەوام بیانوویەکم دەدۆزییەوە کە درەنگتر بچینەناو کوخەکەی سەربازەوە. لەوانەیە لەبەر ئەو ترسەم بێت کە لە سەربازو باڵا بەرزەکەی بۆم دروستبووە، یان لەبەر چیرۆکەکەی خانمی شەشەم. گرنگ ئەوەیە شتێک هەبوو ڕایدەگرتمو وای دەکرد بەردەوام بیانووبهێنمەوە کە نەچینەناو ئەو کوخەوە.

هیچ کام لەو بیانوانەی ناخم نەیاندەتوانی ئەو داواکارییە پڕنازەی ئیسلا ڕەتبکەنەوە، بۆیە ماچێکی قژی ئیسلام کردو وتم: هەستە، با بڕۆین گیانەکەم. هەستاینو بەرەو کوخەکەی ئەوان هەنگاوماندەنا. کوخەکەیان بە جۆرێک لە تەنیشتو هەندێکیش لە بەرانبەر کوخەکەمان بوو، چونکە کوخەکەی ئێمەی یاریدەدەری ئەوناس لە تەنیشت یەک دروستکرابوون، هەرسێکیشمان لە تەنیشت کوخە گەورەکەی ئەوناسەوە بووین. لەبەرئەوەی کوخەکان لە چەند بازنەی جیا جیا دروستدەکران، لاربوونەوەی هێڵی کوخەکان وای کردبوو کە ئێمە لە تەنیشت کوخی سەربازەوە بینو لە هەمان کاتدا بە یەک تۆز لاردانیشتن، بتوانین ڕاستەوخۆ دەرگای کوخەکەی ئەوان بخەینە بەرانبەر کوخی خۆمان. گەیشتینە بەردەم کوخەکەی سەرباز، پێش ئەوەی ئێمە بچینەناو دەرگاکە، یان بە جۆرێک بانگیانبکەینو

ئاگادارییانبکەینەوە، سەرباز خۆی هاتەدەرەوە، بەلام ئەو سەربازەی هاتەدەرەوە، هەرگیز ئەو سەربازە نەبوو کە من رۆژانە دەمبینی فەرمانی بە سەر کرێکارەکاندا دەکرد، هەرگیز ئەو سەربازە نەبوو کە بازنە خڕەکەی کەشتییەکەی لە دەست بوو. نا، ئەوە ئەو سەربازەش نەبوو کە خانمی شەشەمی خستەناو دەریاکەوە. ئەو سەربازە زۆر جیاوازە، چاوەکانی وەک کونێک وان، کە لێیەوە بە ڕوونی ڕۆحی ترساوی دیارە. بە ڕوونی قەلەقیو دودڵیو لاوازیی سەرباز لە سەر دەموچاویو جوڵەی دەستو تونی دەنگی دیارە. خۆی هاتەدەرەوەو خێرا وتی: فەرموون، فەرموون دکتۆر گیان، خانمی دکتۆر. وەرنەژوورەوە، ئەمە هەر وەک کوخی خۆتان وایە، سەیربکەن، ئەم شوێنەمان تایبەت بە ئێوە داناوە. زۆر بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانتان بووین، بە ڕاستی دڵمانتەنگبیبوو کە ئەمشەو بۆتان نەکرێتو سەردانماننەکەن. زۆر زۆر داوای لێبوردنتان لێ دەکەین کە لە کاتیشتانمان گرتووە، توخوا بمانبورن کە عەزیەتماندانو داوامان لێ کردن بێنە لامان. توخوا بمانبورن، گەر جێگەکەشتان باش نییە، دڵنیام جێگەی خۆتان زۆر نەرمو باشترە لەوەی ئێمە. تکایە، فەرموون، دابنیشن، فەرموون، تکایە.

سەرباز، زیاد لە پێویست، وشەی توخواو تکایەو ببورەی بەکاردەهێنا. هەموو قسەکانی پڕ بوون لە داوای لێبوردنو خۆبەکەمزانینو گەورەدانانی منو ئیسلا. بە جۆرێک من سەرمسوڕمابوو کە ئەم لەشە گەورەیە، ئەم هەموو ماسولکەیەو ئەو دەنگە بەسامە، چۆن دەتوانێت لە ڕێگەی جوڵەی دەموچاوو

تۆنی دەنگیەوە، وا لاواز دەربکەویت! لەوێ من بە پێچەوانەی هەستی هەمیشەیی خۆمەوە، خۆمم زۆر بە گەورەو بەدەسەلات دەهاتەپێشچاو. کە سەرباز لە پێشمان خۆی بە بچووک دادەناو خۆی بچووکدەکردەوە بەو شێوازە قسەکردنەی، من هەر خۆم لە لا گەورەترو بەڕێزتردەبوو. سەرباز لێی نەدەبڕییەوە، بەردەوام دووبارەو سێبارەو چواربارەیدەکردەوە، کە بەخێربێین‌و داوای لێبوردنی دەکرد کە جێگەکەیان شایەنی ئێمە نییە. تا زۆر بە ڕوونی بینیمان خانمەکەی بە دەستی ئیشارەتی بۆ کردو مستێکی کێشا بە کەلەکەی سەربازدا کە بێدەنگبێت‌و ئەوەندە خۆی بچووکنەکاتەوە. تەنها بەو مستەو چاوەکانی، هەموو قسەیەکی گەیاندە سەرباز. ئەو بەخێرهاتنە دووورودرێژو پڕ لە خۆبەکەمزانینەی سەرباز کۆتاییهات. خانمەکەی دەنگیهات‌و بەخێرهاتنیکردین. بەخێرهاتنێکی سادە، وەک هەر میوانێکی ئاسایی. خۆی بە گەورەتر پیشاننەدا لە ئێمەو بە بچووکتریش خۆی نەدەبینی. لە کۆتاییدا ئەو خۆی وەک ئیسلا دەبینی: هەمان پلە، خانمی یەکێک لە کاربەدەستەکانی ئەوناس، بەلام پێدەچوو ئەو خۆبەکەمبینینەی سەرباز کاری لە سەر دەنگی ئەویش کردبێت، نەیدەتوانی زۆر بە متمانەو باوەڕەوە قسەکانی بکات‌و هەمیشە تۆنی دەنگی شەرمەزارییەکی تێدا بوو. جا نازانم ئەو تۆنە لەبەر پرسیارەکەیان کە دواتر لێیان کردم، دروستببوو، یان هەر لەبەرئەوە بوو سەرباز خۆی وا بە کەم پیشانی ئێمە دابوو لە کاتی بەخێرهاتنەکەدا.

دوای ئیستێک لە بێدەنگییەکی شەرمەزارکەر، ئیسلا وتی: کوخەکەتان زۆر جوانە، زۆر پیرۆزتان بێت. هیوادارم بەیەکەوە

به بەختەوەری تێیدا بژین‌و منداڵی زۆرتان هەبێت لە ناوی دا.
خانمی سەربازو سەرباز سەیرێکی یەکیان کردو هەر یەکسەر دەستیان بە پرسیارو قسەکانی خۆیان کرد. هیچ لە سەر ئەوە نەوەستان تۆزێک موجامەلەی یەکتری بکەین، یەکسەر چوونەسەر ئەسڵی بابەتەکە.
سەرباز وتی: دکتۆر گیان، ئەوەی ڕاستی بێت، کێشەیەکی گەورەمان هەیە. ڕەنگە ئەو کێشەیە وامان لێ بکات نەتوانین ئەو منداڵانەمان هەبێت کە خانمەکەت باسیدەکات. دەزانیت دکتۆر، من دڵنیام تۆ دەزانیت کە ئەوناس مەبەستی چی بوو لەوەی کە ئێمە منداڵمان هەبێت. تۆ دکتۆریت، حەتمەن دەزانیت بۆ ئەوەی ئێمە منداڵێکمان هەبێت، پێویستە لەگەڵ یەکتردا بین‌و تێکەڵی یەکتر ببین. ئەها، جەستەمان تێکەڵی یەکتر ببێت. خانمی سەرباز مستی لە ڕانی سەرباز دەدا، هەموو کاتێک کە سەرباز دەیویست وردەکاریی ناپێویست باسبکات، ئەو ڕایدەگرت. سەرباز بەردەوامبوو لە قسەکانی‌و دەیوت: دکتۆر، بەس من کێشەیەکم هەیە کە ناهێڵێت بە هیچ جۆرێک ئەو تێکەڵبوونە پێویستەم هەبێت لەگەڵ خانمەکەمدا تا منداڵمان هەبێت، بۆیە زۆر دەترسم هەموو کوخەکان منداڵیان لێ بێت‌و کوخەکەی سەربازی بەناوبانگ بەبێ منداڵ بمێنێتەوە، بۆیە پێویستمان بە یارمەتیی تۆیە.
من لە قسەکانیەوە بۆم دەرکەوتبوو کە کێشەیەکیان هەیە لەوەی کە سەرباز ناتوانێت لەگەڵ خانمەکەیدا بخەوێت، بەڵام وردەکارییەکەم نەدەزانی‌و نەشمدەزانی چییان لە من دەوێت. سەرباز بەردەوامبوو: دکتۆر، دەزانیت کێشەکە خەوێکە،

خەونێک هەیە زۆر بە سەیری کاریگەریی لە سەر من دروستکردووە، کە بە هیچ شێوەیەک ناهێڵێت من نزیکی خانمەکەم ببمەوە. دکتۆر، هەموو شەوێک من هەمان خەون دەبینمەوە، هەمان شت دووبارەدەبێتەوەو زۆر نارەحەتیکردووم. دەزانم لە قسەکانم تێناگەیت، دەزانم قسەکانم ناروونن، خەوەکەم زۆر ئاڵۆزە دکتۆر. نەمزانی جگە لە تۆ، پێویستە ئەم بابەتە بۆ کێ باسبکەم! ئاخر تۆ زۆر بە ئاسانی برینی دەستی خەڵکەکە چاکدەکەیتەوە، کاتێک درکێک دەچێتەناو دەستیان، یان بریندارەدەبن، یان لەوانەیە هەندێک جار پەنجەیەکیان وەربگەڕێت، یان نا، دەستیان ئەسڵەن بشکێت، یان لەوانەیە قاچیان بێت؛ قاچ. خانمەکەی دەیزانی کە سەرباز خەریکە چەندین نموونەی ناپێویست دەهێنێتەوە لە سەر نەخۆشییەکانی خەڵکەکە، بۆئەوەی خۆی بپارێزێت لەگێڕانەوەی خەونەکە، کە ئەسڵی بابەتەکەی ئەم دانیشتنە سەیرەی ئێمەیە، بۆیە دیسان مستێکی تری لە ڕانی سەرباز داو خەندەیەکی درۆینەشی بە ڕووی ئێمەدا کرد. سەرباز دووبارە قسەکانی خۆی ڕێکخستەوەو وتی: دکتۆر، دەمەوێت تۆ خەونەکەم لەکۆڵبکەیتەوە، ناتوانم بەو شێوەیە هیچ شتێک بکەم، تێدەگەیت! ناتوانم هیچ شتێک بکەم لەگەڵ خانمەکەمدا. ئاخر توخوا دەکرێت ماڵی سەرباز بەبێ منداڵ بمێنێتەوەو هەموو خەڵکە ئاساییەکەی تر منداڵیان هەبێت! دەکرێت دکتۆر!

من هیچ وەڵامی پرسیارەکانیم نەدەدایەوە، چونکە پێنەدەچوو پرسیارەکان بۆ ئەوە بکات کە وەڵامی دەستبکەوێت، بەڵکو پرسیارەکەی بە شێوەیەک دەکرد، وەک ئەوەی لە وەڵامەکەی

دڵنیا بێت کە نابێت ماڵی سەربازی بەناوبانگ بەبێ منداڵ بمێنێتەوە. درێژەی بە قسەکانی داو وتی: دکتۆر، لە خەونمدا ئەم نازانم چۆن پێتی بڵێم، خانمەکەشت لێرەیە، بەڵام دەبێت باسیبکەم، ئاخر دکتۆر چۆن دەتوانێت چارەسەری نەخۆشییەک بکات کە نازانێت چییە! وا نییە دکتۆر! ئاخر گەر نەخۆشەکە نەڵێت قاچم ژاندەکات، تۆ چۆن دەتوانێت چارەسەری بکەیت! گەر خۆی نەیاتو نەڵێت: چاوم کزبووە، تۆ چۆن چارەسەری چاوی پێ دەدەیت! یان نەڵێت: سەرم ژاندەکات، حەتمەن تۆ هیچ دەرمانو مەرهەمێکی ژانەسەری پێ نادەیت، ئەی وا نییە! یان گەر سکی ژانبکات، گەر وا نەڵێت، تۆ چوزانێت، تۆش حەقی خۆتە دکتۆر، دەبێت بیزانێت. دووبارە ژنەکەی مستێکی لە ڕانی ئەو دایەوەو خەندەیەکی درۆینەشی بۆ ڕووی ئێمە کرد، تا بیریبخاتەوە لە بابەتە سەرەکییەکە لانەداتو خەونەکەی باسبکات. دوای ئەو مستە، سەرباز قوڕگی خۆی خاوێنکردەوەو ئحمێکی کردو وتی: دکتۆر گیان، هەموو شەوێک لە خەونمدا شتێکی زۆر گوناحە دەبینم، دڵنیام تاوانێکی زۆر گەورەیە، گەر من بیر لە شتێکی وا بکەمەوە، بەڵام حەتمەن ئەوە جادوو و پلانی تومولییەکانە کە من شتێکی وا لە خەوندا دەبینم. دکتۆر، هەموو شەوێک لە خەونمدا خانمی شەشەم دەبینم، لە ناو تەشتێکی شین لە ئاو وەستاوە، دەبینم لە سەرووی ئەو تەشتە ئاوەی خانمی شەشەمی تێدا وەستاوە، خانمی ئەوناس لە سەر پەیژەیەک کە لە تەشتەکەوە بەرزبووەتەوە، وەستاوە، واتە خەونەکە جاسووسەکەی تومولستانی تێدایە دکتۆر، لەوەش خراپتر، خانمی ئەوناس لە سەر تەشتی جاسووسەکە وەستاوە.

نازانم، ئەو پەیژەیە چۆن ڕاگیرکراوە لە سەر تەشتە ئاوەکەی جاسووسەکە، بەلام لەوێیەو خانمی ئەوناسییش بە سەر ئەو پەیژانەدا دەکەوێتو دەچێت، ڕێک لە سەر تەشتەکەو لە ئاستی جاسووسەکە دەوەستێت. دکتۆر، تۆ بڵێیت ئەوە واتای چی بێت؟ تۆ دەزانیت خەونەکە لێکبدەیتەوە؟

بە ڕاستی من هیچ شتێک لەوە تێنەدەیگەشتم، کە ئەو خەونە چ پەیوەندییەکی بە پەیوەندیی نێوان سەربازو خانمەکەیەوە هەیە، ئەسلەن خەونێکی وا بیمانا بۆچی وا لە سەرباز دەکات نەتوانێت ئەرکی پیاوەتیی خۆی جێبەجێبکات لە لای خانمەکەی! نازانم، چ پەیوەندییەک هەیە، هەستمدەکرد شتێک هەیە، سەرباز دەیشارێتەوە، بۆیە پرسیم: هەر ئەوەندەیە خەونەکە؟

دووبارە خانمی سەرباز مستێکی تری لە ڕانی سەرباز داو بەقسەیهێنا: نا، دکتۆر، هەر ئەوەندە نییە. دەستەکانی خۆی لە ناو یەکتری دەهێناو دەبردو دەستی ڕاستی بە چەپی دەگوشیو دستی چەپی بە ڕاستی دەگوشیو دەیوت: دکتۆر، شتە سەیرەکە ئەوەیە، هەردوو خانمەکە شتێکی زۆر سەیریان بە دەستەوەیە. دووبارە خانمەکەی مستێکی تری لێدەداو نێدەگەیشتم کە باسی ئەو خەونە ئەو شتەیە کە بە دەستی ئەو دوو خانمەوەیە لە ناو خەونەکە هەن. سەرباز بە ئارەقەکردنو سووربوونەوەو هەناسەسواربوونەوە بە زەبری مستەکانی خانمەکەی دەهاتەگۆو دەیوت: سەرەتا سەیری جاسووسە پیسەکە دەکەم، لە ناو تەشتە ئاوەکەدا وەستاوەو ئـــی دکتۆر، لە ناو تەشتەکەدا وەستاوەو (مستێکی تری پێ دەکەوت)، باشە، با خانم، دەیلێم، ڕانم تەقی، وا مەکە چیتر!

له ناو تەشتە ئاوەکەدا وەستاوەو دەماری ملی دەردەپەڕین،
کونەلووتی فشدەبوون، ئەو قسەی بۆ نەدەهات، نەیدەتوانی
بیلێت، زۆر شەرمیدەکرد، هەندێک جار لە ژێر چاوەوە سەیرێکی
منو ئیسلای دەکردو ئارەقەی ناوچەوانی دەسرییەوە. دکتۆر،
لە ناو تەشتە ئاوەکەدا وەستاوەو ڕێک پێداویستیی پیاودتیی منی
بە دەستەوەیە، کە خوێنی لێ دەچۆڕێت!

زۆر بە خێرایی ئەو قسەیەی کردو بێدەنگبوو، خانمەکەشی
سەری دانەواند. بە ڕاستی من هیچ شتێک حاڵینەبووبووم،
نەمزانی بزەبت چیی وتو بۆ وا سەری دانەواند. ئەوانیش
دەیانزانی ئێمە تێنەگەیشتین کە خەونەکە چییە، بۆیە دیسان
مستەکانی خانمەکە دەستیپێکردەوەو سەربازیش بەقسەهاتەوە:
دکتۆر، ئەندامی من؛ من، ئەندامەکانی منی بە دەستەوەیە، کە
خوێنیان لێ دەچۆڕێت، هەر شەوێک دیمەوە، دەمەوێت
بەکاریبهێنم لەگەڵ خانمەکەی خۆمدا، یەکسەر ئەو دیمەنە
دێتەوەبەرچاوم‌و هیچ شتێکم پێ ناکرێت، دە تێبگە دکتۆر!

سەیری ئیسلام کرد، خەندەیەکی شەیتانانە لە ژێر لێوەکانییەوە
بوو، کە بە زۆر خۆیگرتبوو پێنەکەنێت بە قسەکانو بەو دیمەنە
سەیروسەمەرەیە کە سەرباز بەو باڵا بەرزو هەیکەلەوە
قسەیەکی لەو شێوەیە دەکات، بەڵام من خەمم بۆ دەخوارد کە
بۆچی توشی شتێکی وا بووەو پێم وت: باشە، تێگەیشتم سەرباز،
ئەی خانمی ئەوناس؟ ئەو چی دەکات لە ناو خەونەکەتدا؟ من
زیاتر تەرکیزم لە سەر خانمی ئەوناس بوو، ئەو هەموو
بیرکردنەوەیەی هەمبوو ئەم ماوەیە لە سەر ئەوناس، دەمویست
بە جۆرێک ئەویش قسەیەکی خراپ بکات لە خەونەکەی

دەربارەی ئەوناس، تا گومانەکانی خۆمی پێ بەهێزتربکەم.
سەرباز وتی: خانمی ئەوناس دکتۆر، خانمی ئەوناس!
بەلێ، بەلێ، خانمی ئەوناس، ئەو چی دەکات لە خەونەکەدا، بۆ لەوێ وەستاوە؟
سەرباز: دکتۆر، ئاخر ئەم خەونەو ئەم دانیشتنە هەر لە نێوان خۆماندا دەمێنێتەوە، ها! بە تۆنێکی هەڕەشەیەکی نەزۆک ئەو قسەیەی دەکردو منیش وتم: بێخەم بە سەرباز، دکتۆر نابێت نهێنی نەخۆش لە لای هیچ کەسێک باسبکات، تەنانەت لە لای ئەوناسیش!
سەرباز: دکتۆر، لە خەوەکەم سەرەتا سەیری جاسوسەکەی تومول دەکەم، دەبینم ئەندامەکانی من، هەردووکیشیان، لە ناو دەستی ئەودان‌و خوێنیان لێ دەچۆڕێت. دواتر سەرهەڵدەبڕم بۆ سەر پەیژەکان‌و دەبینم خانمی ئەوناس لە سەر پەیژەی سەر تەشتەکە وەستاوەو ئەویش ئەندامی ڕەقبووی منی بە دەستەوەیە. لەگەڵ ئەو قسەیە، ڕەنگی سەرباز وەک تەماتەی لێ دەهات‌و ئارەقە لە هەموو دەموچاویەوە دەهاتەخوارەوە، خانمەکەی سەری دانەواندو ئیسلاش دەمی بەشببووەوە کە شتێکی وای دەبیست.
سەرباز بەردەوامبوو لە ڕشتنی ئارەقەی شەرم‌و قسە سەیرەکانی‌و وتی: دکتۆر، ئاخر بۆ خەونێکی وا دێت‌و ژیانی من تێکدەدات! دکتۆر، من چیم کردووە جگە لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی ئەوناس! ئاخر دەبوایە "ئەو" پاداشتمبداتەوە بە منداڵی زۆرو جوان، نەک خەونێکی وام توشبێت، نەهێڵێت منداڵم هەبێت. دکتۆر، هەر کاتێک بمانەوێت بەیەکەوە بخەوین، یەکسەر

ئەو دیمەنە دێتەوەپێشچاوم‌و ترس‌و دڵەڕاوکێیەکی زۆر دامدەگرێت. ناتوانم هیچ شتێک بکەم، هیچ شتێکم پێ ناکرێت!

وتم: هەر ئەوەندەیە سەرباز؟ خەونەکە بەس ئەوەندەیە؟

دەستەکانی خستەناو کۆشیەوەو هێندەی تر خۆی کزۆڵ‌و داماو نیشانداو وتی: نا دکتۆر، ئێستا پێم وتی کە من سەرەتا جاسوسەکە دەبینم بە هەردوو هێلکەکانمەوە، کە خوێنیان لێ دەچۆڕێت‌و خوێنەکە تێکەڵی ئاوی شینی ناو تەشتەکە دەبێت، دواتر سەیری سەرەوە دەکەم، خانمی ئەوناس دەبینم کە ئەندامی ڕەقبووی منی بە دەستەوەیەو بە هەمان شێوە خوێنی لێ دەچۆڕێت. سەیری جاسوسەکە دەکەمەوە، دەبینم هەردوو هێلکەکانم دەخاتەناو ئاوەکەوەو خۆشی نقومدەبێت، سەیری سەرەوە دەکەمەوەو خانمی ئەوناس دەبینم کە ئەندامی من قوتدەدات‌و خۆی دەفڕێت‌و بەرزدەبێتەوە بۆ ئاسمان.

ئەو دیمەنە ئارامیی لێ هەڵگرتووم، ناتوانم شەوان بخەوم، ناتوانم بچمە لای خانمەکەم، ناتوانم منداڵم ببێت دکتۆر، من ناتوانم!

دەستیدەکرد بە گریان‌و ئەو دیمەنە سەیرانەی باسدەکرد، کە هەم مایەی پێکەنین بوون، هەم مایەی گریان بوون، هەم مایەی سەرسوڕمان و تێڕامان بوون. ئەو هەموو دیمەنە دەربارەی ئەندامەکانی سەرباز چییە کە بەستراوەتەوە بە خانمی ئەوناس‌و خانمی شەشەمەوە. ئەو شتانە بۆ وا چوونەتەناو ناخ‌و مێشکی ئەم پیاوەوە. ئەو کاریگەرییە گەورەیە چییە کە سەربازی وا لێ کردووە نەتوانێت بە هیچ شێوەیەک بیر لە چوونە لای خانمەکەی بکاتەوەو ئەو دیمەنانە شەوەکەی لێ تاڵدەکەن. دەمبینی خانمی

سەرباز زۆر دڵتەنگبووە بەوەی کە پێویست بووە سەرباز قسەیەکی وا شەرمەزارکەر لە پێش منو ئیسلا بکات. لەوانە بوو باشتر بوایە ئیسلا هەر نەهاتبایە، تەنها من بوومایە، بەڵام ئەوکات زەحمەت بوو خانمی سەرباز لێرە بوایەو بیتوانیایە بەرانبەرم دابنیشێت، کە پیاوەکەی ئەو قسانە دەکات. دڵنیاشم بەبێ بوونی خانمی سەربازو مستەکانی، سەرباز تا بەیانییش نەیدەتوانی ئەو خەونە پڕشەرمەزارییە بگێڕێتەوە.

بە سەربازم وت: سەربازی ئازیز، بێگومان خەوەکەت خەونێکی زۆر ئاڵۆزە. لەبەر ئاڵۆزییەکەی نامەوێت ئێستا هیچ قسەیەکت بۆ بکەم، بەڵکو دەبێت بیرێکی قووڵی لێ بکەمەوەو بزانم چۆن بتوانم لە خەونەکەت تێبگەم و دواتریش دەرمانێکت پێ دەدەم کە وا بکات تەنانەت گەر ئەو دیمەنانەش بێتەپێشچاوت، تۆ هەر بتوانیت ئەرکی پیاوەتیی خۆت بەجێبهێنیتو منداڵ دروستبکەیت.

کە ئەو قسەیەم کرد، یەکسەر هەردووکیان سەریان بەرزکردەوەو ڕوویان گەشایەوە، زۆر خۆشحاڵ دیار بوون بەو بیرۆکەیەی کە دەتوانن بەیەکەوە بخەونو تێکەڵی یەکتر بن. سەرباز بە دەنگێکی لەرزۆکو پێچەوانەی عادەتی خۆی؛ وتی: زۆر سوپاستدەکەم دکتۆر، زۆر سوپاستدەکەم، بێگومان من ئەو چاکەیەت هەرگیز لەبیرناکەم. من و ئیسلاش هیچ قسەیەکی زیاترمان نەکرد، چونکە پێدەچوو ئەوان زۆر بە پەلە بن بۆ تێکەڵبوونو چاوەڕێی دەمی منیان دەکرد کە دەرمانەکەیان پێ بدەمو پێیان بڵێم چی بکەنو چۆن بەکاریبهێنن. پێم وت: سەرباز، من ئەم پێنج حەبەت پێ دەدەم. لە ناو جانتا سپییەکەمدا پێنج دانە حەبم دەرهێنا، بەبێ ئەوەی هیچ بیرکردنەوەیەکم هەبێت

دەربارەیان‌و بزانم چین‌و بۆچی من کریمەکان یان حەبەکانی تری پێ نادەم، یەکسەر حەبەکانم خستەناو پەلی سەربازەوەو پێم وت: پێویستە دوای ڕۆیشتنی ئێمە دانەیەک لەو حەبانە بخۆیت‌و دواتریش ئاوی لە دوا بخۆیتەوە. ئینجا توانای ئەوەت پێ دەبەخشێت کە تێکەڵی خانمی خۆت ببیت، باشە!

سەرباز: زۆر باشە دکتۆر، زۆر باشە! بێگومان هەرچییەک تۆ بیڵێیت، وەک خۆی جێبەجێیدەکەین. زۆر سوپاس بۆ هاتنتان، بە ڕاستی لەکاتمانگرتن، زۆر مەمنونتانین، زۆر سوپاستاندەکەین. ببورن کە لەکاتمانگرتن. زۆر سوپاس کە کێشەکەمانت چارەسەرکرد. قسەکانی وەک ئەوە وا بوون پێم بڵێت: ئێستا کاتی ئەوەیە لەگەڵ ئیسلادا لە کوخەکەیان بڕۆینەدەرەوە، چونکە قسەکانی لە قسەی ماڵئاوایی میوان دەچوون نەک کردنەوەی بابەتێکی تر، جیا لەو بابەتەی کە باسیانکرد، بۆیە ئیسلا سەیرێکی کردم‌و تێگەیشتم کە بە چاوە قەوزەییەکانی دەیەوێت پێم بڵێت کە پێویستە بڕۆینەدەرەوە لەم کوخە. منیش یەکسەر هەستام‌و وتم: زۆر باشە سەرباز، بێگومان ئێمە دەمانویست زیاتر لە لاتان بین‌و قسەی تر بکەین، بەڵام ئیشی ترمان هەیەو پێویستە پێیان ڕابگەین، بۆیە لێرەوە کۆتایی بەم بابەتە دەهێنین‌و بەجێتاندەهێڵین، خواتان لەگەڵ.

سەرباز: بێگومان بێگومان دکتۆر، ئێوە زۆر مەشغوڵن، پێویستە بڕۆن، تێدەگەین لێتان، بەخێرچن، بەخێرچن! ئیسلا سەیرێکی تری دەکردمەوەو بە چاو گاڵتەی بەو قسانەو پەلەپەلی سەرباز دەکرد بۆ ڕۆیشتنی ئێمە. هەر ئێمە ڕۆیشتینەدەرەوە لە کوخەکەیان، بینیم بەبێ ماڵئاوایی حەبێکی خستەدەمیەوەو

دەرگاکەی لە دوا داخستین. ئیسلا یەکسەر دای لە قاقای پێکەنین‌و منیش پێم دەوت: کچێ، سەبر، سەبر! با کەس نەزانێت، سەبر! منیش لەگەڵیدا زەردەخەنەدەیگرتم‌و پێدەکەنیم، تا گەیشتینەوە، ئیسلا بە قاقا پێدەکەنی‌و بە پشتی منی دەکێشا. زۆر جوان بوو، زۆر! هەر کاتێک ئەو بەو شێوەیە پێدەکەنی، وەک منداڵێک، وەک ئەوەی هیچ شتێک نەبێت بیری لێ بکەینەوە، جگە لەو پێکەنینانەو ئەو خۆشییانەی بەیەکەوە هەمانە، من هەموو شتێکم فەرامۆشدەکرد. تەنها بە زەردەخەنەیەکی ڕاستەقینەوە سەیری ڕووی ئەوم دەکرد. بای ئەو شەوە بێمانگە لە قژی دەداو قژی با دەیبرد، لەگەڵ ئەو خەندەو دەم‌و لێوە جوانەدا، هەموو شتێک زۆر جوانتردەبوو. ڕاستە ئەو شەوە شەوێکی زۆر تاریک بوو، مانگ لە ئاسمان نەبوو، بەلام پێکەنینەکانی ئیسلا وا لە پێش چاومن، وەک ئەوەی مانگ‌و خۆر بەیەکەوە ئەو شەوە لە ئاسمان بووبن‌و خەندەکانی ئەویان ڕووناککردبێتەوە. دەستیگرتم‌و بەیەکەوە بەرەو کوخەکەی خۆمان ڕۆیشتینەوە. لە ڕێگە بیری ئەوەم دەکردەوە کە من‌و ئیسلاش خۆ هیچ کاتێک تێکەڵی یەکتری نەبووین، ئەسڵەن من نازانم ڕێک سەرباز باسی چیی دەکرد لەو تێکەڵبوونە، بەلام بە جۆرێک هەم من‌و هەم ئیسلاش تێگەیشتبووین باسی خەوتنە لەگەڵ یەکترداو باسێکە کە مایەی پێکەنینیشەو مایەی شەرمیشە. نازانم چۆن، بەلام دەمزانی کە گەر یەکێک پرسیارم لێ بکات، دەتوانم کاتژمێرێک لە سەر ئەو تێکەڵبوونە قسەی بۆ بکەم‌و یارمەتیبدەم، باشتر بتوانێت بیکات. بەبێ ئەوەی هەرگیز بینیبێتم، یان خوێندبێتمەوە، نازانم، بە ڕاست من ئەو شتانە چۆن

دەزانم! ئەی ئەو دەرمانە سەیرە چی بوو لە ناکاو بەبێ ویستی خۆم لە ناو جانتا سپییەکەم دەرمکردو ئاوا بە متمانەوە دام بە سەرباز کە کێشەکەی چارەسەردەکات! هەر بە جددی من ئەو شتانە چۆن دەزانم!

من لەو بیرکردنەوانە بووم‌و خەریکدەبوو ئەو بیرکردنەوە ژەهراوییانە مێشکم داگیربکەن‌و پێکەنینەکانی ئیسلام لەبیربچێتەوە، بەلام ئیسلا هەستیکرد کە مێشکم ئالۆزبوو، دەستی گوشیم‌و وتی: توخوا ماڵی خۆمان خۆشتر نییە، ها دکتۆر! سەیر، سەیر، ئەو شتە نەرمەم دروستکردووە لە سەری بخەوین. نا، نا، ئەو بۆنە خۆشە، ئەو فێنکایەتییەی کوخەکەی خۆمان، وەڵلا بە دە کوخی سەربازی نادەم، توخوا وا نییە دکتۆر گیان!

هەروەک پێش چوونمان بۆ کوخەکەی سەرباز پێشبینیمکردبوو، ئیسلا تەواوی بیرکردنەوەکانی تەرخانکردبوو بۆ بەراوردکردنی کوخەکەی خۆمان‌و کوخەکەی ئەوان، بۆیە هەر هاتینەوە، دەستیکرد بە باسکردنی باشییەکانی کوخەکەی خۆمان، ئەو جێگە خۆشەی دروستیکردووە، کە چەند بۆنی خۆشەو چەند نەرمە. بە ڕاستی منیش بە پێچەوانەی قسەکردنی هەر کەسێکی ترەوە، چێژێکی زۆرم لە قسە خۆش‌و سادەکانی ئیسلا وەردەگرت. من هەمیشە ڕقم لە بابەتی سادەو ناپێویست بوو. هەستدەکەم بەشێک لەو هەستەی بەرانبەر بە خەڵکەکە هەمبوو، کە دەمویست بیانبینم لە کاتی ئیشکردندا ئازاردەچێژن، لەبەرئەوە بوو پێم وا بوو ئەمانە هەرگیز بیرناکەنەوەو هەموو باسەکانیان هەر باسی خواردن‌و خانمەکانیان‌و خانووەکانیانە.

بیر لە هیچ شتێکی تر ناکەنەوە، تەنها فەرمانەکانی ئەوناس‌و سەرباز جیبەجیدەکەن‌و دەخۆن‌و دەخەون، بۆیە جۆرە رقێکم هەبوو بەرانبەر بە هەموو ئەو جۆرە کەسانەی سادەن‌و سادەش قسەدەکەن. بەس ئیسلا، هەرچەندە قسەکانی بێماناتر‌و سادەتر بوونایە، زیاتر خۆشمدەویست‌و دەمویست قسەی زیاتر بکات. بەردەوامبوو لە وەسفی جێگە نەرمەکەی کە دروستیکردبوو. پێدەچوو زۆری ئەو جێگەیە خۆشبوێت‌و هەر لەگەڵ تەواوبوونی کوخەکەماندا خەریکی دروستکردنی بوو. ئەو شەوە، جیاواز لە هەموو کات و ساتێکی تر، کە بە ماچ‌و باوەش کۆتایی پێ دەهات، زینگەیەکی جیاواز لە کوخەکەمان هەبوو، وەک بلێیت، بۆنێکی جیاواز هەبوو، کەشی ناو کوخەکە جیاواز بوو. وەک ئەوەی هەموو پەلکەدارەکان‌و هەموو دارەکانی کوخەکەمان سەیرمانبکەن‌و داوامان لێ بکەن کە بەیەکەوە بخەوین. ئیسلا، لە ناوەڕاستی کوخەکەمان وەستا. دەستەکانی گرتم‌و سەیری ناو چاوی دەکردم. چاوەکانی ڕاستوچەپیاندەکرد. دەیویست سەیری هەردوو چاوم بکات لە یەک کاتدا. هەستمدەکرد دەستەکانی لە ڕۆژان گەرمترن، نەرمترن‌و چاو‌و لێوی وەک ڕۆژانی پێشتر نین. بەبێ ئەوەی خۆم بیری لێ بکەمەوە، لێی نزیکبوومەوە‌و لێوم بۆ لێوەکانی برد. چاوەکانم داخستبوو، بەلام هەستمدەکرد کە لێوم بەر لێوی دەکەوێت، هەمان خەندە منداڵانە شەیتانییەکە دەکاتەوە، ئەوەندەی تر دڵی پڕدەکردم‌و هۆگری خۆی دەکردم. نازانم، منێک کە ئەوناس‌و هەموو خەلکەکە کاریگەرییان لە سەر دروستنەدەکردم‌و هیچ شتێک خاڵی لاوازی من نەبوو، بەلام ئەو دڵپڕبوونەم لە کاتی ماچی لێوەکانی

ئیسلادا، دەیلەرزاندم. هەم دڵخۆشدەکردمو هەستمدەکرد ئاوا هەیەو دەتوانم بفڕم، هەم دەترسام ئیسلام لەدەستبچێت. هەموو شتەکانی ئەو شەوە زۆر جوان بوون؛ تاریکییەکەی، قاقاکانی ئیسلا بە خەونەکەی سەرباز، دەستگرتنەکەمان، ماچەکەمان، پاڵکەوتنمان لە ناو جێگە نەرمە بۆنخۆشەکەی ئیسلا دروستیکردبوو، ڕوتبوونەوەمان، بینینی لەشی جوانی ئیسلا، گرتنو گوشینی نەرمایییەکانیو تێکەڵبوونمان، هەناسەبڕکێمانو دەنگی هەناسەکانمان، ئارەقەکانمان، بۆنی لەشمان، خوێنی ئیسلا، بۆنی خوێنەکە، نرکەکانی ئیسلا، ئارەقەی تێکەڵبوو بە بسکەکانی، هەموو شتێک زۆر جوان بوو، هیچ شتێکی جوانتر نەبوو. دوای ئەو شەوە، زۆر بیرمدەکردەوە، قووڵدەبوومەوە لە ناخی خۆم، لە بیرکردنەوەکانم، لە خەڵکەکەو لە هەموو شتێک، بەڵام هیچ شتێکی جوانترم لەو شەوە نەدەدۆزییەوە. هەر بەیەکەوە، لە سەر جێگە خۆشەویستەکەی ئیسلا، دوای ئارەقەیەکی زۆرو نرکەکانی ئیسلا، بە پێکەنینێکی شەیتانانەی ئیسلا، کۆتاییمان بەو شەوە کۆمیدییە ڕۆمانسییە ترسناکە تاریکە خۆشە هێنا.






Description

بسم الله الرحمن الرحيم
🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و  بابەتی جیاواز🤍

**ئەم کتێبە لەلایەن { ئازیزێکی چەناڵ }**
**کراوە بە دیاری بۆ خوێنەران**

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

t.me/tanyahaji7
Invite Link

## بەشی شەشەم

# دوو هەڵبژێردراوەکە

بەیانیی ئەو شەوە تایبەتە، ئەو پێش من هەستابوو. دانیشتبوو لە ژوورەکەو بە هێمنی سەیری منی دەکرد کە لەخەوهەڵدەستام، زەرەخەنەیەکم بۆی کردو ئەویش بە هەمان شێوە سەیریکردمەوە، هەستام لە جێگەکەی خۆمو بەرەو لای دەریاکە ڕۆیشتم. من کردبووم بە خوو کە هەموو بەیانییەک زوو هەڵدەستامو دەچوومە لای دەریاکە، ئاوم بە دەموچاومو سەرمدا دەکرد. زۆربەی کات کە من هەڵدەستام، تازە زەردی تێکەڵ بە پرتەقاڵیو سوور لە ئاسۆ دەردەکەوت. ئەو ڕۆژە کە ڕۆیشتم بۆ لای دەریاکە، بینیم یەکێک لە دوو هەڵبژێردراوەکە کە سەرو برۆیان سفرکرابوو، لەوێ دانیشتووەو ئەژنۆکانی نوشتاندووەتەوەو سەری خستووەتەناو ئەژنۆیەوە. وام زانی لەوێ خەویلێکەوتووە، کە چوومە نزیک دەریاکەو دەستمکرد بە دەموچاوشۆردن. ئەویش سەری بەرزکردەوەو بە دوو چاوی پڕخوێنو سوورهەڵگەڕاو سەیریکردم. چاوەکانی دیار بوون کە ئەمشەو بە هیچ شێوەیەک نەخەوتوون و پێدەچوو تا ئەم کاتە خەریکی گریان بووبێت لە دەم ئەم دەریایە، بە شێوەیەک فرمێسک لە چاوی نەمابوو. تەنها سەیریدەکردم، هیچ قسەیەکی نەدەکرد. منیش بە دەم دەموچاوشۆردنەوە، ناوە ناوە ئاوڕمدەدایەوەو دەمبینی کە ئەویش بە جۆرێک لە شەرمەوە سەیری ناو چاوی من دەکات، بەڵام پێشبینیمدەکرد ڕێک پێچەوانەی چاوەکانی خۆی، ڕێک پێچەوانەی دەموچاوە ئاوساوە بێخەوەکەی خۆی، دەموچاوێکی بەختەوەری ئارام ببینێت، کە دوێنێ شەوی لە باوەشی خۆشەویسترین کەسیدا بەڕێکردووەو بە تەواوی پشوویداوە، بۆیە نەمدەویست زۆر

ڕووبەڕوو سەیریبکەم، چونکە من وام، هەست بە نائارامی دەکەم، گەر یەکێک بمبینێت کە حاڵم لەو باشتر بێت. نامەوێت خەڵک بە هۆی باشی و هەبوونی منەوە، بیر لە نەبوونی‌و حاڵی خراپی خۆیان بکەنەوەو خۆیان لە لا کەمببێتەوە. دوای دەموچاوشۆردنەکەم، چەند هەنگاوێک لێی نزیکبوومەوەو بە ڕوونتری دەمبینی کە بەری چاوەکانی چەند ئاوساون‌و لەوە دەچێت چەند شەوێک بێت باش نەخەوتبێت. لە هەمان کاتدا ئەوەی من تێبینیمکرد لە جوڵەی ماسولکەکانی دەموچاوی، ئەوە بوو کە ئەو لەو کاتەی منیش سەیریدەکەم، هەر وا خەریکی گریانە، بەڵام ئەوەی کە فرمێسکەکانی نایەنەخوارەوە، لەبەرئەوەیە هیچ فرمێسکێکی نەماوە تا بێتەخوارەوە.

پێم وت: بەیانیت باش، چۆنە وا بە تەنها لێرە دانیشتوویت، لەوە ناچێت ئەمشەو باش خەوتبیت! هیچ شوێنێکت ژاندەکات بۆت چارەبکەم؟

هەڵبژێردراوەکە: دکتۆر، بەیانیی تۆش باش. نا، من هیچ کێشەیەکم نییە، تەنها هاتووم کە سەیری دەریا بکەم، سەیربکە، بە ڕاستی دیمەنێکی ئاسۆی زۆر جوان دیارە بەم بەیانییە زووە. من یەکەم جارمە دیمە ئێرە لەم کاتانە، ببورە گەر کەشەکەشم لە تۆ تێکداوە.

پێم سەیر بوو کە بەو شێوەیە، وەک ئەوەی بڵێیت هیچ نەبووە، قسەدەکات‌و ئەو خەمەی لە ناخیدایە، بەیانیناکات بۆم. خۆ هیچ کەسێک لە دەورمان نییە، نازانم، لەوانەیە نەیەوێت هیچ قسەیەک بۆ من بکات، ڕاستە من دکتۆری ئێرەم، بەڵام بێگومان هەموانیش خەمەکانیان وەک سەرباز بە ئاسانی ناهێنن‌و بیدەن بە من.

هەڵبژێردراوەکە: دکتۆر، تۆ چۆنیت؟ لەگەڵ دکتۆرییەکەتدا چۆنیت؟

بە دەم وەڵامدانەوەی تەقلیدیی "باشم، باشم، هەر وا دەبێت"ەوە بیرم لەو پرسیارە سەیرە دەکردەوە. واتە چی لەگەڵ دکتۆرییەکەمدا چۆنم! قسەیەکی زۆر سەیرە، بەڵام هەستمدەکرد ئەویش وەک من وایە. منیش هەرگیز دکتۆریم بەبیرنایەت، بەڵام ماوەیەک بەر لە ئێستا لە ناکاو لە ناو کەشتییەکە بووم بە دکتۆرو وا لەگەڵ وەزعەکەش ڕاهاتووم. هەر کێ هەر کێشەیەکی هەبێت، بۆی چارەدەکەم. هەستدەکەم ئەویش وەک من توشی شۆک بووە، کەسێکی ئاسایی بووە وەک هەموومان لە سەر کەشتییەکە، لە ناکاو بەس لەبەر باڵای، هیچ کەسێکی بۆ نەماوەتەوە کە لەگەڵیدا بێت.

هەڵبژێردراوەکە: باشە دکتۆر، بە یارمەتیت، من هەندێک ئەرکم هەیە، دەبێت ڕایانبپەڕێنم. جارێ خوات لەگەڵ.

من: خوات لەگەڵ، خۆشحاڵبووم.

ئەو وشەیەش لە ناو مێشکمدا زەنگی لێدەدا، خوات لەگەڵ. خوات کێیە، کە لەگەڵمان دەبێت لە دوای ماڵئاواییکردن. نازانم، بەڵام دەمزانی شتێکە کە بەکاردێت، دوای ئەوەی ماڵئاوایی لە کەسێک دەکەیتو لێی دووردەکەویەوە. ئیتر شتێک هەیە بە ناوی "خوات"، هیوادەخوازیت کە لەگەڵیدا بێت، لەو کاتەی لە دووریی تۆیە ئەو کەسە.

چەند بەیانییەکی زوو یەکلەدواییەک، هەمان دیمەن دووبارەدەبووەوە. هەڵبژێردراوەکە، بە چاوی پڕگریانەوە، لە بەردەم دەریاکە وەستاوەو بە خەمناکییەوە یان سەری لە ناو

کۆشی ناوە، یان سەیری دەریاکە دەکات. گەر دەموچاوی ببینیت، وا هەستدەکەیت کە ئەم دەریایە غەدریکی زۆر گەورەی لێ کردووە، بەلام لەبەرئەوەی دەریا زۆر گەورەیە، ئەم ناتوانێت تۆڵەی ئەم غەدرە گەورەیە بکاتەوە، بۆیە تەنها بە بێنازییەوە سەیری دەریاکە دەکات. نازانم، ڕەنگ بێت ڕقێکی گەورەی لە دەریاکە بێت.

بەیانیت باش، ئەمڕۆ چۆنیت؟

هەڵبژێردراوەکە: هەروەک ڕۆژانم دکتۆر هەروەک ڕۆژانم، ئەو سەگو سەگبابە هیچ خۆشییەکی لە ژیانی مندا نەهێشت. هەر با لە دڵی خۆمدا بێت لێیبگەڕێت، تۆ پێم بڵێ، تۆ چۆنیت دکتۆر؟ لەگەڵ دکتۆرییەکەتدا چۆنیت؟

من: باشم، باشم، بەس سەگو سەگباب کێیە؟ بۆچی وا لێی پەستیت؟

هەڵبژێردراوەکە: هەر لێیبگەڕێ دکتۆر، ئەمە شتێکە، دەبێت لە بەینی ئێمەدا بمێنێتەوە، ناتوانم هیچ شتێکت دەربارەی پێ بڵێم، بەلام ئەوەندە دەزانم، ژیانی منی تێکدا. خۆزگە منیش ژیانێکی ئاساییم هەبوایە وەک هەموو خەڵکەکەی ترو ڕۆژانە لە ژێر دەستی سەربازدا کارمکردبایە. ڕۆژانە خەریکی کوخدروستکردن بوومایە. ئەوەتا کوخەکانی هەموان تەواودەبن، منیش ناچارم لەگەڵ ئەو سەرلوسەی تر لەو کوخە گەورەکەی کۆبوونەوەکان بژیم. نازانم، ئەم کوخەی ئێمە بۆ کۆبوونەوەی ئەوناسە یان بۆ کۆبوونەوەی ئێوەیە! نازانم، خەڵکەکە دێن یان نا! کەس هیچ شتێک نازانێت. بە ڕاستی من بێزارم لەو کوخە چۆڵە. نازانم چی بکەم لەگەڵ ئەو سەرلوسە. ئاخر من بۆ وام

لێ هات! کێ دەیوت کە من وام لێ دێت ئەسلەن! کێ نالێت ئەسلەن خانمی شەشەم بە هەڵە لە ناو دەریاکە نەنراوە، ها دکتۆر! کێ نالێت هەڵەیەک ڕووینەداوە! گەر ئەو مابوایە، ئێستا یەکێک لەو خانمانە لە لای من بوو، منیش کوخێکی بچووکی خۆم دەبوو، ناچاریشنەبووم هەموو بەیانییەک ئەو کەشە جوانە بە تەنهاو بە خەمباری ببینم. ئای دکتۆر، ئای، هەر لێیبگەڕێ، هەر لێیبگەڕێ، پێم بڵێ، تۆ چۆنیت؟ ئەی لەگەڵ دکتۆرییەکەتدا چۆنیت؟

من: من باشم، باش، ئەوە دووەم جارە دەپرسیت، بەس پێم بڵێ، بۆ وا خەمبار دیاریت؟ خۆ تۆ هەڵبژێردراوی ئەوناسیت! کوخەکەی تۆ لە هەموان گەورەترە، ئیشناکەیتو خواردنیشت لە هەموان باشترە. ئەی بۆچی پێت ناخۆشە کە بەو شێوەیە بژییت؟

هەڵبژێردراوەکە: دکتۆر، تکات لێ دەکەم سەرمەخەسەرم، باشە؟

بە تورەییەوە ئەو قسەیەی کردو چاوە سوورەکانی ڕوو لە من کرد، منیش نەمویست لەوە زیاتر بێزاریبکەم، بۆیە یەکسەر دەریاکەم بەجێهێشتو ڕۆیشتمەوە لای ئیسلا.

ئیسلا: دکتۆرەکەم، بەخێربێیتەوە، ئەمڕۆ زۆر زوو هاتیتەوە. چی بوو، دیمەنی دەریاکەت بەدڵنەبوو؟

من: نا ئیسلا گیان، نا، دیمەنی دەریاکە هەروەک هەموو ڕۆژێک وایە، بەڵام چەند ڕۆژێکە یەکێک لە هەڵبژێردراوەکان بە چاوی پڕگریانو ئەستوورەوە لەوێ دادەنیشێت، سەرەتا دەیوت: هیچ کێشەیەکم نییەو ڕەتیدەکردەوە باسی هیچ شتێک بکات، ئێستاش لە خۆیەوە زۆر زوو تووڕەدەبێت. نازانم بۆچی وای بەسەرهاتووە. زۆربەی خەڵکەکە دەیانەوێت ژیانیان وەک ئەو

بێت، وەک ئەو خواردنی زۆریان هەبێتو لە کوخە گەورەکەی کۆبوونەوەکان بمێننەوە، بەڵام ئەو بە پێچەوانەی ئەو بیرکردنەوانەوە، دەڵێت: خۆزگە خانمی شەشەم مابوایەو منیش خانمی خۆمم هەبوایەو تەنها کریکارێک بوومایە لەگەڵ خەڵکەکەداو کوخێکی بچووکم هەبوایە. نازانم ئیسلا، نازانم، نازانم ئەو قسە سەیرانە چییە دەیکات!

ئیسلا: وەڵڵا ڕاستدەکات دکتۆر، خەڵک چی لە کوخی گەورەو خواردن بکات، گەر کوخەکەت یەکێکی تری تێدا نەبێت خۆشتبوێت، هیچ کام لەو خواردنو کوخە گەورانە دەرمانی ئەو دەردە ناکەن کە کەسێک بە تەنها بمێنێتەوە.

من: جا چا نییە من تۆم هەیە ئیسلا گیان!

ئیسلا: ئا، ئا، ئەی وا نییە دکتۆر! تۆ منت هەیە، من، منیش تۆم هەیت! ئیتر خۆ قابیلە چییە، هەندێک کەس تەنهادەبنو هەندێک کەسیش وەک من و تۆ، بەیەکەوە بەختەوەرن. لەوانەیە هەندێکیشیان وەک سەربازو خانمە درێژەکەی هیچیان پێ نەکرێت.

ئەو قسەیەی کۆتایی بە لاقرتێو پێکەنینە شەیتانییەکەیەوە دەکرد، منیش لەگەڵیدا پێکەنیم. لە هەمان کاتدا پێم ناخۆش بوو وا نهێنیی سەربازو خانمەکەی چووەتە لای ئەوو بەکاریدەهێنێت وەک نوکتەیەک. هەستمدەکرد ئەو نهێنییە تەنها پێویستە من بیزانم وەک پزیشکێکو نابێت بە هیچ کەسێکی تری بڵێم، ئیتر نازانم چۆن وا بکەم ئیسلا ئەم مەسەلەیەی لەبیربچێتەوەو هێندە وەک نوکتەیەکی بێتام بەکارینەهێنێت لە قسەکانیدا.

چەند ڕۆژێکی تر دوای توڕەبوونەکەی هەڵبژێردراوەکە تێپەڕی‌و هەموو ڕۆژێکیش کە دەچووومە لای دەریاکە، لە هەمان شوێن‌و بە هەمان شێوەو توڕەییەوە دانیشتبوو. تا بەیانییەکیان زووتر لە بەیانییەکانی تر خەبەرمبووەوە، زووتریش ڕۆیشتمە لای دەریاکەو هیچ قسەیەکم نەکرد لەگەڵیدا، بەلام خۆی سەری هەڵبڕی‌و بینیی من ئاو دەکەم بە سەری خۆمداو لێم هاتەپێش، ئەویش دەستیکرد بە ئاوکردن بە سەری خۆیداو لەگەڵ منیشدا تەواوبوو.

هەڵبژێردراوەکە: دکتۆر، بمبورە، دەزانم ئەم ماوەیە زۆر توڕەبووم، بە ڕاستی نەمدەزانی چی بکەم‌و چۆن قسەبکەم‌و بیر لە چی بکەمەوە. تەواوی ژیانم بە هۆی سەگبابیکەوە کۆتاییپێهاتووە. ئیتر ئەو ڕق و کینەیەم بۆ ئەم دەریایە هەڵڕشتووەو دواتریش کە تۆ هاتوویت، بەیانیباشت لێ کردووم، بەشێکی ئەو ڕقەت بەرکەوتووە.

من: ئاساییە ئازیز، من پیشەکەم ئەوەیە کە گوێ بۆ خەڵکەکە بگرم‌و دەشزانم هەندێک بابەت کە هەندێک کەس توشیدەبێت، دەبێتە مایەی شەرمەزاری‌و شەرم، هەندێکی تر توڕەیاندەکات‌و هەندێکی تر لاوازیاندەکات، بۆیە من ئامادەم بۆ هەموو ئەو هەستانە. توڕەبوونەکەی تۆش لە دوای ڕەتکردنەوەی واقیعەکەت شتێک بوو، دەبوایە ڕوویدات، بۆئەوەی لە ناختدا نەمێنێتەوەو دەریببڕیت. باش بوو دەریاکە بە قەد ڕق‌و توڕەییەکەت گەورە بوو و بەرگەیگرت. وەک من بچووک نەبوو کە لێت دووربکەوێتەوە.

هەڵبژێردراوەکە: قسەکانت ڕاستن دکتۆر، سوپاس کە بەو شێوەیە بیرت لە قسەو تورەییەکانم کردووەتەوە.

من هەرچەند بیرمدەکردەوە، نەمدەتوانی ئەوە قبولبکەم کە ئەم کەسە کە یەکێکە لە سەرنشینەکانی کەشتییەکە، بەم شێوەیە ڕێکوپێکە قسەدەکاتو باسی بیرکردنەوەش دەکات. ئاخر من تا ئەم بەیانییەش، هەر پێم وا بووە جگە لە خۆمو بینەرو هەندێک جار ئەوناسیش، هیچ کەسێکی تر لەم دانیشتوانی ناو کەشتییەکە کە ئێستا هاتوونەتە ئەم دوورگەیەو لە ناو ئەم کوخە بچووکانە دەژین، بیرناکاتەوە. نازانم، ئەم قسە قووڵو ڕێکانەی ئەم هەڵبژێردراوە لە کوێوە دێن. هەر بە ڕاست، کەسانی تریش هەن، بیردەکەنەوە لەم دوورگەیە!

هەڵبژێردراوەکە: دکتۆر، ئەوە بیر لە چی دەکەیتەوە؟ دەمەوێت گەر کاتت هەبێت، هەندێک قسەت بۆ بکەم، نازانم، شەرمیشدەکەمو دەشترسم ئایا دەبێت ئەو قسانە بە تۆ بڵێم یان نا، چونکە ئەوناس وتی کە ئەو باسە لەگەڵ هیچ کەسێکدا نەکەمەوە، بەلام نازانم "کەس" تۆش دەگرێتەوە، کە یەکێکی لە کاربەدەستانی ئەوناسو دکتۆری ئەم دوورگەیەی یان نا، ئاساییەو دەتوانم هەموو قسەکانی خۆم بۆ تۆ باسبکەم. نازانم دکتۆر، تێماوم، پێویستە ئەو قسانە بە یەکێک بڵێم. تەنانەت باوەڕم بە سەرلوسەکەی کوخەکەشم نییە. بە ڕاست، دەتوانم قسەکانم بۆ تۆ بکەم؟

من: دەزانیت چۆنە، ئەری چۆن بانگتبکەم بە ڕاست؟ تۆ ناوت هەیە؟

هەڵبژێردراوەکە: پێم بڵێ ئارام دکتۆر، پێم بڵێ ئارام، چونکە دەمەوێت هەرگیز وەک ئەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو توڕەنەبمەوە، هەرچەند سەیری ئەو دەریایە دەکەم، هەرچەندیش لێی توڕەببم‌و بە ڕقەوە سەیری شەپۆلەکانی بکەم، ئەو هەر ئارامە. هەر بە ئارامی دەمێنێتەوە، پێم وایە هەر ئەو ئارامییەتی وای لێ کردووە ئاوا بە گەورەیی بمێنێتەوە. ئەگینا لەوانە بوو هەر ڕووبار بوایە، یان شتێکی بچووکتریش، بەلام ئەوە دەیبینیت، دەریایە!

من: باشە ئارام گیان، دەمەوێت پێت بڵێم کە بێگومان دەتوانیت هەموو قسەیەک لە لای من بدرکێنیت، چونکە نەک بە تەنها تۆ، چەندین کەسی تر قسەکانیان لە لای من کردووە، کە گەر ئاشکرایبکەم، لەوانەیە هەموو دوورگەکە تێکبچێت، بەلام من کارم ئەوەیە کە نهێنییەکان‌و نەخۆشییەکانی خەڵکەکەم لە لا بێت‌و بیانپارێزم، نەهێڵم کەسی تریش بیانزانێت.

لە ڕاستیدا من هیچ نهێنی‌و قسەیەکی دوورگەکەم لە لا نەبوو کە وا بکات هەموو دوورگەکە تێکبچێت، تەنها ئەوەندەم دەزانی سەرباز ناتوانێت بە باشی لەگەڵ خێزانەکەیدا بخەوێت، بەلام لە خۆمەوەو بەبێ پرسی خۆم ئەو قسانەم کرد، بۆئەوەی قەناعەت بە ئارام بکەم کە قسەکانی خۆیم بۆ بکات‌و نهێنییەکانیم بۆ بدرکێنێت.

ئارام: باشە دکتۆر، بە ڕاستی ئەوە دڵم زۆر ئارامدەکاتەوە. دکتۆر، ئێمە؛ من‌و ئەو سەرلوسەی تر، دوای ئەوەی ئێوە شەو هەمووتان لە لای خانمەکانتان مابوونەوەو دواتر ڕۆژێک من‌و ئەوی ترتان بینی کە سەرمان لوس بوو و شێوەمان ئارای لێ

هاتبوو. ئاگادار نین كە ئێمە چ كارەساتێكمان بەسەرهات دكتۆر.
دكتۆر، ئەو سەگبابەی باسیدەكەم، هەر ئەو سەربازەیە. ڕێك ئەو سەربازە، ژیانی لە ئێمە ستاندەوە. ئاخر دەزانم فەرمانەكە فەرمانی ئەوناس بوو، نا، ئەسلەن فەرمانی خودی "ئەو" بوو كە وامان لێ بێت، بەڵام بۆچی، بۆ! ئاخر بۆ تەنها ئێمە وامان لێ بێت! نەماندەتوانی كارەكانی خۆمان بكەین بەبێ ئەوەی وامان لێ بكەن! نەدەكرا!

سەرەتا وام دەزانی مەبەستی ئەوەیە كە سەرو برۆیان تاشیون و هیچ موویەك بە دەموچاویانەوە نەهێڵراوەتەوە، بۆیە هیچ شۆكنەبووبووم بە قسەكانی و تەنها سەرم بۆ دەلەقاند. پێم وایە خەریكی گلەییكردنێكی منداڵانەیە لەو سەرو كەللەیەی كە سەرباز بە زۆر بۆی تاشیوە. ئاخر كورتەباڵایەكی وا ناتوانێت بەرەنگاری هێزو بازووی سەرباز ببێتەوە. حەتمەن ئەو كاتە ئەوناسیش لەوێ بووە، ئەوانیش لەبەر ئەوناس نەیانتوانیوە هیچ بەرگرییەك بكەن كە قژیان نەتاشرێت. دەمبینی زۆر بە تووڕەیی و بە دڵپڕییەوە باسی بابەتەكەی دەكرد. پێكەنینم بە عەقڵی دەهات كە قژو پرچ ئەوە ناهێنێت، ئەوە وا خۆی بۆ تێكداوەو وا دەزانێت هەموو دونیای لەدەستچووە.

ئارام بەردەوامبوو لە قسەكانی و دەیوت: دكتۆر، ئەو شەوە ئەوناس خۆی هات بۆ لای من و سەرلوسەكەی تر، وتی: دەمەوێت مژدەیەكتان پێ بدەم، كە هەرگیز مژدەی وا نەدراوە بە كەس و نە دەشدرێت بە هیچ كام لە ئەهلی دوورگەكە. من و سەرلوسەكەی تریش زۆر دڵخۆشبووین، پێمان وا بوو یەكێك لە خانەكانمان پێ دەدرێت، كوخی خۆمان دەبێت و ئێمەش تەنها

نابین. تاکە شتێک ئەو کاتە دڵیخۆشدەکرین، ئەوە بوو لە تەنهایی ڕزگارمانببێت. هەرکات من بیر لەوە دەکەمەوە کە دەبێت تا کۆتایی تەمەنم بە تەنها بمو بە تەنها دەمێنمەوە، دەمەوێت وەک خانمی شەشەم بکەومەناو ئەو دەریایەوە، یاخیببم لە هەموو خەلکی دوورگەکە تا فڕێمبدەنەناو دەریاوە. ئاخر بۆ دەبێت من تا هەتایە بە تەنها بمێنمەوە، نازانم، حیکمەتو ژیریی ئەو شتە لە کوێدایە دکتۆر ئاخر!

وردە وردە بۆم ڕوندەبووەوە کە خەفەتی گەورەی ئەم کابرایە ئەوە نییە قژی نەماوەو تاشراوە، لەگەڵیشیدا برۆشیان تاشیوە تا بە ئاسانی لە ناو هەموو خەلکەکە بناسرێتەوە، بەلکو خەفەتی گەورەی ئەو خانمە. جا کە ئەو بەو شێوەیە باسی خانمی دەکرد کە ئەوەندەی حەز لی بووە خانمێکی هەبێتو نییەتی، من خەریکبوو ترس دەکەوتەدڵم دەربارەی ئیسلا، چونکە ئەو ڕقو کینەیەی لە چاوەکانی ئارام دەمخوێندەوە، وای لێ دەکردم کە بیر لەوە بکەمەوە ئیسلا بپارێزم لەم کابرایەو لێی بەدوور بێت، نەوەک هیچ زیانێکی پێ بگەیەنێت.

ئارام: دکتۆر، دەزانم کە من ئەو قسانە دەکەم، بیر لە خانمەکەی خۆت دەکەیتەوەو دەترسیت کە من پەلاماربیدەمو لێتی بستێنم. نا، من هیچ ناتوانم مێشکی تۆ بخوێنمەوە، بۆیە گەر وا بیردەکەیتەوە، با پێت بڵێم وا نییە، بەلام ئەو شتە شتێکی دووبارەیە دکتۆر، ئاخر من ئەو ڕۆژەی لەگەڵ سەرلوسەکەی تردا لە لای ئەوناس بووینو ئەوناس ئەو قسە خۆشانەی بۆ کردین، دوای ماوەیەک کە بە تەنها لەگەڵ سەرلوسەکەدا چاوەڕێی ئەوناسمان کرد، ئەو هەرگیز بە تەنها نەهاتەوە، بەڵکو

لەگەڵ دوو لە خانمەکانی پیاوەکانی تردا هاتەوە دکتور. لە لای منو سەرلوسەکەی تریش ئەمە شتێکی زۆر سەیر بوو کە خانمەکانمان بینی بەبێ پیاوەکانیان لەگەڵ سەربازو ئەوناسدا هاتن بۆ لای ئێمە. ئەوکات ئێمە لە کەشتییەکە دابەزیبووین دکتور، لە شوێنێک بووین کە ئێستا ناتوانم بیدۆزمەوەو ناتوانم بچمەوە هەمان شوێن. هەموو کات لە ڕێگەی ئەو شوێنە ئەوناس دەستیدەکرد بە قسەکردن دەربارەی ژیانی خۆشی ئێمە، چونکە هەڵبژێردراوین، دەزانیت دکتور، منیش با درۆت لەگەڵدا نەکەم، سەرەتا لەو ڕۆژەی کە منو سەرلوسەکەی تر هیچ خانمێکمان بەرنەکەوت، بەڵام دواتر ئەوناس بەڵێنی ژیانێکی جیاوازو خۆشی پێ داینو باسی ئەوەی کرد کە پرۆسەیەکی تایبەتمان بۆ دەکات، منداڵمان نەوێتو نەشبێت، زۆر دڵخۆشبوو، ئەسڵەن خۆم بەگەورەدەزانی کە من لە خەڵکە ئاساییەکە گەورەترم، پاکترم. ئەوە نییە ئەو خۆی هەڵیبژاردوومو کوخی تایبەتمان بۆ دەکرێت تا لێی بژیین. پێم وا بوو یەکێکی تر لەو شتانەی کە پێمان دەدرێت، ئەوەیە کە خانمەکانی هەموو پیاوەکانی تر بە دڵی خۆمان دەتوانین بەکاربهێنینو لەگەڵیاندا بین. دەزانیت ئەو بیرۆکەیە چۆن هاتە مێشکم دکتور!

هەر ئەو کاتە هاتە مێشکم کە دوو خانمەکە هاتنە لامان، چونکە ئەو دوو خانمەی بۆ ئەوە هێنابوو کە ئێمە لەگەڵیاندا ڕابوێرین. دکتور، دەزانیت هەندێک جار کە ئەو قسانە دەکەم، دەنگێک هەیە لە مێشکمدا پێم دەڵێت کە ڕابواردن چییە؟ خانم چییە؟ ئەوناس چییە؟ واتە پرسیار لە هەموو شتێک دەکات کە دێتەناو

میشکمەوەو دەیلێم، بەڵام من هەرگیز خۆم بەو دەنگەوە سەرقاڵناکەم، هەمیشە وای دادەنێم ئەو شتانە کۆمەڵێک شتن کە من دەیانزانمو هەر لە کاتی دروستکردنمدا "ئەو" خۆی هەندێک هەستی لە لام دروستکردووەو هەندێک شتی فێرکردووم. جا ڕابواردنو ئەوەی کە حەزم زۆر لەوە بوو لە باوەشی ئەو دوو خانمەدا بم، یەکێک بوو لەو هەستانەی کە پێم وا بوو "ئەو" خۆی بۆی داناوم، بۆیە جوابی ئەو دەنگەی ناخم نەدەدایەوە. ئەو ساتەی کە ئەوناس دوو خانمەکەی هێنایەژوورەوە، منو سەرلوسیش لەوە تێگەیشتین کە بۆیە هێنراون، تا لەگەڵیاندا بین، بۆیە ئێمەش بەبێ هیچ شەرمێک، دەستمانکرد بە باوەشپێداکردنو نزیکبوونەوە لە دوو خانمەکە. خانمەکانیش وەک ئێمە، پێدەچوو شۆکبووبن، چاوەڕێیاننەدەکرد بەو شێوەیە شتەکان کۆتاییانبێت، بەڵام نازانم، ڕەنگە واش بیریاننەکردبێتەوە، ڕەنگە هەر خۆم ئەو کاتە زۆر باش بیرم لە هیچ شتێک نەکردبێتەوە، بۆیە ئەوانم وا بینیبێت. دکتۆر، دەزانیت ئەو خانمانە، ئەو خانمانەم قەت لەبیرناچێتەوە. ئێستاش لە دوورگەکە دەیانبینمەوە، هەر لە یادمن. هەردوو ئەو خانمانەی ئەو کاتە هاتن بۆ لامان، پێشترو لە ڕیزبەستنی خانمەکان لە ناو کەشتییەکە پێش خانمی شەشەم، چووبوون بۆ لای ئەوناس. ئەوە ئەوان بوون بە زەردەخەنەوە لە لای ئەوناس دەهاتنەدەرەوە، بۆیە هەرگیز دەموچاویانم لەبیرناچێتەوە. جا نازانم دکتۆر، ئێستا زۆر هەست بە نائارامی دەکەم، هەستدەکەم ئەوکات شتێک ڕوویدابوو کە بە باشی بیرم لە کردارەکانی خۆم نەدەکردەوە، بەڵام ئێستا کە ئەو کاتەم بیردێتەوە، حەز بە

ەرگی خۆم دەکەمو دەمەوێت نەمێنم. پێش ئەوەی ئەوناس بڕوات خانمەکان بهێنێت، بە دەستی دوو شتی بازنەیی پێ داین، هەردووکیان ڕەنگیان پەمەییەکی کاڵ بوو، خەتێک لە ناوەڕاستی بازنەکە هەبوو. دەزانیت دکتۆر، لە پشتی حەبەکانیش هەندێک نەخشی بازنەیی نەخشێنرابوون.

کە ئەو وەسفی بازنەیەکی لەو شێوەیەی دەکرد کە ئەوناس پێی داونو ئەوانیش خواردوویانە، من زانیم کە ئەوە لەو حەبانەیە من دام بە سەرباز بۆ چارەسەری کێشەی خۆیو خانمەکەی. تەنها سەرم دەلەقاند بۆ چیرۆکە سەیروسەمەرەکەی ئارامو ئەویش بە یەک جار دەیویست هەموو ژیانی خۆی لە کەشتییەکەوە تا ئێستا بۆ من هەڵبڕێژێت. نازانم، کاریگەریی دەموچاوم بوو یان ئەوەی کە من دکتۆرم، هەستمدەکرد هەموو خەڵکی ئەم دوورگەیە، بە ئەوناسیشەوە، دەیانەوێت قسەکانیانو نهێنییەکانیان لە لای من بدرکێنن.

ئارام: دکتۆر، دوای خواردنی ئەو حەبانە، تۆزێک کات تێپەڕیو هیچ کەسێکمان لەو شوێنە قسەماننەدەکرد، بەڵام دوای ئێستێک هەستم بە گۆڕانێکی گەورە کرد لە بیرکردنەوەکانمو نەمدەتوانی بیر لە هیچ شتێک بکەمەوە، جگە لەو دوو خانمە نەبێت، بۆیە با بزانیت، با بە وردی باسیبکەم، پێش ئەوەی منو سەرلوسیش لە خانمەکان نزیکببینەوە، هەردووکمان ئەو بازنانەمان خوارد کە ئەوناس پێی داین، بەڵام دوای خواردنی ئەوانە، من نەمدەتوانی بیر لە هیچ بکەمەوە، وەک پێم وتیت دکتۆر، بەس ئەو دوو خانمە لە پێش چاوم مانەوە، تەنها ئەوانو بەس. کاتێک خۆم بینییەوە، هانکەهانکی هەناسەم دێت لە جوڵەو تێکەڵبوونم

لەگەڵ یەکێک لە خانمەکانداو دەبینم کە ئەوناس بە قیزەوە سەیرمدەکات. دەبینم کە سەرلوسەکەی تریش هەمان کار دەکاتو هەردوو خانمەکەش هیچ ناڵێنو ناشجوڵێن. وەک ئەوەی فەرمانێکی توندیان لەلایەن ئەوناسەوە پێ کرابێت کە ئەمشەو تەنها بۆ ئێمە بن. من وردە وردە دەهاتمەوەهۆشخۆم، هەستم بە چێژێکی زۆر گەورە دەکرد بە تێکەڵبوون لەگەڵ ئەو خانمەداو سەرەتا بیرم لە هیچ شتێکی تر نەدەکردەوە، بەڵام وردە وردە هۆشمدەهاتەوە، بیرمدەکردەوە ئەوە خەریکی چیم! بیرم لەوە دەکردەوە کە بە چاودێریی ئەوناس، من فەرمانێکی ئەو دەشکێنم، چونکە زۆر باش بیرمە کە خانمەکانو پیاوەکان دەستی یەکیان گرت، ئەوناس فەرمانیکردبوو کە هیچ پیاوێک بۆی نییە دەستی هیچ خانمێکی تر بگرێت جگە لە خانمەکەی خۆی، بەڵام من وا خەریکی چیم لەگەڵ خانمێکی یەکێک لە پیاوەکانی تردا. ئەی ئەوانە، پیاوەکانی خۆیان لە کوێن!

دەمبینی سەرلوسەکەی تر، پێچەوانەی من کە بەهۆشهاتبوومەوەو دەستمهەڵگرتبوو، بەردەوامە. دەمبینی لە پێش چاوی خۆم خانمەکەی من لەگەڵیدا بووم، جلەکانی لەبەردەکاتەوەو دەڕوات لەو شوێنەو هەر زوو دەنگی پێیەکانیشی وندەبێت، بەڵام ئەوی تر هەر بەردەوامە، هیچ هێز لە قاچەکانی من نەمابوو. بەرچاوم بە تەواوەتی ڕەشدەبوو و ناوە ناوە دەمبینی سەرباز من ڕادەکێشێت بە ناو هەندێک گیاو ئەوناسیش بەردەوام دەڵێت: ڕایبکێشە سەرباز، ڕایبکێشە! ئەمە دوو ڕۆژی تر مەترسییە لە سەر خانمی تۆش، ڕایبکێشە، ئێستا

کۆتایی بەو خۆشییانەی دەهێنم بە فەرمانی "ئەو". ئەو کەسانە دەبێت پاکبکرێنەوە، نابێت بەو شێوەیە بسوڕێنەوە.

کە بەهۆشخۆمهاتمەوە، سەرلوسەکەی تر لە تەنیشتم ڕاکشابوو، چاوەکانی داخرابوون‌و لە دەمی کەف هاتبووەدەرەوە. ڕەنگی سپیببوو، لەشی ساردو بێگیان دەردەکەوت. وام زانی مردووە. ویستم سەیرێکی هەموو لەشی بکەم تا بزانم مردووە یان نا، پێش ئەوە ئەو دەستی بە کوخین‌و ناڵەناڵ کرد، منیش وەک بروسکەیەک، هەستم بە ئازارێکی زۆر زۆر گەورە کرد لێرەم. بە دەستی ئیشارەتی بۆ لای ئەندامی نێرینەی خۆی دەکرد. دکتۆر، ئەو ئازارەی ئەوکات، شتێک نییە من هەرگیز بتوانم لەبیربیکەم، تا ئێستاش بەردەوام ئازارم هەیە، بەڵام ئەوەی ئەوکات وەک ئەوە وا بوو بروسکەکانی هەموو تۆفانێک کۆبکەبنەوەو بەیەکەوە هەموویان ئاڕاستەبکەیت بۆ ئێرەی من، ڕێک ئێرەم دکتۆر. دووبارە بەبێ شەرمانە ئیشارەتیدەدایە ئەندامەکەی خۆی.

پێم وا بوو سەرباز لێی دابێت، یان سزادرابن کە فەرمانی ئەوناسیان شکاندووەو ئەو خانمانە وەک تاقیکردنەوە بۆیان هێنراون، تا بزانن دەتوانن بەرگەی حەزەکانیان بگرن‌و نەچنە لای ئەو خانمانە، بەڵام دواتر لە قسەکانی ئارام وتی: دکتۆر، ئەو شەوە، دوا خۆشیی ژیانی من‌و سەرلوسەکەی تر بووە، چونکە ئەوان هەر بە ئەنقەست ئەو دوو خانمەیان هێنابوو، تا بۆ دواجار لە ژیانی خۆمان هەست بە خۆشیی ئەندامەکانی خۆمان بکەین، دوای ئەو شەوە ئێمە لەهۆشخۆمانچووبووین‌و هەردووکمان ئەو بەشەمان بڕاوەتەوە!

بەیانی، دوو بەیانیو تا چەند هەفتەیەکیش، سەرلوسەکەی ترم سەیردەکردو خۆم لەودا دەبینییەوە؛ ڕەنگزەرد، بێتاقەت، بێقسەو بێچپرۆک. تەنها وەک بەندەیەک شوێنی ئەوناس دەکەوتو هیچ قسەیەکی نەدەکرد. سەری کز و لووس، بێڕەنگو بێتاقەت دەسوڕایەوە. کە ئەوم دەبینی، دەمزانی منیش هەمان ڕەنگو شێوەی ئەوم وەرگرتووە، چونکە وا پێدەچێت دوای بڕینەوەکە، تا، تا، ڕێک دوای بڕینەوەکە خوێنی زۆرمان لێ ڕۆیشتبێت، کە پێویستمان بە کاتێکی زۆرە تا ڕەنگمان ئاساییدەبێتەوە. من لەو کاتەوە ڕقم لە خۆمە، ڕقم لە تۆیە، لە ئەوناسە، لە سەربازە، تەنانەت ڕقم لە خودی "ئەو"یشە. تا هەفتەیەک ئەوناسیش هیچ قسەیەکی لەگەڵدا نەدەکردین، بەڵام دوای هەفتەیەک، بانگیکردینو لە پشت کوخە گەورەکەی خۆیەوە، هەردووکمانی دانیشاند. خۆی بە پێوە بوو، ئێمەش لە سەر زەوییەکە، دوای تۆزێک سوڕانەوەو هەناسەی قووڵ دەستی بەم قسانە کرد:

دەزانم پیاوینە، دەزانم. هەردووکتان بە دڵنیاییەوە ئێستا ڕقێکی زۆرتان لە منە، لە سەربازە، تەنانەت لەوانەیە ڕقێکی زۆر گەورەتان لە "ئەو"یش بێت، چونکە هەر لە سەرەتاوە هەموو فەرمانەکان فەرمانی ئەون، بەڵام دەزانن کە ئەو شتەی کراوە، لە بەرژەوەندیی ئێوەیە. ئەزیزانم، لە بەرژەوەندیی ئێوەیە، بەڵام ئێوە جارێ هەستی پێ ناکەن. دەزانیت ئەو پیاوانەی دەیانبینیت، هەموویان کۆیلەن؛ کۆیلەی ژنەکانیان، حەزەکانیان، دەسەڵاتو خواردن. هەموویان کۆیلەی شتێکن. هیچیان بە ڕاستی بەندایەتییەکی دروست بۆ "ئەو" ناکەن. تەنانەت بە لایانەوە گرنگ نییە گەر ئەو فەرمانێکی قورسیشیان پێ بکات، دەیکەن، بەڵام

دڵیان نایکات. جێبەجێکردنی فەرمانەکانی "ئەو"یش لە لای ئەو پیاوانە تەنها بۆ ئەوەیە دوای جێبەجێکردنی فەرمانەکە، بتوانن جێژوەربگرن‌و کۆیلایەتیی خۆیان دوپاتبکەنەوە بۆ حەزەکانیان. سەیریانبکە، هەموو ئەو پیاوانەی دەیانبینی لە سەر ئەم دوورگەیە، گرنگ نییە هەر پلەیەکیان هەیە، گرنگ نییە چۆن قسەدەکەن‌و چۆن لە ژیان دەڕوانن، هەموو ئەوەی دەیکەن، تەنها بۆ تێرکردنی ئارەزووە نەفرەتییەکانیانە. هەموویان هەمان شتن، هەموویان وەک ئەوە وان کە کۆپیکرابن. هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئەو پیاوانەدا نابینم. هەموویان گەر بە تەنها بیانخەیتە ژوورێکەوە، لەگەڵ خانمی پیاوێکی تریشدا بێت، دەستتێکەڵدەکەن، لەوانەیە زۆریش لە خانمەکان بکەن‌و ئازاریشیانبدەن. دەزانن بۆ! دەزانیت بۆ! دەزانیت بۆ! ئەوناس سەرەتا ڕووی لە زەوییەکە بوو، کە وتی: دەزانن بۆ، دواتر سەیری منی دەکردو دەیوت: دەزانیت بۆ! سەیری سەرلوسەکەشی دەکرد، دەیوت: دەزانیت بۆ! چونکە هەموو ئەو پیاوانە لە یەک شتدا هاوبەشن، فەرمانی ئەوناسیش بۆ نەهێشتنی ئەو هاوبەشییەی ئێوە لەگەڵ هەموو پیاوەکانی تردا فەرمانێکی دروستە، چونکە ئێوە نابێت دوو پیاوی ئاسایی بن، کە هەر بە ئاسانی خانمەکان بتوانن فێڵتان لێ بکەن‌و بەکارتانبهێنن، نابێت ئەسڵەن بیرکردنەوەکانیشتان پیس بێت وەک ئەم پیاوانە، چونکە ئێوە ڕاستەوخۆ خزمەتی "ئەو" دەکەن، ڕاستەوخۆ قسە لەگەڵ مندا دەکەن. فەرمانەکانی "ئەو" دەگوازنەوە بۆ ئەو هەموو خەڵکە سەرلێشێواوە. ئێوە نەبن، هەموو ئەو خەڵکە لەناودەچن. پێتان وایە گەر هەموو پیاوەکان

وەک ئەو شەوەیان لێ بێت کە ئێوە بەبێ ئاگایی فەرمانەکانی ئەو تان دەشکاند لە پێش چاوی من، چی ڕوودەدات! ها! خۆتان بیربکەنەوە، چی دەبێت، گەر هەموو پیاوەکان ئاوا بکەن! بێگومان دەبێت بە جەنگ، هەموو پیاوەکان بۆ پارێزگاری لە خانمەکانی خۆیان لەگەڵ پیاوەکانی تردا دەجەنگن، ئەوکات تەنها ئەوانەی دەسەلاتیان هەیەو جەستەیەکی گەورەی وەک سەربازیان هەیە، لە ژیاندا دەمێننەوە. مشکێکی وەک ئێوە، هەرگیز ناتوانێت لە جەنگێکی وا سەرکەوتوو بێت، هەرگیز!

ئێوە، لە حەشەراتێک زیاتر هیچی تر نین، گەر بەراوردبکرێن بە پیاوی وەک سەرباز، یان ئەوانەی زیرەکن؛ بینەر، دکتۆر، سەیریانبکەن! ئێوە لەو پێشبڕکێیە بێگومان دەدۆڕێن‌و ژێرپێدەکەون. لەوانەیە شەوێک لە ئێشە ناچیزەکانتان بە ماندوویی بڕۆنەوە ماڵەوە، خۆتان‌و دەسکێک سەوزەی هەرزانی ڕزیو، کەچی ببینن وا بینەر لەگەڵ ژنەکانتاندا ئەو شتانە دەکات کە بیرتان لێی نەکردووەتەوە. دەزانن بۆ! دەزانن بۆ! چونکە دەتوانێت، چونکە دەسەلاتی هەیە و دەشزانێت. ئێوە بێدەسەلاتن، لەشتان ڕێگەنادات دەسەلاتتان هەبێت، مێشکتان ڕێگەنادات بزانن، هەر کە لەدایکبوون، بۆ ئەوە لە دایکبوون وەک ئێستا بن. گەر "ئەو" فەرمانی ئەوەی نەکردایە ئێمە ئەو شەوە ئازارتانبدەین‌و ئەندامێکی وا گرنگتان لێ بستێنینەوە، یان بە جۆرێک با بڵێین: ئەو شەوە نەمانکوشتبان، ئێوە هەموو ڕۆژێک، هەموو مانگێک‌و ساڵانەش دەمردن، چونکە ئێوە بەرگەی ئەو پێشبڕکێیەتان نەدەگرت کە لە نێوان ئەو پیاوانەدا هەیە کە لەم دوورگەیە دەژین، بۆیە باشترە ئەو داهاتووەی خۆتان قبوڵ بێت،

لەمەودوا ببنە دوو خزمەتکاری بەئەمەکو بەوەفای "ئەو"،
گوێڕایەڵی فەرمانەکانم بن، خزمەتی پەرستگەکەی "ئەو" بکەن،
تێیدا بحەوێنەوەو ئاگاتان لێی بێت. هەموو بەیانییەکیش زوو
هەستن، سوپاسی "ئەو" بکەن کە بە فەرمانێکی سادەی وای کرد
ئێوە بەبێ ئەوەی پێشبڕکێبکەن، دەتوانن لە تەنیشت من بن،
خواردنی باشتان دەستبکەوێتو ژیانی ئاسایی خۆتان بژین.
ئەسڵەن هەموو ئەو پیاوانەی دەیانبینن، زۆر ڕێزتان لێ دەگرن،
چونکە هەموویان دەزانن ئێوە لە لای من تایبەتن، دەزانن کە
ئێوە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆتان لەگەڵ مندا هەیە، ئەوەش واتە
پەیوەندیتان لەگەڵ خودی "ئەو"دا هەیە، بۆیە پێتان دەڵێم کە
سوپاسگوزار بن.

دکتۆر، ئەو وای دەوت، وا بزانم سەرلوسیش زۆر دڵیخۆشبوو
کە ئەو ڕەحمەی "ئەو" بە سەریدا ڕژاوەو پلەیەکی بەدەستهێناوە
بە بۆنەی نزیکبوونەوەی لە ئەوناس، بەڵام من، من دەمویست
هەر لەوێ تفێک بە هەموو هێزی ماسولکەکانی دەمم بە
دەموچاوی ئەوناسدا بکەمو دەستبکەم بە جنێودان، بەڵام لە
بارودۆخێکی وادا نەبووم شتێکی وا بکەم. ئاخر تەواوی
قسەکانی، قسەی قۆڕن. من ئەسڵەن داوای ئەوەم کردووە هیچ
پێشبڕکێیەک لەگەڵ هیچ کەسێک بکەم! ئاخر من هەر خودی
"ئەو" وا دروستینەکردووم! هەر خودی ئەو هەستەکانمی
دروستنەکرد! ئەی بۆچی دەبێت من شەرم لە هەموو هەستەکانی
خۆم بکەم! بۆچی دەبێت من نەچمەناو پێشبڕکێیەک کە وەک
شتێکی حەتمییەو هەر ڕوودەدات. جەنگ دەستپێدەکات یان
دەستپێناکات، بە گونمەوە. منیش وەک هەر پیاوێکی تر دەجەنگم،

دەجەنگم، تا دەمرم، خەریکی جەنگو شەڕ دەبم، بەلام ناهیلم بەم شێوەیە سوکایەتیم پێ بکرێت. بینەر یان سەرباز یان هەر گەوادێکی تر بیەوێت ژنەکەم ببات، لەگەڵ ئەویشدا دەجەنگم، یان دەمکوژێت، یان دەیکوژم. هەر ئەوەندەیە، هاوکێشەیەکی سادە و ئاسانە، بەلام نازانم، ئەوناس چۆن ئەو ڕێگەیەی بە بیرکردنەوەکانی داوە کە درۆیەکی ئەوەندە گەورە بکاتو منو ئەو سەرلوسە حیزەی تر وا لێ بکات. ئەوە هەڵبژاردنی من نییە کە بالام کورتە، ئەسڵەن من هەموو ئەوەی بیرمە، کەشتییەکی بۆگەنی قاوەیی سەوزهەلگەڕاوەو هیچی تر. خۆ من خۆم هەڵمنەبژاردووە کە بالام بەو شێوەیە بێت. قسەکانی ئەوناس، وەک پاروویەکی گەورەی دڕکاوی لە گەرووم ماونەتەوەو ناتوانم قوتیانبدەم، ناتوانم قبوڵیانبکەم. ناتوانم ئەو کارەی سەرباز پێی کردووم، قبوڵبکەم، نە ئەمڕۆ، نە سبەی، نە هیچ کاتێکی تر. گەر ئاوی ئەم دەریایە هەمووی تەواوبێت بە سەیرکردنەکانی من، من ناتوانم ئەوە قبوڵبکەم کە پێم کراوە. گەر پێویستبکات، شەڕ لەگەڵ خودی 'ئەو'دا دەکەم، بەلام ئەو کۆیلایەتییە قبوڵناکەم کە بە ناوی ئازادکردنەوە لە کۆیلایەتی بە سەرمدا سەپێنراوە. جا دکتۆر، وا مەزانە من تورەمو جنێودەدەم، نازانم دەڵێم چیو بیرم لەم قسانە نەکردووەتەوە. ئەسڵەن من گومانم لە تەواوی ئەو چیرۆکانە هەیە کە ئەو پیاوە بە ناوی ئەوناسەوە بۆمان دەگێڕێتەوە، ئەسڵەن من ڕازی نیم ئەو بەڕێوەمببات. ئەسڵەن من بە یاساکانی ئەو ڕازی نیم، من بە یاسای هیچ کەسێک ڕازی نیم کە ڕێگە بە خۆی بدات بەشێک لە من لە خۆم بستێنێتەوە تا ئازادمبکات. من گەر ئازاد بم،

دەمەویت بە هەموو ئەندامەکانمەوە ئازاد بم، من گەر بە ڕاستی ڕێزلێگیراو بم، دەبێت بە ڕووتی، بەبێ هیچ جلێکو بە هەموو عەیبەکانیشمەوە هەر منێکی ڕێزلێگیراو بم. کەسێک منی دروستکردبێت، دڵنیام منی بە ڕووتییش بینیوە، کەسێک کە ڕێزی لە من گرتبێت، هەرگیز حەزەکانم وەک ئامێرێکی بەکۆیلەکردن نابینێتو لە شەوێکی تەماویو بە فێڵی تێرکردنیان لێم بستێنێتەوە.

کە ئەو قسانەی دەکرد، لەگەڵ فڕێدانی تفی زۆرو جنێوی زۆردا، بە تەواوەتی دەموچاوە زەردو سپیهەڵگەڕاوەکەی لە تووڕەییان سووردەبوونەوە، دەمارەکانی ملی هەمووی دەرپەڕیبوونو دەنگی زۆر بەرزترکردبووەوە لەوەی کە دەبوایە قسەی پێ بکات. ئاخر ئەو قسانەی لە لای هەر کەسێکی تر کردبوایە، دڵنیام وەک من بە ئارامی دانەدەنیشتو هەر زوو ڕایدەکرد لە ترسی ئەوەی کە هەر گوێی لەو قسانە نەبێت. بەردەوام لە کاتی قسەکردندا چاوەکانی زەقتردەبوونەوە، خوێنی زیاتریان تێدەزاو سوورتردەبوونەوە. دەمارەکانی ملی وا دەرپەڕیبوون کە بە جوانی دەمتوانی هەموویان لە یەکتری جودابکەمەوە. ئەوەندە جنێوەی بە ئەوو ئەوناس دا، کە وەک حاڵەتێکی هیستریی لێ هاتبوو، نەیدەتوانی لە جێگەی خۆی بسرەوێتو بە دەنگی نزم قسەبکات. تا ئاستی هاوارکردن دەنگی بەرزکردەوە. پێش ئەوەی چەقۆیەکی تیژی یەکجار خاوێنی ستیل، ڕێک لە سەرووی گرگراگە دەرپەڕیوەکەی بەشی پێشەوەی ملی بێتەدەرەوە، هاواریدەکردو جنێویدەدا. کەف لە دەمی دەهاتو نەیدەتوانی هەر وا بە دانیشتن بمێنێتەوە، کە چەقۆکەم بینی، ترسێکی زۆر

له سنگم وەستاو سەیرێکی دواوەم کرد، بینەری چاوتیژو فکرقووڵ، چەقۆکەی زۆر بە هێواشی دەردەهێنایەوە، بە دەسرێکی سپی خوێنەکەی دەسڕییەوەو دەسرەکەی لە پشتی ملی ئارام دادەنا. بە لەقەیەکی بێهەستانەش ئارامی دەماودەم بەردەدایەوە، ئاوەکە بەر سەری ئارام دەکەوت. هیچ قسەیەکم نەکرد، تەنها سەیرمدەکرد کە چۆن بینەر بە پەلەکانی ئارام رادەکێشێت بۆ ناو دەریایەکەو ئاساری خوێنی ئارام لە سەر زەوییەکە دەسڕێتەوە. دوای ئەوەی ئەو کارانەی تەواوکرد، وەک ئەوەی هیچ شتێک ڕووینەدابێتو ئەسڵەن مرۆڤێکی تر نەمردبێت، دەستی بۆ درێژکردم تا هەڵمبستێنێتەوە، وا بزانم هیچ چارەیەکی ترم نەبوو، جگە لەوەی دەستی بگرمو هەستمەوە لە جێگەی خۆم.

بینەر: دکتۆر، وا بزانم زۆری وت، ببورە کە زووتر نەهاتمو لەو هاوار هاوارە ڕزگارمنەکردیت، ئیتر دەتوانیت هەموو ڕۆژێک بە ئارامی سەیری دەریاکە بکەیت.

# بەشی حەوتەم

# منداڵ

له دوای ئەو ڕووداوەی کوژرانی ئارام‌و دیارنەمانی یەکێک لە هەلبژێردراوەکانی ئەوناس، دەمزانی کە ئەوناس ناتوانێت هەموو ئەو شتانەی لە دەوری ڕوودەدەن، بزانێت. ناتوانێ هەموو ڕاستییەکانیش وەک خۆی ببینێت‌و بێگومانیش ناتوانێت هەمیشە گوێی لە بیرکردنەوەکانی من بێت، کاتێک لە تەنیشتی بیردەکەمەوە، بەلام ئەوەی لە ڕابردوودا ڕوویدابوو، پێم وا بێت تەنها ڕێککەوتێکی سەیرو بێمانایە، کە ئەو کاتەی من بیرم لە شتێک دەکردەوە، ئەویش یەکسەر ئەو شتەی بۆ باسدەکردم. وەک ئەوەی بتوانێت گوێی لە قسەکانی ناو سەرم بێت. لەوانەشە هەندێکیانی گوێ لێ بێت، لە ڕاستیدا نازانم، یەکلایینەبوومەتەوە، ئایا بە ڕاستی هەندێک لە بیرکردنەوەکانم دەنگیان هەیە کە ئاوا ئەوناس گوێی لێیان دەبێت‌و یەکسەر وەلامیاندەداتەوە! یان نا، تەنها خۆم دەمەوێت باوەڕ بەوە بهێنم کە ئەوناس کەسێکی تایبەتەو هەندێک شت دەزانێت کە ئێمە نایزانین. لەوانەیە هەمووی درۆیەک‌و وەهمێکی گەورە بێت، کە من بمەوێت باوەڕی پێ بکەم، بۆئەوەی ئەوەندە قەلەق نەبم، ئەوەندە دوودڵنەبم کە چ شتێک ڕاستەو چ شتێک هەڵەیە، گەر بە سادەیی گوێڕایەڵی ئەوناس بم، دەتوانم هەموو ئەو شتانەی ئەو بە ڕاست‌و باشەیان دادەنێت، بە باشی دابنێم، تەنانەت گەر کار گەیشتە ئەوەی خانمێکیش لە کەشتییەک لە ناوەڕاستی دەریادا فڕێبداتەخوارەوەو لەناوببات‌و هەر شتێکیش ئەو بڵێت: خراپەیەو نابێت بکرێت، تەنها بڵێم وایەو تەواو، هەرگیز لەوە نەپرسم بۆچی گەر دوو کەس یەکتریان نەوێت‌و کەسی تریان خۆشبوێت‌و بەدڵیانبێت، نەتوانن کەسە خۆشەویستە

دلخوازەکەیان هەڵبژێرن، لە جیاتیی ئەوەی ببەسترێنەوە بەو کەسەی تەنها بە هۆی ڕێکەوتی درێژیی باڵایانەوە لەگەڵیاندا دانراوە. وا بزانم باوەڕ بە قسەکانی ئەوناس بکەم، زۆر لەو هەموو بیرکردنەوەو ماندووبوونە باشترە. ئاخر من بەردەوام ناوا لە خەیاڵو بیرکردنەوەدا بم، کوا کاتم دەمێنێت لەگەڵ ئیسلاکەمدا پێیبکەنم، کەی ئەسڵەن دەرفەتێک ڕێکدەکەوێت کە شەوێک بە دڵی خۆمان تێکەڵی یەکتری بینو هەست بە هەموو نەرمایەتییەکانی جەستەو دەروونی ئیسلا بکەمو سەیری ئەو خەندە تایبەتەی بکەم. نا، وا بزانم باوەڕهێنانەکە باشترین شتێکە کە بتوانم بیکەم، چونکە بە ڕاستی من نامەوێت ببمە ئەو کەسەی هەموو ژیانی خۆم دادەنێمو دەفەوتێنم بۆ ئەوەی یەکێک لە گومانەکانی ناو ناخم وەلامبدەمەوەو یەکلاییبکەمەوە ڕاستە یان نا. لەوانەیە ئەم دونیایە جێگەی زانینی ڕاستییە ڕاستەکە نەبێت، لەوانەیە هەر هەندێک ڕاستیی درۆینەی تێدا بێت کە ناچاربین باوەڕیان پێ بکەین، بۆئەوەی بتوانین چێژ لە جوانییەکانی ئەم ژیانە وەربگرین. ئای ئیسلا، تۆ بۆ ئەوەندە جوانیت! لەبەر خۆمەوە زەردەخەنەیەکم دەکرد، گاڵتەم بە عەقڵو جەستەی خۆم دەهات، نازانم لە ناو ئەو هەموو بیرکردنەوە قووڵانە، من دیمەنی ڕووتی ئیسلام دێتەپێشچاو، سەیری جوانییەکانی ئەو دەکەمو دەمەوێت تەنها چێژ لە جوانییەکان وەربگرم، هەموو ئەو بیرکردنەوانەی سەرم بکەمە پەڕێکی ڕەشهەڵگەڕاوو چڵکنو هەموویان بسوتێنم. هەرگیز بیر لە ڕاستی و دروستیی ئەوناس نەکەمەوە، ئاخر ژیان زۆر ئاسانترە، گەر تەنها دوای فەرمانەکانی ئەو بکەوم. خۆ من کەسێکی ئاساییش نیم وەک

ئەم خەڵکە ڕەشوڕووتە ئیشی قورسم پێ بکەن. لە کۆتاییدا من ژیانێکی زۆر ئاسانو بەختەوەرم دەبێت، گەر ئەو بیرکردنەوە نەفرەتییانە لە سەرم دەربهێنم. وا بزانم ئەمڕۆ بڕیاردەدەم کە هەرگیز بیر لە هیچ گومانێک نەکەمەوە کە دێتەناو سەرم دەربارەی ئەوناسو خودی "ئەو"یش. لەوانەیە ئەوە باشترین هەڵبژاردەی من بێت، گەر بمەوێ بە خۆشبەختی لەگەڵ ئیسلادا بم. تەنها لەگەڵ ئەو بوون، هەموو ئەو ناڕەحەتیو نەهامەتییانەی لە ناو ناخمن، دەرەوێنێتەوەو بەنجمدەکات. نامەوێت ئەسڵەن بیر لەوەش بکەمەوە کە ئایا بەنجبوون شتە ڕاستەکەیە یان بەرەنگاربوونەوەی گومانەکانم. نا، تەواو، ئیتر هیچ پێویستناکات بیریشی لێ بکەمەوە.

بینەر ئارامی کوشت! من حەقم چییە! من چی بکەم! من هیچ شتێکم لەدەستنایەت، چونکە ئەسڵەن لە هەمان کاتی جوڵەی بینەردا ئارام گیانیلەدەستدابوو. وەک دکتۆری دوورگەکەش هەر نەمدەتوانی ژیانی ڕزگاربکەم. ئەسڵەن دوای دیارنەمانی ئارام کێ پرسیاریکرد! کێ وتی: ئارام بۆ دیارنەماوە! ئەوناس هیچ قسەیەکی نەکرد، ئەوناس جگە لە دوو جار پرسیارکردن لە دیارنەمانی، بە ساردییەکی تەواوەوە چیی کرد بۆی! بێگومان هیچ!

هات لێکۆڵینەوە لە بینەرو لە منو لە هەموو ئەوانە بکات کە بەیانیان زووتر لەوانی دی بەخەبەردێنو شەوانیش بە تەنها دادەنیشن! خۆ ئەوناس چەندین جار تێبینیی ئەوەی کردبوو کە ئارام نزیکایەتییەکی لەگەڵ مندا دروستکردووە، بەڵام هەرگیز دوای دیارنەمانی، وشەیەکی دەربارەی ئارام لەگەڵ مندا

باسەکردو لێی نەپرسیمەوە. ئیتر من بۆ مێشکی خۆم بەو پرسیارە بێهودانەوە مەشغوڵبکەم!
نا، ئەسڵەن بیری لێ ناکەمەوە، دیارە بینەرو ئەوناس خۆیان شتێک دەزانن کە من نایزانم، بڕیارمداوە تەنها بە سادەیی شوێنی فەرمانەکانیان بکەوم، شوێنی ئەو چاکەو خراپەیە بکەوم کە ئەوناس پێمانی دەڵێتو تەواو. نامەوێت ژیانی خۆم بە گومان بەفیرۆبدەم، دەمەوێت تەنها لەگەڵ ئیسلادا بمو کچێکی وەک ئەو جوانم هەبێت، تەنها ئەوەم دەوێتو بەس.
چەند مانگێک تێپەڕی بە سەر کوژرانی ئارامدا. نا، با ئەسڵەن نەڵێم بە سەر کوژرانی ئارامدا، بۆئەوەی بیریشی لێ نەکەمەوە.
چەند مانگێک تێپەڕی بە سەر ئەو کاتەی بڕیارمدا کە گومانم نەمێنێتو بە خۆشی لەگەڵ ئیسلادا بژیم. ناخم هەمیشە کە ئەو ڤسانەم دەنوسی، دەیپرسی مانگ چییەو نازانم چی، بەڵام من لە مێژە ئەو بڕیارەم داوە کە وەڵامی پرسیارەکانی نەدەمەوە.
گرنگ ئەوەیە چەند مانگێک تێپەڕی بە سەر شتەکاندا. هەموو شتەکان زۆر بە باشی دەڕۆیشتن، بەیانیان کە هەڵدەستام، گرنگ نەبوو چەند زوو بێت، ئیسلا هەمیشە زووتر لە من چاوی کردبووەوەو بە خەندەیەکی زۆر تایبەتەوە سەیری ناوچەوانی دەکردم، هەموو کاتیش کە چاوم دەکردەوە، ماچێکی دەکردم، بەڵام ماچەکە کێشێکی زۆر زۆر کەمی هەبوو لە سەر لێوەکانمو زۆر بە سادەیی تێدەپەڕی. هەموو ماچێکیشیم هەر لە یادە، ناتوانم بڵێم هەموویان لە یەکتری جیاواز بوون، نا، ئەسڵەن هەموویان لە یەکتری دەچوون لە نەرمی و ناسکییاندا، بەڵام شتێک هەیە کە وای لێ کردووم هەموو بەیانییەکانم بە جیا جیا

بیربێت، وەک ئەوەی کە هەر ماچێکیان ڕێکەوتو ژمارەیەکی تایبەتی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبێتو بیگوازێتەوە بۆ لیوم، لەویشەوە بۆ مێژەلاکم.
بەیەکەوە هەڵدەستاین، جێگەکانمان هەموو ڕۆژێک باشترو باشترو نەرمتردەبوون، ئێستا هەموو بەیانییەک کە بەیەکەوە هەڵدەستاین، دەچووینە لای دەریاکەو بەیەکەوە دەموچاومان دەشوشت. زۆربەی کات ئیسلا قژیشی تەڕدەکرد، هەمیشەش جۆرە پەلکێکی ڕەنگسووری لە قژی هەڵدەسوو، کە وای دەکرد بۆنێکی زۆر تایبەتی لێ بێت. بۆنێک کە وای دەکرد هەستبکەیت ئەم قژە ئێستا خاوێنکراوەتەوە. دوای دەریاکەش، دەستی یەکتریمان دەگرتو دەگەڕاینەوە کوخەکە. وەک ئەوەی ئەوناس لە سەرەتای هاتنمان بۆ ئێرە بۆی باسکردبووین، کە ئاژەڵی بچووکترو گەورەتر لە مەڕەکان لەم دوورگەیە هەن، لەو ماوەیەدا لەگەڵ هەڵبژێردراوە سەرلوسەکەدا خەڵکەکە دەڕۆیشتن بۆ هێنانەوەی ئەو ئاژەڵانە. هیچ کام لەوانەی دەیانهێنانەوە، هەستێکی سەیرو نامۆی پێ نەدەبەخشیم، وەک ئەوەی پێشتر هەموو ئەوانەم بینیبێت و ناسیبێتم. هەندێک لە خەڵکەکە دوای هێنانەوەی ئەو ئاژەڵانە خۆیان بە سەرسوڕماو نیشانددا، بەلام من گومانم هەبوو لەوەی سەریانسوڕمابێت. نا، نا، نا، گومانم نەبوو، گومانم نییە، گومانیشناکەم. تەواو سەریانسوڕمابوو، دیارە ئەوان لە لایان تازە بووەو تەواو.
ئەو شتە بچووکانەی دەیانهێنانەوە، ڕەنگیان سپیو قاوەیی بوو، زیاتر لەوانە دەچوون کە نزیکیانببیتەوە، بفڕن، بەلام لەگەڵ ئەوەی باڵیشیان هەبوو، هەرگیز نەمبینیوە بفڕن. تەنها کە

بازباندەداو ڕایاندەکرد، باڵەکانیان بەکاردەهێنا تا بازەکانیان دوورودرێژتر بێت‌و دەکەوتنەوەسەر زەوییەکە. هەموو کوخێک کوخێکی بچووکتری لە تەنیشت خۆی بۆ دروستکرابوو بۆ ڕاگرتنی ئەو جۆرە ئاژەڵە بچووکە باڵدارە نەفڕیوانە، چونکە ڕۆژانە شتێکی سپییان بەجێدەهێشت لە شوێنەکانیان، کە بە بڕیاری ئەوناس کرابوو بە خواردنی هەموو بەیانییەکی هەموو خەڵکی دوورگەکە. لە ڕاستیدا هەر خۆی فێریکردین چۆن ئەو خواردنە بخۆین‌و تامێکی خۆشیشی هەبوو، هەر ئەوناس ناوی لەوە نابوو "هێلکە".

هەموو بەیانییەک بە دڵێکی خۆشەوە لەگەڵ ئیسلادا هێلکەمان دەخوارد، هەمیشە دەمبینی کە ئیسلا چەند میهرەبانە بەرانبەر بەو باڵندە نەفڕیوە سەیرانە، بەرانبەر بە مریشکەکان. ئا، ئا، مریشکن ئەمانە، ئاخر مێشکم دەزانێت ئەمانە مریشکن، بەڵام نازانم چۆن دەیزانێت، دەشزانم مریشکە گەورەترەکان ناویان کەڵەشێرە، بەڵام هەرگیز ئەو ناوانە بەکارناهێنم لە لای هیچ کەسێک، چونکە خۆشم دڵنیا نیم چۆن ئەو ناوانە لە ناخمەوە دێنەدەرەوە. هەر چۆنێک بێت، من بڕیارمداوە ئەو بیرکردنەوە سەیرانەم پشتگوێبخەم. زۆر ئیسلام زیاتر خۆشدەویست، کە دەمبینی ئەوەندە بە میهرەبانی لەگەڵ مریشکەکاندا دەجوڵێتەوە، هەمیشە لەباوەشیدەکرد، ماچی سەریانی دەکردو زۆر بە نەرمی مامەڵەی لەگەڵدا دەکردن. هەرگیز نەیدەهێشت بە پیسی لەو ناوە بسوڕێنەوە، هەمیشە شوێنەکەیانی پاکدەکردەوە، بۆئەوەی پیس‌و چڵکن دەرنەکەون. ئەو کاتەی ئەو دەستی بە پەڕەکانیاندا دەهێناو دەستی بە پشتیاندا دەهێنا، مریشکەکان جوڵەیان لە

خۆیان دەبڕی، وەک ئەوەی ئەوانیش ئەویان خۆشبویت و حەزبکەن کە ئیسلا بەردەوامبێت لەم میهرەبانییەی لەگەڵیاندا. هەموو بەیانییەک ئەو دیمەنە تایبەتانەی ئیسلاو دەریاکە، ئیسلاو مریشکەکان، ئیسلاو ئامادەکردنی هێلکەکان و زەردەخەنە تایبەتە لەناخەوەکەی، هەر بە ڕاستی وایان لێ کردم هەست بە خۆشیی ئەم ژیانە بکەم و بمەوێت تا هەتایە لەم دوورگەیە بمێنمەوە.

چەند مانگێک بوو ئیسلا هیچ خوێنێکی نەدەبینی، چونکە بەو پێیەی من پزیشکم، دەمزانی کە مانگانە دەبێت هەموو خانمەکانی دوورگەکە خوێن لە دامەنیان ببینن، بەڵام ئیسلا چەند مانگێک بوو ئەو خوێنەی نەبینیبوو، هەر خۆی بابەتەکەی لەگەڵمدا باسکرد، چونکە هەمیشەو هەر شتێک هەبوایە، بە ڕاکردن و زەردەخەنەیەکی زۆر پاکەوە دەهات بۆ لای من و پرسیاری لێ دەکردم. هەندێک جار هەندێک پرسیاری دەکرد کە هیچ بیرۆکەیەکم لە سەر وەڵامەکانیان نەبوو، بەڵام هەمیشە ڕای خۆم لە سەر دەوت، بۆئەوەی بە بێهیوایی و دەستبەتاڵی نەینێرمەوە کوخەکەمان. ئاخر من لە لای خەڵکی هەموو دوورگەکە بە کەسێکی زیرەک و باش ناسرابووم، چۆن دەکرا خۆشەویسترین کەسی خۆم بێهیواو دەستبەتاڵبکەم! نەدەکرا.

دوای ئەو قسانەی ئیسلا دەربارەی خوێنی مانگانەی خۆی، من هیچ دوودڵی و قەلەقییەکم بۆ دروستنەبوو، ئەوەش پێی دەوتم کە ئەمە شتێکی ئاساییەو دەبێت پرۆسەیەک بێت کە هەموو خانمەکان هەیانبێت، بۆیە بە ئیسلام وت کە بچێت لە خانمەکانی تریش بپرسێت و بزانێت کامیان هەمان حاڵەتی ئیسلای هەیە. بە

هەمان زەردەخەنەو جۆشوخرۆشی بەیانیانیەوە وتی: زۆر باشە دکتۆرەکەم، ئێستا دەچم، لێیان دەپرسم.

کە هاتەوە، هەستمدەکرد کە سەرسوڕمابێت، پێم وت: چی بوو گیانەکەم، خانمەکانی تر چۆن بوون؟

ئیسلا: زۆر سەیرە دکتۆرەکەم، زۆر سەیرە، زۆربەیان هەمان شتیان بەسەرهاتووە، هەندێکیان لە مێژە وان، هەندێکیان ئەمە یەکەم جارە وایان لێ بێت. نازانم بۆ وایان لێ هاتووە.

وتم: هیچ نییە ئیسلاکەم، ئەمە نیشانەیەکی باشە، نیشانەی ئەوەیە کە منداڵماندەبێت!

چی! منداڵماندەبێت! مێشکم لە ناخمی دەپرسی، ئەو زانیارییە سەیرە چییە بە ئیسلای دەڵێیت، چۆن دەکرێت بە هۆی شتێکی واوە بزانرێت کە منداڵماندەبێت، ئەوە سەیرترین بیرۆکەو قسەیەکە کە بەبێ پرسی خۆم لە دەمم هاتووەتەدەرەوە.

ئیسلا: چی! واتە ئێمە منداڵماندەبێت!

بێگومان من هەرگیز لەو قسە بێبیرکردنەوانەی خۆم پەشیماننەدەبوومەوە کە ناخم بەبێ پرسی خۆم دەریدەبڕین و دەبوون بە واقیع لە لای هەموو خەڵکی دوورگەکە. چەندین جاری تر ئەو شتە ڕوویدابوو، هەموو جارەکانیش قسەکەم ڕاست دەردەچوو، بۆیە دەمزانی دەبێت حەتمەن پێش ئەوەی من بکەومەناو ئەو کەشتییەوە، هەموو ئەو شتانەم زانیبێت، بەڵام نازانم چۆن فێریانبووم، گرنگ ئەوەیە لە کاتی پێویستیدا خۆیان لە مێشکم دێنەدەرەوەو ڕاستیش دەردەچن.

پێم وت: بەڵێ گیانەکەم، منداڵماندەبێت، هەموو خانمەکانی تریش منداڵیاندەبێت!

ئیسلا دڵی زۆر بەو هەواڵە خۆشبوو، وەک ئەوەی لە ناخی ئەویشداو لە مێشکی ئەویشدا منداڵ هەبێتو بزانێت چییە و چۆنە، چونکە هەموو ئەوانەی لەو دوورگەیە بووین، تا ئێستا شتێکمان نەبینیبوو بە ناوی منداڵ، نەماندەزانی چییەو چۆنەو چۆنیش دەبێت. بەبێ ویستی خۆم، درێژەم بە قسەکانم داو مێشکمو قسەکانم بەرگی دکتۆرێکیان لەبەرکرد:

ئیسلا گیان، پێویستە نۆ جاری تر لە کاتی خۆتدا تۆ خوێن نەبینیت، بەو پێیەی تۆ ئەمە دووەم جارتە خوێن نابینیت، دەبێت حەوت جاری تریش هەمان شت دووبارەببێتەوە، ئینجا منداڵەکەمان دەبێت. بوونی منداڵیش تۆزێک قورسە، بەڵام کە دەبێت زۆر دڵمانخۆشدەکات. دوای ماوەیەکی تر وردە وردە زگت گەورەتردەبێت لەوەی ئێستا، چونکە ئێستا منداڵەکەت لێرەیە. دەستم بە سکیدا دەهێنا کە قسەکانم دەکردو کە دەشموت: منداڵەکەت لێرەیە، بە ئەنقەست دەستم دەبردە بن زگی، بۆئەوەی نەترسێتو بە شتێکی پێکەنیناویو خۆش بابەتەکە وەربگرێت. ئەویش وەک پیشەی هەمیشەیی بێهیوابینەدەکردم لە زەردەخەنە منداڵانەییەکانیو لە جۆشوخرۆشە نەبڕاوەکەی بۆ قسەکانی من. هەمیشە کاتێک قسەم لەگەڵ ئەودا دەکرد، هەستم بە گرنگیی قسەکانی خۆم زیاتر دەکرد. ڕاستە هەموو خەڵکی دوورگەکە قسەکانی منیان زۆر لە لا گرنگ بوو، بەڵام گرنگیدانی ئیسلا لە چاوەکانیدا دەردەکەوتنو هەمیشە قسەکانمی وەک خۆی جێبەجێدەکرد، لەگەڵ جێبەجێکردنیشیاندا شەوقێکی ڕاستگۆییو پاکی لە چاوەکانیدا دەردەکەوتن، کە دڵی زۆر خۆشدەکردم!

چەند مانگێکی تر بەم شێوەیە تێبپەڕێت، وا بزانم زۆر ئەمە دووبارە دەبێتەوە کە لە کاتی قسەکانم بڵێم چەند مانگێکی تریش تێپەڕی، چونکە کە لەگەڵ ئیسلادام، هەموو بەیانییەکانم ئاوا بە زەردەخەنەو نەرمیی ئەو دەستپێدەکەمو هەموو شەوێکیش بە گەرمایی جەستەی ئەو کۆتاییپێدەهێنم، بەبێ هیچ گومانو بیرکردنەوەو ژاوەژاوێکی زیادە، ژیان زۆر ئاسانترو سادەترو خێراتریش تێدەپەڕێت، بۆیە وا بزانم بژاردە ڕاستەکەم هەڵبژاردووە.

دوای ئەو ماوەیە بانگیانکردم کە یەکێک لە خانمەکانی شەش کوخ ئەولای کوخەکەی ئێمەوە ژانێکی زۆر بەهێزو توندی گرتووە لە سکیداو لەوانەیە بمرێت. منیش بە ڕاکردن چوومە لای خانمەکەو دەبینم سکی بە تەواوەتی ئاوساوەو زۆر گەورەترە لە سکێکی ئاسایی. سکی ئیسلاش گەورەببوو، دەمزانی بە هۆی گەورەبوونی منداڵەکەیەوە سکی ئاوای لێ هاتووە، بەڵام سکی ئەم خانمە زۆر گەورەتر بوو لە سکی ئیسلا. کە چوومە لای، بە متمانە بەخۆبوونێکی زۆرەوە پێم وت: مەترسە، هیچ نییە، ئەوە منداڵەکەتە، دەیەوێت بێتەدەرەوەو ئیتر تۆ دەبێت بە یەکەم خانم منداڵتدەبێت لە دوورگەکەمان. کە ئەو قسەیەم پێ وت، سەرجەم ئازارو هاواری خانمەکە گۆڕا بۆ دڵخۆشیو زەردەخەنەیەکی تێکەڵ بە گریان و ناڵەناڵ. هەر من لەوێ بووم کە خانمەکە ویستی هەستێتەوە، بەڵام ئاوێکی زۆر لە دامەنیەوە ڕژایەسەر زەویەکە و پێم وت کە خۆی هیلاکنەکاتو پاڵبکەوێتەوە. ماوەیەک تێپەڕی بە سەر دەستپێکی ئازاری ئەو خانمە، ئازارێکی توند لە سکی دروستدەبوو و

نەدەما. ئەوناس پێشتر پێی وتبووم کە من دەتوانم هەر شوێنێکی خەڵکی ئەم دوورگەیە ئازاری هەبوو، یان کێشەی هەبوو، ببینمو دەستی لێ بدەم، بۆیە دەمزانی دەبێت ئەو خانمە ڕووتببێتەوە، بۆئەوەی بتوانین یارمەتیبدەین لەوەی منداڵەکەی بێتەدەرەوە. ئیسلام لەگەڵ خۆمدا بردە ژووری خانمەکەو خانمی کوخەکەی تەنیشتیشمان بانگکرد. داوامان لە پیاوی ئەو خانمە بەئازارە کرد کە جلەکانی خانمەکە دابنێت، ئەویش بەبێ یەکودوو گوێڕایەڵیی قسەکانمانی دەکرد، چونکە زۆر دەترسا لەوەی خانمەکەی یان منداڵەکەی شتێکیان لێ بێت. دوای ماوەیەکی تر ئازارەکەی خانمەکە بە توندتری هاتەوەو هەموو جارێکیش لەگەڵیدا سکی زۆر ڕەقدەبوو کە دەستمان لێ دەدا. لە کاتی ئەو ئازارو ڕەقبوونی سکە، من ئەو بابەتەم بۆ ئیسلاو خانمەکەی تر شیدەکردەوە، کە بەشێکی ناو سکی خانمەکە دەیەوێت منداڵەکە فڕێبداتەدەرەوە، بۆیە خۆی ڕەقدەکات، ئەم ڕەقبوونەش ئەم ئازارە زۆرە دروستدەکات. دەمویست ئەوان فێری ئەوە بکەم کە چۆن منداڵێک دەربهێنن لە ناو سکی دایکەکە، بۆئەوەی جاری داهاتوو ناچارنەبم خۆم بێمو ئەو پڕۆسەیە دووبارەبکەمەوە. پێشبینیی ئەوەم دەکرد کە هەندێک لە پیاوەکانو خودی ئەوناسیش ئەوەی پێ باش نەبێت کە من بەو شێوەیە تایبەتترین بەشی خانمەکەیان ببینمو دەستی لێ بدەم، بۆیە دەمویست هەرچی زووە، ئیسلاو ئەو خانمە فێری ئەوە بکەم کە خۆشم نازانم لە کوێوە دەیزانم.

لەگەڵ توندتربوونی ئازارەکە، لە خانمەکە ڕۆیشتمەپێشەوەو ئیسلاو خانمەکەی تریشم لەگەڵدا بوو. هەر کاتێک سکی خانمەکە

ڕوندەبوو، منیش دەموت: پاڵ بە منداڵەکەتەوە بنێ، بۆئەوەی بێتەدەرەوە. ئەوەشم شیدەکردەوە بۆیان کە دەبێت بەم شێوەیە ھانی خانمەکە بدەن بۆ فڕێدانی منداڵەکەی لە ناو سکیەوە بۆ دوورگەکەمان. خۆشم بە ئیسلام دەوت کە بە دەستی یارمەتیی خانمەکە بدات‌و ڕێڕەوی منداڵەکە لە سکی دایکیەوە بۆ دوورگەکە فراوانبکات. لەگەڵ پاڵنانی خانمەکەدا وردە وردە شلەیەکی کەم دەھاتەدەرەوەو ھەستم بە سەری منداڵەکە دەکرد کە لە دامەنیەوە پەیدادەبێت. شتێکی ڕەش لە دامەنی وردە وردە بەدیاردەکەوت، بە ئیسلام وت کە دەست لە بەشی سەرەوەی دامەنی خانمەکە دابنێت، بۆئەوەی ھاوکاری منداڵەکە بێت بێتەدەرەوە، لەگەڵ ڕەقبوونێکی توندی سکی خانمەکەو ھاوارێکی زۆرو ئازارێکی زۆردا سەری منداڵەکە لەگەڵ کۆمەڵێک شلەدا ھاتەدەرەوەو منیش خۆم سەریم گرت‌و بە سوڕانێکی کەم‌و لەسەرخۆ وردە وردە شان‌و سنگ‌و قاچەکانی منداڵەکە ھاتنەدەرەوە.

منداڵەکە سەرەتا ڕەنگی ھەندێک شین بوو، بەڵام لەگەڵ ھاتنەدەرەوەیدا بە تەواوی لە سکی دایکی، دەستی بە گریانێکی تیژ کردو ڕەنگی پەمەیی‌و سووربووەوە. بە باوکەکەم وت کە گەورەترین گەڵای دار لێیان کردووەتەوەو ڕایانخستووە، بیھێنێت بۆ منداڵەکەی. منداڵەکەمان سڕییەوەو خستمانە باوەشی دایکەکەوە، کە لەبەر گریان‌و فرمێسک دەموچاوی بە تەواوەتی گۆڕابوو، بەڵام ھەر لەگەڵ بینینی منداڵەکەی‌و لەباوەشکردنیدا، پێکەنین‌و دڵخۆشییەکی زۆر تێکەڵی گریان‌و فرمێسکەکانی بوو و پیاوەکەش دەستیکردە گریان. بەیەکەوە منداڵەکەیان

لەباوەشدەکردو سوپاسی ئیمەیان دەکرد کە لەو نازارە ڕزگارمانکردوون‌و منداڵەکەیان هاتووەتە دونیاوە بە هۆی ئیمەوە.

ئەو ڕۆژە هەستێکی زۆر سەیرم هەبوو، چەند سەیرە. ئیمە منداڵێکی تازەمان هێنایە ئەم دوورگەیەوە، ئەو دوورگەیەی کە خۆشمان نازانین لە کوێیەو چیی تێدایە. ئایا کەسی تر لەوبەری ئەو دەریایەوە هەیە یان نا، ئایا پێویستە چاوەڕێی هێرشی بانشی بین یان نا، ئایا هەموو ئەو پرسیارە بێوەلامانەی هەمانن، دەبنە بەشێک لە پرسیارە بێوەلامەکانی منداڵەکانیشمان‌و ئەوانیش تا دەمرن، بە دەستیانەوە دەناڵێنن یان نا! یان ئەوان هەر لێرەو لەگەڵ ئیمەدا لەدایکبوون، هیچ پرسیارێکی سەیری وەک ئیمەیان بۆ دروستنابێت، چونکە ئەوان هەر کە چاویان هەڵدەهێنن، ئەم دوورگەیەو کوخەکانی‌و مریشکەکان‌و ئەوناس دەبینن. ئیتر مەحاڵە بیر لەوە بکەنەوە کە شتی تر، جگە لەوانەی سەر ئەم دوورگەیە، هەیەو گومانیان لە قسەکانی ئەوناس بۆ دروستببێت. ها، گومان و بیرکردنەوە، ئەوە من چی دەکەم! واز لەو گومانانە بهێنە!

ئیسلا: دەزانیت دکتۆر، منیش زۆرم حەزلێیە منداڵەکەم بێتەدەرەوە، نازانم چی بکەم‌و نازانم چەندی تر پێویستە چاوەڕێبم، ئاخر ئەوە ئەمڕۆ لەگەڵ ئەو خانمەی تر پێنجەم منداڵمان دەرهێناوە لە سکی دایکیان. ئەو منداڵەی یەکەم جار دەرمانهێنا، زۆر جوانتربووە لەو کاتەی کە دەرمانهێنا. ئێستا خەپەو نەرمتربووە. هەمیشە دایکی لەباوەشیدەکات‌و مەمکەکانی دەخاتەدەمیەوە. کەی منیش مەمکەکانم شیریان لێ دێت، ها! بۆ

منیش منداڵەکەم نایەتەدەرەوە! دەزانیت هیچ تاقەتی ئەوەم نەماوە منداڵی خەڵک بهێنمەدەرەوەو خۆشم منداڵەکەم هەر لە ناو سکمدا بێت، بۆ منداڵەکەم نایەتەدەرەوە، ها دکتۆر!

پێم وت: گیانەکەم، هیی تۆش زۆری نەماوە، دەزانیت لەم ماوەیە دەبێت ئەو خانمەی تر بانگبکەین‌و بێت هاوکارت بێت لە دەرهێنانی منداڵەکەت!

ئیسلا بەو چەند قسە کەمەی من بە تەواوی دەربڕینەکانی دەموچاوی دەگۆڕدران‌و دووبارە زەردەخەنەیەکی منداڵانە لە سەر ڕوخساری دەنیشت‌و ئارامدەبووەوە. هەمیشە قسەکانی من گومان‌و دوودڵییەکانی ئیسلایان یەکلاییدەکردەوەو هەمیشە بە زەردەخەنە تایبەتە بێتاوانەکەشی کۆتاییانپێدەهات. هەر دوای چەند ڕۆژێکی کەمیش لەو قسانە ئیسلاش توشی هەمان ئازاری منداڵبوونی بوو، بە پێچەوانەی هەموو خانمەکانی تر کە لە کاتی منداڵبوونەکەیان هەندێک قسەی ناخۆشیان دەکرد لەگەڵ پیاوەکانیان یان لە سەر منداڵەکەیان کە ئەوەندە ئازاریدەدان، ئیسلا دڵی زۆر بە ئازارەکەی خۆی خۆش بوو. تا ئازارەکەش بەهێزتردەبوو و سکی ڕەقتردەبوو، ئەویش زەردەخەنەی زیاتردەبوو، لەگەڵ ئەو خەندە بێتاوانەشی گریانی ڕانەدەوەستا. هەستمدەکرد گریانەکەی هیچ لە دەست خۆی نییە، چونکە پێدەچوو لە ئازارێکی زۆر توندا بێت، کە هەرگیز من بەرگەیناگرم، بەڵام لە هەمان کاتدا من ئیسلا دەناسم، دڵنیام لەو ساتە بیری لەوە دەکردەوە کە ئەو منداڵەی دەیبێت، تێکەڵی پارچەیەک لەوو پارچەیەک لە منە، بۆیە ئەوەندە دڵی بەو لەدایکبوونە خۆشبوو کە سەرەڕای هەموو ئازارەکانی کە

فرمێسکی لە چاوی دەهێناو دەیگریاند، هەرگیز یەک وشەی زبرو ناخۆشیشی نەوت، هەرگیز هیچ هاوارێکی بە ڕقەوەی نەکرد بۆ هێنانەدەرەوەی منداڵەکەی، وەک ئەوە وا بوو خەریکی یارییەکی قورسی خۆش بێت، کە دیاریی بردنەوەی یارییەکە ئەوە دەبێت کە منداڵەکەی دێتە ئەم دونیایەوە. دوای هاوارو ماندووبوونێکی زۆری ئیسلا، کە وای لە من کرد بەکوڵ بگریم لەگەڵ هاوارو ئازارەکانی ئەودا، نەتوانم خۆم بە تەنها منداڵەکەی بۆ دەربهێنمو بانگی ئەو خانمەم کرد کە لەگەڵ یەکەم لەدایکبوونی منداڵی دوورگەکەدا ڕاهێنانم پێی کردبوو. من دەگریام، ئیسلاش دەگریا، بەڵام هەمیشە کە سەیری ناوچاوی ئەوم دەکرد، زەردەخەنەیەکم دەکرد بۆئەوەی پێی بڵێم: هەموو شتێک باشە، ئەویش زۆر بە بێتاوانیو ناسکییەوە زەردەخەنەی تێکەڵی ئازارو ناڵەکەی خۆی دەکردو وەڵامیدەدامەوە. ئەو ڕۆژە، ڕۆژێکی زۆر پڕدووڵیو قەلەقی بوو، تا ئەو کاتەی منداڵەکەمان گریاو لە باوەشی زەردەخەنەکانی ئیسلا بینیم، کە چاوەکانی بۆ یەکەم جار دەکاتەوە، ئیسلا پێدەکەنێت، دەشگری لە هەمان کاتدا، منیش پێکەنینم لەگەڵ گریانەکانمدا تێکەڵدەبێت. خانمەکەم فێرکردبوو کە دوای هەموو منداڵبوونەکان یەکسەر منداڵەکان بخاتە باوەشی دایکەکانەوەو دوای تاوێکیش بە دایکەکان بڵێت: شیر بدەن بە منداڵەکانیان. هەروەها دەیزانی کە دوای منداڵبوونەکە پارچە گۆشتێکی مردووش لە دامەنی خانمەکانەوە دێتەدەرەوە، کە پێم وتبوو هەمیشە بەڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو پارچە گۆشتەشدا بکات، هەمیشەش لە ژێر خاکدا بیشارێتەوە. نازانم بۆچی ئەو قسانەم دەکرد، بەڵام ناخم دەیوت: ئەو پارچە

گوشنە نەبوایە، منداڵەکەش نەدەبوو، چونکە لەگەڵ هەموو منداڵەکان هەبوو و دوای لەدایکبوونیان ئەویش دەهاتەدەرەوە.

دوای ئەوە، خانمەکە خۆی بەبێ ئەوەی هیچ قسەیەکی پێ بڵێم، لە کوخەکەمان ڕۆیشتەدەرەوە، چونکە من زۆر سەرسامبووم بەو پرۆسەی لەدایکبوونەو هەستێکی زۆر تایبەتم بۆ دروستببوو، کە هەرگیز پێشتر بەو شێوەیە هەستم نەبووە بۆ هیچ کەس‌و منداڵێکی تر، بەڵام کە سەیری منداڵەکەم دەکرد، ڕاستەوخۆ هەستم بە هەموو خۆشییەکانی نێوان خۆم‌و ئیسلا دەکرد لە چاوەکانی ئەو. دەمزانی ئەو منداڵە منم، ئیسلاشە لە هەمان کاتدا. دەمزانی ئەوە هەموو ئەو شتانەی منی تێدایە کە ئێستا منیان دروستکردووە، هەموو ئەو زەردەخەنە ناوازەو منداڵانەیەی ئیسلاشی تێدایە. بیرمدەکردەوە کە ئەو هەموو جوانییەی ئیسلا تێکەڵی ئەو هەموو بیرکردنەوەیەی من بێت، دەبێت چ شتێک دەربچێت. ئەم منداڵە دەردەچێت!

وتم: هەر بە ڕاست، ئیسلا گیان، کچە یان کوڕە؟

ئیسلا: کچە دکتۆر، کچە! ئەها سەیریبکە، لووتی چەند لە تۆ دەچێت! سەیریبکە، چەند جوان‌و بچووکە!

دکتۆر: ئەی گیان، بەس دەزانیت چاوەکانی هی تۆن! دەزانیت چاوە نازدارو تایبەتەکانی خۆتت داوە بەویش!

ئیسلا پێدەکەنی‌و فرمێسکەکانیشی بەردەوامبوون. لێوی خۆی لە ناو ئازار دەگەست‌و نەشیدەویست من وا هەستبکەم کە ئازاری هەیە، بۆئەوەی ئەو دڵخۆشییە تێکنەدات. هەمیشە زۆرترین هەوڵی خۆی دەدا کە دڵی من تەنگنەبێت بە هەستەکانی ئەوو بە کردارەکانی، بۆیە تەنانەت لە کاتی دڵتەنگیشیدا، کە من

هەستم پێ دەکرد لە ناو چاوەکانی، کە دەچوومەوە کوخەکەمان، ئەو زەردەخەنەیەکی زۆر پاکی بۆ دەکردم، بۆئەوەی هەستنەکەم دڵێتەنگە. هەستمدەکرد ئیسلا ئاگای لە هەموو بیرکردنەوەکانی ناخم بێت، ئاگای لە هەموو گومانو دوودڵیو ڕاڕاییەکانم بێت، ئیتر بۆیە دەیەوێت بەو زەردەخەنانەی بارم سووکتربکاتو نایەوێت بە گلەییو قسەی ناخۆش هێندەی دی گومانو بیرکردنەوە بخاتەناو مێشکمەوە. ئەو تەنها سەرچاوەو پاڵپشتی من بوو بۆ ئارامبوونەوەم، بۆ ڕەواندنەوەی خەمو گومانەکانم. بۆ لابردنی هەموو ئەو ژاوەژاوو ئاڵۆزییەی کە لە مێشکمدا لە هەموو چرکەیەکدا دەگوزەرا، من زۆر سوپاسگوزارم کە تۆم هەیت ئیسلا، سوپاسی "ئەو" دەکەم، گەر گوێی لێمە، کە تۆی پێ داوم.



له دوای لەئیسلابوونی کچەکەم، هیچ شتێک وەک خۆی نەما. هەموو بیرکردنەوەکانم بەباچوون، هەموو دودڵییەکانم وێرانبوون، هیچ شتێک لە شوێنی خۆی نەماو تاکە شتێک کە بیرم لێ دەکردەوە، ئەوە بوو کە ئایا ئەوە ڕاستە من هەموو خەمو نارەحەتیو دودڵیو گومانەکانی مێشکم بدەم بە کەسێکی ئەوەندە بچووکو پاکو بێگەرد، کە تازە دێتەناو ئەم دوورگەیەوە!

هەر بە ڕاست، ئەوەی من کەسێکی تر توشی شەڕی شوومی چاوەکانی بینەر بکەم، توشی کەسێکی وەک ئەو سەرلوسە هەڵبژێردراوەی بکەم، کە بووە بە کۆیلەیەکی گوێلەمستی بێبەرگری بۆ ئەوناس، ڕاستە! ئایا ئەوە تاکە هەڵبژاردەی من بوو کە کەسێکی تر توشی هەموو ئەو خەمانە بکەم کە خۆم هەمە، توشی هەموو ئەو پرسیارە بێوەڵامانەی بکەم کە منیش تا ئێستا نازانم ژمارەیان چەندەو هیچیشیانم وەڵامنەداوەتەوە. ئایا ئەو بێدەنگکردنەی ناخو گومانەکانم، ئەو گوێڕایەڵییە بێبەرگرییەی ئەوناسو فەرمانەکانی شتە ڕاستەکەیە! نازانم.

لەوانەیە گەر پێش لەدایکبوونی کچەکەم، پێش ئەوەی هیچ شتێک لەوانەی ڕوویاندا لە ماوەی ئەو چەند مانگەی ڕابردوو، شتێکم کردبایە کە زیاتر کاریگەریم هەبوایە لە سەر بڕیارەکانی ئەوناس، ئەوکات کچەکەم لە بارودۆخێکی باشتردا لەدایکببوایە.

نا، نا، وا بزانم باشتر وایە هەموو شتێک وەک خۆی بەردەوامبێت، ئەسڵەن هیچ کێشەیەکم نییە، بۆچی دووبارە ئەو هەموو گومانو پرسیارو بیرکردنەوە تاریکانە مێشکم داگیربکەن!

کچەکەم ئەوەندە بە ڕێکی خەندەکانی ئیسلای وەرگرتبوو، هەرگیز باوەڕم نەدەکرد ئەمە بەشێک لەو عەبوسیو نابووتییەی مێشکی تێدا بێت، چونکە هەر دوای چەند مانگی یەکەم کە پێدەکەنی بۆ یارییەکانی دایکی، یەکسەر دەموچاوی دەبووە ئیسلایەکی بچووک. ئەو هەموو پاکیو نازداریو جوانییەی هەبیوو، وای لی کردین ناوییبنێین کایلا. ئیسلا دەیوت کە کایلا بە واتای پاکیو بێگەردی دێت. نازانم چۆن ئەو شتەی دەزانی، ئەویش نەیدەزانی کە بۆچی ئەو زانیارییە دەربارەی ئەو ناوە دەزانێت، بەڵام دڵنیا بوو کە کایلا بە واتای بێگەردی دێت. خەندەکانی کایلاش ئەوەندە بێگەردو پاک بوون، هەمیشەو بەردەوام هەر شتێک لە ناو مێشکم مژۆڵیکردبامو تاریکیی هێنابایە بۆ مێشکو بیرکردنەوەکانم، بە خەندەی دوانە نازدارەکەی دایکو کچ نەدەما. وەک ئەوەی ئەوان کۆمەڵێک نەو وتەی پیرۆز بن، کە ڕۆحە شەڕانگێزەکان دەربکەن، هەر کات مێشکم پڕیبوایە لە گومانو تاریکیی شەڕانگێز، لە بیرکردنەوە نارەحەتکەرەکانی کە هەر لەوەتەی چاومکردووەتەوە، لە ناو کەشتییەکەوە لەگەڵمدان، بە خەندەیەکی ئەوان، هەموو ئەو شەڕانگێزی و بیرکردنەوانە بزردەبوون.

ئەوان هەبن، بیرکردنەوەی نارەحەتکەرو ناخۆش نییە، لەوانەیە دوای ماوەیەکی تر، ئەسڵەن بیرکردنەوەو گومانەکانم نەیەنەوە، ئیتر ڕابکەنو ئەم مەنزڵگە قەدیمەی خۆیان بەجێبهێڵن، کە لێی لەدایکبوونو گەورەبوون. مێشکم ڕێک بووبوو بە مەنزڵگە و لانکەی ئەو بیرکردنەوە تاریکانە، بەڵام وا خەریکە خەریکە

بەتالدەبێتەوە لەو هەموو ناڕەحەتییەی کە هەیەتی. دیارە ڕاسترین بڕیار کۆیلەبوونە، گێژبوون و بیرنەکردنەوەیە. لە کۆتاییدا ژیان چییە، جگە لە چەند دەیەیەکی دووبارەی یەکلەدواییەک کە بە کاریگەریی هۆرمۆنەکانم بیرکردنەوەکانم دەگۆڕێت لەگەڵیانداو خۆم پێ عاقڵتر دەبێت لەوانەی چواردەورم! هەر بە ڕاست، بە ئازادیی خۆمو بە هەڵبژاردنی خۆم، هەموو ئەو بیرکردنەوانە لە ژێر گڵ بنێمو خەریکی دڵخۆشی بم لەگەڵ ئەو دوانە نازدارو پاکو جوانەدا، باشتر نییە! ئەو هەموو ژەهرەی ناو مێشکم بۆ وەک مشەخۆرێک پارچەپارچەمبکاتو ناڕەحەتمبکات! وەلامە ڕاستەکە پەراوێزخستنی سەرجەم ئەو گومانو بیرکردنەوانەیە، بوونە بە سەرلوسەکەی دەوری ئەوناس، پێکەنینو خەندەی ناسکو بێخەوشە لەگەڵ ئیسلاو کایلای من.

من هەمیشە کە لەگەڵ کایلاو ئیسلادا بووم، لەو بیرکردنەوانە نقومدەبووم، دەمزانی کە بەوەی لەگەڵیاندا بم، ژەهرەکانی مێشکم پاکدەبنەوەو دەتوانم ببم بە کۆیلەیەکی دڵخۆش، بەلام دەشمزانی ناتوانم بیر لەوە نەکەمەوە کە من بە بیرکردنەوەو ئازادیی خۆم ئەو کۆیلەبوونەم هەڵبژاردووە. ڕۆژێک دوای شەش مانگ لە لەدایکبوونی کایلا، یەکێک لە دەرگای کوخەکەمانی داو منیش پێم وت: فەرموو. بینەر هاتەناو کوخەکەمانەوە. ئەوە یەکەم جار بوو بینەر لە کوخەکەمان ببینم، ئەو کەسەی بە پێچەوانەی چاوەکانی ئیسلا، کە ئارامیو ئاسوودەییم پێ دەبەخشنو بیرکردنەوەکانم کەمدەکەنەوە، تەنها بە بینینی ئەو ڕوانینە گوماناوییەی هەیەتی بۆ هەموو کەسێکی

ئەم دوورگەیە، من سەرجەم بیرکردنەوە ژەهراوییەکانم دووردەبینەوە. جا بینینی ئەو هەموو شومی‌و گومانەی بەسەر چاوی بینەر لە پاکترین‌و بێگەردترین شوێنی ئەم دوورگەیە لە کوخەکەی ئێمەیە، بە ڕاستی سەیرو بەرکەوتنێکی بەهێز بوو لە نێوان پاکی‌و گومان، کۆیلایەتی‌و بیرکردنەوەو خەونبینین بە ئازادییەوەدا.

بینەر هەر بە هەمان چاوی پڕگومانەوەو بە خەندەیەکی درۆینەوە هاتەژوورەوەو دوای ٦ مانگ پیرۆزبایی لەدایکبوونی کایلای لێ کردین، دوای دانیشتنێکی کورت‌و هەندێک موجامەلەی ئیسلاو هەندێک یاریکردن لەگەڵ کایلادا، وتی: کاک دکتۆر، گەر ئاسایی بێت، دەمەوێت بێیتەدەرەوەو هەندێک قسەبکەین‌و بیرۆکە بگۆڕینەوە.

بێگومان قسەیەک کە بینەر دەیکات، واتە قسەیەک کە ئەوناس دەیکات، ئەوناسێک کە ماوەی چەندین مانگە هیچ یاسایەکی نوێی نییە، خۆی‌و ژنەکەی کە وا لە سەر منداڵبوونە، بەردەوام لەگەڵ خەڵکەکەدا تێکەڵدەبن‌و لە باشترین خواردنەکانی ئەو شوێنە دەخۆن‌و لە باشترین کوخیشدا دەژین، بەڵام ئەوە کەی کێشەیە، خۆ هەموو خەڵکەکە بەبێ کێشە دەژین‌و هەمووشیان ڕازین بەو یاسایانەی کە دانراون. لە ڕاستیدا ئەو یاسایانەی ئەوناس یارمەتیی هەموانی دابوو کە زۆر بە جێگیری بژین. ڕاستە زۆربەی خەڵکەکە کاری قورسیان دەکرد بۆ ئەوەی خواردن پەیدابکەن‌و ئەوناس‌و خانمەکەشی بەبێ کارکردن هەموو شتێکیان دەستدەکەوت وە دەبوایە هەموو خەڵکەکە گوێڕایەڵی بینەرو من‌و سەرلوس‌و سەربازیش بن، تەنانەت

دەبوایە هەموان بەرگەی ئەوە بگرن کە سەرباز خۆیان لی تورەدەکات‌و سەرلوسیش کە وەک کۆیلەیەک هەموو قسەیەکی ئەوناسی بە وردی جێبەجێدەکردو هەمیشە بە هەستێکی خۆبەگەورەزانییەوە مامەڵەی لەگەڵ خەڵکەکەدا دەکرد، بەلام زۆربەی ماڵەکان ئێستا پێکەنینی منداڵەکانیان‌و گریانە ناوەختەکانیان تێدایە، شەوان پیاوەکان بە دڵخۆشییەوە دەچنەوە کوخەکان، خانمەکانیش زوو دوای منداڵبوون دەچنەوەسەر کار، بەلام هیچ نەبێت، بە دڵخۆشی دەخەون، هیچ نەبێت هەموویان تێرن‌و برسیان نییە. هەر کەسە خێزانێکی بچووکی بۆ خۆی دروستکردووە، بەلام خێزانێکی کۆیلە، ئەویش کۆیلەیەکی خراپ نییە. تەنها ئەوەیە دەبێت ئەوە بزانن چەند کەسێکی کەم لەم دوورگەیە لەوان گەورەتر و عاقڵترن، هەر بە ڕاست، ئەمە کێشەی چییە! مادام هەموان سەلامەتن، خواردنیان هەیەو دڵخۆشن، باوەڕناکەم کەس کێشەی لەگەڵ ئەو سیستەمەی ئەوناسدا هەبێت.

دوای تۆزێک دانیشتن، لەگەڵ بینەر ڕۆیشتینەدەرەوەو سەرەتا تا ماوەیەکی باش هیچ قسەیەکی نەکرد، بەڵکو لە پشت کوخەکەی ئەوناسەوە وردە وردە لە کوخەکان دووردەکەوتینەوەو دەنگی خەڵکەکە تا دەهات، کەمترو کاڵتردەبووەوە. کە بەڕێکەوتین بۆ دەرەوەی کوخەکە، تازە خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان لایدابوو، وردە وردە لەگەڵ ئێمەدا دەڕۆیشت بۆ لای خۆرئاوا. تا خۆریش ئاوابوو، ئێمە بەردەوامبووین لە ڕۆیشتن بەبێ هیچ قسەیەک، دونیا تاریکبوو و منیش خەمی کایلاو ئیسلا کەوتەدڵمەوە.

وتم: بینەر، باسی چ شتێک دەکەین، ئەوە زۆر دوورکەوتینەوە لە کوخەکان، تەواوێک دوورکەوتینەوە، ناتەوێت شتێک بڵێیت؟

بینەر: دکتۆر، لە یەکەم ڕۆژەوە کە لە کەشتییەکە هەستاینەوەو تۆم بینی‌و دواتریش سەیری کردارەکانتم کرد، زانیم کە تۆ یەکێکی ئەو پلانەی من دێنیت، بۆیە هەمیشە چاوم لە سەرت بووە. دەشزانم تۆش لە ناخی خۆت هەمیشە پرسیارت بۆ دروستبووە دەربارەی ئەو شتانەی کە ئەوناس دەیانڵێت‌و بۆچی ئێمە لەو دوورگەیە زیندووبووینەتەوە. ئەی ئەو هەموو شتە پزیشکییەی تۆ دەیزانیت، چۆن دەیانزانیت! نابێت پێشینەیەکیان هەبێت! ئەی نابێت تۆ بە جۆرێک لە جۆرەکان فێری ئەو زانیارییە پزیشکیانە بووبیت! هەرگیز بیرتنەکردووەتەوە کە بۆچی تۆ لە ناکاو لە ناو کەشتییەکی تاریک بەخەبەردێیت‌و دواتریش یەکێک کە هاوشێوەی خۆت سەرنشینی کەشتییەکەیە دەست بە سەر تۆو هەموو ئەو کەسانەی تردا دەگرێت کە لە ناو کەشتییەکەن‌و ناچارن هەمووتان گوێڕایەڵی قسەکانی بن!

دکتۆر: بێگومان بینەر، من بیرم لە هەموو ئەو شتانە کردووەتەوە کە تۆ باسیاندەکەیت‌و هەمیشە ئاگاداریش بووم تۆ بە جۆرێکی جیاواز سەیری هەموو هەنگاوێکی من دەکەیت، بەلام لەوە تێناگەم ئەو شتانە بۆچی بۆ من باسدەکەیت‌و مەبەستت چییە لە پلان!

بینەر: من زۆر ڕقم لەوەیە کە بە دەوری بابەتەکەدا بخولێمەوەو ئینجا مەبەستی خۆم بگەیەنم، بۆیە ڕوون‌و ڕەوان ئەوەی دەبێت بیڵێم، پێتی دەڵێم. من خۆم ئامادەکردووە لەگەڵ بەشێکی زۆری

پیاوەکانی ئەم دوورگەیە، هێرشبکەینەسەر کوخە شاهانەکەی ئەوناس‌و خۆی‌و خانمەکەشی لەناوببەین.
بینەر زۆر بە سادەیی باسی ئەو قسانەی دەکرد، وەک ئەوەی هەموو ئەوانە شتێکی تازەو سەیر نەبن لە لای ئەو، پێدەچوو ڕێک لە یەکەم ڕۆژی هەستانەوەمان لە ناو کەشتییەکەوە بیری لەو قسەیە کردبێتەوە کە ئێستا کردی، بەڵام کە قسەکەی کرد من بەبێ ویستی خۆم هەموو گیانم دەستیکرد بە لەرزین‌و ترسێکی زۆر دایگرتم، هەر بەو دەنگە لەرزۆک‌و پڕترسەوە وتم: لەناو... لە... لەناوبردن! مەبەستت چییە بینەر! ئەو گوێی لە قسەکانتە! چۆن دەتوانیت شتێکی وا بڵێیت!
لە ڕاستیدا وا بزانم هەموو خانەکانی لەشم داوای ئەوەیان دەکرد ئازاد بم‌و ئەو پلانە جێبەجێبکەم کە بینەر دایناوە، چونکە لە ناخەوە، هەرگیز نەمدەتوانی کۆیلەبوون قبوڵبکەم. هەموو کردارەکانم‌و هەموو ئەوەی دەمکردو دەموت، هیی کۆیلەیەک بوو، بەڵام نەمدەتوانی مێشک‌و بیرکردنەوەکانم بەندبکەم، هەرگیز نەمدەتوانی بۆ ماوەیەکی درێژ بە بەردەوامی ببم بە کۆیلەیەک‌و هیچ دوودڵی‌و قەلەقییەکم نەبێت دەربارەی ئەو ڕووداوانەی لە دەوری من ڕوودەدەن. ئەوەی کە کەسێکی تەمبەڵی وەک ئەوناس هەموو بەرهەمە باشەکانی دوورگەکە دەبات بۆ خۆی‌و خانمەکەی. لە هەمووومان کوخی باشتری هەیەو پێشتریش بە دڵی خۆی لە ناو هەموو خانمەکانی سەر کەشتییەکە، بە ڕای خۆی جوانترینیانی هەڵبژارد. هیچ لارییشی لەوە نەبوو هەر کامیان ڕەتیانکردبایەتەوە لەگەڵیدا بخەون، بیانکوژێت، بە ناوی ئەوەی ئەوانە بەشێکن لە هێزی بانشی‌و

پێویستە فڕێبدرێنەناو دەریاوە. ئەوەش شتێکی خەیاڵی نەبوو، چۆن خانمی شەشەمی لەناوبرد، بە هەمان شێوە دەکرا هەر کەسێکی تر لەناوببات کە لەگەڵ بیرۆکەکانی ئەودا ناگونجێت.

لە ڕاستیدا ژیان لە ژێر دەسەڵاتی ئەوناسدا هەرگیز وەک شوێنێکی پڕزەبرو زۆر خۆی پیشاننەدەدا، ئەوەتا خەڵک منداڵیدەبوو، نانیاندەخواردو پێدەکەنین، بەڵام هەموو کاتێکیش ئەگەری ئەوە هەبوو ئەو شتێکی بەدڵنەبێتو لە خۆیەوە یاسایەکی نوێ دەربکاتو بە هۆی یاساکەیەوە من یان هەر کەسێکی تر ژیانمان وێرانببێت.

لە کاتی قسەکردنم لەگەڵ سەربازدا، ئەو کاتەی چوومەناو کوخەکەیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی خەونو خەوتنی لەگەڵ خانمەکەیدا، بۆم دەرکەوت کە سەرباز ڕاستە جەستەیەکی گەورەو باڵایەکی زۆر بەرزی هەیە، بەڵام ڕۆحێکی یەکجار لاوازو بچووک لە ناو ئەم جەستە گەورەیەدا خۆی حەشارداوە. لەوانە بوو پێش ئەوەی ئەوناس لە ناو کەشتییەکە پێی بڵێت کە تۆ سەربازیتو فەرمانەکانی من جێبەجێدەکەیت وەک خۆی، تەنانەت گەر وتم: کەسێکیش فڕێبدەناو دەریاوە، هەرگیز ئەم کابرایە مێروولەیەکی ئازارنەدابێت، بەڵام ئەوە بیرکردنەوەو بڕیاری یەکلایانەی ئەوناس بوو کە دەبێت ئەم ڕۆحە پاکە لەبەرئەوەی جەستەیەکی زۆر گەورەی هەیە، ببێت بە جەللادی خەڵکی ناو ئەم کەشتییەو هەر کاتێکیش ئەوناس فەرمانیکرد، ببێت بەو کەسەی کە حوکمی لەسێدارەدانەکەیان جێبەجێدەکات، یان ئەو دوو داماوە سەرلوسەی کە بەبێ ویستی خۆیان لەبەر کێشەی باڵایان توشی ئەوە بوون کە بخەسێنرێنو بەم

شێوەیەی ئارام کۆتاییهات، یەکێکیان کۆتایی پێ بێت، ئەوی تریشیان بە وەهمی ئەوەی شوێن‌و مەکانەتێکی بەرزتری لە خەڵکەکە هەیە، بەبێ خێزان‌و منداڵ ڕازیبکرێت‌و ببێت بە بەردەستێکی ئەبەدی بۆ ئەو کابرایەی تەنها خۆی شایەتی قسەکانیەتی. هەمیشە من کێشەم لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەدا هەبوو کە ئەوناس هەندێک کاری موعجیزەئاسای باسدەکرد، وەک ئەوەی کە ڕووبەڕووی بونەوەرێکی سەیری وەک بانشی بووەتەوەو موعجیزەی ئەو ئەوەیە کە دەتوانێت قسە لەگەڵ خودی "ئەو"دا بکات، بەڵام بۆچی هیچ کاتێک لە پێش چاوی هەموان‌و بە بەرچاوی ئەو هەموو خەڵکەی ناو ئەم دوورگەیە قسەی لەگەڵ "ئەو"دا نەکردووە! بۆچی هیچ کەسێک هەرگیز هیچ کام لەو شتانەی ئەو دەیڵێت، نە بینیویەتی، نە بیستوویەتی‌و نە هەرگیز هەستیشی پێیان کردووە. ئاخر گەر بڕیار بێت کەسێک کە ئێمەی دروستکردووەو خوڵقاندوونی، بیەوێت پەیامێکمان پێ بگەیەنێت، بۆ وا بە دزییەوەو لە پەناوپەسێوو تاریکیدا پەیامەکەی بە ئێمە دەگەیەنێت! ناکرێت شتێکی ڕوون‌و ڕەوانمان پیشانبدات‌و هەموو ئەو گومانانەی هەمانە، بیانڕەوێنێتەوە دەربارەی خۆی‌و نێردراوەکەشی! بۆچی دەبێت نێردراوەکەی لە خۆشترین‌و باشترینەکان لەبەربکات‌و بخوات‌و بخواتەوە، هەروەها هەموو خانمەکانیش شەو بباتەژوورەوەو تاقیبانبکاتەوە تا ئەو کاتەی دڵی دانەیەکیان دەگرێت‌و بڕیاردەدات ببێت بە خانمی تایبەتی خۆی. ئەو هەموو نادادپەروەرییەی من بینیومە لە ئەوناس، پێم دەڵێت: دەبێت بەبێ یەکودوو پلانەکەی بینەر جێبەجێبکرێت! بەڵام ئەی ئەگەر ئەو

قسانەی بینەر تەنها تاقیکردنەوەیەکی ئەوناس بوون بۆ من! ئەی ئەگەر تەواوی ئەو پرۆسەی دوورکەوتنەوە لە کوخەکان تەڵەیەکی ئەوناس و سەرلووس بوو! ئەی ئەگەر سەرباز لە پەنای یەکێک لەم دارانە خۆی شاردبووەوەو دوای ئەوەی بە پلانەکەی بینەر رازی بووم یەکسەر پەلاماریدامو وەک ئارامو خانمی شەشەم بووم بە بەشێک لە مێژووی ونکراوی ئەم دوورگەیە! بۆیە پێم باش بوو جاری هەندێک پرسیار بکەم، تا دڵنیا بم لەوەی ئەمە تەڵەیەکی مەترسیداری بینەر نییە بۆم.

وتم: باشە بینەر، ئەوە تۆ ئەو قسانە دەکەیت، ئەی بۆ کەسێکی وەک ئارامت لەناوبرد، لە کاتێکدا ئەویش هەمان ئامانجی تۆی هەبوو! خۆ تۆ لە پێش چاوی خۆم ئەوت کوشتو خستتەناو دەریاکەوە!

بینەر: دەزانیت دکتۆر، من هەر لە یەکەم ڕۆژەوە تۆم بینی، زانیم کە تۆ کەسێکی زیرەکتری لەو ڕەشوڕووتەی تری ناو کەشتییەکە، کە نەیاندەتوانی تەنانەت هەوڵبدەن سەریشیان بەرزبکەنەوە لەبەر ئازاری ملیان. بە لایەنی کەمەوە من ئاگادار بووم کە تۆ هەوڵتدەدا ملت بەرزبکەیتەوە. دەزانیت، من پێم وایە هەر مرۆڤ کە لەدایکدەبێت، بڕیاردەدرێت کە کەسێکی گەمژەو گێل دەردەچێت، یان زیرەک و زۆرزان. پێم وایە ئەوانەی بە گەمژەیی لەدایکدەبن، هەر بە گەمژەیی دەمێننەوەو تا دەمرن، ناتوانن سوود لە قسەو وتاری ئەوانە وەربگرن کە لەبەر پارە یان لەبەر خەمخۆری دەیانەوێت ئەوانیش کەمێک عاقڵبکەن. زۆر جار گەر تۆ زیرەک بیت، دەتوانیت هەر ئەو شتانەی خۆت بە سادەیی بیریان لێ دەکەیتەوەو هەموو کەسێکی تریش دەتوانێت

هاوشێوەی تۆ بیانزانێت، بە کەسە گەمژەکانی بفرۆشێت، یان وایان لێ بکەیت پێیان وا بێت تۆ لەوان زیرەکتریت. دەزانیت دکتۆر، من ناتوانم هەموو شتێک بە تۆ بڵێم ئێستا لێرەو بەم شەوە، بەڵام دەتوانم دڵنیاتبکەمەوە تۆ هەموو ژیانت لە ناو ئەم کەشتییەدا نەبووە، پێشتریش بە کۆمەڵێک ڕووداوی زۆر ناخۆشدا تێپەڕیویت‌و لە ژوورێکی تایبەتدا... نا، نا، ئێستا پێویستناکات ئەو هەموو وردەکارییەی ژیانی خۆتت پێ بڵێم، گرنگ ئەوەیە بزانیت، من دەزانم کە ئێستا تۆ بیر لەوە دەکەیتەوە کە ئەمە تەڵەیەکی خودی ئەوناس بێت بۆ ئەوەی تۆ لەناوببەین، بەڵام دڵنیاتدەکەمەوە کە شتێکی وا لە گۆڕێ نییە، بۆئەوەی دڵنیاش بیت کە شتی وا نییە، سەیرێکی دەوروبەری خۆت بکە. کە سەیری دەوروبەری خۆمم کرد، بەبێ ئەوەی پێشتر گوێم لە دەنگی پێی هیچ کەسێک بووبێت، چواردەورم هەمووی ببووە ئەو مرۆڤە ڕەشوڕووتانەی دەمێک پێش ئێستا بینەر بە دەبەنگ‌و گەمژە ناوزەندیدەکردن. خەڵکی سەر دوورگەکە بەشێکی زۆریان لە دەوری ئێمە کۆببوونەوەو پێدەچوو ڕازیبن بەو پلانەی کە بینەر دایانناوە. پێم سەیر بوو کە بینەر دوای ئەوەی سەیری دەوروبەری خۆمانمان کرد، بەردەوامبوو لە قسەکانی‌و دەیوت: دکتۆر، بە تەنها تۆ نییت کە ئەو هەموو گومان‌و ڕاڕاییەت هەیە دەربارەی ئەوناس‌و چیرۆکەکانی. هەموو ئەو پیاوانەی دەیانبینیت، هاوشێوەی تۆ لە سەرەتای قسەکانی ئەوناسەوە گومانیان لە هەموو قسەکانی هەبووەو ویستوویانە وەڵامی چیرۆکەکانی بدەنەوە، بەڵام لەبەرئەوەی هەموویان هاوشێوەی تۆ، ترسێکی گەورەیان لەوە هەبووە کە چی دەبێت،

گەر چیرۆکەکەی ئەوناس ڕاست بێتو هەست بە بیرکردنەوەکانمان بکاتو ئێمەش هاوشێوەی خانمی شەشەم لێ بکات! هەموویان تەنها لەبەر ئەو پرسیارە، لەبەر ئەو ترسە، نەیانتوانیوە هیچ هەنگاوێک بنێن بۆ ئەوەی ئازاد بن، بۆ ئەوەی لەو هەموو یاسایەی ئەوناس بۆی داناون، ڕزگاریانببێتو چیتر ناچارنەبن هەموو کارەکانی ڕۆژانە دەیکەن، بەرهەمەکەی بدەن بە کەسێکی تەمبەڵ، کە بەبێ پرسی ئەوان بووە بە سەرۆکو بەڕێوبەری هەموویان. نەک هەر ئەوەندە، هەر کاتێک بیەوێت، خانمەکانیان بۆ خۆی ببات، چونکە بەبێ ئەوەی کەس ئاگای لێ بێت، "ئەو" قسەی لەگەڵدا کردووەو وتوویەتی ئەو خانمە بۆ خۆت ببە، بۆئەوەی منداڵێکی پیرۆز بخەیتەوە، دەبێت هەموویان گوێلەمست بن بۆیو قسەکانیو فەرمانەکانی جێبەجێبکەن.

بینەر: دکتۆر، یەک تۆز لێم وەرەپێش، با ئەوانی تر گوێیان لێ نەبێت، زۆربەی ئەوانەی لە دەوری خۆت دەیانبینیت، تەنها هۆکاری ئەوەی دەیانەوێت بەشداریی ئەو پلانەی من بن، ئەوەیە کە دەترسن ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەوناس ژنەکانیان داگیربکاتو زۆریشیان ڕق لەوە دەبێتەوە کە هەموو ڕۆژێک بەرهەمی کارکردنەکەیان یەک کەس دەیخوات لەگەڵ خانمەکەی خۆیدا، بەڵام دەزانم، تۆ کێشەیەکی قووڵتری فکریت هەیە، دەزانم گەر تۆ ئیسلاو کایلاشت نەبوایە، هەر ئەو ڕقەی ناخت دروستدەبوو. هەر ئەو بیرکردنەوانەی وایان لێ کردوویت ددانت بکرۆژێت لە ئەوناس، دروستدەبوون، چونکە تۆ کێشەکەت تەنها کێشەیەکی ماددیو کێشەیەکی پیاوانە نییە، کە لەوە بترسیت کێشە بۆ

خانمەکەت دروستبێت، بەڵکو کێشەکەی تۆ لە ناو ئێرەتدایە، ئێرە!

کە ئەو قسانەی دەکرد، بە چوارپەنجەی کە ڕەقیکردبوون، لە کەللەی سەرمی دەدا زۆر بە توندی. ئەو لێدانەش زیاتر وای دەکرد قسەکانی لە لام بەهێزبن‌و کارم تێ بکەن‌و بکەومەژێر کاریگەریی قسەکانیەوە، بەڵام بیرمکەوتەوە کە ئەو خۆ وەڵامی پرسیارەکەمی نەدایەوە، بەڵکو بەم قسانە خۆی لە وەڵامەکە دزییەوە!

وتم: بەڵام تۆ وەڵامی ئەوەت نەدامەوە کە...

بینەر: پێویستناکات پرسیارەکەت دووبارەبکەیتەوە، ئێستا هەموو خەڵکەکە زۆر لێمان نزیکن‌و گوێیان لێت دەبێت، گەر ئاوا قسەبکەیت. ئارام کوڕێکی زۆر باش بوو، هەرگیزیش نەدەبوو داهاتوویەکی لەم شێوەیەی هەبێت، بەڵام ئەو بە کەرێتی دەیویست ئەو پلانەی ئێمە هەمانە، جێبەجێیبکات. دەیویست ڕاستەوخۆ هێرشبکاتەسەر ئەوناس‌و لەناوییبات. بە هاوار هاوار خەریکبوو ئەو شتە بڵاوبکاتەوە کە پلانێک هەیە بۆ کوشتنی ئەوناس، خەریکبوو ئەوناس ئاگاداربکاتەوە کە کۆمەڵێک خەڵک هەن کە دەیانەوێت لە دژی ئەو پلانبگێڕن، نەک تەنها پلان، بەڵکو دەیانەوێت بشیکوژن! بۆیە دەبوایە هەندێک هەنگاوی قورس‌و سەخت لە ناو هەنگاوەکانمدا هەبێت بۆ کۆکردنەوەی خەڵکی دوورگەکە، کە پاڵپشتی لەو بیرکردنەوەیەمان بکەن کە ئێمە دەبێت ئازاد بین، نامانەوێت لە ئارامییەکی گەمژانەدا بژین‌و هەموو بەرهەمەکانمان بدەین بە کەسێکی تەمبەڵ، کە بە زۆری چیرۆکە خەیاڵییەکانی خۆی بە سەر ئێمەدا زاڵکردووە!

جا دکتۆر، تۆش خۆت یەکلاییبکەوە، لەگەڵ کامماندایت! دەبێت لایەک هەڵبژێریت، چونکە ئێستا هیچ کاتێک نەماوە بۆ ئەوەی تۆ بیر لەوە بکەیتەوە کە ئایا کۆیلەبوونی بیرکردنەوەکانت هەڵدەبژێریتو هەرگیز پرسیار لە ڕاستیو دروستیی قسەکانی ئەوناس ناکەیت، یان ئازادیو شۆڕش بە سەر ئەو کەسەدا هەڵبژێریت کە بەرپرسی سەرجەم نەهامەتییەکانی خۆتو لە داهاتووشدا بەرپرسی نەهامەتییەکانی کایلای کچتە!

کە ئەو ناوی کایلای بەکارهێنا، من بە تەواوەتی بەرچاوم تاریک بوو، ڕاستەوخۆ وەک هەموو پیاوەکانی ئەوی بیرم لەوە دەکردەوە ڕۆژێک لەوانەیە کوڕی ئەو کابرایەی ناوی لە خۆی ناوە ئەوناس، بە زۆر بێت و کایلاکەم ببات، چونکە گەر ئەوان هەموو دەسەڵاتێکی ڕەهایان هەبێتو بتوانن هەر یاسایەک دەیانەوێت دایبنێن، بە بیانووی ئەوەی کەسێکی نادیار بەناوی ئەو پێی وتوون دەبێت وا بکەن، بۆ نەیکەن! بۆ کایلای من بۆ خۆیان نەبەن! بێگومان دەتوانن هەر شتێک بکەن. کاتێکیش بیرم لە کایلا دەکردەوە کە لەگەڵ کەسێکدا بێت کە هیچ خۆشیناوێتو ئەو کەسە بە تەواوەتی بە سەریدا زاڵە و زوڵمی لێ دەکات، نەمتوانی بەرگەی ئەو هەموو ناخۆشییە بگرم لە ناو سەرمدا کۆببوونەوە دەربارەی داهاتووی کایلا، بۆیە بە بینەرم وت: بینەر، من لەگەڵتدام، من لایەنگری شۆڕشەکەی تۆ دەکەم لە پێناو ئازادیدا، چونکە دەمەوێت ئازاد بم، نامەوێ کۆیلە بم! من لەگەڵتدام!

دەستێکی لە شانم داو هیچ قسەیەکی تری نەکرد، وتی: هەمووتان ئاگادار بن، پلانەکەمان ئامادەیە بۆ جێبەجێکردن. ئیتر

ئەو هەر ئەوەندە قسەیکردو هەموو خەڵکەکەی لە دەورمان بوون، دەستیانکرد بە هاوارو بە ڕاکردن بەرەو لای کوخەکان ڕۆیشتنەوە، هاواریاندەکردو ڕایاندەکرد. ئەو دوورگەیە هەمووی بوو بە هاوار هاواری ئەو پیاوە خوێنگەرمانەی دەیانویست بە شۆڕشێکی لە ناکاوو پێشبینینەکراو ئەو دەسەڵاتەی لە بەیانییەوە کاریان پێ دەکاتو شەو دەیانێنێرێتەوە لای ئەو خانمانەی کە دەکرێت هەر ڕۆژێک بێت، لە لایان نەمێنن‌و ببن بە خانمی ئاغاکەیان، لەناوببەن. منیش لەگەڵ ئەواندام، بەڵام بەبێ هاوارکردن بە ڕاکردن دەگەڕامەوە لای کوخەکان، بۆئەوەی خێرا بگەمە کوخەکەی خۆمان‌و ئیسلاو کایلا ڕزگاربکەم. من بە هیچ جۆرێک شارەزایی شەڕو شۆڕشیشم نەبوو، ئەسڵەن ناخم تا ئێستا خەریکی پرسیار بوو لەوەی شۆڕش چییە! بەڵام من تا گەیشتمەوە بەردەمی کوخەکەی خۆمان، نەمهێشت ناخم ئەو پرسیارە وەڕزکەرە وەڵامبداتەوە، وا مەترسی دروستبووە لە سەر دوو خۆشەویستترین کەسی من، کەچی هێشتا ئەو دەنگە نەفرەتییە لە پرسیارەکانی خۆی ناکەوێت. نازانم ئەو هەموو خەڵکە بەو توڕەیی‌و هاوارەوە بگەنەوە کوخەکان، چ دۆزەخێک دەقەومێنن! ئەی سەرباز، خۆ سەرباز هێشتا نەمردووە، ئەو هەموو دەنگەدەنگە لەو دوورەوە بێت، بێگومان ئەو بەرگریدەکات‌و دەبێت بە شەڕ لە نێوان ئەوو خەڵکەکەدا. جا من باوەڕناکەم هەموو خەڵکەکەش ئاگاداری ئەو پلانەی بینەر بن، نا، هەرگیز، بێگومان هەندێکیان ئێستا لە ناو خێمەکانی خۆیاندا خەوتوون. من پێش هەموو ئەو خەڵکەی ترم دایەوە لە

ڕاکردنەکە، چونکە ئەوان زۆربەیان یەک یان دوو پارچەداری گەورەیان هەڵگرتبوو لەگەڵ خۆیاندا، کە ڕێی بە من دەدا بە دەستی بەتاڵەوە لەوان خێراتر ڕابکەم. ڕامدەکردو ناخم دەیپرسی: شۆڕش چییە؟ ڕامدەکردو دەیپرسی: شۆڕش چییە؟ ڕامدەکردو دیسان دەیپرسییەوە: ئاخر شۆڕش واتای چی؟

گەیشتمەوە لای کوخەکەی خۆمان، بەبێ لەدەرگادان چوومەژوورەوە، یەکسەر کایلام لەباوەشکردو هاوارمکرد: ئیسلا، هەستە لە خەو، ئیسلا، هەستە. ئەویش وەک ئەوەی وا بزانێت بەیانییەو بۆ یەکەم جار لەو ماوەی ڕابردوودا من پێش ئەو خەبەرمبووەتەوە، بە زەردەخەنە مندالانەکەی پێشوازیی لێ کردم، بەڵام کە چاوەکانی بە تەواوی کردەوەو بینیی من ئەوەندە شلەژاوم، ئەویش بە پەلە هەستایەسەرپێو وتی: چی بووە دکتۆرەکەم، چی بووە؟

وتم: دەبێت هەر ئێستا لێرە بڕۆینەدەرەوە، ئێستا کوخەکان دەبن بە جەهەننەم!

بەبێ ئەوەی هیچ بپرسێت، دەستی گرتمو هەردووکمان ڕامانکردە دەرەوەی کوخەکەمان، کە ڕۆیشتینەدەرەوە، بینیم کە سەرباز ڕادەکات بەرەو کوخەکەی ئەوناسو خەڵکێکی زۆریش بە دوایەوەنو دەزانن مەترسییەک چاوەڕێیانە. هەموویان هاواریاندەکرد کە تومول هێرشدەکات. من بەبێ ئەوەی گوێیان پێ بدەم، خێرا لەگەڵ کایلاو ئیسلادا ڕامکردە پشتی کوخەکەی خۆمانەوە، کە لە دووریی نیو سەعاتێک بە پیادەڕۆیشتن گردێکی لێ بوو، دەمویست بگەینەسەر ئەو گردە، بۆئەوەی لە بەرزاییەوە سەیری کوخەکان بکەمو بزانین چی ڕوودەدات لەم هاوار

هاواره. زۆر به پەلە ڕامانکردو زۆر به زوویی گەیشتینەسەر گردەکە، هەر لەگەڵ گەیشتنی ئێمە، دەنگێکی زۆر بەرزو نامۆ بەرزبووەوە. ڕێک لە لای کوخەکەی ئەوناسەوە ئەو دەنگە بەهێزە بەرزبووەوەو بە تەواوی دوورگەکە بڵاوبووەوە. لەگەڵ ئەو دەنگە بەهێزەدا هەموو باڵندەکان لە ناو دارەکانی دوورگەکەدا دەستیان بە فڕین کرد. یەکسەر دڵم خورپەیەکی گەورەی کرد کە ئەوناس بێگومان شتێکی پێیە کە بەرگری لە خۆی دەکاتو ئەو شتەش لە هەموو دارەکانی خەڵکەکەی بینەر زیاترە. ئێ خۆ سەربازیش یەک دنیا خەڵکی لە دوا کۆببووەوە کە بەرگری لە کوخەکانیانو ئەوناس دەکەن، بێگومان بینەر ناتوانێت بە سەریاندا سەربکەوێت. دەمبینی هاواری خەڵکە شۆڕشگێڕەکەی بینەر دەگەیشتە ناو کوخەکانو هەموویان بە یەک جار پەلاماری کوخەکەی ئەوناسیان دەدا. دەنگی ئەو تەقە بەرزەی یەکەم جار بەرزبووەوە، چەند جارێکی تر بە هەمان شێوە بەرزبووەوەو پێش هەر دەنگێک ڕوناکییەکی تیژ لە کوخەکە بەرزدەبووەوەو دەنگەکە بە ئیستێکی زۆر کەم بە دوای ڕوناکییەکەدا دەهات. ئەو دەنگە بەردەوامبوو، نزیکەی ١٥ جار دووبارەبووەوە، پێش ئەوەی دەنگێکی زۆر گەورەترو سەیرو پەرشتر بێت، پێش ئەو دەنگە جیاوازە ڕوناکییەکی پەرشوبڵاو لە لای بینەرەوە بۆ کوخەکەی ئەوناس تێپەڕیو دوای ئەو دەنگە چیتر دەنگەکەی یەکەم جار کە ڕێک پازدە جار دووبارەببووەوە، نەهاتەوە. چەند خولەکێکی زۆر کەمی پێچوو دوای ئەو ڕوناکییە پەرشە کە هەرایەکەی ناو کوخەکان دەنگەکەی وردە وردە کپدەبوو، دوای کپییەکی زۆر، دووبارە هەراکە دەستیپێکردەوە،

بەلام ئەم جارەیان لەوە نەدەچوو هەرای ترس‌و راکردن بێت، بەلکو لەوە دەچوو کە جۆرێک لە ئاهەنگگێران لە ناو کوخەکان هەبێت‌و بینیمان کە کوخەکەی ئەوناس ئاگری لێ بەرزدەبێتەوە. سەیری ئیسلام دەکرد، بە تەواوەتی هەناسەی تەنگببوو و دەموچاوی سووربببووەوە لە ترسی ئەو هەراو دەنگی تەقەو ئاگرکەوتنەوەیەی ناو کوخەکان. گریانی کایلاش لە ترسی ئەو ١٥ دەنگە بەرزە هیچ نەوەستابووەوەو فرمێسکەکانی ئیسلاش لە ترسان بەردەوام دەهاتنەخوارەوە.

دەمزانی هەرچییەک ڕوویدابێت‌و هەر کام لایەن سەرکەوتبن، من کەسێکی پێویستم بۆیان، چونکە تەنها من دەمزانی چۆن چارەسەری ئەوانە بکەم کە نەخۆشدەکەوتن، یان خانمەکانیان منداڵیاندەبوو. کێ دەزانێت، لەوانەیە خانمەکانی ڕاهێنانم پێ کردن، بەر شۆڕشەکە کەوتبن‌و نەمابن، بۆیە بە دڵنیاییەوە پێویستیان بە منە. هەستیشمدەکرد ئەمە تەنها لایەنگیرییەکی عەقلیمە، لە ناخەوە بۆ خۆمی دەکەم، بۆئەوەی خۆم قایلبکەم کە من کەسێکی زۆر گرنگی ئەم دوورگەیەم‌و هیچ کام لەو کەسانەی لە خوارەوەن، ئازارمنادەن.

کەشەکە لە خوارەوە وردە وردە ئارامدەبووەوە و هەرای سەرکەوتنی بەرە سەرکەوتووەکە کەمتردەبووەوە، منیش دەمویست هەر چاودێریی کوخەکان بکەم‌و ببینم کە بە تەواوەتی کوخەکەی ئەوناس دەسوتێت‌و دەبێت بە خەڵوز، ئینجا بچمەوە لای ئەو لایەنەی بردوویەتیەوە. بە تەواوی بوونیشمەوە هیوای ئەوەم دەخواست کە براوەکان بینەرو لایەنگرەکانی بن، نەک ئەوناس‌و سەرباز. من لەو بیرکردنەوانەدا بووم‌و بە دەستی

ڕاستم ئیسلام لەباوەشدەکردو دڵیمدەدایەوە، لە سەر کۆشیشم کایلام دانابوو و بە دەستی چەپم گرتبووم. دوای هێوربوونەوەی کەشی ناو کوخەکانو ڕێک ئەو ساتەی دەمویست لەگەڵ ئیسلادا بڕۆینەخوارەوە بۆ ناو کوخەکان، بەو هیوایەی هەموو شتێک وەک خۆی لێ بێتەوەو هەم ئازاد بین، هەمیش بچینەوە کوخەکەی خۆمان، دەنگی خشپەخشپی کۆمەڵێک پێ نزیکدەبوونەوە لێمان. بە پێی دەنگی پێیەکان نزیکەی چوار بۆ پێنج کەس بوون، کە بە پەلە بەرەو گردەکە دەهاتن. سەیری خوارەوەو پشت خۆمانم کرد، بۆئەوەی ڕابکەین لەگەڵ ئیسلاو کایلادا، بەڵام بە پێچەوانەی ڕووی پێشەوەی گردەکە، ڕووی پشتەوەی بەردەڵانێکی سەخت بوو و دڵنیاش بووم گەر ئەوانەی بەرەو ڕوومان دێن، دوژمنمان بن، ڕاکردن هیچ سوودێکی نابێت، چونکە من بە کایلاوەو بە گرتنی دەستی ئیسلا، دڵنیام لەوان خێراتر ناتوانم ڕابکەم، بۆیە تەنها بەو دەستەی باوەشم بە ئیسلادا کردبوو، ئیشارەتمدایە کە وریا بێت، ئەوا کۆمەڵێک کەس بەرەو ڕووی ئێمە دێن.

کە دەنگی پێیەکان بە تەواوەتی لێمان نزیکبوونەوەو لە تاریکیدا چوار پیاو دەرکەوتن، وردە وردە دەهاتنەپێش، سەرەتا دڵم خۆش بوو، چونکە هیچ کامیان ئەو باڵایەی سەربازیان نەبوو، ئەوەش واتای ئەوە بوو بێگومان سەرباز یەکێک نییە لەو چوار کەسە، بەڵام کێن، ئایا بینەریان لەگەڵدایە!


کە هاتنەپێشەوەو لە ژێر ڕوناکیی مانگی ئەو شەوەدا دەموچاویانم بینی، بە تەواوەتی هەموو ماسولکەکانی جەستەم وەستانو نەمتوانی لە جێی خۆم بجوڵێم، کاتێک بینیم ئەوە


ئەوناس‌و سێ پیاوی ترن بە هانکەهانک‌و جەستەی خویناوییەوە بە گردەکەدا سەردەکەون. بینیم ئەوناس وەک هەر پیاوێکی بریندارو لاوازی تر دێت بەرەو ڕوومان‌و بە بینینی من خەندەیەکی پڕهیوا دەکات، چونکە دڵنیا بووم لەو کاتەدا پێی وا بوو منیش لەگەڵ پیاوەکانی ئەودا هەڵهاتووم. کە گەیشتە لام، بە پەلە وتی: دکتۆر، دکتۆر، خێرا ئەم کولەپشتەی پشتی ئەو پیاوە بکەوەو برینەکەم چارەسەربکە، زۆر سوپاس بۆ خوا، سوپاس بۆ "ئەو" کە تۆی پێ بەخشیمەوەو تۆ هێشتا زیندوویت! بینەر، بینەر خیانەتی لە هەمووومان کردو سەربازیان لە پێش چاوی خۆم کوشت! ئەوناس شتێکی ڕەشی لە دەستدا بوو، کە ئاسنێکی قورس دیار بوو، لولەیەکی هەبوو کە کونێکی بە قەد پەنجەی ناوەڕاستم لە سەرەکەی هەبوو. نەمدەزانی چییە، بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ قسەیەک بکەم، جانتای پشتی پیاوەکەم وەرگرت‌و سەیرمکرد کە بۆکسێکی سپی، ڕێک لەو بۆکسەی کە پێشتر ئەوناس پیشانیدابووم، هەبوو، کە کردمەوە، هەموو پێداویستییەکانی خاوێنکردنەوەی برین‌و دوورینەوەی تێدا بوو. دەستمکرد بە پاککردنەوەی برینەکە، ئیسلا لەوێ ڕەقببوو، بەبێ ئەوەی هیچ قسەیەک بکات، پێش دەستبەکاربوونم کایلای لێ وەرگرتم، کایلا لە باوەشی ئەو بە خێرایی خەویلێکەوت‌و بێدەنگبوو، وەک ئەوەی پێم بڵێت: ئەمە باوەشە ئارامەکەی منە، کە هەرگیز ژیانی من ناخاتەمەترسییەوەو تەنها لە باوەشی خۆشەویستیی ڕاستەقینەی بێدوڵیی ئەودا ئارام دەبم!

من خەریکی خاوێنکردنەوەی برینەکەی ئەوناس بووم، پارچەئاسنی زۆر لە قوڵی لای چەپیدا هەبوو، هەندێک لە

سنگیشی بریندارببوو، بەڵام هیچ کام لە پارچەئاسنەکان بەر دڵی نەکەوتبوون، بەر هیچ کام لە خوێنبەرە سەرەکییەکانیش نەکەوتبوون. تەنها ئەو بەشەی قۆڵی بە هۆی ئەو هەموو ئاسنە بچووکەوە کون کون ببوو و بۆنی باروتێکی تازە تەقیوی لێ دەهات. بێگومان لەو ساتە پڕترسەدا، ناخم وەک هەموو کاتێکی تر بێهیوایدەکردمو دەیپرسی: بۆنی باروتی تازە تەقیو چییە؟ بەڵام من وەڵامنەدەدایەوەو بەردەوامدەبووم لە کارەکانم. من و ئەوناس لە بەشی لای ڕاستی گردەکە بووینو من خەریکی خاوێنکردنەوەی برینەکەی بوومو بەو پێداویستییە سەیرانەی لە ناو بۆکسەکە بوون، کە دەمزانی هەموویان بەکاربهێنم، بەبێ ئەوەی بزانم چۆنو لە کوێ فێری بەکارهێنانیان بووم، گلۆپێکی بەرگرەشی تێدا بوو، بەوە دڵنیا بووم هەموو پارچەئاسنەکانم دەرهێناوە لە قۆڵیو بە تەواوەتی خوێنبەربوونەکەم وەستاندووە. هەستمدەکرد کە ئەوناس خەریکە سەریدەسوڕێتو تا گەیشتووەتە ئێرە، خوێنێکی باشی لێ ڕۆیشتووە. کە دوورینەوەکەم تەواوکردو خەریکی بڕینی داوی دوورینەوەکە بووم، لەگەڵ وێکهێنانەوەی مقەستی بڕینی داوەکە، هەمان ئەو دەنگە سەیرو پەرشوبڵاوەی پێشتر گوێم لێی بوو، لە لای کوخەکەی ئەوناس سێ جار لە سەر یەک هاتەوە، بەڵام زۆر لە من نزیکتر، دەنگێکی زۆر زۆر نزیک. کە ئاوڕمدایەوە، دەبینم بینەر بە ئاسنێکی درێژی سەیر ئەو دەنگە دروستدەکاتو لەگەڵ هەر جارێک یەک دنیا بڵێسەی پەرشوبڵاو دەڕۆن بەرەو ڕووی پیاوەکانی ئەوناسو ئیسلاو کایلای من. یەک، دوو، ئەوەش سێیەمین تەقەی زۆر دەنگبەرزو

تێکەڵاوبوونی ئەو هەموو بڵێسەو وردەئاسنە لەگەڵ دەموچاوی ئیسلاکەمدا، لەگەڵ سنگیدا، لەگەڵ جەستە بچووکە وردیلەکەی کایلادا. دانیشتنەکەیان نامێنێت‌و ئیسلا بەردەبێتەوە بەرەو لای ڕاستی خۆی‌و کایلای بە توندی گرتووە کە لە دەستی بەرنەبێتەوە. ڕێک لەگەڵ بڕینی داوەکەی ئەوناس، ئیسلا تابیەت‌و ناسکەکەی من، بەردەبێتەوەسەر خۆڵ‌و قوڕی ئەو گردە بچووکەی وام دەزانی دەبێتە مەنزڵگەی ئازادی‌و باوەشی من و ئیسلا. دەموچاوە بێخەوش‌و بێتاوانەکەی بەر قوڕەکە دەکەوێت‌و قوڕی سەر زەوییەکە بەر لێوە پڕو ناسکەکانی دەکەوێت. سەری کایلای من بەردەبێتەوەو لەگەڵ دایکیدا بەر زەوییەکە دەکەوێت. بە لەشێکی کونکراو بەو وردەئاسنانەی لە ئاسنەکەی بینەرەوە دێنەدەرەوە، هەردووکیان بەردەبنەوەسەر زەوییەکەو فرمێسکەکانی ئیسلا بۆ دوا جار دەڕژێن‌و دەکەونەسەر قوڕەکە. ڕێک من بەبێ جوڵە سەیری ئەو دیمەنە دەکەم کە شۆڕشگێڕی ئازادییەکەم؛ ئازادیی بیرکردنەوەو ناخم‌و ناو سەرم، خۆشەویستەکانم لە ناو قوڕی ساردی گردەکە دەگەوزێنێت‌و ئیسلاش بۆ کۆتا کۆتا جار لە هەموو ژیانم، زەردەخەنەیەکی منداڵانەی زۆر بێتاوانانە دەکات بەرەو ڕووی من‌و چاوەکانی زەقدەبنەوەو لەشی بێجوڵە دەمێنێتەوە...





ئێستا من ئازادم..

کۆتایی بەشی یەکەم




Description


بسم الله الرحمن الرحيم

🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و بابەتی جیاواز🤍

**ئەم کتێبە لەلایەن { ئازیزێکی چەناڵ }**
**کراوە بە دیاری بۆ خوێنەران**

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

t.me/tanyahaji7
Invite Link



ئێستا، ئازادم. بەڵام هەر کاتێکیش سەیری دەوروبەر و ناو ناخی خۆم دەکەم، دەمەوێ ئەو ئازادییە خەونێک بووبێت و منیش جگە لە کۆیلەیەکی نەزان، هیچ شتێکی تر نەبم...


کتێبخانەی ئاشتی | ktebxany.ashti | ktebxanaa
هەولێر - داون تاون سەر ساردەمەنی جیلاتۆ
07503866000